# کۆکتێل

کۆی بەرهەمەکانی

**حسەین عارف**

**٧**

# کۆکتێل

هەمەجۆر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

حسەین عارف
کۆکتێل – هەمەجۆر
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٤٥
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٣٥ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: نساران بورهان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. بۆکان نووری

# شيعر

## بوون و نەبوون

ئەوەتەی هەم
لانکەی مەرگم رادەژەنم
گلی چاوی ژانی جەرگم
دەریای مەنگی
سۆز و هەستم دێنێتە سویێ و
بلوێری ژەنگاویم دەژەنم
تەمەن ئەڕوا و مانگ و ساڵم
سات لە دوای ساتی ئەو ساڵم
یا ئەمساڵم
(ئەچن بە کۆڵەکەی ئاشا
ئەچن بەناو خول و گێژی دوو بەرداشا
بوون و نەبوون)
گەردوون.. گەردوون
فریام کەوە و بێرە وەرام
بوون و نەبوون
وەك هالاوی کڵپە و گڕی ناو بورکانێك
بەڕووی منی منی منا شالاو دێنێ
باجی کسپەی
ژان و ئازارێکی ئەوتۆم لێ ئەسێنێ
من زەویم بۆ نەکێڵابوو
هەویرم بۆ نەشێلابوو
کەچی لانکەی مەرگم ڕاژەند
بلوێری ژەنگاویم بۆ ژەند

١٢/١١ی حوزەیرانی ١٩٧٣

## گەردوونە خەمێك

گەردوون دادمە من بێدادمە
لەو نهێنییە دێرینە سەختەت
داد بێدادمە
لە کوێوە هاتووی، تۆ بۆ کوێ دەچی؟
ئاخۆ من شەیدای بنوبنچینەی لەوەبەری تۆم؟
شەیدای دواساتی هەناسەدانی سەرەمەرگی تۆم؟
یاخوو تۆ شەیدای دوا هێز و توانای
دوا دەسەڵاتی
دوا هۆش و بیر و تەدبیری منی؟
گەردوون دادمە من بێدادمە
لە دەس چەتوونی و ئەم ئاژاوەیەی
تۆ بێدادمە
چۆن باوەڕ بکەم تۆ بێ سەرەتا و تۆ بێ کۆتاییت؟
یا بەسەرەتا و یا بەکۆتاییت؟
گەردوون سەرەتا و گەردوون کۆتایی
جووتێ خواوەندن
جەنگی مەغلۆوبەی لەسەر تەختنانی
خوایەکی تازە
بۆ من و بۆ تۆ هەڵئەگیرسێنن
کە لەو جەنگەدا خوێن لاشە ئەبا
حەلەلای لاشە بەرەو دەریای تۆ شاڵاو ئەهێنێ
ئەوسا بەحەفتا هەزاران حەفتا
لە هاوار ئەدەن: تۆبە یا حەننان
حەفتا هەزاری تر هاوار ئەکەن:
تۆبە یا مەننان
گەردوون دادمە من بێدادمە

کوا کەی حەننان و کەی مەننانەکەت
دێن بەدەنگ دادی دادی دادمەوە؟.
کەی من تێت ئەگەم؟
کەی من زەفەر بەو نهێنییە سەختەت
ئەبەم و ئەبەم؟

بەغدا

٣/٢ی تەمووزی ١٩٧٢

## سیزیفەکەم

سیزیفەکەم
سیزیفە گیاندێرینەکەم
دیسان ئەوا نیوەشەوە
دیسان ئەوا
کسپەی ئازاری ناخی تۆ
ئەداتەوە لە جەرگی من
تاشە بەردەکەی سەر شانت
بۆ جاری سیازدە هەزار و هەش سەد جارە
بۆ بناری بەیانیانم
تل ئەخوا و بەرئەبێتەوە

***

سیزیفەکەم
سیزیفە گیاندێرینەکەم
ئەمشەو ڕەشەبای ئازارم
گێژەڵووکەی
تەمەنی پەست و بێزارم
رق و کینەی
سەد هەزار جار سەرکەوتنم
سەد هەزار جاریش نووچدان و
بەربوونەوە و ژێرکەوتنم
ئەمهەژێنن ئەمکەن بەگەرد
ئەمپرژێنن، ئەمکەن بەگلی ناو چاوی
ئەوانەی بەئازاری تۆ
پێ ئەکەنن
بە تاشە بەردی سەر شانت
بە سەرسەختیت

بەئارەقی ناوچەوانت
بەهەڵچوونت
بەگلۆربوونەوە و رۆچوونت
پێ ئەکەنن سیزیفەکەم
سیزیفە گیاندێرینەکەم

***

سیزیفەکەم
نیوەشەوە و بەرێزەکان
بەرێزە سەر
بەرێزە دڵئاسنینە
جادووگەرە بەفیزەکان
لەملا و لەولاو لە هەموو لا
ئێستا خەوی خۆش ئەبینن
پاسەوانی
بەردەرگای بەهەشتی ژینن
کەچی وا من سیزیفەکەم
سیزیفە گیاندێرینەکەم
ئازاری تاشە بەردەکە و
ئەملا و ئەولا و
هەموو لاکان خۆشنوود ئەکەم
سیزیفەکەم

بەغدا

١٠ /١١ی نیسانی ١٩٧٤

## پرسیار لە قەوان

هەموو لەشم
هەموو هەست و بیر و هۆشم
سەرسامییە و رمی پرسیار
ئەچەقێتە
گەرووی قەوانێکی سواو
قرخن قرخن ئاوازێکم
بۆ جاری هەزاران جارە
بۆ لێ ئەدا و ئەداتەوە:
ئازیزەکەم
کات رەنگی خۆی ئەداتەوە
شوێن چڵکی خۆی ئەشواتەوە
مرۆڤی ژێر ئەم دەستاڕی کات و شوێنە
رەنگێك ئەبا و رەنگێك دێنێ و
چڵکێك ئەبا و چڵکێك دێنێ و
ئەو ڕەنگەش و ئەم چڵکەشی
سەدبارە هەرئەداتەوە و ئەشواتەوە
بۆیە من وا هەموو لەشم
هەموو هەست و بیر و هۆشم
سەرسامییە رمی پرسیار
ئەچەقێتە
گەرووی قەوانێکی سواو
قرخن قرخن ئاوازێکم
بۆ جاری هەزاران جارە
بۆ لێ ئەدا و ئەداتەوە
بۆ لێ ئەدا و ئەداتەوە

بەغدا
١٧/١٦ی نیسانی ١٩٧٤

## رامان لە گێژاوا

چوارچێوەم و وێنە ونە
جەستەم و گیان سەروبنە
چالاکیم و کەچی ورتە
لە هەر شتبێ لە من نایە
هاوارم و دەنگ دەرنایە
بەتەمام و کەچی ئاوات
کەڵبەی کولی
لە گوڵمی دڵم گیر ئەکات
مرۆم و حەزی ئاژەڵێك
لە داخمایە
ئاژەڵم و نیازی مرۆڤێك
لە ناخمایە
شەوەزەنگم وترووسکەی
تەنیا مۆمێك ئەمبەزێنێ
رووناکیم و ئاوابوونی
رۆژێك مانگێك ئەستێرەیەك
ئەمتاسێنێ و رەشپۆش ئەبم
خامۆش ئەبم
ئەوسا هەست ئەکەم ئەم هەموو
ئازار و ئەشکەنجە بێ بنە
دۆزەخی راستەقینەی منە
هاوار ئەکەم حەننانەکەم
هاوار ئەکەم مەننانەکەم
دادێك دادێك
وا پەیکەری شەیتانەکەم
زمانم لێ دەرئەکێشێ

نوخشەی مەرجی
مان و نەمانم ئەبەخشێ
ساحەننان و مەننانەکەم
پرسیارێکە و لە تۆی ئەکەم
من بمێنم یانەمێنم؟

بەغدا
٦ /٧ی مایسی ١٩٧٤

## ڕەشەبای ناو دەروون

ماخۆلانێکی بێ سرەوت
شەوەزەنگێکی ناو ئەشکەوت
گێژەڵووکە و هەوری خەمێ
گڕی ئاگری دۆزەخێ
قرچەی سووتانێ ساتبەسات
تۆزقاڵ تۆزقاڵ
بمکا بەکڵۆیەك زووخاڵ
کسپەی ئازارێکی جەرگبڕ
ئاخێکی بێدەنگی کپوکڕ
بانگەوازی بنی بیرێ
"مردن.. مردنی ئانوسات"
نهێنییەك بێ کۆتایی
ئەشکەنجەی هەستی تەنیایی
تینوێتیی ناو
بیابانێکی پانوبەرین
جانەوەرێکی سامناکی
ناوچیرۆك و داستانی کۆن
هەر بمخوات و بژێمەوە و
هەر بژێم و بمخواتەوە و
سیمورخێك بێ و
بمفڕێنێ بەرەو ئاسمان
هەر بفڕێت و هەر نەگات و
سیمورخ بمخاتە خوارەوە
جەستەم لەو بنئاسمانەوە
بەربێتەوە و بەربێتەوە و
هەرنەگات و هەرنەگات

گشت ئەم بیرە ئاڵۆزانە
ئەم هەستە تفت و تاڵانە
لە ئۆقیانووسی دەروونما
وەك رەشەبا هەڵئەكەن و شاڵاو دێنن
بە سات كپبوونیان بۆ نییە
داخۆ هۆی ئەم ژانە درێ
داخۆ چاری
چۆنە و چییە؟

بەغدا
٦/٥ی مایسی ١٩٧٦

# شیعری وەرگێڕدراو

## شاعیری کازاخستانی

## ئاپای کۆنانبایێڤ ١٨٤٥-١٩٠٤

شاعیرێکی گەورە و بەناوبانگە. وەك فەیلەسووف و رووناکبیرێکی مرۆڤپەروەر ناسراوە. بە دامەزرێنەری ئەدەبی نوێی کازاخستانی دادەنرێ. لە شیعرێکیدا دەڵێ:

لە دامێنی شاخاندا هاوارم کرد
لە چاوەڕوانی وەڵامدا برژام
چەندم هەوڵ دا
تەنیا دەنگەدەنگێکم هاتەبەرگوێ
چەندی ترم هەوڵ دا دڵنیاببم
ئاخۆ ئەو دەنگانە وەڵامی منن؟.
گەڕام.. ناو شاخەکانم تەی کرد
تەنیا تاشە بەردی کەڕولاڵم دی
کە بەئاخوئۆفێکی کپی تاڵ
وەڵامی هاوارەکەمیان دەدایەوە
سوارەکان دایان لە ئاوزەنگی
تێیان تەقاند
منیان لە چەقی ڕێگاکەدا بەتەنیا
بەبێ هاودەم جێ هێشت
ئای.. سەرگەردانیی من چارەسەری نییە
دەبا کڵپە و بڵێسە لە گەردوومەوە شاڵاو بەرێ و
هەوای دەوروبەرم داخ بکات
با لافاو فرمێسکی چاوانم بسووتێنێ
ئای.. فرمێسکەکانم پشکۆی چ ئاگرێکن
نوێنە نەرمونیانەکان قورسن وەك قوڕقوشم
سەری ماندوو ناحەوێننەوە

تێبینی:

* له عەرەبییەوە کراوه بە کوردی.

* عەرەبییەکەی لە نامیلکەیەکدا بڵاو کراوەتەوە کە کۆواری (لۆتس) بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی نووسەرانی ئاسیا و ئەفەریقاوە لە (ئەلْماتا)ی پایتەختی کازاخستان ساڵی ۱۹۷۳ سەبارەت بە ئەدەبی ئەو وڵاتە چاپی کردبوو.

کۆوارەکە یەکەتیی نووسەرانی ئاسیا و ئەفەریقا لە قاهیرە دەری دەکرد.

* کوردییەکەی لە هاوکاریی ژمارە (۱۹۲)ی رۆژی ۱۹۷۳/۱۱/۹دا بڵاو بووەتەوە.

## شاعیری سەنیگالی

## لیۆپۆلد سینگۆر

ساڵی ١٩٠٦ لە دایك بووە. دوای وەرگرتنی سەربەخۆیی، بوو بە سەرۆکی وڵاتەکەی. بەڵام لە هەمان کاتدا، شاعیرێکی بەناوبانگیش بوو، کە بەزمانی فەرەنسی دەینووسی. لە ساڵی (١٩٣٤)ەوە لەگەڵ شاعیرێکی تری سەنیگالیدا (ئیمێ سیزێر)، بەوە ناسران کە هەوڵ دەدەن رەنگ و بۆ و شێوەی تایبەتی ئەدەبی زنجی بسەلمێنن، ئیتر بەهەر زمانێك بنووسرێ.

سینگۆر لەم شیعرەیدا کە بەناونیشانی (ژنە رەشەکە)وەیە، بەڕوونی و بەجوانی ئەو رێبازە شیعرییە تایبەتییە دەنوێنێ.

ژنە رەشەکە

ژنە رەشەکە..
ئەی ئەو پێسترەشە قەترانییەی
رەنگەکەت رەگی ژیانە و
شێوەت ماکی جوانییە
من لە سێبەری تۆدا گەشاومەتەوە
شیرینیی لەپی دەستی تۆ مەستی کردووم
ئەی ئەو بەهەشتەی
مزگێنیتم لە بڵندییەوە بۆدێ
ها ئەوەتا من لە دڵی هاویندا
لە دڵی نیوەڕۆدا دەتدۆزمەوە
ها ئەوەتا شۆخوشەنگیت
لە لوتکەی کێوی داروپەردوویەکی رەقهەڵاتووەوە
وەك برووسکەی ناوچاوی هەڵۆیەك
لە ناخی دڵمدا شریخە دەدا
ژنە ڕووتەکە..
ئەی ئەو تەلیسماوییەی

میوەیەکی پێگەیشتووی گۆشتنیت
گۆشتێکی پاراوی توندوتۆڵ
گەشکەی خاوی مەیەکی رەشیت
لێوێکیت و لێوم دەخەیتە گۆرانی
گژوگیای (ساڤانا) و ئاسۆی گەشیت
گژوگیای ساڤانا کە لە ترسی گەمەی
بای تووڕەی لای رۆژهەڵات دەلەرزێ
ئاوازی دەهۆڵی (تامتام)
دەهۆڵی تامتام و بەدەستوپەنجەی سەرکەوتوو بنەڕێنێ
دەنگی هێمن و خەمباری لەرزۆکت
گۆرانیی کیژێکی دڵدارە
ژنە ڕووتەکە.. تەلیسماوییەکە..
ئەی ئەو ڕۆنەی
هیچ کەسێك بۆی لە باوەش ناگیرێ
ئەی رۆنی تێ هەڵسووراوی کەمەری زۆرانبازان و
لەشی میرەکانی (مالی)
ئەی پڵنگی خاوەن چەندین پەیوەندیی لەگەڵ ئاسماندا
بەتاریکستانی پێستی لەشتەوە
هەزارەها گەوهەری درەوشاوە دەبینم
سەرجەم لەزەت و خۆشیی بیر و هۆش
لەزەتی نمەکی هوشیاری
تیشکدانەوەی زێڕی
پێستە ورشەدارە گەوهەرییەکەتن
لە سای سێبەری قژتا ئازارەکانم
بەتیشکی خۆرەکانی ناو چاوانت
سارێژ دەبن.. دەڕەوێنەوە.. ژنە ڕووتەکە
ئەی پێستڕەشە قەترانییەکە
من دەمەوێ بەجوانیی تۆدا هەڵبدەم

من دەمەوێ نەمریی ئەو جوانییەت بسەلمێنم
نەوەکو جارێکی تر چەرخی چەپکردار
بڵێسەی ژیانت تێدا بکوژێنێتەوە و
بتکا بە خۆڵەمێش
من فیشکەی خراپەکاری و نامەردی دەبیسم
لێرە کەسێك لە ژیان نادوێ
هەموو هەمیشە لەسەر پێن خۆڵ بکەنە چاوتەوە
بەردەوام تەڵەکەبازیی پیرەڵۆك دەبینم
درۆ و دەلەسەی تەمەندرێژی دەبیسم
پێنج کەس وەك برا دەمناسن
چواریان شیریان لە مەمکی یەك دایك مژیوە
بەڵام کاتە سامناکەکانی تەنهایی لەبننەهاتووم
وەختە گیانم بتاسێنن
کەسوکارم ئەم زەمینەیان تەنیوە
دۆست و برادەرانم لە تەکمدان
کەچی هێشتا هەر جێهێڵراوم.. تەنیابالم
وەك گۆڕی (شامان)ێکی پیر(١)
کە خەڵکی خۆیانی لێ کەنار دەگرن
ئەمە ڕاستییەکی سەختە و
هەردەم دەلاقە دەکاتە گیانم

لە (هاوکاری) ژ١٩٤، ١٩٧٣/١١/٢٣دا بلاو بووەتەوە.

(١) شامان: لە کوردیدا جادووگەرێکی نەگریسی چارەگران دەگرێتەوە.

## شاعیری ژاپۆنی
## ماسکۆتاکی جۆش

دوو نموونە لە شیعرەکانی

١- سەربازەکان

ئەوەی لێتان ون کردین بماندەنەوە
ژیان.. ئەو ژیانەی لە ناخماندا دەشنایەوە
بماندەنەوە.
دەستانیان لە ژێر خاکەوە
وەك بیانەوێ بدوێن
هەڵتۆقینە دەرەوە
ژمارەیان لە ئەستوونەکانی تەلگراف زیاتر بوو
لە قامیشەڵانەکانیش چڕتر بوو
خەم و پەژارەیان لە دەروونداد دەبزواند
هەموو خۆیان هاویشتە سەر عارەبانەیەك
کەبەلارەلار و تاقوتۆق ڕێگای دەبڕی
خۆیان پێچکەکانیان خول دەدان
تا سڕبوون و لە ناکاو
لە خولاندنەوە کەوتن
داخ.. ئاسۆی دووری ژیان
هێشتا ڕەنگی خوێنێکی نوێی
تێدا دەبریسکێتەوە

٢- ئادەمیزاد و دەریا

لە قووڵاییی دەریاوە دەنگێك دێتە بەرگوێم
دەزانم دەنگی مردووانە
کەچی دەبیسم زیندووانیش

هەر لە قووڵاییی دەریاوە دەنگیان دێ
دەدوێن
دووانی ناو دەریا کە هەمیشە ئاڵۆز و تێکشکاوە
هەمیشە سامناك و تێك ئاڵاوە
سەرنجبدەرە چینچینی ئاوی سارد یا گەرمی
ئاخۆ چەند چەرخ و رۆژگاری
یەك لە دوایەکی هەڵلووشیوە
بگرە تیشکیش
تیشکی بەرهەمی خۆی
تیشکی ژیان و مردن
هەر لەو قووڵاییییەی خۆیەوە
لەگەڵ بیر و هۆشی چالاك و گەشدا
لەگەڵ ئاسمانی خولخواردووی
دەوری هێڵی ئاسۆدا
بەیەکدا دەدەن.. بەگژ یەکدا دەچن
ترس و تکا لەلای ئەو زیندووانەی
بێ پەروا ئامادەن بلەرزن
ئەمە بانگەوازی مردووانە
کەچی لەوپەڕی دەریاکەوە
ماسیی ئاسوودە قەڵەمباز دەدا و دەدرەوشێتەوە
سا تکایە تێم بگەیەنن
ئادەمیزاد لە ژیاندا
دەیەوێ چ مەغزایەك بسەلمێنێ؟.
ئای کە چ چەرخ و رۆژگارێکی دوور و درێژ
هەتا ئێستا تێ پەڕیوە.

هاوکاری- ژ١٩٨، ٢١/١٢/١٩٧٣.

## شاعیری دوورگەکانی (الرأس الأخضر)
## گابرین مارینۆ

گۆرانییەك بۆ دوورگەکەم

کێ بەدرێژاییی رۆژگار دەکرووزێتەوە
لە ناو لیتە و لمی کەنار دەریادا
لە برساندا گەوز دەدا
دەمرێ و بۆگەن دەکا؟
کێ هەنگاوەکانی بەردەوام رۆدەچنە
ناو چڵپاوی کاتێکی سنوور تەسکەوە و
پەنجە درێژەکانی دەقرتێنرێن؟
کێ شەوانی تەمەنی
بەسەر ڕۆژانێکدا کڵۆم دەکرێن
کە هەرگیز چاوی پێیان نەکەوتووە؟
منم؟!..
کێیە چاوانی
خوێنێکی بزرکاوی قێزلێکراویان تێ زاوە
تیژترین ئازار دەردەبڕن
دیمەنی سامناکترین مردن دەنوێنن؟
کێیە هەزار جار هەڕاج کراوە
هەزار جار کوژراوە
هەزاران هەزار جاریش ریسوا کراوە؟
منم!!..
کێ لە تەویلەی بۆگەنی بەرازاندا لە دایك بووە
کێ هەردەم نینۆك دەچەقێنێتە بەرەبەیان
کێ ساتە ساختەکانی شەو دەشێوێنێ؟
منم!!..

منم کە لە ناوجەرگەی ستەمترین مردنەوە
لەدایکدەبم
منم لە دووتوێی تیژترین ئازارەوە
لە قووڵاییی تاڵترین ساتی بێدارییەوە
لە دایك دەبم
تکایە کەس بە سەرجەنجاڵێکم تێ نەگا
من خۆم ئاسایش
بۆ ئەم زەوییە سەوزە بەدیدێنم
لە پێناوی بەرەبەیانێکی گەشی بێ ئاغادا
گۆرانیی بۆ دەڵێم

هاوکاری– ژ ٢٠٢، ١٨/١/١٩٧٤.

## ژنە شاعیری سیرالیۆنی

### ئەلین کۆلکەر

ژن و مێردایەتی

دوو باڵندە.. دوو باڵندەی جوان
پەڕوباڵیان سەوزە.. زەردە و شین
دوو باڵندە.. دوو باڵندەی خنجیلە
هاوسەرەکەم و من
قردێلەیەك.. قردێلەیەك لە ئاڵتوون
پچڕاندنی زۆر ئاسانە و بەلاّم
گەلێك لە پۆلا پتەوتر
دەمانکاتە دووگیان لە یەك لەشدا
هاوسەرەکەم و من
چوار باڵ.. چوار باڵی ناسك
بە قوولاّییی ئاسماندا هەڵفڕین
بەپەرۆشەوە هەڵفڕین
دوو باڵ بەرەو رۆژئاوا
دووی تر بەرەو رۆژهەلاّت
هاوەسەکەم و من
پەڕوباڵمان هەڵوەرین
باڵەکانمان تێکشکان و بەلاّم
هێشتا هەر تەقەلا دەدەین
هێشتا هەرسوورین لەسەر هەڵفڕین
جارەهایجار
کەوتینە خوارەوە و
هەپروون بەهەپروون بووین
هاوسەرەکەم و من

دوو باڵندەین پێمان ناووترێ جوان
پەڕوباڵە رەنگینەکەی جارانمان نەماوە
هاوسەرەکەم و من

هاوکاری– ژ ٢٠٩، ١٩٧٤/٣/١٥.

## شاعیری کازاخستانی
## ئۆڵجاس سلێمانۆف

گاگارین

من عاشقی جوانیم
ئای چەند لەمێژە
من خەو بەجوانییەوە دەبینم
ئای چەند جار لەو پێناوەدا لەخاچدرام
بەڵام لە ئەنجامدا
خۆم هەر گەیاندە قووڵاییی ئاسمان
سەرم لە کەشکەلانی فەلەك هەر دا
منی دروستکەری ئەو رووبارانەی
زەوی شەق دەکەن
منی زەبوونکاری دەریا بێ بنە سەرکێشەکان
چوومە سەر تەخت
تۆش ئەی زەمین
کڕنووش بۆ ئادەمیزاد ببە
ئیستا منم کردگاری تۆ

هاوکاری- ژ ٢٠٩، ١٩٧٤/٣/١٥.

## شاعیری ئەنگۆلایی

## ئۆگۆستینۆ نیتۆ

ساڵی (١٩٢٢) لە شاری ئیکۆلای ئەنگۆلا لە دایك بووە. دوای دەرچوونی لە زانکۆی (لەشبۆنە)، بۆ ماوەیەك پیشەی دوکتۆریی کردووە. هەر لەو ماوەیەدا چووەتە ریزی بزووتنەوەیەکی رۆشنبیرییەوە، کە ئامانجی ژیاندنەوەی کولتووری گەلی ئەنگۆلا بووە. لەوەبەدوا رووی کردووەتە سیاسەت و، لە ساڵی (١٩٦٠ )دا بووەتە سەرکردەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئەنگۆلا. بەڵام هەر لەو ساڵەدا گیراوە، لە بەندیخانەیەکی لەشبۆنەدا بەند کراوە. لە ساڵی (١٩٦٢)دا لە بەندیخانە هەڵاتوە و، گەڕاوەتەوە ئەنگۆلا و، کەوتووەتە سەرکردایەتیکردنی خەباتی چەکدارانەی گەلەکەی، دژی پورتوگالی داگیرکەر...

لە ساتی لێك دوورکەوتنەوەدا

دایە..
"ئەی هەموو ئەو دایکانەی
کە جگەرگۆشەکانیان لێ یاندوورن"
تۆ فێری چاوەڕوانی و هیواداریت کردم
چونکە تۆ خۆت لە کاتی
بەسەرهاتە جەرگبڕەکاندا وەها بوویت
بەڵام من ئێستا لە ناخدا
ژیان وەها دەبینم کە ئەو هیوایەی تاساندووە
لەوە زیاتر چاوەڕێ ناکەم
دەبێ من چاوەڕێ بکەم
تۆ گۆشت دەکردین کە ئێمەین
ئەو هیوایەی بەئاواتییەوەیت
ئێمەی ئەو جگەرگۆشانەی
کە لێت دوورکەوتووینەتەوەو
پەیمانمان لەگەڵ باوەڕدا بەو هیوایە بەستووە

ئێمەی کوڕانی رووتوڕەجاڵی ناو دارستان
ئێمەی بێبەش لە خوێندنی قوتابخانە
ئێمەی کە لە پانایی دەشتەکانماندا
لە قرچەی گەرمای نیوەڕۆدا
پیشەمان یاریکردن بوو بەتۆپی پەڕۆ
ئێمەی کە لە کێڵگەکانی درەختی قاوەدا
مۆمی رۆژانی ژیانی خۆمانمان
بۆ گوزەرانێکی کولەمەرگی دەسووتاند
ئێمەی پێسترەشی نەفام
کە دەبوو هەردەم
کڕنووش بۆ پێستسپییەکان ببەین
لە ئاستی دەوڵەمەندەکاندا
ترس و سام لەشمان بخاتە لەرزین
ئێمەی ناو گەڕەکە پۆخڵە بێ کارەباکان
دایە ئێمە
کوڕە رەشوڕووتە برسی و تینووەکانتین
ئەو کوڕانە راستگۆن کە بانگت دەکەن: دایە
ئەوانەی ناوێرن بەسەربەستی بەشەقامەکاندا بگەڕێن
ئەوانەی لە ئێستەدا
لە ئادەمیزادانی تر دەسڵەمێنەوە
دایە ئەوانە ئێمەین
ئێمەی هیوای سەندنەوەی ئاسوودەیی ژیان

هاوکاری– ژ ۲۱۸ ، ۱۹۷٤/٥/۱۷.

## شاعیری ئازربایجانی ڕەسووڵ ڕەزا

### پەنجەرەیەك بەسەر دوارۆژدا

پەنجەرەیەكم بەسەر دوارۆژدا كردەوە
بەقووڵاییی زنجیرەی ساڵەكاندا هەڵمڕوانی
دیم خەڵكێكی زۆری گەشكەدار دێن و دەچن
دیم هەزاران پردی گەورە،
بەسەر ئەو سنوورانەدا رایەڵ كراون،
كە هیچ پێویستییەك بەبوونیان نەماوە.
دیم پردەكان بەسەر دەریاكاندا دادەكشێن
لووتكەی شاخەكان بەیەكتر دەگەیەنن
دیم چەندین ڕێگاوبان، تا چاو بڕكا كشاون
بەداروپەردووی بەندیخانە و قەڵاكان،
بەردەڕێژ كراون.
دیم خەڵكەكە، لە سپی و ڕەش و زەرد،
یەكێكی بێ ڕەنگیش،
دەست لەناودەستداو شادمان دێن و دەچن
لەگەڵیاندا من و تۆش.
من و تۆی دڵ پڕ باوەڕ بەئێستا و،
هیوا بەدوارۆژ.
ئەوسا من دەروونم كەیل دەبێ
هەستی گەشكەداریم دادەگیرسێ
هاوار دەكەم: "براكانم.. براكانم"
ئەوان بەدەنگی گرمەی هەورێك وەرامم دەدەنەوە.
یەكتر دەدوێنین.. لە گفتوگۆ ناكەوین
هەموو بەیەك زمان قسە دەكەین
براكانم...

دایك و فرزەندەکان..
خەڵکینە ئێوە هەموو...
وەرن باهەموو باوەڕ پتەو بین
کە دەتوانرێ و دەشێ
ئەم هیوا و ئاواتە بەم نزیکانە بێتە دی
دەبێ بێتە دی

(١) ڕەسووڵ ڕەزا: شاعیری گەلی ئازربایجانە. ساڵی (١٩١٠ ) لە دایك بووە. یەکەم بەرهەمی لە ساڵی (١٩٢٧)دا بڵاو کردووەتەوە. تا ئێستا (٤٠) دیوانی شیعری لە چاپ دراوە. لەسەر شیعرێکی کە بۆ (لینین)ی وتووە، خەڵاتی پێ دراوە. ئەم شاعیرە لە هەڵسووڕاندنی کاروباری دەوڵەتیشدا پایەی بڵندە. ماوەیەکیش سەرۆکی یەکەتی نووسەرانی ئازربایجان بووە.

# چیرۆکی وەرگێڕدراو

## کارخواز

چیرۆکنووسی تورکی: صنع الله ئەریسۆی

کابرا لە سکالاکەیدا نووسیبووی:

– خاوەنی چوار منداڵی وردم. خوێندنی سەرەتاییم تەواو کردووە. شازدە ساڵی رەبەق لە کۆمپانیایەکی ئەڵەمانیدا کارم کردووە. سەربازیم بەسەرەوە نەماوە. شارەزاییم لە بەکارهێنانی پیتی کۆندا هەیە. نووسین بە (تایپ) دەزانم و، بەکارهێنانی مەکینەی ژماردنیش. تکایە...

***

کابرا تەمەنی چل ساڵ دەبوو. قژێکی زەرد و روخسارێکی چرچ و لۆچاویی پێوە بوو، کە دوو چاوی بە قووڵداچوویان تێیدا چەسپبوو. رەنگیان دەتوت هەوری باراناوییە. پیاوێکی شەرمن دیاربوو. راوەستانەکەی بەکزی و هێمنییەوە، رەوشتێکی بالایان نیشان دەدا.

– شازدە ساڵ ئیشم کرد گەورەم.. باوەڕنامەیەکیشم هەیە، کە شایەتی بۆ راستی و پاکیم دەدا لە کارکردندا. جا ئەگەر ویستتان؟.

– دوایی.

– دوایی کارەکە راوەستا. ئیتر ئەوە پێنج مانگە لە کارکەوتووم.

کەمێك بێدەنگ بوو. کە کەوتەوە قسەکردن. هێشتا هەر بە کزییەکەوە راوەستابوو:

– شازدە ساڵی رەبەق گەورەم. بە پاکی و چاکی. دەتوانن بپرسن. هەروەها دەتوانم پیتی کۆن بەکار بێنم و نووسین بە تایپ و بەکارهێنانی مەکینەی ژماردنیش.

***

یاریدەدەری بەڕێوەبەرەکەمان بەو بۆنەیەوەی کە من سەرۆکی نووسەرەکانم، ئەم کابرایەی بۆ تاقیکردنەوە بۆ ناردم. بەلام هەر کە بە کەمتەرخەمییەکەوە وتی: ”ئەم پیاوە تاقی بکەرەوە“، خێرا تێ گەیشتم کە دەیەوێ دەستی پێوە بنێم. بەکابرام وت:

– کەوابوو دەزانیت بە تایپ بنووسیت؟.

بەدەنگێکی ژاکاوەوە وتی:

– بەڵێ گەورەم.

رووی بۆ مێزەکان وەرگێڕا، کە سێ تایپی رەشیان لەسەر دانرابوون. چاوی وەها پێیاندا داچەقاند، وەك ئەوەی بییەوێ بڵێ:

– بەزەییتان پیامدا بێتەوە. پێنج مانگە بێ ئیشم. چوار منداڵی وردم هەن.

بەڵام تۆپەڵە ئاسنە ڕەشەکان، بێ ورتە و جووڵە قووت بووبوونەوە. ئەوان چ بە تەنگەوەن ئەو چوار منداڵی وردی هەبن، یا پێنج مانگبێ بێ ئیش بێ.. یا وەیا!.

تەنانەت بەڕێوەبەرەکەشمان هێندە بە تەنگییەوە نەبووبوو. رەوانەی لای یاریدەدەرەکەی کردبوو. ئینجا ئەویش سووك و ئاسان دای بە کۆڵی مندا، لەو دەردی سەرییە رزگاری بکەم و، دەستی پێوە بنێم.

***

یازدە ساڵ لەمەوبەر، ئەم تۆپەڵە ئاسنە نەگریسانە، هەر بەو جۆرە روانییانە منیش. بەڕێوەبەرە ورگنەکەی ئەوساشمان، هەروەك ئەمەی ئێستا لووتبەرز و مۆن بوو. هەروەها سەرۆکەکەشمان، بە تیلەی چاو لێم ورد دەبووەوە. لاوێك بووم لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا. دوای مردنی باوکم بە ماوەیەکی کەم، وازم لە قوتابخانە هێنا. منیش وەك ئەم شەرمن بووم. هەر رۆژە لە بەردەم زەلامێکی تەنگە ئەستووردا دەوەستام و کڕنووشم دەبرد. لە پێناوی کار و ناندا، رۆژانە تووشی ئەم جۆرە لووتبەرزی و خەمساردییە دەبووم. هیچ کامیان لەوانیتر جیاواز نەبوون. پرسیارەکانیان گشتی یەك جۆر بوو. تەمەنت چەندە؟. هۆی وازهێنانت لە خوێندن چی بوو؟. چ ئیشێك دەتوانیت بکەی؟. منیش قورگم پڕ دەبوو لە گریان. لە بەهاری حەڤدەمی ژیانمدا بووم. لە بری تامی لاوێتی، گەردەلوولی نان پەیداکردن لە سەرمدا لوولی دەخوارد.

***

پێنج مانگە ئەم کابرایە هەموو رۆژێك دەست بەتاڵ دەگەڕێتەوە ماڵەوە و ژنەکەی لە چاوەڕوانیدایە:

– دوور نییە ئەمڕۆ ئیشێکی دۆزیبێتەوە.

چوار منداڵە وردەکەشی، لەگەڵ هەر گەڕانەوەیەکیدا، چاو دەبڕنە دەستە بەتاڵەکانی

و، هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشن. من ئازاری ئەو وردیلانە باش هەست پێ دەکەم. منیش پێنج مانگی تەواو دایکم و خوشکەکانم، چاوەڕوانی گەڕانەوەمیان دەکرد. ئای خوایە. هەرچەند لێی ورد دەبمەوە، کتومت جارانی خۆمی تێدا دەبینم. ئێستا من لە چەشنی ئەو سەرۆکەم، کە یازدە ساڵ لەمەوبەر لە منی دەڕوانی و وەك بەڕێوەبەرەکەش کە گوێی خۆی لێ دە خەفاندم.

– بە چ جۆرە تایپێك دەتوانیت بنوسیت؟.

بە هیواخوازییەکەوە سەیرێکی کردم. بەڕێوەبەرە ورگنە دڵڕەقەکەم بیرکەوتەوە، کە ئەویش هەر ئەم پرسیارەی لێ کردم. کابرا دیسان چاوی بڕییەوە تۆپەڵە ئاسنە ڕەشەکان و وتی:

– ئەوسا تایپی (ئایریل)م بەکار دەهێنا.

– باشە.. لەو بابەتەمان هەیە.

(عەلی بەگ)ی لە چاپدەرم بانگ کرد، رام سپارد کە پەڕەیەك قاقەزی بۆ ئامادە بکا و بیباتە سەر تایپەکەی خۆی. ئێوە عەلی بەگ ناناسن. ئەویش بەنووکی پەنجەکانی پارووە نانەکەی پەیدا دەکا. لایەکی بەلای کابرادا کردەوە و سەرێکی راوەشاند. بەکەمێ پەستی و رووگرژییەوە، قاقەز و تایپەکەی ئامادە کرد.

کابرا سەرنجێکی دایە چاپەکە و شوێنی پیتەکان. بە ئاشکرا لەرزینم بەدەستە رەگاوییەکانییەوە دەبینی. لە کاتێکدا عەلی بەگ زەردەخەنە دەیگرت و بە لە خۆباییبوونێکەوە بە تیلەی چاو، سەیرێکی منی دەکرد.

– ئەم نووسینە چاپ بکە و، هەوڵ بدە چاپکردنەکەت پاك و جوان بێ. مەشڵەژێ و تێك مەچۆ.

لێوەکانی لەرینەوە و، بە سستییەکەوە کرانەوە. پێکەنین و گریانیان پێکەوە دەردەبڕی. ددانەکانیشیان دەرخستن، کە هەندێکیان هەڵوەری بوون و، ئەوانی تر دیمەنێکی زەردباوی ناشیرینیان دەنواند، کە نیشانەی برسێتییان رادەگەیاند.

– هەرچۆنێك بێ.. مرۆڤ لە کاتی وەهادا، کەمێك هەر تێك دەچێ.

– بێگومان.. بێگومان.

هەندێك هاتەوە سەرخۆ. دوو سێ رستەی تێکەڵ و پێکەڵی تری وتن:

– لە دەمێکەوە.. یانی پێش پێنج یاخۆ شەش مانگ.. لەو کاتەوەی لە کارکەوتم.. دیارە!..

یازدە ساڵ لەمەوبەر، منیش وەهام بەسەرهات. سەرۆکە لووتبەرزەکە، پەڕەیەك قاقەزی سپی و یەکێکی نووسراوی دامێ. بەڕێوەبەرە ورگنەکەش بەژوور سەرمەوە چەقی بوو:

– پێنج مانگە تایپم بەکار نەهێناوە. ڕەنگە دوای چەند ڕۆژێك بێمەوە سەخۆ و دەستم وەك جاران ڕابێتەوە.

بەڕێوەبەری ورگن بە سەرۆکەکەی وت:

کە دەستی کرد بە تایپکردن ئاگەداری ڕاگرتنی کاتەکە بە.

ئەوەتا منیش ئێستا بە عەلی بەگ دەڵێم:

– کە دەستی بە تایپکردن کرد، کاتژمێرەکەی بۆ ڕابگرە.

کابرا ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد. کەمێ بە پەنجەکانی خۆیدا هەڵڕوانی و هەندێکیش لە تایپ و شوێن پیتەکان وردبووەوە. چاوێکیشی بە پەڕە نووسراوەکەی بەردەمیدا خشاند، ئینجا ڕووی بۆ من و عەلی بەگ وەرگێڕا. سەرنجێکی پڕ لە هیوای داینێ و، بینایی دیسان بۆ تایپەکە گواستەوە. هەرچی بە ئاگایی و هونەرکارییەك لە پەنجەکانیدا بوون، لە نێوانی تاقوتۆقی چاپکردنەکەوە، بەناو جەرگەی ئەو تۆپەڵە ئاسنە ڕەقەدا، دەتکانە سەر قاقەزە سپییەکە و دەیوت:

– چك.. چك.. چك.. چچاك.

***

منیش لە یەکەم جاردا، نانی خۆمم لە نووکی پەنجەکانمەوە دەسگیربوو. منیش هەروەك ئەم کابرایە، شوێنی پیتە نووسراوەکانم نەدەدی. هەردوو گوێم بۆ بیستنی ئەو ئاوازە شیرینەی لە چاپکردنەکەوە دەردەچوو قووت بووبوونەوە خێرایی و بەردەوامییەکەی دەبووە مایەی کامەرانیی من.

من دەزانم ئێستا چی بە بیری ئەم کابرایەدا ڕادەبووریێ، چونکە منیش یازدە ساڵ لەمەوبەر وەکو ئەوم بەسەرهات. ئەوەتا دەستەکانم دەلەرزن. بەڕێوەبەرە ورگنەکە بەسەر سەرمەوە ڕاوەستاوە. سەرۆکە لووتبەرزەکەش بەرامبەرم. بەلای چەپمەوە

کاتژمێرێکی چاڵمە هەڵواسراوە . لە تاو لێکدانەوە مێشکم وەختە بتەقێ. ڕووی ژاکاوی دایکم، کە ئازار و پەژارەی هەرگیز لێ نابڕێ. دیمەنی خوشکە لاوازەکەم کە ئەویش وەك دایکم، چاوانی هەموو کات پڕن لە کڵۆڵی و دەرد و سزا. لەگەڵیاندا چوار برا وردەکەم. دوا جار دەنگی ورگنەکە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە کە دەڵێ:

– تەواو قاقەزەکە دەربێنە.

بە ئاگا هاتمەوە و منیش سەیرێکی کاتژمێرەکەم کرد. منیش بە کابرام وت:

– تەواو قاقەزەکە دەربێنە.

لێوەکانی وشك هەڵاتبوون. چەند وردە دڵۆپێکی ئارەق، بەناوچەوانییەوە گیرسابوونەوە. گومانم نەبوو کە دڵی ترپەترپی پێ کەوتبوو، ڕاست وەکو دڵی یازدە ساڵی لەوەبەری من، من کاتێ بەڕێوەبەرەکە سەیرێکی کاتژمێر و پەڕە چاپکراوەکەمی کرد و دوای لێ وردبوونەوەیەکی زۆر، دەمی هەڵێنایەوە و وتی:

– سبەینێ وەرە سەر ئیش.

لە خۆشییاندا دەروونم کەفی چاند و، دڵم جۆشی ساند و هەستونەستم تەقییەوە. سەرم نایە سەر چاپەکە و، جڵەوم بۆ فرمێسکی چاوانم شل کرد، کە بێگومان فرمێسکی کامەرانی بوون.

***

کابرا لە بەردەممدا ڕاوەستا. چاوەڕوانی دەمی من بوو بکرێتەوە و بە چەند وشەیەك خۆی و خێزانەکەی لە چنگی برسێتی ڕزگار بکەم. مژدەی شادی و بەختیاریی بدەمێ. سەرم بۆ هەڵبڕی و وتم:

– چاپەکەت جوانە.

بەڵام لە ڕاستیدا زۆر ناشیرین بوو. نە شێوەی دەست پێکردنی دێر و نە نوقتە و وێرگول و نیشانەی پرسیاریان تێدا بوو. کابرا لە وەرامدا وتی:

– بێگومان کەمێ تێکچوونم پێوە دەبینیت. ماوەیەکی زۆرە دابڕاوم. ئەگەرچی چاپەکەم جوان نییە، بەڵام من.. شازدە ساڵ.. بە پیتی کۆن دەمنووسی...

لە خراپیی نووسینەکەی خۆی بەئاگا بوو. دەشیزانی کە لەوە باشتری لێ نازانێ. بەڵام نانی دەویست! دەنگی بەڕێوەبەرە ورگنەکە، دیسان لە گوێمدا زرنگایەوە:

– سبەینێ وەرە سەر ئیش.

سەیرێکی کابرام کرد. چاوی بڕیبووە چاوم. وەك ئەوە بوو لێم بپاڕێتەوە کە خێرا قسەیەك بکەم.: (بۆچی بێدەنگیت؟!... دەی قسەیەك بکە کە دڵم ڕۆشن بکاتەوە.. سبەینێ وەرەوە و دەسبەکار بە.. دەی خێراکە بیڵێ، تا زوو خۆم بگەیەنمەوە لای ژنەکەم و منداڵەکانم و ماچیان بکەم. تا بەقەرز شەکر و پەنیر و حەڵوایان بۆ بکڕم. توخوا بیڵێ.. سبەینێ ئامادەبە و وەرە دەسبەکار بە).

من دەسەڵاتی بڕیاری وەهام نەبوو. ئەو بەسەزمانەش وایدەزانی، کە هەموو شت لە منەوە دەست پێ دەکا و دوایی دێ. زۆری پێ نەچوو یاریدەدەر داوای کردم. هەر لە ڕێوە پرسی:

– چۆن بوو؟.

وتم:

– باش چاپ دەکا. دەشزانێ مەکینەی ژماردن بەکاربێنێ و، شارەزایی لە پیتە کۆنەکانیشدا هەیە. لەوەبەر شازدە ساڵ لە کۆمپانیایەکی ئەڵەمانیدا کاری کردووە. ئەڵەمانەکان وەك دەزانیت، یەکێك زیرەك و بەهرەدار نەبێ کاری نادەنێ. پیاوێکی ڕاستوڕەوانە. چوار منداڵی وردیشی هەن. پێنج مانگە بێ ئیشە. دەتوانین کارێکی بدەینێ. جا ئەگەر فەرمان دەدەن، با سبەینێ بێت و...

یاریدەدەر سەیرێکی بەمەغزای کردم و وتی:

– با لەگەڵ بەڕێوەبەردا بدوێم.

وتم:

– ئەی چی بەکابرا بڵێم؟.

وتی:

پێی بڵێ: چەند ڕۆژێکی تر سەر بداتەوە. هیچی تر هەیە؟.

– نەخێر گەورەم.

***

زمانم نەیدەهێنا هەموو شت لە یاریدەدەرەکە بگەیەنم. هەروەکو نەشیدەهێنا کابرای بەسەزمانتەفرەبدەم و بڵێم: ″چەند ڕۆژێکی تر سەر بدەرەوە″. چونکە گومانم نەبوو کە

وەهای چاوەڕێ لێ دەکردم بڵێم: "سبەینێ وەرە دەسبەکار بە".

دەسا وەهام کرد و کاتێ گەڕامەوە ژوورەکەم، مژدەم دایە و وتم:

– سبەینێ سەر بدەرەوە تا ئیشەکەت جێبەجێ بکەم. هەرچییەکیش گیری خوارد ، ئەوسا ئاسانە.

کۆواری (هیوا)

ژ١٢–س/حوزەیرانی ١٩٥٨.

## ئاه.. ئاه... ئاه

نووسینی: ئیدرۆس

چیرۆکنووسێکی ئەندەنووسیاییە. ساڵی **١٩٢١** لە دوورگەی سۆمەترە لە دایك بووە. بەو چیرۆك و رۆمانە بەجۆش و خرۆشانە بەناوبانگە، کە لە کاتی شۆڕشی ئەندەنووسیادا دژی داگیرکەرەکان نووسیونی.

***

(سۆکا بۆمی) بە ئاووهەوای سازگاری بەناوبانگە. کەچی خەڵکەکە کاتیَ لە پەنجەرەی بلیتبڕیندا ریز دەبوون، لە گەرماندا وەخت بوو بتەقن. کراسەکانی بەریان لە ئاستی پشتمل و بن باخەڵیاندا، ئارەقیان لیَ دەچۆڕا. شانبەشانی ریزی ئادەمییەکان، مێشومەگەز بەسەر بۆگەناوی ژێر پێیانەوە ئاپۆڕەی دەبەست. لە ناو ریزەکەوە یەکێك بەردەوام دەکۆکی و بەڵغەمی فڕیَ دەدا. ئەو لاوێك بوو کە لە لاوازیدا، دەتوت چڵی درەختێکی وشکەوەبووی مردووە. لە ناوەڕاستی ریزەکەدا بوو. ئەوەی دواوەی لێی پرسی:

– بۆچی دەکۆکیت؟.. خۆ تەپوتۆز نییە.

لاوەکە وتی:

– من لە تەمیزترین ژووریشدا دەکۆکم. زۆر نییە لە (بانجیب)ەوە هاتووم و دەمەویَ بۆ (جاکەرتا) بچم.

کابرای خاوەن پرسیار، دەستەسڕەکەی لە گیرفانی دەرهێنا. گرتی بەلووتییەوە و وتی:

– ئەگەر سنگت نەخۆشە، هەق نییە تف رۆبکەیتە سەر زەوی، چونکە بەوە نەخۆشییەکەت بڵاو دەبێتەوە. وانییە؟.

لاوەکە جارێکی تریش کۆکی. تۆپەڵە ماستێکی سپی لە دەمی دەرپەڕی. ناوەڕاستەکەی سوور دەچۆوە. دەتوت ئاڵاکەی ژاپۆنە. لە پێشی ریزەکەوە، ئەندەنووسییەکی بەرگشڕ راوەستابوو. بەتوورەییەوە هەردوو دەستی بۆ ناو پەنجەرەکە هەڵبڕین و هاواری کردەوە:

– بلیتێکی دەرەجە چوار بۆ جاکەرتا.

بلیتفرۆشەکە خێسەیەکی لێ کرد و وتی:

– ئەگەر ناتوانیت چاوەڕێ بکەیت، برۆ یەخەم بەردە.

ئەندەنووسییەکە پێیدا هەڵشاخا و وتی:

– من نیو سەعاتە لە ڕیزدا وەستاوم. کەچی ئەو کابرایە پێش من بلیتی وەرگرت.

دەستی بۆ زەلامێك درێژ کرد، کە لە پشتی بلیتفرۆشەکەوە وەستابوو.

بلیتفرۆش تەواو تووڕە بوو. هاواری لێکرد:

– تۆ هەقی ئەو قسەیەت نییە. ئەوە ئیشی منە. ئەگەر زۆر پەلەتە، تۆش دەتوانیت لە پشتەوە بفەرموویت. تەنیا نیو روپیێ زیاتری تێ دەچێ.

ئەندەنووسییەکە وەڵامی نەدایەوە. تەنیا سەرێکی بادا و بە بێزارییەوە وتی:

– ناهەقیشی نییە. هەموو وەك ئەو دەکەن، تا چوار پوولیان زیاتر لە مووچەکەیان دەست بکەوێ.

ئینجا کە سەیرێکی کیسە برنجەکەی بەرپێی خۆی کرد، لەبەر خۆیەوە وتی: منیش!.. چینییەك لە ڕیزەکە چووە دەرەوە. بە دەستەسرێکی ڕەنگاوڕەنگ، ئارەقی دەموچاوی دەسڕی. چووە تەنیشت ئەندەنووسییەکەوە. ئەندەنووسی تووڕە بوو، وتی:

– تکایە ریزەکە تێك مەدە، ئەگینا هەموو وەك تۆ دەکەن، ئەوسا دەبێتە ئاژاوە و پاڵەپەستۆ.

چینییەکە گاڵتەی پێ هات و وتی:

– سەرم بەم جۆرە قسانە مەیەشێنە. تۆ دەزانیت من کێم؟. من نامەی کاربەدەستە ژاپۆنییەکانم پێیە.

بە بلیت فرۆشەکەشی وت:

– بلیتێکی دەرەجە دوو بۆ جاکەرتا.

بلیتفرۆشەکە سەرسام بوو، وتی:

– کاکە.. بلیتی دەرەجە دوو تەنیا بۆ ژاپۆنییەکانە.

چینییەکە سەیرێکی پارە پێنج رووپێیەکەی نێوان پەنجەکانی خۆی کرد و، ئینجا بە

پێکەنینەوە وتی:

– فەرموو بڕوانەرە نامەکە. نرخی بلیتەکەش بۆ جاکەرتا، لە دوو روپیێ و شەست و پێنج بەولاوە نییە. ئیتر ئەوەکەی تری...

بلیتفرۆشەکە بە خێرایی، پێنج روپێیەکەی لێ وەرگرت و بە دەنگێکی پڕ لە ڕێزلێنانەوە وتی:

– فەرموو گەورەم فەرموو. جاکەرتا بەدەرەجە دوو.

شەمەندەفەرەکە لە سۆکابۆمییەوە کەوتە ڕێ. چینییەکە لە فارگۆنی دەرەجە دوودا، بەدەم کیژێکی نەشمیلەوە پێ دەکەنی. ئەوانی تر ئاخنرابوونە فارگۆنەکانی دەرەجە سێ و چوارەوە، بەدەم سکالای حاڵەوە قڕە و هاواریان بوو. جەنابی موفەتیش لە دەرەجە سێوە دڕی بە خەڵکەکەدا و، خۆی گەیاندە دەرەجە چوار. کاتێ هاواری کرد: بلیتەکانتا، هەموو لەباتی بلیت پارەیان بۆ دەرهێنا. ئەو خۆی وەها نیشان دا، کە لەم کارەیان تووڕەیە و وتی:

– چۆن بەبێ بلیت سوار بوون.. چۆن هاتوونەتە ژوورەوە؟.

یەکێك لە وەڵامدا وتی:

– لەوێش سەری خۆمان بە دەرگاوانەکە قەبڵاند.

ئەو هیچی نەوت. پارەکانی لێ وەرگرتن و ئاخنییە گیرفانییەوە. ئینجا بەدەنگێکی نزم وتی:

– بۆ جاری داهاتوو، دەبێ هەموو بلیت ببڕن.. تێ گەیشتن؟.

شەمەندەفەرەکە لە گوندێکی بچووك راوەستا. چەند لاوێك سەرکەوتن. هەموو نیوەی لەشیان رووت بوو. تەنیا بە کلێتەکانیاندا دەزانرا، کە ئەمانە پۆلیسی داگیرکارانن. کەوتنە پشکنینی خەڵکەکە. هەرچی کیسە برنجێکیان دۆزییەوە، دایان گرتن و بردیانن خاوەنەکانیشیان (تەنانەت ژنانیش)، بەر لێدان و جنێوپێدان کەوتن.

لەسەر یەکێك لە کورسییەکان، کیسە برنجێك دانرابوو. یەکێ لەو پۆلیسانە کە دەستی گەیاندبوویە پرسی:

– ئەمە هی کێیە؟.

پۆلیسێکی ناو شەمەندەفەرەکە لە وەڵامیدا وتی:

– هی منە.. دەتەوێ؟.

پۆلیسە داگیرکارەکە سڵاوی لێ کرد و بەشەرمەوە وتی:

– ببورە.. وام زانی هی یەکێکی ترە.

پۆلیسەکان دابەزین. کیسە برنجەکان لەسەر شۆستەکان کۆمەڵ کرابوون. یەکێکیان بە گوێی ئەوی تریانیدا چرپاند:

– ئەرێ.. مۆراکارا لێرەیە؟.

ئەوی تر هەر بە چرپە وتی:

– نەء.. کەمێ لەمەوبەر چوو بۆ (بۆجۆر). هەتا دوای نیوەڕۆ نایەتەوە.

با برنجەکە بکەین بە پێنج بەشەوە. کەمێکی لێ لاوە دەنێین، تا بیسەلمێنین کە ئەمڕۆ ئەرکی سەرشانمان بەباشی بەجێهێناوە.

وەختێ شەمەندەفەر کەوتە ڕێ، عەرەبێك خۆی پێدا هەڵواسی و سەرکەوت.

کە عەشاماتەکەی بینی وتی: ماشەڵا!. دوای ئەو لاوێك خۆی پێدا هەڵواسی. کراسێکی دڕاوی لەبەردا بوو. قاچی چەپی لە تەختە بوو. بەشەلەشەل سەرکەوت. لە فارگۆنەکەدا جێگەی نەبووەوە. خۆی بەدەسکی دەرگاکەوە ڕاگرت.

شەمەندەفەرەکە بەخێرایی کەوتەوە ڕێ. پۆلیسەکەی دەرەجە چوار، چاوی بەژنێکی گەنجی جواندا چەقاندبوو. ژنە جوانەکە پشتی کۆمابووەوە. پۆلیسەکە دۆنجوانانە لێی نزیك بووەوە و وتی:

– خانم بمبەخشە.. تۆ تەمەنت چەندە؟.

ژنە جوانەکە سەری سوڕما و وتی:

– سی و دوو.. بەڵام بۆچی دەپرسیت؟.

پۆلیسەکە وتی:

– هیچ.. لە دڵدا وتم: گوناحە.. بەتەمەنێکی کەمەوە و پشتی وەها بکۆمێتەوە.

ئینجا دەستی درێژ کرد و، بەسەر پشتی ژنەکەیدا هێنا و وتی:

– لەگەڵ ئەوەشدا پشتێکی جوانت پێوەیە.

دوای کەمێ بیرکردنەوە، لەسەری ڕۆیشت و وتی:

– ببووره.. من زۆرم پێ ناخۆشە، ژنی جوان و منداڵکار ببینم پشتی کۆمابێتەوە. تکایە برنجەکە لە پشتت دەربێنە و لەسەر ئەو کیسەیەی خۆم بۆمی دابنێ. خەمت نەبێ. کە گەیشتینە جاکەرتا، من بەشی خۆمی لێ هەڵدەگرم، ئەوەکەی تریت دەدەمەوە. دڵنیابە کە غەدرت لێ ناکەم.

پۆلیسەکە پێ کەنی. ژنەکە بەتەریقییەوە، دەستی برد لە ژێر کراسەکەیەوە، کیسە برنجە چکۆلەکەی دەرهێنا و دایە دەستی.

کاتێ شەمەندەفەرەکە لە (بۆجۆر) نزیك بووەوە، زۆر خێرا دەڕۆیشت. شەلەکە لە ناکاو دەستی لە دەسکی دەرگەکە بەربوو. کەوتە خوارەوە. یەکێك پەلاماری تەلی بنمیچی فارگۆنەکەی دا و رای کێشا. شەمەندەفەرەکە راوەستا. خەڵکەکە رایان کردە خوارەوە و کە گەیشتنە سەری، مردبوو. لاشەکەیان لە جێی خۆی جێ هێشت. موفەتیشەکە بەچەند دێرێك، کارەساتەکەی هەڵڕشتە سەر کاغەزێك و ئیمزای کرد.

شەمەندەفەر کەوتەوە ڕێ. عەرەبەکە کە درێژەی کارەساتەکەی بەچاوی خۆی دیبوو، دەستەسرەکەی دەرهێنا و کەوتە سڕینی دەموچاوی، پەیتا پەیتاش دەیوت:

–ئەستەخفیرەڵا... ئەستەخفیرەڵا.

ئەندەنووسییەکە کە بەتەنیشت عارەبەکەوە راوەستابوو وتی:

– مردنی لێرە و بەم شێوەیە گەلێك بۆی باشتربوو، وەك لەوەی لە کەناری (تی گی لیونگ) لە جاکەرتا بمردایە.

شەمەندەفەرەکە نزیك (بۆجۆر)، لە گوندێك کەمێك راوەستا. موفەتیشەکە دابەزی و، بەرەو خانوویەکی بچووك دایە غار. کابرایەك لەوێ چاوەڕوانی دەکرد. هەر کە ئەمی بینی لێی پرسی:

– ها کەریم.. لە چیداین؟.. ئیشمان باشە؟.

کەریم وتی:

– بەڵێ گەورەم.. بەخت یارمان بوو.. فرۆشتمان. بەڵام لە سەد و پەنجا روپێ زیاتری نەکرد. هیوادارم منیش بەشم هەبێ.

کابرا وتی:

– ئەگەر نەتبێ خەتای خۆتە. من وتم: دەبێ سەد و پەنجا روپێی خۆمم پێ بگا.

بەڵام ها ئەوە دە ڕوپیێ. ناتوانم زیاترت بدەمێ.

کەریم وەریگرت و وتی:

– هیچت نییە بۆ جاکەرتا؟.

– شرینقەی سالفارسانم هەیە. لەوێ فرۆختی هەیە؟.

– بەڵێ گەورەم. بەتایبەتی لە ئێستادا. هەموو لاوانی جاکەرتا، تووشی ئەو نەخۆشییە بوون. بەڵام نرخی زۆری لەسەر دامەنێ.

کەریم لەگەڵ هەندێ سالفارساندا، گەڕایەوە ناو شەمەندەفەرەکە. شەمەندەفەر گەیشتە (جامبیر) لە جاکەرتا. خەڵکەکە بۆ چوونە دەرەوە کردیانە پاڵەپەستۆ. لەسەر شۆستەکە، ژنێکی جوانی منداڵکار بە کوڵ دەگریا. یەکێك لە بارەیەوە پرسیاری لێ کرد. لە وەڵامیدا وتی:

– برنجەکەم.. هەرچیم پێ بوو، پۆلیسێك بردی و ڕۆیشت.

خەڵکەکە کەمێك بەملا و بەولادا چاویان گێڕا. پۆلیس لە چاو ون بووبوو. ژنەکەش هەر گریا و هەر گریا، تا فرمێسك لە چاوی بڕا، وەك چۆن برنجەکەی برا.

هاوکاری– ژ ١٩١، ١٩٧٣/١١/٢.

## هەڵبژاردن

نووسینی: راڵف نیج ئەریس

چیرۆکنووسێکی تانزانییە. بەوە بەناوبانگە کە لە نووسینەکانیدا، دابوونەریتی پڕوپووچی کۆن ریسوا دەکا و، داوای گۆڕینی ژیانی گەلەکەی بەرەو پێشکەوتن و شارستانییەت دەکا.

***

کاتێ باوکم رۆنەکەی لەسەرمدا و کەوتە داهێنانی قژم، هەستمکرد لەشم وا خەریکە دەنیشێتە سەر ئارەق. لە ئاوێنەکەدا ڕوو و نیگارە قاوەییەکانیم دەدی، لە تاوا چاوم داخست و تەنگەتاو بووم. هەڵەی من نییە. من لە خۆم بەئاگام کە منداڵەکەی جاران نەماوم. ئەوسا موڵکی بووم و، بۆی هەبوو رۆن لەسەرم بدا و قژم دابێنێ و ناوی نازدارانەم لێ بنێ. بۆی هەبوو دەستم بگرێ و، لەگەڵ خۆیدا بمبا بۆ سەر ئیشەکەی لە شار. ئەوسا منداڵانی تر بەخیلیان پێ دەبردم و پێیان دەوتم: نازدارەکە.

لە ئاوێنەکەدا سەرلەنوێ چاوم هەڵبڕییەوە و رەزامەندی و شانازیم بەڕەنگوڕووییەوە بینی، لە کاتێکدا شانەکەی دەستی هێشتا هەر قژە زبرەکەمی سزا دەدا. من موڵکی بووم. وەك رۆژانی رابردوو بووبوومەوە بە موڵکی. ڕووی بە ئاشکرا هاواری دەکرد:

″تۆ کوڕمی. لە خوێن و گۆشتی منی. پێش ئەوەی تۆ هەبیت، من هەبووم. ساڵانی تەمەنت، خوێندەواریت، مەی خواردنەوەت، رابواردن و بەرەڵڵایيت هەموو هیچن. هێشتا هەر من سەروەرتم.. باوکتم. تۆ ئێستا و بۆ هەتاهەتایە، هەر هی منیت″.

″نەء بابە.. نەء.تۆ هەڵەیت. هەموو شت گۆڕاوە. ئایا نابینیت؟!″.

هەستمکرد رادەچەنێ و لیم دووردەکەوێتەوە. کاتێ ئاوڕم دایەوە، بینیم لە دوور گرمۆڵە دەبێ. زانیم بریندارم کرد. ئەو شەوەم هاتەوە یاد، کە ئەو جارەش رەنگوڕوویيم کتومت وەك ئێستا هاتە بەرچاو. لە جێگەدا کەوتبووم و، زۆرانبازی منداڵێکم لەگەڵ مردندا دەکرد و، ئەو سەری بەسەرمدا شۆڕ کردبووەوە. گریان لە قوڕگیدا قوڵپی دەدا و دەیوت.

"دەمریت؟!.. کەوابوو تۆ دەمریت؟!."

ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ بژیم. منیش دەمزانی کە ئەگەر بمرم پشتی دەشکێنم، بۆیە ژیام. بەڵام باسەکە ئێستا پێچەوانە بووەتەوە. ئێستا وا هەستدەکەم کە خەریکە من پشتم بشکێ، چونکە خۆشم دەوێ و دەشمەوێ ئەو خۆشەویستییەمی بۆ دەربېرم و کەچی ناتوانم، لەبەرئەوەی هەموو شت گۆڕاوە و ئەو ناتوانێ لەمە تێ بگا.

من هەر تێم دەڕوانی. دەمبینی دوور دەکەوێتەوە و هەردوور دەکەوێتەوە تا لە چاو ون دەبێ، بێ ئەوەی بتوانم ئەو قسانەی بۆ بکەم کە لە دڵمدا بوون، کە نەشمدەزانی چین. بەڵام حەزم نەدەکرد بڕواو، ئاوەها لەچاو ون ببێ و، هەستی خۆ گوناهبارکردنم لەلا جێ بێڵێ. ئەوە برادەرێکی لەوەبەرمی هێنایەوە یادم، کە لە بۆنەیەکدا گوناهباری کردم. منیش هەوڵم دا تێی بگەیەنم کە هەڵەی من نەبووە. من ئەو لە خۆم بەجوانتر دەبینم و خۆشم دەوی، هەموو خەڵکەکە و دەسگیرانە سپیپێستەکەشم. سەراپای باسەکە هەڵەیەك بووە کراوە و کەسێك بۆ من بێگانە نییە. بەڵام گومان لەوەدا نییە، کە من لە ناوجەرگەی کۆبوونەوەکەدا بووم. هەمووش چ ئەوانەی دەرەوە و چ ژوورەوە، بەدزییەوە پێ دەکەنین. هەندێك بەسەر بەرزی و هەستکردن بە سەرکەوتووییەوە، هەندێك بەمەبەستی تەوس و ریسواکردن. دەنگی هەندێکیشم دەبیست کە بەیەکتریان دەوت:

"رەگەزپەرستی هەردەم پیلانگێڕە".

لە ناوەڕاستی وتاری یەکێکیاندا راپەڕیمە سەرپێ و، کەچی هەر زوو لە بیرم چووەوە، کە ئاخۆ ئامانجم هەرا و نەڕەنەڕ و ئاژاوە نانەوەیە یان نا؟. ئەوسا دیم ترس و سام لە چاویانەوە شالاوم بۆ دێنێ و ئابڵووقەم دەدا و، منیش وەك پەیکەرێك، وەك دیلێکی تەنیا، وەك گەڕوگولێك خۆم دەبینم. لە کاتێکدا جیهان لە دەرەوە گلاوەتە شەڕ و، هیچ کەسێك بۆ ماوەی تەنیا یەك ساتیش، بایەخێك بەمن نادا.

دوای ئەم خەونە بەچەند رۆژێك، نزیك ئاگردانەکە دانیشتبووین و شێومان دەکرد، کە ئەمە یەکەم جارم بوو لە ماڵەوە نان بخۆم، منداڵە وردەکان نوستبوون. تەنیا من و دایکم و باوکم بووین. هەریەکەمان بەبیرکردنەوەی خۆیەوە خەریك مابوو. یا با بڵێین: من دەمویست بزانم، کە ئاخۆ دایکم و باوکم بیر لە چی دەکەنەوە. خۆ سەبارەت بە باوکم، پێویستم بە بلیمەتی نەبوو تا بیزانم. رووی گرژ و سامناکی دەری دەخست،

کە سەبارەت بە هەڵەشەیی و سەرکێشی منە، وەك ئەو بۆی دەچێ. دیارە لە خۆشی دەپرسێ، کە ئایا دەبێ باشترین ڕێگا بۆ دەرسدادان و سەر پێ شۆڕکردنم کامە بێ، بێ ئەوەی بگاتە رادەی پاڵ پێوەنانم، بەرەو یاخیبوونێکی ئاشکرا. ئەمە منی زۆر پەست کرد، لەو ساتەدا هانی بۆ بەشەڕهاتن دەدام. بەڵام هۆیەکی نهێنی بەری لێ دەگرتم.. هۆیەك کە دەمزانی پێوەندی پتر بە دایکمەوە هەیە.

سەرنجێکم دایە و ئای خوایە!.. چیم دی و چیم هاتەوە یاد!. دە ساڵ لەمەوبەر، هات بۆ لام بۆ خەستەخانە. من نەخۆشێکی کەنەفت بووم. ئەم دیمەنەی ئێستای وەك ئەوەکەی ئەو ڕۆژەی بوو، دیمەنی سوژدەبردن و پاڕانەوە و بێ دەسەڵاتییەکی ئەوتۆ، کە هەموو شت بەسەلامەتی بەسەربچێ و، مردنی بەدواوە نەبێ. بەدرێژاییی گشت ئەو ساڵانە، لەوە دەتۆقی کە نەکو کارەساتێکی وەها ڕوو بدا، ئەو جیهانەی لێ بتەقێتەوە. ئای چەندە بەساڵدا چووە. ئێستا تێ گەیشتم کە ئەو خەڵکە، تەنیا بەتەنگ خۆیانەوەن و هەرچی پێوەندیی بە خۆیانەوە هەبێ، دەنا هەموو شتێکی تریان پێ بێ بایەخە. تەنانەت دایك و باوکیشم، نەیاندەتوانی من بەمرۆڤێکی سەربەخۆ و جیاواز لە خۆیان دابنێن. لای ئەوان مەرجی یەکەم لە کوڕەکەیاندا کە بەڕاستی کوڕیان بێ، ئەوەیە کە لەگەڵ جیهانەکەی ئەواندا بگونجێ.. کەمسکێن و خزمەتکاریان بێ. هەرگیز کەسێکم نەدی ئامادە بێ و بتوانێ، بیر لە منی دەرەوەی سنووری پابەند بەشتێکەوە یا بە مرۆڤێکی ترەوە بکاتەوە. من بەردەوام داشێك بووم لە یارییەکدا، کە ژمارەیەکی زۆر داشی تر تێیدا بەشدار بوون. هەردوو بنچینە سەرەکییەکەی ئەم یارییەش هەموو کات ئەوە بوون، کە بەسەرێك ئەوەی خۆی هەیەتی بیپارێزێ و، بەسەرێکیش تا دەتوانێ دەسکەوتی تری بماشێتەو. دەنگی باوکمم لە قووڵاییەکی بێ بنەوە هاتە بەرگوێ کە دەیوت:

"کوڕەکەم. سروشتی ئادەمیزاد لە بناغەوە وەها هاتووە، کە تەنیا بۆ سوودی خۆی کۆشش بکا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە هەموو کات دەبێ کەسانێك هەبن لە لووتکەدا بن، هی تریش هەبن لە نشێویدا بن. دیارە ئەوانەی لووتکە هەوڵ زیاتر دەدەن و، زۆرتر ماندوو دەبن، بۆیە بەختیان سوار دەبێ. کەوابوو کوڕەکەم من لە خۆت دەپرسم: ئایا حەز بە کامیان دەکەیت، بێگانەیەك سەرۆکت بێ، یا یەکێك لە خێزانەکەی خۆت؟.

لەمیاندا هەر هیچ نەبێ، خۆت دەخەیتە ژێر باڵی هاو خوێنێکتەوە".

من دڵم لەم قسانە تێکەڵ دەهات. سەرم گێژی دەخوارد و بینایم گێژوویژ دەبوو. هەستم دەکرد قسەوباسێکی تێکەڵوپێکەڵ لە مێشکمدا بەیەکدا دێن، ناتوانم هیچیان بە گیر بێنم. تا وردە وردە بە ئاگا هاتمەوە، کە دایك و باوکم چاوەڕوانن قسە بکەم. ئەوسا قسەم کرد و خۆشم سەرم سوڕما کاتێ وتم:

"باشە.. گوێم لێ بگرن.. من لێتان بێزارم.. لە هەمووتان بێزارم.. لە گەمژەییتان کە دەتانەوێ، بە بابەتی قسەی پڕوپووچی هاوخوێنی دەستەمۆم بکەن. بێزارم لەوەی بۆ سوودی کەسانێکی تر بژیم، ئیتر خوێنەکەیان هەر جۆرێك بێ. ئەگەر هەر دەبێ گوناهبار بکرێم، ئەوا من وەهام لەلا پەسەندە بەوە گوناهبار بکرێم، کە ئیتر نایەڵم تەڵەکەبازان خوێنم بمژن".

وا تێ دەگەم کاتێ من ئەم قسەیەم کرد، دایکم تارمایی یەکێ لە باووباپیرانی بەدی کردبێ، کە بەرقەوە هەڵمەتی هێنابێ، چونکە بوورایەوە و بەلادا هات. باوکیشم چووە سوژدە و دەستی کردە پاڕانەوە لە گیانی باووباپیران. ئیتر منیش خێرا رام کردە دەرەوە و تێم تەقاند. لەبەر تاریکی، خۆم بەدرەختێکی مۆزدا کێشا. لە ترساندا بۆ ماوەیەك لە جێی خۆم چەقیم. وام لەزەین گەڕا، کە خۆم بە تارمایی یەکێك لە باووباپیراندا کێشاوە. بەڵام زوو هاتمەوە سەرخۆ و بە تووڕەیییەوە بەرێ کەوتمەوە، لە دڵدا وتم: "ئەگەر لە توانامدا نەبووبێ باووباپیران و دایك و باوك و تەنانەت بوون و نەبوونی خۆم هەڵبژێرم، خۆ هیچ نەبێ هەندە شتێك هەن کە هەڵبژاردنیان بەدەست خۆمە و وەهاش دەکەم. دەسا پەنام بە.. بەڵکو نەء.. قیروسیا.. خوا دەیکرد ئاسمان بەسەر زەمیندا دەڕووخا.

هاوکاری- ژ ۱۹۳، ۱۹۷۳/۱۱/۱٦.

## ڕەشەبا

نووسینی: جیمس نگووگی

نووسەرێکی کینیاییە. ساڵی ١٩٣٨ لە دایکبووە. خوێندنی بەرزی لە زانکۆی (ماکرێری) لە ئۆگەندە تەواو کردووە. دوای دەرچوونی گەڕاوەتەوە کینیا و، لە زانکۆی نایرۆبی بووە بە مامۆستا. دوای ماوەیەك وازی لەو ئیشە هێناوە و، دەستی دایە کاری ڕۆژنامەنووسی.

(کوڕەکەم مەگری) ڕۆمانی یەکەمێتی و، لە ساڵی ١٩٦٤دا بڵاو کراوەتەوە. (دەنکە گەنمێك) و (ڕووباری نێوان) دوو ڕۆمانی بەناوبانگی ترین. گەلێ چیرۆکی کورتیشی لە زۆر کۆوار و ڕۆژنامەی ئەفەریقی و ئینگلیزیدا بڵاو کردووەتەوە. ئەم چیرۆکەی (ڕەشەبا)، نموونەی ئەو باسانەیە کە لێیان دەدوێ.

***

(کارانگا) لە بەردەرگەی زنجەکەیدا ڕاوەستا و لە دەغڵەکەی بەردەمییەوە هەتا هێڵی ئاسۆی ئەوپەڕی دۆڵەکە هەڵیڕوانی. ژنان بەرەو ناو دەغڵەکە دەچوون . منداڵان بەدوای گاگەلێکەوە بوون و، بەدەم گەمەکردنەوە دەیانلەوەڕاندن. لە دووریش بەودیو ئاسۆدا بەخەیاڵ، دەیتوانی زنجەکەی (نگورگە)ی برادەری ببینێ، کە لە سەربانەکەیەوە دووکەڵێك پێچاوپێچ بەرز ببێتەوە. بەڵام لە زنجەکەی خۆیەوە، ورتەورتی چەند دەنگێکی سەرخۆش دەبیسترا، کە بەو بەیانی زووە کۆڕی خواردنەوەیان ساز کردبوو.

کارانگا لە ناخدا حەزی بەو خواردنەوەیە نەدەکرد، چونکە بە کارەساتەکانی چەند مانگی پێشوودا دەچووەوە، ئەو ڕۆژانەی دەکەوتنەوە پێش چاو، کە قەشە پێستسپییەکان هاتن و ئاژاوەیان بەردایە ناو خێڵەکەیان. ئاینێکی نوێی وەهایان تێدا بڵاوکردەوە، کە خەڵکەکەی هاندەدا لە (مۆرۆنگۆ)ی خوای (گیکۆیۆو مۆجی)ی خۆیان هەڵگەڕێنەوە. مێشکی کوڕ و کچانیان، بەڕژێمێکی نوێ قانگ دەدا.. ڕژێمێك کە دەڵێ: کچ نابێ خەتەنە بکرێ. دەیجا ئەوسا، کێ بزن و مەڕی خۆی، لە سزای کچی خەتەنەنەکراودا دەدا؟. تۆ بڵێیت ئەمە ئەو دواڕۆژە نەبێ، کە (چیگە)ی پەیامبەری هەرە دێرینی (گیکۆیۆ)، پێشبینی کردووە و وتوویە: (جۆرە مرۆڤێکی بەرگ پەپوولەییتان لێ

پەیدا دەبێ!). بەڵێ.. ئەمە ئەو دوارۆژەیە و هاتووەتە دی.

– چی بکەین باشە؟.

کارانگا دوودڵ بوو. هەزار بیروڕای جۆراوجۆر، بە مێشکیدا رادەبووردن. چاوی دەبڕییە ئاسمان. شتێکی بایەخداری تێدا بەدی نەدەکرد. کتومت وەك خەوێك دەکەوتە بەرزەینی، کە ڕۆژێك لە رۆژان خێڵێك هەبووە.. خێڵێکی خاوەن شەریعەتێکی پیرۆز و نەگۆڕی ئەوتۆ، کە نەشکست دەخوا و نە کەسێك دەتوانێ لێێ هەڵگەڕێتەوە کەچی ئەوەتا ئەو بەڵایەی لێ پەیدا بوو، خەریکە گەردی بەبا دەدا!.

– نەخێر.. دەبێ فریا بکەوین. دەبێ سپییێستەکان دەرپەڕێنین. دەبێ پێش کار لە کارترازان قەڵاچۆ بکرێن.

ئەوسا دڵی حەوایەوە. رێگەی لەلا ڕۆشن بووەوە. گەیشتە ئەنجام. دەبێ خێڵەکەی رزگار بکا، ئەم ببێتە پێشەوا و رزگارکەری. بە دڵنیاییەوە گەڕایەوە ژوورەوە. ئەو جەنگاوەر و گەورەپیاوانەی لە زنجەکەیدا کۆبووبوونەوە، هێشتا دەیانخواردەوە.

بەرامبەریان راوەستا. بە باوەڕێکی پتەوەوە بە پەیامەکەی ئەستۆی، بڕیاری کوشتنی هەموو لایەنگرانی ئاینە تازەکەی پێ ڕاگەیاندن. ئەوان هەموو خامۆش بوون. تەنیا ورتەورتی خۆشحاڵییان لێ دەبیسترا.

کاتێ لیستەی ناوی لایەنگرەکان رێك خرا و، ئایا بەکامیشیان دەست پێ بکرێ، نگورگەی برادەری دوو بەیەکەم و کارەکەش بە کارانگا خۆی و سێ جەنگاوەر لەگەڵیدا سپێردرا. کارانگا تێکنەچوو. تەنیا چنگ و نینۆکی چەقاندە کۆڵەکەکەی تەنیشتی و، پاڵی پێوەدا. نگورگە لە منداڵییەوە برادەری هەرە نزیکی بوو. لەو ساتەدا گشت باس و خوازەکانی سەردەمی منداڵی و پێکەوە یاریکردنیان و، ئەو شوێنانەی بۆی دەچوون و ئەو نهێنی و نیاز و رازانەی بۆ یەکتریان دەدرکاند، هاتنەوە یادی و ناخیان لێ هێنایە ژەنگوژار. بەڵام چی پێ دەکرێ؟. چۆن بتوانێ برادەرەکەشی رزگار بکا، ئەرکە پیرۆزەکەشی بەجێ بێنێ؟!. دوو هێزی دژوار بە توندی لە ناخیدا بەیەکتریاندا دەدا.. پێوەندیی پڕ لە یادگاری برادەرێتی و بانگەوازی پیرۆزی رزگارکردنی خێڵەکەی!.

***

کات شەوێکی تاریکستان بوو. تەنیا تاکە ئەستێرەیەك وەك بییەوێ ببێتە شایەت، بەسەر سنگی ئاسمانەوە دەدرەوشایەوە. ئەو رووبارەی بنەماڵەی (نیگاهی ئینی)ی

کارانگای، لە بنەماڵەی (مۆرۆکۆ)ی جودا دەکردەوە، بەهێمنی بەرەوخوار دەکشا. شەماڵێك قامیشەڵانی هەردوو بەری رووبارەکەی دەشەکاندەوە. لە هەناسەدانی لەسەرخۆی چوار جەنگاوەرەکە زیاتر، کە خۆیان بۆ نگورگە مەڵاس دابوو، هیچ ورتە و جووڵەیەکی تر لە گیانلەبەرانەوە نەدەبیسترا. کارانگا و یەکێکی تریان ئەمبەری رێگاکەیان لێ گرتبوو، دوانەکەی تر ئەوبەری.

لەناکاو تارمایی زەلامێك دەرکەوت، کە بەدەم گۆرانی وتنەوە دەیوت: ئەی تیشکی بەزەیی و سۆز.. بەناو تاریکستانی دەوربەرمدا.. رێگەم نیشان بدە.. ئەوە تارمایی و دەنگی نگورگە بوو، کە بەرەو مردن ملی دەنا. نیازی چەپەڵی ناو دەروونی کارانگا، لە ئاستی پاڕانەوەی پێوەندیی برادەرێتیدا راچەنی. برووسکەیەك دای لە هەناوی. لەشی کەوتە لەرزین. لە دڵدا جنێوی بەو ساتەدا کە تێیدا لە دایکبوو.. بەو ساتەی نگورگەی ناسی.. بەو ساتەش کە سپیپێستە جانەوەرەکانیان لێ پەیدا بوون. وەختێکیش هەستی کرد کە چەند ناپاکانە، ئەو برادەرە دێرینەی خۆی خەڵەتاند ئاوەها بکەوێتە داوەوە، هەردوو چاوی پڕ بوون لە فرمێسك.

نەخێر.. فەرمانناندا. خاوەنی دڵێکە و هەست بەهەڵە دەکا. نگورگە نابێ بمرێ. تەکانی دا و هەڵسایە سەرپێ هاوار بکا کە نەیەڵێ، فریا نەکەوت. ئەو ناڵەی ئازارە و ئەو دواهاوارە پڕ لەگلەیییەی نگورگە کە وتی: ”رەشەبا دەیگێڕێتەوە“، شریخەی لە هەناوی هەستاند و، زمانی لە گۆ خست. دوو جەنگاوەرەکەی تر بێ فەرمانی ئەم لێی هاتبوونە دەست.

کارانگا هەر حەپەسابوو. ماوەیەکی زۆر بە لاشەی لە خوێندا گەوزاوی نگورگەیدا هەڵڕوانی. وەك هێزی ئەژنۆی شکابێ، لە جێی خۆی چەقیبوو. سێ جەنگاوەرەکە جووڵان. لاشەکەی نگورگەیان لە کەناری رووبارەکەدا خستە ژێر خاکەوە.

– کاکە بابڕۆین.

لەگەڵیاندا رۆیشت. بەڵام بەدەم ڕێوە، بەردەوام دەنگێك دەهاتە بەرگوێ کە بەگۆرانییەوە دەیوت: ”ئەی تیشکی بەزەیی و سۆز.. رێگەم نیشان بدە. رەشەبا دەیگێڕێتەوە.. رێگەم نیشان بدە“. تا وردەوردە گۆرانییەکەی لێ بووە کۆمەڵە وشەیەکی تێکەڵوپێکەڵ: ” دەیگێڕێتەوە.. رەشەبا.. رێگەم نیشان بدە.. تیشك.. دەیگێڕیتەوە..“. وشەکانیش وەك قورقوشمی تواوە، دەتکانە گوێچەکەکانییەوە.

ئەو شەوە خەو نەچووە چاوی و هەر گینگڵی دەدا. رووی بەلای دیوارە قوڕینەکەدا وەرگێڕا. ئارامی لەبەر بڕابوو. ویستی چاو بنووقێنێ و نەیتوانی. هەوڵی دا بیر نەکاتەوە و بێ سوود بوو. کارەساتەکە چنگی لە مێشکی بەرنەدەدا. نگورگەی برادەری مرد. مرد و ئەم کوشتی. ئەو وەختە بۆی دەرکەوت، کە بڕیارەکەی لە ماڵوێرانی بەولاوە، هیچ سوودێکی بۆ خێڵەکەی تێدا نییە. واتە ئەم رزگارکەر نییە و ناشبێ. ئەوەتا خۆی لەو شەریعەتە پیرۆزە لای دا، کە داوای نەڕشتنی خوێنی بێگوناهان دەکا!. ئایا (چیگە) نەیوتووە: "خۆتان لە ڕشتنی خوێنی بێگوناهان بپارێزن، چونکە ئەو جۆرە خوێنڕێژە نەگریسە و بەر لەعنەتی –مۆرۆنگۆ– دەکەوێ؟!". کەچی وا ئەم بووە خوێنڕێژی کێش؟. نگورگەی برادەری دێرینی!. "ئای خوایە چی بکەم.. من خوێنی بێگوناهێکم ڕشت".

شەماڵێك لە سەرەتادا بە هێواشی هەڵی کرد. ئینجا بەتوندی. تا دوا جار بووە ڕەشەبایەکی ئەوتۆ، کە دارەڕاو حەسیرەکانی سەربانی زنجەکەی دەهێنا و دەبرد. رەشەباکە تا دەهات توندتر دەبوو. گڤەی بەسەر هەموو دەنگێکدا زاڵ دەبوو. تەنیا دەنگی گۆرانییەکی بەسۆز نەبێ، کە سات لە دوای سات بەرزتر دەبووەوە و، وشەکانی دەروونی کارانگایان پتر دەهێنایە ژەنگوژار. کاتێکیش راپەڕییە سەر پێ ڕابکا، گۆرانییەکە کە دەیوت: "ئەی تیشکی بەزەیی و سۆز.. رێگەم نیشان بدە.."، بە شێوەیەك شالاوی بۆ دەهێنا، وەك لە هەزار گەرووەوە لێی دەرپەڕێ.

ئیتر لێرە جێی نابێتەوە. دەبێ سەری خۆی هەڵگرێ. تاوی دایە شمشێرەکەی و تەکانی دایە دەرەوە. کەوتە ڕاکردن. دەنگەکان بەدوایەوە بوون. تا خێراتر رای بکردایە، رەشەباکە توندتر دەبوو. دەنگەکان زیاتر لێی نزیك دەبوونەوە. وشەکان بەناویەکدیدا دەتوانەوە و، دەبوونە یەك وشە: تیشك لە پڕێکدا بەبیری هاتەوە، کە (جیکۆیۆو مۆجی) خوداوەندی ڕووناکین. هێشتا هەر ڕای دەکرد و، بەرەو شوێنی ناشتنەکەی نگورگە خۆی دەکوتا. گەیشت و لاشەکەی دەرهێنا. نایە سەر شانی و بەکەناری رووبارەکەدا، کەوتە ڕاکردن. گەیشتە بەرزاییەك. ماندوو بووبوو. دانیشت. وشەی تیشك لە گوێیدا هێشتا هەر دەزرنگایەوە. وای هەست کرد کە ئەوەتا ئێستا دڵی خۆی دەکەوێتە گۆرانی وتن و دەڵێ: "ئەی تیشکی بەزەیی و سۆز.. رێگەم نیشان بدە". بەڵام کام خوا.. ئەوەکەی خێڵەکەی خۆم.. یا ئەوەکەی سپیپێستەکان؟!".

دەنگێك تێی خوڕی:

– زەلام كێیت؟!.

تێخوڕینەكە لە ناكاو بوو. ترس دای گرت. چینێك ئارەقی گەرمی ڕشت. لاشەكەی نایەوە سەرشانی و، كەوتەوە ڕاكردن. زۆری نەبرد قاچی خلیسكا و بەربووەوە. ڕەشەباكە و دەنگەكانی لێ خامۆش بوونەوە.

قەشە (جیرارد) دەنگی شڵپە و هەڵپژانی ئاوەكەی كەوتنە بەرگوێ. لە دڵدا وتی:

ئەوەی بەربووەوە فەوتاوە. دیارە كە لەسەر تاشە بەردە بەناوبانگەكەی (مۆكاو)ەوە بەربووەتەوە. قەشە جیرارد لەو ساتەدا زۆر ماندوو بوو. بەو درەنگ وەختە بەڕێوە بوو بچێ، لە گوندەكەی نگورگە نەخۆشێك تیمار بكا. بەڵام هەر چۆنێك بووایە، بەیانییەكەی بە هەمان ڕێگەدا دەگەڕایەوە.

هاوكاری– ژ ١٩٦،٧/١٢/١٩٧٣.

# باخی پرتەقاڵ

نووسینی: چیرۆکنووسی قوبروسی

فلیبۆ بیرینیس

ئەم پارچە زەوییەی سەر کەناری قوبروس، شوێنێکی پیرۆزە. نەرماییەکی لماوییە. ئاوێکی سازگاری هەیە، هالاوی هەناسەی دەریا، بەستەڵەکی زستان دەڕەوێنێتەوە، کە ئەمانە مەرجی بەخێوکردنی درەختی پرتەقاڵن. شوێنێکە بەباخ و بێستان تەنراوە. هێڵێکی سەوز بەو زەوییە لماوییەدا درێژ دەبێتەوە و وەك کەوانەیەك بەدەوری کەنداوەکەدا دەکشێ و بە بەردەلانێك کۆتایی دێ. لە مانگی مایسدا کە شەماڵ لە زەوییەوە هەڵدەکا، هەوای رووی دەریا بۆ ماوەی دوو میل تا بەردەوامی کەنداوەکە، تێکەڵ بە بۆنوبەرامەی گوڵوگوڵزار دەبێ.

رەنگە ڕواندنی پرتەقاڵ، تەنیا وتەیەکی وشك و رووت بێ، بەڵام لەلای کەسانێکی وەکو (پیتری)، کە هەموو کۆششی تەمەنیان بۆ زەوی و درەخت تەرخان کردووە، تا ئەو ڕادەیەی نەتوانرێ سێ قۆڵی پیتری و زەوی و درەخت لە یەکتر جودا بکرێنەوە، چۆن دەبێتە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر؟ پیتری بەگیانێکی ئاوەهاوە، باخەکەی خۆی پەروەردە دەکرد و درەختەکانی گەوربوون و هاتنەبەر.

وەختێ لە باوکی جیا بووەوە، بەو نیازەی ببێتە خاوەنی باخی خۆی، کەمێ بەساڵدا چووبوو. تەمەنی گەیشتبووە سی ساڵ. بەرلەوە لە توانایدا نەبوو، ڕێگەیەکی تایبەتی لە ژیاندا بگرێتەبەر. دەبوو چاودێری هەردوو خوشکەکەی بکا، کە ئەوانیش درەنگ شوویان کرد. لەگەڵ ئەوەشدا قەت سکالای لە حاڵی خۆی نەدەکرد. ئەمەش بەو هۆیەوە بوو کە مرۆڤێکی بە سەبر و حەوسەڵە بوو. مرۆڤێك کە بەباوەڕێکی پتەوەوە ڕێگای ژیان بگرێتەبەر، ئەوە بۆی ببێتە مایەی ڕێزلێنان لەلای خەڵکی.

پیتری لە کارگوزاری و بەسەبری و نهێنپۆشیدا، ڕێگەی باووباپیرانی گرتەبەر. هەردوو خوشکەکەی بەشوودان، چییان لە موڵك و ماڵ بەرکەوت داینێ، بەخێوکردنی دایکە و باوکە پیرەکانیشی بەوان سپارد. ئەوسا بێ ئەوەی تەنیا یەك ڕۆژ پشوو بدا، نیشانەی خاچێکی راست و چەپی بەسەر سنگیدا کێشا. تفایە بەری هەردوو مشتی و، بۆ پێکهێنانی باخی تایبەتیی خۆی، پاچ و پێمەڕەی لە زەوی وەشاند. زەوییەکەی

پوخت کرد. گوڵاوی لێ دا. نەمامی رواند. شوورەیەکی بەدەوردا کێشا. خانووچکەیەکی لە تەنیشتییەوە دروست کرد و ژنی هێنا. ئیتر چ دەربەستە؟!. راستە ئەو لە باتی بیست ساڵی، لە سی ساڵیدا ڕێگەی تایبەتی خۆی گرتەبەر. بەڵام ڕێگە لە هەردووکیاندا وەك یەکە، بەتایبەتی بەدیوی ناوەوەدا. واتە تیکەڵاو بوونی گیانی لەگەڵ ئەو زەوی و درەختانەدا تا ئەو رادەیەی کە نەتوانێ کۆششی خۆی لە هی ئەو نەمامە جودا بکاتەوە، کە هەوڵ دەدا ڕەگوڕیشەی بچەقێنێتە ناخی زەوی، یا نەتوانێ ئازاری خۆی لە ئازاری ئەو درەختە جودا بکاتەوە، کە تووشی نەخۆشییەك دەبێ. بگرە تا ئەو ڕادەیەی کە لە خەویشدا، شنەی لقوپۆپی درەختەکان ببیستێ، سەبارەت بە تێرئاوییان، هەست بەگەشکەداری بکا.

بێگومان ئەم دواکەوتنەی لە ژنهێناندا، بووە هۆی دواکەوتنی لە مەسەلەیەکی تریشدا. ئەم تەمەنی لە سی و پێنج ساڵی تێپەڕی کرد، ئەوسا ژنەکەی کە ئەویش تەمەنی بووبووە سی ساڵ، منداڵی یەکەمی بوو، کە دوای ئەوە ئیتر منداڵی نەبووەوە. دایکە و باوکە (ئەرتیمی)ی تاقە منداڵیان لە رادەبەدەر خۆش ویست، کە ئەمە زۆر بیروڕای نوێی لە مێشکی پیتریدا بزواند و سۆزێکی بێ سنووریش لە دڵی دایکەدا. بەم شێوەیە ئەرتیمی، زیاتر لە هەر منداڵێکی تری دەوروبەری، نازی دەکێشرا و بێدڵی نەدەکرا. تەنانەت کاتێ کە گەورە بوو، باوکی ڕێگەی بۆ خۆش کرد لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی ناو شاردا، کە سەعاتە ڕێیەك لە گوندەکەیانەوە دوور بوو، خوێندن تەواو بکا.

بیروڕای نوێ لە مێشکی پیتریدا، بەردەوام لە تەشەنەسەندندا بوو. بڕیاری دا دوای پلەی ئامادەیی، ئەرتیمی بۆ تەواوکردنی خوێندنی بەرز بنێرێ. بەڵام ئەم باسەی لەلای کەس نەدەدرکاند، چونکە بە پێویستی نەدەزانی، لە دڵی خۆیدا دەیوت: ئەو با ئامادەیییەکە تەواو بکا، ئەوسا باسی دەکەین.

جیهانی پیتری لە نێوان زەوییەکەی و خەووخەیاڵیدا سەبارەت بە ئەرتیمی دابەش بووبوو. وازیشی لە هیچیان نەدەهێنا. دەتوت دوو جۆر ژیان دەژی کە هیچیان لەویتر ناچێ، هیچ هۆیەکیش لە کایەدا نییە بەگژ یەکیاندا بکا. بگرە خەووخەیاڵ پەنجەرەیەکی لە پیتری دەکردەوە و رووناکییەکی بەدڵی دەدا، بەم شێوەیە ساڵ هاتن و ساڵ تێ پەڕین. درەختەکانی پرتەقاڵ لقوپۆپیان هاویشت و گەڵایان بەناو یەکتریدا تێکچرژان. ئەرتیمی تەمەنی بوو بە هەژدە ساڵان و، خوێندنی ئامادەیی تەواو کرد.

بوو بە لاوێکی گەنمڕەنگی هێمنی کەمدوو، کە زۆر لە باوکە دەچوو. باوکەش تا دەهات دڵی پێی دەگەشایەوە و شادمان دەبوو. بەڵام لەو دواییانەدا، لەوە دەچوو ڕەشەبایەك بەڕێوە بێ هەڵبکا و،خەڵکەکە بێنێتە ژەنگوژار. بانگەوازێك وەك بوومەلەرزە، بەچەشنێك کە لە قووڵایی مێژووەوە بێتە دەرێ، بانگی هەڵدەدا کە ئەوا ڕۆژی ڕاپەڕینە.

ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی دڵپاکی دوورگەکە شڵەقا. لە چاخانەکاندا، لە بازاڕدا، لە ناو ماڵان و لەسەر کار و، لە قوتابخانەکاندا باس هەر باسی ئەو بانگەوازەی ڕاپەڕین بوو. لاوان دەروونیان جۆشی سەند و بەدوای هەلی خۆبەختکردن و فیداکاریدا وێ ڵبوون. بەردەوام بەیەکدا دەهاتن. سەریان بەیەکەوە دەنا و، چرپەچرپیان دەکرد، لە ناکاو بازیان دەدایە سەر پاسکیلەکانیان و ، بەرەو شار تێیان دەتەقاند. ئەرتیمی یەکێك بوو لەوان.

پیتری دڵی دادەخورپا، بەڵام دانی بەخۆیدا دەگرت. ئەگەرچی وەك ئاژەڵێکی کێوی، بۆنی ئەو ڕەشەبایەی دەکرد کەوا خەریك بوو هەڵبکا، بەڵام هەموو کات بە خامۆشییەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەرتیمی دەکرد. تەنانەت کە ڕۆژێکیان ژنەکەی ترسی خۆی لەو بارەیەوە بۆ دەربڕی، ئەم پێیدا هەڵشاخا و وتی:

– لێی گەڕێ.. خۆی دەزانێ چی دەکا. چیت لێی دەوێ؟. ئەو ئێستا پیاوێکە دەتەوێ منداڵ ببێتەوە و لە ژێر کراسەکەتدا خۆی بشارێتەوە؟.

پیتری لە ناخدا هەستی دەکرد کە ئەو ڕاپەڕینەی تەقیوەتەوە، وەك لە ڕەگوڕیشەی بوونی خۆی و لە قووڵاییی دەروونییەوە سەری هەڵدابێ و هەستی پیرۆزی نەتەوایەتی لێ جۆش دابێ، ئەو بێ ئارامی و خەفەتبارییەی لێ دەرەواندەوە. تا ڕۆژێك لە ڕۆژانی وەرزی پایزی داهاتوو، کاتێ کە خۆی بۆ کبریتڕژێنی درەختەکانی باخەکەی ئامادە دەکرد، پاڵێکی توند بەدەرگەی باخچەی ماڵەکەیەوە نرا و دوو لاوی منداڵکار بەهەناسەبڕکێ خۆیان بە ژووردا کرد. بەپەشۆکاوییەوە لە بەردەمیدا ڕاوەستان و کەوتنە هەڵگوشینی کاسکێتەکانی ناو مشتییان.

پیتری بە بینینی ئەو دیمەنەیان ڕاچەنی و، کسپەیەکی تیژ دای لە هەناوی. بەڵام بەسەرزاری هیچ تێك نەچوو. تەنیا تێڕوانین و چاوەڕوانی قسەکردنی لێ دەکردن. لە ئەنجامدا یەکێکیان بە قسە هات، دیاربوو کە لە پەشۆکاویدا ئەوەی ئامادەی کردبوو لە بیری چووبووەوە، پچڕپچڕ گێڕایەوە و وتی: ″قوتابیان خۆنیشاندانیان کرد. پۆلیس

تەقەی لێ کردن. ئەرتیمی ئاڵای خۆنیشاندانەکەی هەڵگرتبوو. پێکرا و کەوت. دووانی تریش بریندار بوون. بەڵام ئەرتیمی کە پێکرا کەوت.

لاوە منداڵکارەکە کە ئەمەی دەوتەوە، قوڵپی گریان گەرووی قانگ دەدا و، پیتری لێی حاڵی بوو. راپەڕییە سەرپێ، گێژەڵووکەیەکی رقوکینە لە دەروونیدا هەڵی کردو و هاوار و ناڵەی لێ بەرز بووەوە. دایکەش کە لە ژوورەوە گوێی لە قسەکان بووبوو، زریکەی لێ هەستا و رای کردە دەرەوە. پیتری ئامبازیبوو. لە باوەشیگرت و دابینیکرد و دای نیشاند. لەو ساتەدا هەستی بەبەزەیی و سۆزێکی ئەوتۆ بەرامبەر بەژنەکەی کرد، کە قەت لەوەبەر بەخۆیەوە نەبینیبوو. کارەساتەکانی ئەو رۆژە و رۆژی دواییش، وەك خەونێکی سامناك لە پیتری تێ پەڕین. خەونێك کە نەسەرەتای هەبێ و نە کۆتایی و، ساتبەساتیشی پڕ لە جەخار بێ. بەڵام دوای بەخاك سپاردنی ئەرتیمی، کە شەو داهات و خەڵکەکە بەدەم سەرخۆشی لێکردنەوە ماڵەکەیان چۆڵ کرد و، دایکە و باوکەی جەرگسوتاو رووبەڕووی بەسەرهاتە کوشندەکەیان بەتەنیا مانەوە و، پیتری سەرنجی دایەوە دایکەی دڵ پڕ لە ئەشکەنجە، دیسان تەوژمی سۆز و بەزەیی بەرامبەری زۆری بۆ هێنایەوە. حەزی دەکرد دڵی بداتەوە و تێی بگەیەنێ، کە خەفەتخواردن و خۆ ئازاردان بێ سوودە. بەڵام زۆری پێ نەچوو، خەموخەفەت و ماندوویێتی، دایکەیان لە توانای خۆڕاگرتن خست. خەو رای کشاند و ئاگای لە خۆ لی بڕێ. ئەوسا پیتری دەرگەی کردەوە و بەرەو باخەکەی هەنگاوی نا. دیمەنی دڵگیری درەختەکان و بۆنوبەرامەی خۆشیان بەدەم جریوەی ئەستێرەکانەوە. سرەوتیان بەدڵ و دەروونی دەدا.

لە بەرەبەیاندا، لە کاریگەرترین ساتەکانی شەودا، کە شنەی شەماڵێك لقوپۆپی درەختەکانی بە ئاستەمێك دەلەراندەوە، کەڵەشێرێك لە کولانەی مریشکەکانەوە باڵی بەیەك دادا و خوێندی. وردەوردە ئاسۆ ڕوون بووەوە و سپی هەڵگەڕا. "باشتر وایە درەختەکان ئاوڕشێن بکەم". لە دڵدا وەهای وت.

لێی ڕانەوەستا و گەڕایەوە ماڵەوە. پەمپی ئاوڕشێن و، پێویستییەکانی تری بە کۆڵی دادان و، رووی کردە باخەکەی. ریزی بەدرەختەکانەوە گرت. پەمپەکە لەو بەرەبەیانەدا، دەنگێکی سەیری لێوە دەهات.. دەنگی گیانلەبەرێك کە لە گیانەڵادا بێ و هاوار بباتە بەر خۆر کە لە دەمکەل بێتە دەر و تیشکی بەسەر هەموو شتەکاندا پەخش بکا، هەتا مانایەکی دیار و ئاشکرا ببەخشن.

هاوکاری- ژ ٢١٧،١٠/٥/١٩٧٤.

# باوڵ

چیرۆکنووسی میسری: ئەسعەد حامد

عەبدولعەزیم برادەری قوتابخانەی ئامادەییم بوو. وەختی بێ ئیشیمان بەردەوام پێکەوە بەسەر دەبرد. کە ئامادەییمان تەواو کرد، ئەو خۆی بۆ بەڕێوەبردنی دووکانەکەی باوکی، کە بازرگانێکی بەناوبانگی خوری بوو تەرخان کرد. منیش چوومە بەشی زمانی ئینگلیزی لە کۆلیجی ئەدەب.

برادەرییەکەمان هەر بەردەوام بوو. هەر کەس پێکەوە دەمانیبینی، وای دەزانی براین، چونکە لە یەکتر دەچووین.

عەبدولعەزیم هەر لەو وەختەوەی ناسیم ، سەرکێش و تووڕە و بەرەڵا بوو. بە پێچەوانەی منەوە کە هێمن و لەسەرخۆ بووم، لە رەفتار و پێوەندیمدا لەگەڵ خەڵکی، ئاغر و سەنگین بووم. ئەو پێوەندیی لەگەڵ زۆر ئافرەتدا پەیدا کردبوو. بەئاسانیش بۆی دەچووە سەر. هەم لاو و هەم پارەدار بوو، کە ئەم دووانە هەموو شتێکن بۆ ئافرەت. بەڵام لەو پێوەندییەیدا لەگەڵیاندا، هیچ پێوانەیەکی شەرەف و ڕەوشتی لەلا نەبوو. بۆیە زۆرجار خراپ تووش دەهات و دەکەوتە گەلێ چەڵەمەی ترسناکەوە. تەنانەت من وام دەهاتە پێش چاو، کە ئاخریی ژیانی بە کارەساتێك کۆتایی دێ. بۆیە زۆرم ئامۆژگاری دەکرد، کە ئاگای لە خۆی بێ و وریا بێ، کەچی گوێی لێ نەدەگرتم، ئەو سروشتی سەرکێشییەکەی، بەسەر هەموو ئامۆژگاریکردنێکدا زاڵ بوو.

کاتێ باوکی مرد، ئەو جێگەی گرتەوە. لە ناو براکانیدا گەورەترینیان بوو. منیش ئەو وەختە خوێندنم تەواو کردبوو، لە کۆمپانیایەکی نەوتدا لە قاهیرە کارم دەکرد. ئێواران کە دەستمان لە کار هەڵدەگرت، یەکترمان دەدی و شەوگارمان پێکەوە بەسەر دەبرد. ئەو دوا بەزم و سەفای خۆی لەگەڵ ئافرەتەکانەیدا بۆ دەگێڕامەوە و وێنەکانیانی نیشان دەدام کە من بەخیلیم پێی دەبرد. حەزم دەکرد بتوانم لەو جۆرە ژیانیدا بەشداربم و ناسیاوی لەگەڵ ئافرەتاندا پەیدا بکەم و خۆشم بوێن، بەڵام بۆ من نەدەلوا. زۆر کۆسپ ڕێگەی بەدیهێنانی ئەو ئاواتانەیان پێ دەگرتم، بەتایبەتی کە من وەك ئەو دەوڵەمەند نەبووم، بگرە لە خێزانێکی مامناوەندی بووم، تێ دەکۆشام لە ژیاندا ببمە شتێك.

ڕۆژێکیان عەبدولعەزیم کە هات، لە خۆشیدا هەر ئەوەبوو نەفڕێ، وتی کە کەوتووەتە داوی دڵدارییەوە. ئینجا بە جۆشوخرۆشەوە کەوتە باسکردنی کیژەکەی و وتی:

– تۆ سەرنجدە.. کیژێکی تەمەن شازدە ساڵی. قەشەنگ و جوان. جوانییەکەی هێندە کاریگەرە کە سەرەگێژەت پێ دەخا. لەگەڵ براکەیدا خۆیان بەدووکاندا کرد. یەکسەر بەتیری عەشقی گرفتار بووم. ئەویش بەدرێژاییی کات چاوی لێ لا نەدەدام. پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە و بڕوا، پارچە کاغەزێکم خستە ناو مشتییەوە، کە ناوی خۆم و ژمارەی تەلەفۆنەکەمم تێدا نووسیبوو. ڕۆژێکی پێ نەچوو قسەی لەگەڵدا کردم. تۆ برای خۆت دەناسیت کە چۆن دڵی ئافرەتان دەپێکێ.

من پێی پێکەنیم، چونکە وام دانا کە تاقیکردنەوەیەکی تازەیەتی و، زۆری پێ ناچێ دەچێتە پاڵ دەیەهای لەوەبەری، کە تۆز و خۆڵی لە بیرچوونەوەیان نیشتووەتە سەر، کەچی ئەو وتی:

– سوێندت بۆ دەخۆم کە خۆشم دەوێ. تۆ باوەڕت بە خۆشەویستی لە یەکەم سەرنجەوە نییە؟. دڵنیا بە نایەڵم ئەو کچەم لە دەست بچێ. داگیری دەکەم.. بۆ ماڵی خۆمانی دەفڕێنم.

ڕاستی کرد. مانگێکی پێ نەچوو، عەبدولعەزیم ناردییە خوازبێنی کیژە شازدە ساڵانەکەی و چووم بۆ زەماوەندەکەی. سەرم سوڕما کە چۆن ئەو کیژە منداڵکارە، توانی ئەو دێوە کۆت و پێوەند بکا، کە بەردەوام یاریی بەدڵی ئافرەتان دەکرد. تا کاتێ لە جوانی و شۆخییەکەی وردبوومەوە، لە دڵدا وتم: "ناهەقی نییە.. بێگومان ناهەقی نییە. کێ دەتوانێ خۆی لە ئاستی ئەو جوانییەدا ڕابگرێ؟".

عەبدولعەزیم لەو پیاوانە بوو، کە لە ڕەوشت و خووی ڕۆژهەڵاتییانە ڕزگاری بووبوو. بۆیە بەلایەوە ئاسایی بوو، کە ژنەکەی لەگەڵماندا دابنیشێ و شەوگارمان لەگەڵدا بەسەر بەرێ. یا سێ قۆڵی پێکەوە بچین بۆ سینەما و شانۆ و لە دەرەوە نان بخۆین. وەکی تریش کە سەرنجم دەدانێ وا دەهاتنە پێش چاو، کە خۆشەویستیی نێوانیان دوای ژن و مێردایەتییان سارد نەبووەتەوە، برادەرەکەم بەسۆزێکی زۆرەوە بەدەوروپشتی ژنەکەیدا دێ. بە گاڵتەوە پێی دەوت:

– لەوە باش دڵنیا بە ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر هێندەی سووسەی ئەوە بکەم کە حەزت لە یەکێکی ترە دەتکوژم.

ژنەش پێ دەکەنی و دەیوت:

– بەڵام من تەنیا بەوە وازت لێ دێنم، کە هەندێ ئاوی ئاگر (تێزاب) دەکەم بە دەموچاوتدا، بۆ ئەوەی نەتوانیت سەیری ژنان بکەیت.

من سەمیرەم وەك براژنێك تێ دەڕوانی. سەرەڕای ئەو هەموو جوانییەی، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئارەزوویەکی نابەجێ بەرامبەری دای نەگرتم. زۆرم ڕێز لێ دەگرت و ئەویش بەرامبەر بە من وەهابوو. هێمنی و سەنگینییەکەمی زۆر لێ خۆش دەهات و باوەڕی پێم بوو. ڕۆژێکیان کە دەیزانی من حەزم لە خوێندنەوە و کۆکردنەوەی کتێبە، داوای کۆمەڵە چیرۆکێکی لێ کردم، کە کاتی بێ ئیشی بە خوێندنەوەیەوە بەسەر بەرێ. منیش کۆمەڵەیەکم لەوانە بۆ برد کە خۆم حەزم لێیان بوو. دوای هەفتەیەك دایەوە دەستم و وتی کە یەکێکیانی زۆر بەدڵ بووە. ڕای خۆی لەبارەیەوە دەربڕی، زانیم بەوردی خوێندوویەتییەوە . بۆم دەرکەوت کە تا ڕادەیەك زیرەکە و سەرنجی وردە.

بەدەم گەڕانەوەوە لە ناو پاسەکەدا، کاتێ لاپەڕەکانی ئەو چیرۆکەم هەڵدانەوە کە بەدڵی بووبوو، بۆنی عەترم بە لووتدا هات. لە دڵدا وتم: بێگومان ئەمە عەتری ئەوە، ڕەنگە کتێبەکەی نابێتە ژێر سەرینەکەیەوە و ئەو بۆنەی گرتبێ. بەڵام لە یەکێك لە لاپەڕەکاندا چاوم بەچەند دێڕێك کەوت، کە بەقەڵەمی ڕەش خەتیان بەژێردا کێشرابوو. کە دێرەکانم خوێندنەوە، دڵم کەوتە لێدانێکی خێرا. نووسرابوو:

"تۆ نازانیت.. تۆ بێ ئاگایت.. نازانیت چیم لە دڵدایە بەرامبەرت. کاتێ تۆم بینی، ئینجا مانای ژیانی خۆمم پێ زانی، وام لێ هات بۆ تەنیا یەك هیوا بژیم.. هیوای گەیشتن بەتۆ. من گەلێ بەقووڵی و بەپەرۆشەوە تۆم خۆش دەوێ، ئەم نهێنییەم لەلای کەس نەدرکاندووە. من بۆ تۆ و لە پێناوی تۆدا دەژیم".

لاپەڕەکانی هەردوو کتێبەکەم یەکەیەکە هەڵدانەوە. هیچ خەتێکی ترم بەژێر دێری تردا نەدی. لە پەنجەرەی پاسەکەوە ڕوانیمە دەرەوە. تارمایی درەختە گەورەکانی قەراغ ڕێگەکە، وەك حووجی جیهانێکی تەلیسماوی دەهاتنە بەرچاوم. بەرامانەوە لە دڵدا وتم:

– ئەو خەتانە چ مانایەك دەبەخشن؟. بە ئەنقەست کێشاونی، یا هەروا ئاسایی و بێ مەبەست بووە و بەدڵی بوون؟. بەڵام ئەی بۆچی لەو هەمووو لاپەڕانەدا، تەنیا ئەو چەند دێڕەی بەدڵ بوون؟. باوەڕ ناکەم. زۆر دێڕی جوانتر و پڕ ماناتریان تێدان. بەهەرحاڵ

ئەو دێڕانە ئیشارەت بە ئافرەتێك دەدەن، کە بەبێدەنگی پیاوێکی خۆش دەوێ و، پیاوە پێ نازانێ. تۆ بڵێیت ژنەکە خۆی بێ و پیاوەکەش من؟.

بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك ئارامم لەبەر بڕا. ڕامابووم و ئازارم دەچەشت. وێنەی سەمیرە بەرچاومی بەرنەدەدا. بەردەوام بە دێڕەکاندا دەچوومەوە. تۆ نازانیت.. تۆ بێ ئاگایت.. نازانیت چیم لە دڵدایە بەرامبەرت.

عەبدولعەزیم بەتەلەفۆن لێی پرسیم، کە بۆچی سەریان لێ نادەم. وام وەڵام دایەوە کە گوایە نەخۆش بووم. زۆری لێ کردم کە ئێوارەکەی سەردانیان بکەم.

بەڵام من بەڵێنی تەنیا چوونم بۆ دووکان بۆ لای پێ دا. کاتێ چووم بواری ڕۆیشتنی نەدام هەتا دووکانی داخست و وتی، کە هەر دەبێ لەگەڵیدا بچم بۆ ماڵەوە، پەلیشمی تا ناو ئۆتۆمۆبێلەکە ڕاکێشا.

وەختێ دانیشتینە سەر خوانی نانخواردن، سەمیرە وەك جاران دەدرەوشایەوە. لەوپەڕی جوانی و ڕازاوەییدا بوو. بەسۆزەوە هەندێ چەشنە خواردنی دەخستە بەردەمم و زۆری لێ دەکردم کە بخۆم. من شڵەژابووم. تەنانەت هەستم دەکرد کە نائارامیم، ئەو شڵەژاوییە لە چاوانمدا ئاشکرا دەکا. بەدەم نانخواردنەوە لێمی پرسی، کە بۆچی کتێبی ترم بۆ نەبردووە؟. وتم گوایە لە بیرم چووبووەوە. ئینجا ڕووی کردە عەبدولعەزیم و بەدەم خەندەیەکی شیرینەوە وتی:

– مامۆستا (مەجدی) چیرۆکێکی بۆ هێنام کە زۆرم بەدڵ بوو. تەنانەت هەندێ دێریم لەبەر کردوون.

من دڵم داخورپا و، بەزەحمەت تفم بۆ قووت دەدرا، ئەویش سەرنجێکی دامێ و بەدەنگێکی پڕ سۆزەوە وتی:

– ئەو دێڕانە چەند شیرینن.. تۆ بێ ئاگایت.. نازانیت چیم لە دڵدایە بەرامبەرت. کاتێ تۆم بینی، ئینجا مانای ژیانی خۆمم پێ زانی، وام لێ هات بۆ تەنیا یەك هیوا بژیم.. هیوای گەیشتن بەتۆ. من گەلێ بەقووڵی و بەپەرۆشەوە تۆم خۆش دەوێ و، ئەم نهێنییەم لەلای کەس نەدرکاندووە. من بۆ تۆ و لە پێناوی تۆدا دەژیم.

بێدەنگ بوو. ڕووی کەمێك زەرد هەڵگەڕا، کە تەنیا ساتەوەختێکی خایاند. عەبدولعەزیم خەریکی قەپاڵگرتن بوو لە ڕانە مریشکێك و، لەوە دەچوو گوێی لە تاقە وشەیەکی قسەکان نەبووبێ. ئینجا سەمیرە سەرنجێکی وەهای تری دامێ، کە لە

هەموو قسە و پلارەکانی کاریگەرتر بوو. لەشم کەوتە لەرزین. پەنجەکانم لەرەیان پێ کەوت و، وردە خواردنیان لێ بەربووەوە، متیلی سەر مێزەکەیان تێوەدا.

کاتێ جێم هێشتن، هەموو شتێکم لە لا روون بووەوە. پێویستم بە لێکدانەوە نەمابوو. تووشی حاڵەتێکی شڵەژان و پەستیی سەخت بووم. سەمیرە چی لە منی هاوڕێی مێردەکەی دەوێ، ئەو داوەم بۆچی بۆ دەنێتەوە؟. ئایا بەڕاستێتی کە خۆشی دەوێم، یا هەروا دەیەوێ یاریم پێ بکا؟. تۆ بڵێیت سەرەڕۆیەك بێ و هیچ بایەخێك بە مێرد و بە پیرۆزی پێوەندیی ژنومێردایەتی نەدا؟.

جوانییەکەی بەشێوەیەك سەرسامی کردبووم، کە ترسام رام بماڵێ و بڕیارم دا ئەوە دوا جارم بێ بیبینم و ئیتر سەر بەو ماڵەدا نەکەمەوە. بەڵام رۆژان تێ پەڕین و هەرگیز نەمتوانی، وێنەکەی لە بیر و هۆشمدا بسڕمەوە. بەردەوام بیرم لێ دەکردەوە، بەدەمییەوە هاوشان هەم گەشکەم دەنۆشی و هەم ئازارم دەچەشت. تا شەوێکیان کە خەوم لێ زڕابوو لە خۆمم پرسی: ئایا خۆشم دەوێ ؟! وەڵامەکەی تۆقاندمی.

دوو مانگ رابوردن و نەچووم بۆ ماڵی هاوڕێکەم. تەنیا لە دەرەوە دەمدی و هەموو جار عوزرخوایی بۆ دەهێنایەوە کە ناتوانم سەردانیان بکەم، لە کاتێکدا زۆر بەزەحمەت، ئارەزووی سەردانیانم لە ناخمدا متوخامۆش دەکرد. تا رۆژێکیان لە فەرمانگەکەم بووم، کە سەمیرە تەلەفۆنی بۆ کردم وتی:

– بۆچی خۆت لێ ون کردووین؟.

بەدەنگێکی شڵەژاوەوە وتم:

– سەرجەنجاڵیی ژیان.

– نازانیت عەبدولعەزیم نەخۆشە؟.

– نەء... چەند رۆژێ لەمەوبەر پێکەوە بووین و سەلامەت بووین و سەلامەت بوو.

– زۆر ناساغە. تکای وایە عەسر سەرێکی لی بدەیت.

عەسرەکەی چووم. کەچی لە ماڵ نەبوو. سەرم سوورما و پرسیم:

– سەمیرە.. کوا عەبدولعەزیم ؟.

بەدەنگێکی خەمناکی ئەوتۆوە، کە دەتوت لە هەر چوارلاوە دێتە بەرگوێم وتی:

– ئەو چاك بووەوە و چووە دەرەوە. بەڵام نەخۆشێکی تری لە ماڵ جێ هێشتووە، کە

ئەو نازانێ چ دەردێتی. منی جێ هێشتووە.. من.

ماوەیەك خامۆش بوو. ئینجا بەدەنگێکی گڕ وتی:

– بۆچی خۆت ون کرد؟.

کەمێ بەتوندی وەڵاممدایەوە و وتم:

– پێم وتیت: سەرجەنجاڵیی ژیان.

وتی:

– ناتوانیت نیو سەعات وەخت بدەیت بە ئێمە.. تەنیا نیو سەعات و چاوێکم پێت بکەوێ. گوایە هێندە چارەم گرانە؟. دەبووایە ئەمەت بە ئاشکرا پێ بوتمایە، تا هۆگرت نەبوومایە.

ئەو کەوتە فرمێسك هەڵڕشتن و، من تەنگاو بووم. بەدڵسۆزییەوە پێم وت:

– پێویست بەم کردەوانەت ناکا. ئێمە هیچ شتێکمان لە نێواندا نییە.

وتی:

– تۆ خۆت گێل دەکەیت!. ئایا نازانیت هەستونەستم بەرامبەرت چۆنە؟!. دێڕەکانی چیرۆکەکەت نەخوێندنەوە؟!. مەجدی.. من تۆم خۆش دەوێ.. خۆشتم دەوێ و نازانم چی بکەم؟.

بەدەم قسەکانییەوە باوەشی پێدا کردم، ئینجا سەری خەواندە سەر سنگم و دەستی کردە گریان. منیش بەسۆزەوە دەستم بەسەر و قژیدا هێنا. حاڵەتەکە لەوە دەرچووبوو خۆمی لەبەردا ڕابگرم. باوەشم پێدا کرد. بەسنگمەوەم نووساند و، بەلێو فرمێسکم لە چاوانی سڕی.

سەمیرە لە وێنەی ئافرەتانی تر نەبوو. جوانی و شیرینییەکەی لە ڕادەبەدەر کاریگەر بوون. بەهەست و سۆزیش کڵپە ئاگرێك بوو بۆ خۆی و تەواو هۆگری بووم. شەپۆلی خۆشەویستی رای ماڵین و، ئیتر گوێمان بەهیچ شتێك نەدەدا. ئەو وەختە زانیم، کە کاتێ دەکەوینە دەریای خۆشەویستییەوە، ئیتر لە خۆمان و حەز و ئارەزووەکانمان بەولاوە، ئاگامان لە هیچ شتێکی تر نامێنێ.

وەکی تر عەبدولعەزیم وەها دەهاتە بەرچاو کە وەك جارانە و هیچ گومانێکی لە رەفتاری ژنەکەی نییە. بۆیە باوەڕم بەو قسەیە کرد کە دەڵێ: مێرد دوا کەسە کە پێ

دەزانیٚ. کەچی ڕۆژێکیان سەمیرە ئاگەداری کردم، کە عەبدولعەزیم لە هیچە و هەر لە خۆیەوە پێیدا هەڵدەشاخیٚ و، بیٚ ئارامییەك لە چاوانیدا دەخوێنێتەوە، کە لەوە دەچیٚ گومانی لیٚ بکا. لەبەرئەوە بڕیارمان دا زیاتر ئاگامان لە خۆمان بیٚ.

بەڵام ئێوارەیەکیان دانیشتبووم خەریکی خوێندنەوە بووم، کە دەرگەوانەکە لە زەنگەکەی دا و کاتیٚ هاتە ژوورەوە، باوڵێکی گەورەی دانا و وتی:

– گەورەم.. ئەم باوڵە بۆ تۆ هاتووە.

کە لێم پرسی: کیٚ داویێتیٚ وتی:

– کابرایەك بوو کە نایناسم. دایە دەستم بۆتی بهێنم.

دەرگەوان ڕۆیشت و من سەرسام بووم. دڵم کەوتە مەراقەوە کە ئاخۆ کابرا کیٚ بیٚ و باوڵ چی تێدا بیٚ؟ لە کردنەوەیدا دوودڵ بووم و کەوتمە گێژاوی گومانەوە. وتم: تۆ بڵێیت بەهەڵە بۆ لای من نەنێردرابیٚ؟. یا ڕەنگە لە برادەرێکمەوە بیٚ!. ئەگەر وابیٚ بۆچی بەم شێوەیە کە گومان دەخاتە دڵەوە؟.

باشە کیٚ دەڵیٚ یەکێك نییە کە دەیەویٚ تەشقەڵەیەکم پیٚ بکا یا جەزرەبەیەکم لێب دا، وەك ئەوەی تلیاکی تێدابیٚ، یا لاشەی کوژراوێك؟.

پێکەنینم بەم قسانەم هات و وتم: مرۆڤ چ زوو خۆی بەدەست گومانەوە دەدا. ئەو خەیاڵانەم بەلاوەنان و خۆم هێمن کردەوە. دەستم بۆ باوڵەکە برد بیکەمەوە، بۆنوبەرامەی عەترێك بەڕوومدا هەڵی کرد، کە باشم دەناسی و لووتم زۆر ئاشنای بووبوو. کاتێکیش باوڵم کردەوە، جلوبەرگی ژنانەم کەوتنە بەرچاو. ئاوەڵکراس و عەزیزی و بەرگی دەرەوە، کە تێکەڵوپێکەڵ فڕیٚ درابوونە باوڵەکەوە و، نامەیەکیشیان بۆ من لەسەر دانرابوو. نامەم بە دەستەوە گرت و، لە ناخدا هەستی حوکمدراوێك بەمردن دای گرتم، کە لەوەدابیٚ دوا سەرنج بداتە ژیان. کە نامەم کردەوە نووسرابوو:

دڵسۆزم مەجدی..

تۆ و ئەو، نموونەی وەفاداری و خۆشەویستی بوون لە ژینمدا، بەڵام سوپاس و ستایشم بۆ کارەسات، کە لە ئەنجامدا چاومی بەسەر ڕاستیدا هەڵهێنا، دەرکم کرد کە من تەواوی باوەڕی خۆم بەجۆرە دوو کەسێك دابوو، کە شایەنی نین. دڵنیات دەکەم کە من هەرگیز بەداخ و خەفەت نیم. بیرم لە کوشتنی کردەوە. بەڵام نەمکرد، چونکە زانیم کە ئەو لەلای من مردووە و لە کەلاکێکی بۆگەن بەولاوە نییە. ئایا مرۆ کەلاکێکی کرم

تێدراو دەکوژێ؟. کەوابوو دەبینیت کە من جەستەیەکی تۆپیوی بۆگەنم بەتۆ بەخشیوە هەتا پێی شادببیت. ئەوا جلوبەرگەکانیم بۆ ناردیت و، خۆشی بێگومان ئێستا بەرێوەیە بۆ لات.

جلوبەرگ لە ناو باوڵدا بە جۆرێك پەرتوبڵاو بوون، کە دەتوت لاشەیەکی ئەنجنکراوە. نامەکەم لە قولی مشتدا بوو، کە لە پەنجەرەی سەر شەقامەکە نزیك بوومەوە و راوەستام پشوویەك بدەم. لە دەرەوە تاریکی داهاتبوو ئۆتۆمۆبێل بەشەقامەکاندا خێرا تێ دەپەڕین. روانیمە گڵۆپە ڕەنگاوڕەنگەکان. هەموو سوور هەڵگەڕابوون. دەنگێکی ئاشنای دوو پێم هات بەرگوێ، کە بە پلیکانەکاندا سەردەکەوت. زەنگی دەرگە لێ درا. دەرگەم کردەوە. ئەو بوو. ئەو خۆی هاویشتە باوەشمەوە و منیش بەخۆمەوەم هەڵگوشی. دایە پرمەی گریان و چیرۆکی تر دەستی پێ کرد.

کۆواری ڕۆشنبیری نوێ

ژ٥٧، حوزەیرانی/١٩٨٣.

# بیری راگوزاری

## بەچرپە

### ١

ئێوە بەسەرهاتەکەی لەمەڕ مامەخەمە و ئافرەتەکانتان بیستووە؟ بڕوا ناکەم. ئەگەر ئارەزوو دەکەن، گوێ بگرن بۆتانی بگێڕمەوە.

ڕۆژێکیان مامەخەمە لەسەر پیشەی خۆی (کە هەموو کات وێڵی ناو کۆڵانەکانی شارەکەی بوو، بەمەبەستی گەڕان بەدوای گیروگرفتی مەردمەکە و چارەسەرکردنیاندا)، بەکۆڵانێکدا ڕابوارد و ڕوانی وا ئافرەتانی دوو ماڵە دراوسێ، بەناو یەکتریدا جەنجاڵن و یەکتریان خەڵتانی خوێن کردووە.

مامەخەمە هەر هێندەی ئەو دیمەنە دڵپروێنەی بینی، هیچ بە پێویستی نەزانی لەسەری بوەستێ و بیرێکی لێ بکاتەوە. خۆی هاویشتە کۆڕەوە و زۆر بەدڵسۆزی و جۆشوخرۆشەوە، کەوتە چنگ بەردانی ئەم و پاڵ پێوەنانی ئەو، لەگەڵیدا بەپاڕانەوەوە پەیتاپەیتا هاواری لێ دەکردن:

– دایکەکانم.. خوشکەکانم!.. لە پای چی وا دەکەن؟. دەستتان ماچ دەکەمشەڕ مەکەن.. توخوا شەڕ مەکەن.

لە کاتێکدا ئەو ئاوەها دەپاڕایەوە. چەندان چڕنووك و نوقورچی لە گەرمەی شاڵاوبردن و پاڵەپەستۆی ئافرەتاندا بەردەکەوت و، کسپەیان لە جەرگی هەڵدەستاند.

بەڵام ئەو دەربەست نەبوو. ئەو تەنیا بەجێهێنانی ئەرکە پیرۆزەکەی سەرشانی مەبەست بوو. ئیتر ئازار چەشتن چ قوورەتە ڕێگەی پێ بگرێ و بێزاری بکا.

مامەخەمە دوای هەوڵ و کۆششێکی پاڵەوانانە، توانی بە ئاوی دڵپاکی و لێبووردەیی خۆی، ئاگری ڕقوکینەی ناو دەروونی ئافرەتەکان دابمرکێنێتەوە و چنگیان لە یەکتر پێ بەربدا. ئەوسا ئیتر بە گەلێك دڵنیایی و بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشی سەرکەوتنەوە، پشتی تێ کردن و بەرەو کۆڵانێکی تر و بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتێکی تر ملی نا. کەچی تەنیا چەند هەنگاوێك دوور کەوتبووەوە، کاتێ بەخۆی زانی کە نراوەتە ژێر. بە نوقرچ و گاز و جەزرەبەی پانیبەرز دادەپڵۆسرێ و بە لێشاوی تف و جنێو و لەعنەتیشەوە پێی دەوترێ:

– هەی گەماڵباوك خەتای تۆ بوو.. تۆ بوویت ئێمەت بەشەڕ دا.. ئێمە مووممان بەنێواندا نەدەچوو.

مامەخەمە بیرازێکی باش کرا، ئینجا وازی لێ هێنرا. بەڵام هەر هێندەی کەوتەوە سەرپێ، وەك نە بای دیبێ و نە بۆران، رووی کردەوە کۆڵانان، بۆ بەجێهێنانی ئەرکی پیرۆزی سەرشان.

من بەسەرێك مامەخەمەم گەلێك خۆش دەوێ، چونکە نموونەی دڵپاکی و لە خۆبووردەییە. بەسەرێکیش چارەییم لا گرانە، چونکە نموونەی گەمژەیی و ساوێلکەییشە، کە ئەمە دەردێکی کوشندە و نالەباری مرۆڤە.

٢

مامەخەمە دوای کۆڵنەدانێکی دوور و درێژ، ڕۆژێکیان بۆ یەکەم جار ورەی بەردا، ئەو ڕۆژەی بۆ هەڵدانی بانگەوازی ناڕەزایی و بێزاری تەرخان کرد. کۆڵان بە کۆڵانی شارەکەی تەی دەکرد و بەدەنگی بەرز دەیوت:

– خەڵکینە هەق ژێر کەوت.. خەڵکینە هەق پسا!.

کەچی کەسێك لە خەڵکەکە خۆی خەریك نەکرد لێی بپرسێ: بۆچی؟ بگرە یەك بەیەکتریان دەووت:

– بەسەزمانە خلەفاوە!.. وڕێنە دەکا!.

لەناویاندا تەنیا ئافرەتێك لە ئێوارە وەختێکی درەنگدا، بوو بەکوڵکییەوە و بەگیری هێنا. پێی وت:

– ئەرێ کابرا تۆ لە پای چی بوختان بۆ هەق دەکەیت؟!. تۆ دەتەوێ هەق ریسوا بکەیت!. ئەی ئەگینا هەق چۆن ژێر دەکەوێ و چۆن دەپسێ؟!.

ئەم قسانە دەروونی مامەخەمەیان ئاگردا و جگەریان داخ کرد. لە دڵدا وتی:

"ئاهوورەمەزدە هاوار.. مامەخەمە بوختان بۆ هەق دەکا!.. هەق ریسوا دەکا!".

ئەوسا وەك لەبەر عەرشی ئاهوورەدا سوژدە بەرێ، چاوی بڕییە قووڵاییی ئاسمانی شین و بۆ ماوەی چەند ساتێك لەسەر ئەو بارەی حەپەسا. تا ئینجا لەسەرخۆ ڕووی کردەوە ئافرەتەکە و بەدەم زەردەخەنەیەکی دڵسۆزییەوە وتی:

– ئەرێ توخوا دایکەکەم تێم ناگەیەنی، تۆ بۆچی دەمت لە پانییە و لووتت لە درێژی؟.

ئافرەتەکە هیچ بیرێکی لە قسەکە نەکردەوە.. هیچ لەسەری نەوەستا.

پانیبەرزی لێ خسە مشت و، کەوتە کوتانەوەی سەروگوێلاکی و ڕیشە سپییەکەی بەخۆڵی بنی پانیبەرزەکە بۆر داگەڕا. ئافرەتەکە بەدەمییەوە پەیتا پەیتاش دەیشیراند:

– هەی گەماڵە پیرەی ترن، ئەوە گاڵتەم پێ دەکەیت؟ گوایە تۆی خڵەفاو دەتەوێ بە ئەقڵی من پێ بکەنیت؟.

مامەخەمەش لە وەڵامیدا تەنیا وتی:

– نەموت!.. دایکەکەم نەموت هەق ژێر کەوتووە و پساوە؟.

ئینجا بۆ یەکەم جاریش، بۆ خەوتن و حەوانەوە لە ئازار و ئەشکەنجەی ئەو ڕۆژەی، ڕووی لە دەشتودەر و یاڵەکانی دەرەوەی شار کرد.

## ٣

مامەخەمە لە دەرەوەی شار ئارامی نەگرت. زویربوونی لە مەردمەکە تەنیا سێ ڕۆژ درێژەی کێشا. لەو ماوەیەدا بەردەوام خۆی دەخواردەوە و مێشکی خۆی دەکرۆشت. لە دڵدا بەسەرێك دەیوت: "ئاخۆ بە نەبوونی من شار ئێستا لە چ پاشاگەردانییەکدا بێ؟". بەسەرێکیش دەیوت: "بە جەهەنەم.. من چیمە بەسەرییەوە".

بەڵام لە ئەنجامدا خۆی پێ ڕانەگیرا و لەسەر خواستی ئاهوورامەزدە ڕووی کردەوە ناو شار. کەچی هەر هێندەی پێی تێ نا، تێ گەیشت شار خرۆشاوە و خراپیش خرۆشاوە. لە لاوە منداڵێکی بەگیر هێنا و لێی پرسی:

– ئەرێ کوڕە شیرینەکەم ئەوە چی ڕووی داوە؟

منداڵەکە لە وەڵامیدا وتی:

– مامە گیان.. هەتا زووە خۆت لەم شارە قورتار بکە . ئەم شارە سێ ڕۆژە بەر لەعنەتی خوا کەوتووە.

بە پەرۆشەوە لێی پرسی:

– بەرخەکەم بۆچی؟

منداڵەکە وتی:

– چونکە سێ ڕۆژ لەمەوبەر ئافرەتێکی نەفام، مامەخەمە ناوێکی داوەتە بەر پانیبەرز، کە خەڵکی بە پەیامبەرێکی دڵسۆزی ئاهوورایان ناسیوە.

مامەخەمە لە ئاستی ئەم وەڵامەدا، بۆ ماوەی چەند ساتێك حەپەسا. دوا جار هەستێکی سەربەرزی و شانازی ڕای ماڵی. ئەوسا بەرە و ناوجەرگەی شار هەڵمەتی برد و کەوتە هاوارکردن:

– خەڵکینە.. دڵسۆزانم.. من مامەخەمەم.. وا هاتوومەتەوە ناوتان. بەهەڵە چووبووم کە لێتان زویر بووم. تکایە بمبەخشن. من بووبوومە هۆی دەردەسەری و ئازار بۆتان.

مەردمەکە لە سەرەتادا بۆ ئەم بانگەوازەی، دەستیان بەسنگەوە دەگرت، کۆڵانێك و دووان و شەقامێك و دووان و، خەڵکەکە کڕنووشیان بۆ دەبرد. بەڵام زۆری پێ نەچوو بەچاوی نەگریسی ڕاهاتنەوە. لە بەرچاویان بووەوە بەکابرا بەسەزمانە خلەفاوە ورێنەکەرەکەی ڕۆژانی دێرین.

ئەوسا هەر ئەو مەردمەی لە پێناویدا شاریان خرۆشاندبوو، بێ شەرموشۆ پەلاماریان دا و کەوتنە بیزارکردنی. زۆربەی هەرە زۆریشیان هاواریان دەکرد:

– ئەگەر ئەم مامەخەمەیە ناو شاری جێ نەهێشتایە، ئێمە ئەو ئاژاوەیەمان تێ نەدەکەوت!. خەتای ئەو بوو.. ئەو ئاژاوەیە لە چاوی ئەو دەناسرێ.

٤

مامەخەمە دوای ئەوە بۆ جاری جارەها خەڵتانی خوێن کرایەوە و ریشە چەرمگەکەی بە تۆز و خۆڵی بنی پێڵاوەکانی خەڵکەکە چڵکن بووەوە، نیوە مردوو لە پاڵ دیواری کەلاوەیەکدا لێی ڕاکشا، ویستی وچانێك بە بیروهۆش و هەستونەستی خۆی بدا.

بەڵام بێ سوود بوو!.. ئەو ئەگەرچی ئازاری زامی سەر و رووی، جێگەی شەق و مشتەکۆڵەکان، وەك جێگە گازی کەڵبەی سەگی هار بەسەراپای جەستەیەوە، کسپەیان لە جەرگ و ناخی دڵ و دەروونی دەدا، کەچی نەیدەتوانی بیر و هۆش و هەستونەستی هەردەم بەجۆشی خۆی سڕ بکا و، تەوژمی لە بن نەهاتوویان ڕابگرێ و، ئەو وچانە بۆی سازبکا.

هەستونەست خرۆشا.. بیر و هۆش ورووژا و، بەلاپەڕەکانی گشت کردارەکانی خۆی و ڕەفتارەکانی خەڵکەکەدا کەوتەوە گەڕ. لە ئەنجامیدا هەستونەست پتر خرۆشا و، بیر و هۆش بەپەلەتر بە لاپەڕەکانی کردار و ڕەفتارەکانی، باووباپیرانی خۆی و خەڵکەکەی شاردا کەوتەوە گەڕ. ئەوسا لە ناکاوێکدا، دایە قاقای پێکەنینێکی بەکوڵی ئەوتۆ، کە لە ناو کەلاوەکەدا وەك هەورەتریشقە دەنگی دەدایەوە لەدڵدا وتی:

"سوپاس بۆ ئاهوورامەزدەی مەرن. خەڵکی شارەکە پێیان سەلماندم، کە بەبێ من هەڵناکەن و بەبێ من ناژین".

ئانوسات کوننەبەبوویەك لە سووچێکی کەلاوەکەوە، وەك لەلای خۆیەوە پێکەنینی بە قاقاکەی مامەخەمە بێ، بەدەنگە گڕە کپ و ناسازەکەی بۆی سەندەوە.

٥

قاقای پێکەنینەکەی مامەخەمە، لە ناکاوێکدا کپ بوو. وای هەست بەخۆی کرد، کە مشت و پەنجەیەکی قەبە، خۆی کوتایە سنگییەوە و کەوتە هەڵلووشینی دڵی لاوازی پڕ لە ئازاری، بەدوایدا هەستی کرد کە بەری بینایی، ڕوو لە لێڵی و تاریکبوونە. ئەوسا پرسیارێکی سامناك لە قووڵاییی بیر و هۆشییەوە سەری هەڵدا: "دەمرم؟!".

تەوژمێکی لەرز و مووچڕکەیەکی تیژ، جەستەی ڕاتەکاند و دانەچۆقەی پێ خست. لەبەر خۆوە وەك وڕێنەی سەرەمەرگ بکا، دەستی کردە هاوار و ناڵە: "ئاهوورامەزدە هاوار.. بەزەییت بەم شارە کلۆڵەدا بێتەوە. لەبەر خاتری ئەوان فریام کەوە. هێشتا پێویستییان پێم هەیە. بەسەزمان و بێ چارەن. هێشتا ڕێگەی چاکەیان لێ ونە. مەیەڵە بێ من ببن. من تاقە ترووسکەیەکم لە شارەکەیاندا، کە ڕێگەی چاکەیان پێشان دەدەم. بەنەمانی من ئەو ترووسکەیەشیان لێ دەکوژێتەوە و ئیتر بۆ هەتاهەتایە ، نوقمی دەریای تاریك دەبن و دەکەونە داوی ئەهریمەنەوە. بیانبەخشە. خۆیان پێ نازانن. من لەباتی ئەوان پێ دەزانم، ئەم هاوارەت بۆ دێنم. فریام کەوە. شارەکەم.. مەردمە بەسەزمانەکەی.. فریام نەکەویت چاکە دەبەزێ و نەمری بۆ خراپە دەبێ.. هاوار.. داد.. هاوار.

هاوارە بەسۆزەکەی مامەخەمە، وەك ئاوازێکی نەمری تەلیسماوی، لە گشت کووچەیەکی کەلاوەکەدا دەنگی دەدایەوە. کوونەبەبووەکە. دەنگی خوێندنە ناسازە پڕ لە ڕق و کینەکەی، پتر بەرز کردەوە. هاوارەکەی مامەخەمە وردەوردە کپ بوو. بەدوایدا

کوونەبەبووەکەش خۆی لە خوێندنی پڕ لە ڕق خست. ئەوسا مامەخەمە و کەلاوەکە و کوونەبەبوو، چوونە ڕیزی یەکتر و، بوون و نەبوون بەلای هیچیانەوە بایەخێکی نەبوو.

٦

مامەخەمە نەمرد!.. ئاهوورامەزدە بەفریای کەوت و، ئەویش لە شوکرانەبێژیدا سرەوتی نەدا و، هەر بەو نیوەشەوە کەوتەوە تەیکردنی کۆڵانەکانی شار.

کۆڵانێك و دووان و سیانی بڕی و چاکەکاری باڵی ئاوریشمینی بەسەردا کێشابوون. هەستێکی شانازیکردنی قووڵ بەخۆوە، پرشنگی بەناخی دەروونیدا هەڵدا و لە دڵدا وتی:

"ئەهریمەنم شاربەدەر کردووە!".

بەڵام لە پێچی کۆڵانی چوارەمدا، ئەهریمەن لە ناکاوێکدا لێی دەرپەڕی و، قاقای پێکەنینە ژەهراوییەکەی خۆی بۆ جاری هەزار و یەکجارە بەڕوویدا دایەوە. سێ زەلامی زرتەبۆز، نیشتبوونە گیانی کابرایەك و لەتوپەتیان دەکرد!. ئەم لێیان چووە پێش و، بە دەنگێکی پڕ لە سۆز و ڕێزەوە وتی:

– ئەری کوڕە شیرینەکانم.. ئەوە بۆچی ئەو کابرایە ئاوەها لەتوپەت دەکەن؟

سێ زرتەبۆزەکە بەیەك دەنگ وتیان:

–ئەم کابرایە ئەمڕۆ بەڕۆژی ڕووناك، ویستی بتی ئێمە بشکێنی و لە رووی ئەهریمەنی مەزندا، شەرمەزار و ڕیسوامان بکا. وا ئێمەش پشت بە ئەهریمەنی خاوەنی ژیان و مردن، لە تاریکی شەودا وردوخاشی دەکەین.

مامەخەمە بە بیستنی ئەم وەڵامە، نەعرەتەیەکی وەهای لێ دا، کە وەك بوومەلەرزە کۆڵانەکەی هێنایە لەرزین و هاواری کرد:

– ئاهوورامەزدە هاوار.. وا کوڕێکی ترم بەبەرچاوی خۆتەوە لەتوپەت کرا. وا تاڵێکی تر لە بەندی دڵم پچڕا.

نەعرەتەکەی دانیشتوانی کۆڵانەکەی لە خەو کرد. بۆیە هەرکەسە و لەلای خۆیەوە؛ هەرچییەکی بەردەستکەوت پەلاماری دایە و، لە پەنجەرەی ژوورەکانەوە بەدەم جنێو و تف و لەعنەتەوە، ئاراستەی سەروگوێلاکی ئەمیان کرد و، یەك بەیەکتریشیان دەوت:

– دیسان کـابـرا خـڵـەفـاوەکـەیـە!.. ئـاخرشەڕە نـووستن و سرەوتدانـی بـۆ نـییـە. بـەم نیوەشەوەش واز لە کار و کردەوە پڕوپووچەکانی ناهێنێ.

٧

مـامـەخـەمـە دوای لـەتوپـەتکردنـی یـەکێکی تر لـە کـوڕە جـەنگـاوەرەکـانی، شیرازەی گیـانـی سینـە فـراوانـی و کـۆڵـنـەدانـی پـچـڕا، بـەچـەشنـی هـەر شێتێکی پـەیـتـارە، بـەدەم ڕاکردنەوە کەوتە تەیکردنی کۆڵانەکانی شار.

خەڵکی شار هـەموو ڕژانـە نـاو کۆڵانەکان. بەو نیوەشەوە دانیشتوانی هـەر کۆڵانـە، دەهۆڵ و زوڕنـایـان بـەکار خست و زەمـاوەندێکی گـەلێ بـەجۆشیان سازاند. هـەمووش چاویان دەبڕییە سەری کۆڵان و چاوەڕێی دەرکەوتنی مـامـەخـەمـەی کۆستکەوتووی تـازێبـاریـان دەکرد. خۆ هـەر کە لـەسـەری کۆڵانـەوە دیاری دەدا و، نـەعرەتـە دڵپڕوێنەکەی دەکەوتە بـەرگوێیـان، ئـەوان بـەپـەرۆشەوە بـەپیرییەوە دەچوون و بـەڕیزی هـەڵپـەڕکێی ڕەشبـەڵـەك ئـابـڵووقـەیـان دەدا، بـە ئـاوازی بـەجۆشی دەهۆڵ و زوڕنـا، زەمـاوەندەکـەیـان دەگەیـاندە ڕادەی حـاڵ لێهـاتن. ژەمێکی بـاش بـەم دەستوورە، هـەستی بـەسۆزی خۆیـان بـەرامـبـەر بـەو سەرکـەوتـنـە مـەزنـەی تری بـۆ دەردەبـڕی. دوا جـار هـەریـەکـە و بـەدەم سەمـایـەکـی دەرویـشانـەوە لـێی دەچـووە پـێشەوە، تـا ڕووبـەڕووی ڕیشە سپـیـیـەکـەی دەوەستـا، کە دڵۆپی فرمێسك ڕیزیان بـەستبووە تـاڵە درێژەکانی و چەندە هێز و توانا لە گەرووپدا بووایە، قـاقـای پێکەنینی وەك هـەورەتریشقـەی بـەهـاری بـەڕوودا دەدا. بـەدوایدا دڵۆپێك.. تـەنیا دڵۆپێك فرمێسکی لە یـەکێك لە تـاڵـەکانی ڕیشی دادەچۆڕاند و، هـەردوو لـەپـی دەستـی پـێ تـەڕ دەکـردن، وەك مـووفـەڕك بـەڕوویـدا دەسوو. ئـیـنـجـا بـەدەم دەستگوشینێکی پڕ لە سۆزەوە پێی دەوت:

– گەورەم پیرۆز بێ.. پێکمانەوە.

ئیتر زۆری پێ نـەچوو مـامـەخـەمـە، لـە بـەرامبـەر ئـەم دڵسۆزییە قووڵـەی خـەڵکەکەدا، گەڕایەوە سەر دەقی سینە فراوانی و کۆڵنەدانە دێرینەکەی. خۆی گەیاندە چۆڵـەوانییەك و، ڕووەو ئـاسمـانـی شین بـەچۆکداهـات و وتی:

– ئـاهوورای مـەزن بمبـەخشە.. لـە ساتێکی لاوازیدا ورەم بـەردا. هـەزاران سوپـاس بۆ تۆ. ئەگەرچی کوڕم لەتوپەت کرا، بەڵام خۆ زەمـاوەندێکی بـەسۆزی بۆ خـەڵکی شارەکەم سازاند و کەمێك دڵیانی حەواندەوە.

تێبینی:

ئەم بیری راگوزارییە کە بەناونیشانی (بەچرپە) بوو، گۆشەیەکی هەفتانە بوو، کە لە ژمارەکانی (١٥) بۆ (٢٢)ی نێوان ڕۆژانی ٤/٢٥ بۆ ١٩٧٠/٦/١٣ی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا، بەناوی (مەزدە)ی کوڕمەوە کە تازە لە دایك بووبوو بڵاو کراوەتەوە.

## ترووسکەی کڵپەی جەخارێك

لێم پرسی:

ڕوو بەگشتی و، لە ڕوویشدا چاو بەتایبەتی، ئاوێنەی ناخی مرۆڤە. بۆچی کڵپەی جەخارێك هەمووکات لە چاوانتدا ترووسکە دەدا؟

هەناسەیەکی سەهۆڵینی هەڵکێشا و، کڵپاوی دەری دایەوە و وتی:

– چیایەکە و پێیدا هەڵدەزنێم. دەزانم بەو دیویدا، بۆ ناو دۆڵێکی هەزار بە هەزار مشاربڕە، کەچی هەر هەڵیشدەزنێم. چونکە گەڕانەوەم بۆ دواوە بۆ نییە. توولە ڕێی پشتەوەم هەنگاو لە دوای هەنگاو شوێنەواری نامێنێ، دەبێتە بۆشایی. بەخواستی خۆم بێ، یەك هەنگاوی تر بۆ پێشەوە نانێم و لە جێی خۆم دەچەقم، بەڵام بێهوودەیە. هێزێکی ستەمکار هەنگاوم پێدەنێ و هەر پێدەنێ و، بەرەو لووتکەی چیا و لێواری هەزار بە هەزارم هەردەبا. لێی بە ئاگام کە چ لێوارێکی بەترس و سامە. حەزم دەکرد لێی بەئاگا نەبوومایە. دەمویست لە چەشنی زۆبەی خەڵکەکە بوومایە. ترس و سامێکی ساتە وەختیی جەرگبڕ، بەدوایدا کەوتنە خوارەوە بەرەو بنی بێبنی هەزار بە هەزارەکە، بەڵام داخ کە لێی بەئاگام و تێی دەگەم. کە بگرە هەر لە هەنگاوەکانی سەرەتای دامێنەوە، تێی گەیشتم و لێم بوو بەمەراقێکی هەمیشەیی. ئیتر لەوساوە ئەو زووخاوەی کە تۆ ئێستا ترووسکەی کڵپەکەی لە چاوانمدا بەدی دەکەیت، دڵۆپ دڵۆپ داتکایە ناخمەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تێیدا کەوتە پەنگخواردنەوە. لێم حاڵی بوویت براله.. لێم حاڵی بوویت؟

لە وەڵامیدا وتم:

– ئا بەڵێ لێت حاڵی بووم.. چونکە کڵپەکەی ناخی من، لەوەی تۆ دۆزەخیترە!.

**١٩٧١**

## لە نێوان سێ جەربەزە جیوەییەکەدا

بۆی باس کردم وتی:

– ئەشکەنجەی هەرە سەختم لەوەدایە، کە بەسات لە سەربـاری حاڵی حازرم، ئۆقرەم بەخۆم بۆ ناگیرێ. بەردەوام وەك مەكۆی جۆلا، لە نێوان ئەو سێ جەربەزە جیوەییە (ڕابوردوو، ئێستا، داهـاتوو)دا دێم و دەچم. ئەوەشی بەردەوام دەمهێنێ و دەمبا، حاڵی حازرمە. بەیانی كاتێ لە خەو هەڵدەستم چاو دەكەمەوە، چەپكە تیشكێكی خۆر دەبینم، كە لە پەنجەرەی ژوورەكەمەوە خۆی كوتاوەتە ناوەوە. ئانوسات بیر و هۆشم لێی بەئاگا دێ و دەڵێ: وا ڕۆژێكی تریش داهـات. ئینجا لە مەغزای وتەكەی بەئاگا دێ، ڕادەچڵەكێ و دەپرسێ: ئاخۆ هەتا ئەمڕۆ، چەندی تری وەك ئەمڕۆ داهـاتوون و تێ پەڕیون؟.

گرژ دەبێ و گوڕ دەبەستێتەوە، هێندەی هێز و توانای بڕ دەكا، بەرەو ڕابوردوو دەكشێتە دواوە. چەند؟ دەیەوێ لە ژمارەی بێنێ و بۆی نایەت. دادەخزێتە بۆشاییەكی بێ بنەوە. كۆڵ نادا و بەو نیازەی بگاتە بنی، پێیدا لە شەقەی باڵ دەدا. بەڵام بەدەمیەوە بیر دەكاتەوە. ئێ باشە وا گەیشتە بنی. ئەی دوای ئەوە چیی تر؟!.

سەری لێ دەرناكا و لە پەلوپۆ دەكەوێ. بۆ ماوەی چەند ساتێ لەسەر ئەو بارە لەنگەر دەگرێ.. لەنگەری نێوان بوون و نەبوون. هەڵواسراوە. چ هەستونەست، چ بیر و هۆش، هیچیان نین. تا لە ناكاوێكدا وەك لە دوورێكی دوورەوە پێی ڕابگەیەنرێ كە مردووە، رادەچەنێ. بەدەم ترس و سامێكی كوشندەوە تین دەداتە بەر خۆی و دەبزوێ. بە پڕتاو لە شەقەی باڵ دەدا و بەرەو ناو چوار دیواری ژوورەكە دەكشێتەوە.

ئەوسا دیسان خۆم لە حاڵی حازردا دەبینم، كە ئەوەتا هێشتا لە ناو جێگەكەمدا ڕاكشاوم. چكەیەكم لە دەم دەردەچێ و لێوێك هەڵدەقورتێنم. لە خۆم توورە دەبم و بە نیمچە ڕقێكەوە ڕادەپەڕمە سەر پێ. بەڵام ڕادەمێنم و لە جێی خۆم دەچەقم. منی لە خەو هەڵساوی حاڵی حازر، دەبێ بچم واو و واو وا بكەم. ئەی ئایا مرۆڤێكی سەد.. پێنج سەد.. پێنج هەزار ساڵی تری دوای ئەم حاڵی حازرەی من، كاتێ لە خەو هەڵدەستێ چی دەكا؟ بیرێكی قووڵی لێ دەكەمەوە و ناگەمە ئەنجام، دیسان كشانەوە بۆ حاڵی حازر.

ڕابردوو، حاڵی حازر، داهاتوو، ئای کە سێ قۆڵییەکی تەلیسماوی ستەمن.

تێم دەگەیت من لە چ حاڵێکی سەخت و دژواردام؟

لە وەڵامیدا وتم:

– بەڵێ تێت دەگەم. چونکە حاڵی من سەختتر و دژوارترە.

١٩٧١

## برووسکەی ڕازێك

خوێنەری ئازیزم..

لەم بوارەدا تەقەلا دەدەم، یەکێ لەو ڕازانەی ناخی خۆمت بۆ بخەمە سەر کاغەز، کە بەیناوبەینێك لە قووڵاییی بیر و هۆشمدا، برووسکەیەکی ساتە وەختی دەدا، ئیتر هەر خێرا لێم دەکوژێتەوە و ون دەبێ. سا ئەو ڕازە چی بێ باشە؟.

ئەوی ڕاستی بێ تۆمارکردنی لەسەر کاغەز، کارێکی ئاسایی نییە، چونکە لەو جۆرە هەستونەستە شێوە برووسکەییيانەیە، کە زمان لە ئاستیاندا دەستەوستانە و، لە وزەیدا نییە کتومت وەك هەن بیاننوێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا من وا لێرەدا، ئەوپەڕی هەوڵ دەدەم کە یەکەم جار حاڵەتەکە لە ناخی خۆمدا بژێنمەوە، (کە ئەمەش هەر ئاسان نییە) و ئینجا دووەم جار بە وشە و ڕستە، چرکە لە دوای چرکەی بەگیر دێنم، بۆ ئێوەی بخەمە سەر کاغەز.

برووسکەکە وەها ڕوو دەدات: چرکەی یەکەم: وا هەست بە خۆم دەکەم کە لە لووتکەی ئاگەداریدام سەبارەت بە بوونم لە ژیاندا. بەخێراییی تیشك بەساڵەکاندا دەچمەوە. لە ئێستاوە بۆ سەرەتا و لە سەرەتاوە بۆ ئێستا. ئێستام سەرەتای چل و دووە. چرکەی دووەم: ڕادەمێنم.. دەحەپەسێم. ملیارەهای شانەکانی مێشکم، بەچەشنی کپی و خامۆشی مردن، کپ و خامۆش دەبن. چرکەی سێیەم: (سسسس) خەزنەی قاروون گوژمێکی تر بەناخی زەویدا ڕۆدەچێتە خوارێ. ملیارەهای شانەکان کەوتوونەتەوە کار. چرکەی چوارەم: ئالاۆنەتە گومانێکی تەلیسماوی.. چل و دوو؟ چرکەی پێنجەم: دەپشکنن.. وەك ملیارەها مەکۆ بەساتەکاندا دێن و دەچن و دەپشکنن. ساوایی.. منداڵی.. هەرزەکاری.. لاوی.. گەنجی.. چل و دوو. گێژەڵووکەیەك بوونم لە ژیاندا لە نێوان یەك ساڵی و چل و دوو ساڵیدا دەهێنێ و دەبا. چرکەی شەشەم: شل و شەکەتی و ئینجا سەرلەنوێ، کپی و خامۆشییەکەی چرکەی دووەم. چرکەی حەوتەم: (سسسس). چرکەی هەشتەم: چنگاڵی پرسیارێك.. یەك ساڵی یا چل و دوو ساڵی؟ چرکەی نۆیەم: نووکی چنگاڵ چەماوەیە. پەپوولەیەك دەدا لە ورشەی باڵ و دەفڕێ. گوڵ و گوڵزارێکە دڵفڕێن. گەشکەیەکی تەلیسماوی. دەرگەیەك لە گوڵاڵە. ئەودیو گوڵزارێکی تر. گەشکەیەکی گەشتر. دەرگەیەکی تر. گوڵزارێکی تر. گەشکەیەکی گەشترین. دەرگە و

گوڵزاری چوارەم. چواردەم. سی و چوارەم. چل و چوار.. نا.. چل و دووەم. ئای!.. من منداڵێکی تەمەن چل و دووساڵەم. بەڵێ.. منداڵێکم تەمەنم تەنیا چل و دوو ساڵە.

بەڵام داخ.. لە چرکەی دەیەمدا، لە لووتکەی ئەو گەشکەیەمدا، لە ناکاوێکدا برووسکەکەم لێ دەکوژێتەوە. دەبمەوە بە مرۆڤە تەمەن چل و دوو ساڵەکە و لە خۆم بەئاگا دێمەوە، کە دەبێ ئامادەی دەستەویەخە وەستانی، هەزاری چل و دووەمینی، تاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکانی بوونم بم لە ژیاندا.

١٩٧٨/١/١٥

بەغدا

بەدەسخەت لە دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەی (عێراقی کوردی)ی ژمارە (١١)-ك١٩٧٨/٢دا بڵاو کراوەتەوە.

# وتار

## نەورۆز و بەهار و بیرەوەری

ڕۆژگار، ساڵانی پێش شۆڕشی تەمووزی (١٩٥٨)ە. زۆرانبازیی جەماوەری گەلی عێراق لەگەڵ زۆرداره چەوسێنەرەکانیدا، تا دەهات توندوتیژتر دەبوو. بزووتنەوەی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی لە سەرانسەری وڵاتدا، بەردەوام تەشەنەی دەسەند و ڕۆژانە لە کۆکردنەوەی ئیمزاوە بۆ داخوازییەك، هەتا مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی خوێناوی، جەماوەری گەلی وریا دەکردەوە و بۆ خەباتی بێوچان لە ڕووی زۆردارانەوە هانی دەدا.

ئێمەی قوتابی وەك بەشێکی سەرگەرم و چالاکی بزووتنەوەکە، بەگەلێ شێوەی تایبەتی خۆمان لە پاڵ شێوە گشتییەکاندا، بەشداریمان لەو خەباتە سەختەدا دەکرد و قوتابیانمان بۆ ڕادەکێشایە بەرمەیدان. من لێرەدا باسی یەکێ لەو شێوانە دەکەم، کەوا نزیکەی بیست و پێنج ساڵی بەسەردا ڕابواردووە و، بەڵام لەلام وەك دوێنێ بێ وەهایە.. باسی (چەقڵاوا)ی سەیرانگامان، کە وای لێ هات بوو بە بارەگامان، یا با بڵێین یانەی قوتابیان.

کە وەرزی بەهار دادەهات و کاتی نەورۆز دەهاتە پێشەوە، ئێمەش وەرزی تێکۆشانمان بەم شێوەیە دەست پێ دەکرد: تەدارەکمان وا ڕێك دەخست، کە بەبۆنەی نەورۆز و بەهارەوە دەچین بۆ سەیران. بەڵام چۆن سەیرانێك؟ تێکەڵەیەك بوو لە ئاشکرایی و لە نهێنی. هەم گشتی بوو بۆ هەموو قوتابیان، هەم تایبەتی بوو بۆ چەندانێك. هەم لە خۆیەوە پێك دەهات، هەم لایەنێك ڕێکی دەخست.

لەوێش لە سەیرانەکە، هەم دەبووە ئاهەنگی گۆرانی و هەڵپەرکێ و چەپڵەڕێزان، هەم کۆبوونەوەی سیاسی و خوتبەدان و خوێندنەوەی وتار و شیعری نیشتمانیی ئاگرین.

چۆن دەچووین بۆ سەیرانەکە؟ وتم هەم بە ئاشکرا ساز دەکرا و دەکەوتینە ڕێ و، هەم بە نهێنیێ!. یەکەم جار خۆمان کە ڕاستەوخۆ لە ڕیزی بزووتنەوەی نیشتمانیدا بووین، لەسەری ڕێك دەکەوتین. ئەوسا تەقەلامان دەدا زۆرترین ژمارە لەو قوتابییانەی بۆ هان بدەین، کە دەمانزانی دڵسۆزن و گومان لە هەڵوێستەکانیان ناکرێ. دیارە نیازیشمان نزیککردنەوەیان بوو لە بزووتنەوەی نیشتمانی و، پەیداکردنی ئاشنایەتی لەگەڵیاندا. شوێن لەلامان ئاشکرا بوو کە (چەقڵاوا)ی یانە و بارەگایە، بەڵام لەلای

ئەندامە تازەکانمان، تا نەگەیشتینایەتە شوێنەکە ئاشکرامان نەدەکرد.

ئەوسا دەچووین ئۆتۆمبێلێکی لۆریمان بە کرێ دەگرت، کە هەوڵمان دەدا خاوەنەکەی دۆستی بزووتنەوەی نیشتمانی بێ، یا ناسیاوێکی وەهابێ کە گومانی لێ نەکرێ. ئینجا سەرلەبەیانی لە شوێنێك گرد دەبووینەوە. بە بێدەنگ سوار دەبووین و دەکەوتینە ڕێ. تا لە شار دەردەچووین، بەگۆرانی و چەپڵەڕێزانی فۆلکلۆری دەنگمان لێ هەڵدەبڕی. بەڵام لەوەلا دەکرایە گۆرانی و سروودی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی.

وا دەگەینە جێ. دیمەنەکە تەواو لە بەرچاوم زیندووە. ئەوە ڕووباری (تانجەڕۆ)یە و لە پردەکەی دەپەڕینەوە. یەکسەر بەلای چەپدا لا دەدەین. هەروا دوو کیلۆ مەترێك دوور دەکەوینەوە. دەگەینە ئاستی ئاشێکی ئاو. بەولاترییەوە دوو سێ خانوو هەن. ئاشەکە و خانووەکان بەبەبرزاییەوەن. خوارەوەیان قەراغ رووبارەکەیە. چەند درەختێکی داربی و دارتووی لێن، بەدەمیانەوە زەل و قامیش و گژوگیایە. هەموو دادەبەزین و، لۆرییەکە ئیزن دەدەین کە ئێوارە بێتەوە بە دوامانداا. شۆڕ دەبینەوە بۆ بن درەختەکان و سەر رووبارەکە. هەریەکەمان خواردنی لە ماڵەوە هێناوە، بەڵام کە کاتی نانخواردن هات، هەموو دەکرێن بە یەك و دەخرێنە سەر یەك خوان. پێشتر لیژنەیەك بۆ ڕێکخستن و بەرێوەبردن و یەکێکی تر بۆ سەرپەرشتیکردنی ئاهەنگ و کۆبوونەوە پێکهینراون و، هەردوو لیژنەکە دەکەونە کار.

هەتا کاتی نیوەڕۆ، هەرکەسە سەربەست بوو کە چی دەکا، بۆ گەڕان بە چ لایەکدا دەڕوا. بەڵام لە نیوەڕۆدا هەموو گرد دەبووینەوە و پێکەوە نانمان دەخوارد. دوای ماوەیەك ئاهەنگ و کۆبوونەوە دەستی پێ دەکرد. بەرنامە بریتی دەبوو لە سروود و وتار و شیعر خوێندنەوە ، هەرچی ڕقوکینە و تووڕەیییەك لە دەروونماندا بووایە، بێ ترس بەڕووی زۆردارانماندا هەڵدەڕشت. بەدوایدا شانۆگەرییەکی بەمەغزای کورت. یا دوو سێ دیمەنی تەمسیلی کۆمیدی و، لە کۆتاییدا دەکرایە گۆرانی و هەڵپەڕکێ و سەماکردن.

لە ئێوارەدا کە دەگەڕاینەوە، دڵنیا دەبووین کە بەم ڕێگەیە توانیومانە، چەند قوتابییەکی تر بکەینە دۆستی نزیکی بزووتنەوەی نیشتمانی، هانمان داون نەترسانە پێ بنێنە کۆڕی سەختی تێکۆشانەوە، دژی بەرەی زۆرداران.

بەڵێ.. لە ساڵانی حوکمی پاشایەتیی کۆنەپەرستیدا، وەها جەژنی نەورۆزمان

دەکرد و، وەها دەچووینە سەیرانی بەهاران. بەڵام وا ئێستا ڕۆژانێك داهاتوون، کە ئەو نەورۆز و بەهارە بووەتە جەژنێکی فەرمی، جەماوەری گەل بە ئاشکرا و بەسەربەستی لە کووچە و کۆڵان و شەقام و مەیدانەکانی شارەکاندا، لە هەموو سەیرانگاکاندا (کە بەداخەوە ئێستا چەقڵاوایان تێدا نییە)، ئاهەنگ و زەماوەندی بۆ دەگێڕن ، بەدەیەها هەزار لە جەماوەری گەل بەشداریی تێدا دەکەن.

سڵاو لە نەورۆز و بەهاری ڕۆژانی چەقڵاوا و ڕۆژانی لەوەبەر و ڕۆژانی لەوەدوای.

هاوکاری–ژ٣٦٠، ١٩٧٧/٣/٢٣.

## ئایا چاری ئەم دیاردەیە چییە؟

لە هەموو دەوروزەمانێکدا زۆر جار ئەوە ڕووی داوە، کە ئەدیبێك لە ژێر کاریگەریی نیاز و مەبەستێکی شەخسیدا، بەناوی ڕەخنە و ڕەخنەکارییەوە، فرسەتی هێنابێ و دژی ئەدیبێکی تر دوابێ. ئەمە هەردەم کارێکی ئاسایی بووە، لە ئەنجامیشدا قەت ئەو جۆرە نووسینە لە خانەی ڕەخنەی زانستی و بابەتیدا جێی بۆ نەکراوەتەوە، لە چوارچێوەی گەڕەلاوژەیەکی کاتی نەچووەتە دەرەوە، دوای ماوەیەکیش لە بیر چووەتەوە و پشتگوێ خراوە.

بەڵێ.. ئەمە کارێکی ئاساییە و ئەگەر زەرەر بەخشیش بێ، زەرەرێکی هەم سووك و هەم کاتییە، ناگاتە ڕادەی مەترسی لێکردن. بەڵام ئەوەی نا ئاساییە و زیانەکەشی هەم قورس و هەم درێژخایەن دەبێ و مەترسیشی لێ دەکرێ، ئەوەیە کە ببێتە دیاردەیەکی شێوە گشتی، ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیبان ڕاپێچی ناو گێژەنی خۆی بکا و، لوولیان بداتە ناوجەرگەی جۆرە شەڕەگەڕەکێکی بێ ئامانی تانە و تەشەر و پەلاماردان و شالاوبردن بۆ یەکتر، هەرچی بەهرە و تین و توانا و وەستاییەك لە قەڵەمەکەی دەستیاندایە، بۆ ئەم ئامانجەی تەرخان بکەن. ئەمەیان ئەوی ڕاستی بێ دەبێتە مایەی نەگبەتییەکی گەورە. مایەی نیگەرانییەکی مێژوویی. دەبێتە لەکەیەك و دەکەوێتە سەر ڕووی تەواوی قۆناغێکی ئەدەبی گەل، کە نەوەکانی داهاتوو لە دواڕۆژدا لە ئاستیدا سەراسیمە دەبن.

سا لەلای ئێمە وەك لە هەمووان ئاشکرایە، لەم دوو سێ ساڵی دواییەدا، باری ئەدەبیمان وردەوردە رووی لەوە کرد، کە ئەو دیاردە ناسازە سەری تێدا هەڵبدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەشەنە بستێنێ و توندتر ڕەگ دابکوتێ و جیڕ ببێتەوە. تا وای لێ هات لە ئەنجامدا روو لەوە بکات، کە ئەو گێژەنە ترسناکە دروست بکا، ئەدەبەکەمان لوول بداتە ناو بەسەرهاتێکی لەو بابەتەوە.

گومان لەوەدا نییە کە پێشبڕکێکردن بە شەرافەتمەندی و بە مەردانە لە کۆڕی خولڤاندن و داهێناندا و، زیاتر خۆ ماندووکردن و خۆسووتاندن لەم پێناوەدا و، ئینجا حەزکردن بە هەڵسەنگاندن و ڕێزلێنان و پاداشتدانەوە و هەستکردن بە رەزامەندی و خۆشبەختی و، دواجار هاندان و تین و توانا پێ بەخشین بۆ گوڕ و تەکانێکی تر، ئەمە

لە لایەك و لە لایەكی تریشەوە هەقدان بە خوێنەر بەگشتی و ڕەخنەگر بەتایبەتی لە چۆنیەتی هەڵسەنگاندن و لێكۆڵینەوە و ڕادەربڕیندا لە بارەی ئەو بەرهەمەوەی دەیخوێنێتەوە بەسەربەستی و لە سنووری ویژدان و دڵپاكی و ڕاستگۆییدا لەگەڵ بیروباوەڕ و بۆچوون و جۆری ئایدۆلۆجی و فەلسەفی خۆیدا و لە سنووری بەرهەمەكەدا كە دەیخوێنێتەوە، دوور لە ڕقوكینە و ناكۆكی و ناخۆشی شەخسی، دوور لە گیانی تۆڵەسەندنەوە لەسەر حسابی ئەدەب و بەرهەمە ئەدەبییەكە، كە دەبێتە موڵكی نەتەوە و دەبێتە دڵۆپێكی تر و دەڕژێتە دەریای سامانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری گەلەوە، گومان لەوەدا نییە كە ئەمانە هەموو هەقێكی رەوای دان پێدانراوی هەرسێ لا (ئەدیب و خوێنەر و ڕەخنەگر)ن، لە خۆگرتنیان جێگەی خۆشحاڵی و ڕێزلێنان و ڕەزامەندیی هەمووانن.

بەڵام با لە خۆمان بپرسین: ئایا ئەوەی ئێستا لە مەیدانی ئەدەبەكەماندا ڕوو دەدا. ئەوەی لەسەر لاپەڕەی كۆوار و ڕۆژنامەكان دەیخوێنینەوە. تەنانەت ئەوەشی كە لە دانیشتنە تایبەتییەكانی ئەدیبان و ڕەخنەگران و ئەدەبدۆستاندا دەوترێ وەهایە؟ هەرگیز نا و بەداخیشەوە دەڵێین نا و تەواو بە پێچەوانەوەیە!. مەسەلەش حاڵەتێك و دوو حاڵەت نییە، بگرە بووەتە دیاردەیەك.. دیاردەیەكی بەرفراوان و كەسانێكی زۆری لوول داوەتە گێژەنی خۆیەوە، بگرە دەتوانم بڵێم كە خەریكە دەبێتە پەردەیەكی ئەستوور و بەسەر ئەدەبەكەماندا دادەكشێ. خەریكە بەرهەمە ئەدەبییە ڕەسەنەكە لە ژێریدا دەخنكێ. خەریكە شاعیر لە شیعروتن و چیرۆكنووس لە چیرۆكنووسین و ڕەخنەگر لە ڕەخنەگرتنی زانستییانە و بابەتییانەی ئاسایی دەخا، هەموو لە داهێنان دادەبڕێن و تەواوی بەهرە و شارەزایی و توانایان، بۆ مەملەكەتە نەگریسەكەی ئەو دیاردەیە بار دەكا و دەكەونە ژێر ڕكێفییەوە.

ئێستا ئەوەی زیاتر جێی داخە ئەوەیە كە لە ئەنجامی كەڵەكەبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ئەو دیاردەیە و هەڵاوسانیدا، ئەوانەی كەوتوونەتە گێژەنەكەیەوە، ئیرادەی ئەوەیان لە دەستدا نەماوە كە دەسپێشخەری بكەن و بتوانن مێردەزمەی شتە شەخسییەكان لە كۆڵی خۆیان دابماڵن و، تەكانی خۆ دەرهاویشتن لە گێژەنەكە بدەن، چونكە موعادەلەكە تەواو جەنجات بووە. تكایە سەرنج بدەن.. (فلان) قسەیەك لەم و یەكێكی لەوی بەنووسین یا بەدەمی پێ وتراوە. (فیسار) قسەیەكی لە (فلان) و یەكێكی لەم و یەكێكی تری لەوەوە پێ وتراوە. ئینجا چەندە زەینت بڕ دەكا، بدە بەدەم ئەم

(فلآن) و (فیسار) و ئەمان و ئەوانەوە، تاوتوێیان بکە و بزانە چییان لێ دەردەچێ؟ دیارە ئەمانە هەموو بەیداخی بەرپاکردنی شەڕی مەغلووبە هەڵدەکەن و لە ئەنجامیدا دیاردەکە دێتە بەرهەم. بارودۆخەکە لە بەرچاوی من، بەپێی بۆچوون و تێگەیشتنی من ئاوەهایە.

دەمێنێتەوە سەر ئەوەی بپرسین: ئەی ئایا چار چییە؟ من بەشبەحاڵی خۆم تەنیا پرسیارەکەم پێ دەکرێ، هەتا دەرگەی لێدوانی لێ بخەمە سەرپشت، بەڵکو هەبن بیریان بۆ وەرامی پەسەند و کاریگەر بچێ، کە دەشێ هەبن.

هاوکاری – ژ ٤٤٨، ١٩٧٨/١١/٦.

## هەقایەتی دەرکردنی ژمارە (سفر)ی کۆواری (رۆشنبیری نوێ)

شەش ساڵ و (٧٨) ژمارە.. واتە هەر ساڵە و سیازدە ژمارە. ئەمە چۆن چۆنییە؟ ئێمە ئێستا کۆوارەکە وەها دەناسین کە مانگانەیە. ئێ باشە. ساڵیش وەك هەموو دەزانین دووازدە مانگە. کەچی ئەوەتا دەبینین کە ساڵی سیازدە ژمارەی لێ دەرچووە. تۆ بڵێیت ئەمە مەتەڵێك بێ؟ بێگومان نا. زۆر ئاساییە و تەنیا هێندە هەیە، کە باسەکە هەقایەتێکی لە پشتەوەیە، منیش لێرەدا هەوڵ دەدەم بۆتانی بگێڕمەوە. هەقایەتەکە دەڵێ:

هەبوو نەبوو، کۆمەڵە گەنجێکی دێوانە و عاشقی وشەی کوردی هەبوون. ئەم کۆمەڵە گەنجە، پێچوخولی رۆژگار لە دەورانێکدا، لە دەزگایەکی رۆشنبیری میریدا کۆی کردنەوە. وەهاش هەڵکەوتبوو کە بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی دەزگاکە لەو دەورانەدا، بەیەکێ لە کۆمەڵە گەنجەکە سپێردرابوو، کە ئەوی ڕاستی بێ ئەو زەمانێك بوو کەشکۆڵی دێوانەیی ئەو عەشقەی هەڵگرتبوو.

ڕۆژێکیان گەنجی بەڕێوەبەر بەوانی تری وت:

– ئەرێ ئێمە بۆ شتێك نەکەین؟

پرسییان:

– چی؟

وتی:

– چرایەکی تر هەڵکەین.

ئەوان هەموو بەیەك دەنگ وتیان:

– هانامان کردە دەمت. دەست لە دەست و قووەت لە خوا. لەگەڵتدا بۆی دەبینە پەروانە.

گەنجی بەڕێوەبەر بۆ ڕۆژی دوایی وتی:

– وا داوام کرد.

دوای چەند ڕۆژێکی تر بانگی کردین و وتی:

– دەی.. چراكە هەڵبكەن.

ئیتر كۆمەڵە گەنجەكە بوونە كوورە هەنگێك. سەرەتا كەوتنە ڕاوێژكردن:

* چ ناوێكی لێ بنرێ؟.

* قەوارەی چۆن بێ؟.

* چەند لاپەڕە بێ؟.

* ناوەڕۆكەكەی چی بێ؟.

* كاروباری بەڕێوەبردنی چۆن بێ؟.

* دوا جار لە كەیدا ژمارەی لێ دەربكرێ و هەر ژمارەیەكیشی بە چەند ڕۆژ جارێك بێ.

بۆ ئەمەیان گەنجی بەڕێوەبەر دەستی پێش خست و وتی:

– من وای بە چاك دەزانم، كە یەكەم ژمارەی لە ١١/١١/١٩٧٣دا لێ دەربچێ و، ژمارە (سفر)یشی لەسەر دابنرێ و، لەسەریشی بنووسرێ: (ئەم ژمارەیە دیارییە)، تا وەك نۆبەرەیەك پێشكێشی خوێنەری ئازیزی كوردی بكەین.

گەنجەكانی تر هەموو لە دڵدا بۆیان لە چەپڵە دا، پێشنیازەكە بەشادمانییەوە پەسەند كرا. ئیتر دوای ئەوەی ناویشی لێ نرا و قەوارە و ژمارەی لاپەڕەكانی و جۆری نووسینەكانیشی دیاری كران، كاروباری بەڕێوەبردنیش بێ دابەشكردنی ڕەسمی، واتە بێ ڕەسمیات، هەر لە خۆیەوە بەم جۆرە كەوتەوە:

* دوكتۆر ئیحسان فوئاد – سەرنووسەر.

* حسێن عارف – سكرتێری نووسین.

* محەمەد عوسمان زادە – خۆشنووس و نەخشەكێش.

* سمكۆ تۆفیق – وێنەكێش.

* ئەنوەر مەحموود – نەخشەساز.

* سەلاح شوان و جەعفەر بەرزنجی – ڕاستكەرەوەی هەڵەی چاپ.

بێگومان ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ ژمارە (٧) و چاوێك بەلاپەڕەكانیدا بخشێنیت، لە ناوەڕاستی لای ڕاستی لاپەڕە (١٢)دا، ئەو ناوانەت بەرچاو دەكەون كە لەبەر خاتری

مێژوو تۆمار کراون، بۆ خۆ ڕزگارکردن بووە لە گلەییی مێژوونووسان لە دوارۆژدا، دەنـا کـۆمـەڵـە گـەنجەکـە خـۆیـان بـەیـەك دڵ و گـیـان و یـەك سەر و دەست، پـێکـەوە هـەڵدەسووڕان و کارەکەیان ساز دەدا و چراکەیان هەڵدەکرد، ئەگەرچی هەریەکەشیان شانی نابووە ژێر لایەکی بارەکە و، ئەرکێکی تایبەتی بەجێ دەهێنا کە بەوانی تر نەدەکرا. نهێنییەکە دروست لێرەدا بوو. دوکتۆر ئیحسان سەرنووسەرە و دەزانێ کە سەرنووسەرە. بەڵام دەشزانێ کە سمکۆ وێنەکێشە نەك خۆی. یا حسێن عارف سکرتێری نووسینە و دەزانێ کە سکرتێری نووسینە. بەڵام دەشزانێ کە محەمەدزادە خۆشنووس و نەخشەکێشە نەك خۆی. ئیتر بدە بەدەمییەوە بۆ نەخشەساز و ڕاستکەرەوەی هەڵەی چاپیش. ئینجا با ئەوەش بڵێم کە لە بەرامبەری ئەم گیانی ڕێزلێنانەی سەربەستی و سەربەخۆی هەریەکە لەو حەوت گەنجە لە ناو خۆیاندا بۆ ئەو ئەرکەی هەریەکەیان بەجێی دێنێ، زۆریش ئاسایی بوو کە سەلاح بە دوکتۆر بڵێ: ئەو نووسینە وەهایە و وەها نییە. یا سمکۆ بە زادە بڵێ: ئەو خەتە دەبوایە وا بووایە و وەها نەبووایە. یا ئەنوەر بە سمکۆ بڵێ: ئەم وێنەیە دەبێ وەها بێ و وەها نەبێ.

کۆمەڵە گەنجێکی لە کەڵەموستی پێوە تا تەوقی سەر پڕ لە حەماس و خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ وشەی کوردی.. بۆ ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەری کوردی. کۆمەڵە گـەنجێکـی هـێنـدە گـونجـاو و هـێنـدە هـۆگـری ئـیشەکـە و هـێندەش سەر بـەڕێزلـێنـانـی پـێوەنـدیـی هـاوڕێیـەتـی و دۆستـایـەتـی لـەگـەڵ یـەکتـریـدا، حـاڵـەتێکـی دەگـمـەنـە و بـۆ هـەڵکردنی چرای ئەم (ڕۆشنبیری نوێ)یە هەڵکەوت.

بـەهــەرحـاڵ بـا بـگـەڕێیـنـەوە سەر گـێڕانـەوەی ئـەسڵـی هـەقـایـەتـەکە و بزانین ژمارە (سفر)ی ئەم کۆوارە چۆن دەرچوو؟ ئێستا وا چاپخانەی (الزمان) ئامادە و لەسەر پێیە. (أدوارد) نووکی پەنجەکانی هەردوو دەستی، بەسەر پیتەکانی لاینۆکەوە ڕاگرتوون و چاوەڕوانە. (أبو أیاد) دەست و مەچەکی بۆ ڕێکخستنی دێرە قورقوشمییەکان حازر کردوون. (ناجی) لە خوارەوە لە پشت مێزەکەیەوە چاوی بڕیوەتە ڕێگە. پێش کەمێ تـەلـەفـۆنی بۆ کرابوو کەوا کەوتـە ڕێ. بـەڵێ.. یـەکـەمین وشە و یـەکـەمین دێرەکـانـی یەکەمین ژمارەی ئەم (ڕۆشنبیری نوێ)یە، بەسواری دوڵدوڵە (لاتڤیا)ی خۆشەویست، بە بنهەنگڵی (جەعفەر)ەوە بەرەو چاپخانە بەڕێوە بوو. لە (مس)ەوە کەوتبووە ڕێ و شەقامی (السعدون) و (الرشید)ی تەی دەکرد و، ڕووەو مەیدانی (المأمون) دەکشا.

دەی وا گـەیشتـە جـێ. جـەعفـەر بـەخـۆی و ئـەمـانـەتـە گرانبـەهـاکـەی بـنـهـەنگڵییەوە،

بەپرتاو خۆی بەژووردا کرد. ناجی بەرزەپێ لەبەری هەستا. دوو قۆڵی دوودوو بە پلیکانەکاندا سەرکەوتن. ئەمانەتەکەیان تەسلیم بە أدوارد کرد. پەنجەکانی (أدوارد) بەخێرایی کەوتنە جموجووڵ. لاینۆکە زمانی لێ پەیدا بوو:

– چك.. چك.. چچك.. چك.. چچك.

چکچکەکان دەیانوت: (– رۆشنبیری نوێ – وەك دەنگی نەوەیەکی شۆڕشگێڕی نوێ، دەیەوێت و بەڕاستی مەبەستێتی لە سنووری توانست و پەیامی ڕۆشنبیری خۆیدا، دەستی هەموو نووسەر و شاعیر و ئەدیبێکی ڕاست و دڵسۆز و هەقپەرست بگرێت).

هەروەها دەیوت: (پێویستیش بەوە ناکات کە دووبارەی بکەینەوە کە ئەم چەند لاپەڕەیە بە ئەوپەڕی ڕێز و قەدرگرتنەوە و بێ هیچ لایەنگیرییەکی تەسکبین، بەهەموو سەربەستییەکەوە و بێ چاودێریکردنی جیاوازی بیروباوەڕی سیاسی و ڕێبازی ئەدەبی و کردنیان بە پێوانە لە هەڵبژاردن و بڵاوکردنەوەدا، بەرهەمی هەموو خاوەن بەهرەیەك بڵاو دەکاتەوە). ئەمە بەمەرەکەبێکی سەوز لەسەر قاقەزێك، بە چاپ لە قوڕنەی لای ڕاستی بەشی سەرەوەیدا نووسرابوو (مديرية الثقافة الكردية االعامة)، بەخەتێکی (شەڕە پشیلەیی) کە خەتی گەنجی بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر بوو، نووسرابوو. ئەمە یەکەمین (وتەی ژمارە)ی یەکەمین ژمارەی ئەم ڕۆشنبیری نوێیە بوو.

ئینجا ئیتر دەی کورگەل ئیش بکەن... دەی ئاو بوەستێ ئێوە مەوەستن. دەی جەعفەر تۆ بەردەوام بەسواری پشتی دوڵدوڵە لاتڤیا، لە نێوان دایەرە و چاپخانەدا ببەرە مەکۆی جۆلا. برۆ هەر (تەکنە) هەڵگرە و دانێ و، هەر پرۆڤەیان لەسەر دەربێنە و، هەر (اعمدە) بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی چاپ بێنەرەوە. دەی سەلاح تۆ هەر (اعمدە) بگرە ژێر دەست و، لەگەڵ جەعفەردا هەڵە ڕاست کەنەوە. بەلام تۆ (زادە) بەو دەست و پەنجە ڕەنگینانەت، نەخشەی ڕازاوە بۆ لاپەڕەکان بکێشە و خەتی جوان جوان بۆ ناونیشانەکان بنووسە. ئینجا تۆ سمکۆ وەرە بەبەهرە گەشەکەت، شوێنی (مۆنتیف)ەکانی نەخشەی زادە بڕەنگێنە. خۆ تۆش ئەنوەر دیارە لەلات ئاشکرایە، کە دەبێ زادەی کۆششی هەموو ئەوانەی پێشوو، لە دوکتۆر ئیحسانەوە بۆ حسێن عارف و بۆ سەلاح و جەعفەر و بۆ زادە و سمکۆ و ، لەگەڵیشیاندا هەموو ئەو شاعیر و نووسەرانەی لە ژمارەکەدا بە شیعر و نووسین بەشدارن، بەوپەڕی شارەزایی و وەستاییەوە لە نەخشەسازیدا بنوێنیت.

دەبێ کارێکی وەها بکەیت کە لەو نواندنەدا، کەسێکیان لێت بەگلەیی نەبێ، یا هەر هیچ نەبێ گلەییی گەورەیان نەبێ.

دەی کورگەل.. ئەمە یەکەمین ژمارەی مەلۆتکەیەکی نوێیە و دەخرێتە کۆشی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە. تکایە بەلای ئەوەدا مەچن کە بڵێین: ئەوەتا ژمارە (سفر)ی لێدراوە و، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئێمە لە سفرەوە دەست پێ دەکەین، دەست پێکردنیش لە سفرەوە مەغزاکەی ئاشکرایە!. نەخێر.. گەنجی بەڕێوەبەرمان قەت مەبەستی لەوە نییە و، خۆی کاتێ ئەم پێشنیازەی ژمارە سفرەی بۆ کردین، بەلای ئەوەدا نەچووبوو. ئێمە هەموومان باشیان دەناسین. گوایە ئەو لەوانەیە کە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی (١٨٩٨) و کۆواری (گەلاوێژ)ی (١٩٣٩) پەڕ بکا و نیازی وابێ کە لەم (ڕۆشنبیری نوێ)یە دەست پێ بکرێ؟هەرگیز نا.

دەسا دەی کورگەل.. دەی سەربازە بێ ناوەکان.. ڕۆژێکە و ئەمڕۆ. با ئێمەش دەستە گوڵی خۆمان وەك کۆمەڵە گەنجێکی شەیدای وشەی کوردیی شەرافەتمەند و سەرفراز، پێشکێش بەنەوەی ئێستا و نەوەکانی داهاتووی ئەم نەتەوەی کوردە بکەین.

نەییسا.. ئێستا وا کات شەوی دە لەسەر یازدەی مانگی یازدەی ساڵی (١٩٧٣)یە. کۆمەڵە گەنجە کوورە هەنگەکە هەموو ئالاونەتە چاپخانەی (الزمان). چاپخانە ئێستا تەنیا چاپخانە نییە، بگر کوورە هەنگێکی پڕ لە هەنگ و هەنگوینە.

- چك.. چچك.. چك.. چچك..

(هەنگ..)

- تم.. ترم.. تم.. ترم..

(هەنگوین..)

هەنگەکان و هەنگوین.. گەنجی بەڕێوەبەر و گەنجەکانی تر و کارمەندانی چاپخانەکە و مەکینەکان.. هەموو لە بزووتندان.. هەموو دێن و دەچن و بەیەکدا دێن. هەمووش دەزانن کۆششی ئەوە دەکەن، کە شانەیەك پڕ لە هەنگوین بکەن و، بە دیاری بۆ کوڕوکاڵانی نەتەوەکەیانی بنێرن.

- چك.. چچك.. چك.. چچك..

-تم.. ترم.. تم.. ترم..

–چك.. چچك..

– تم.. ترم..

تەواو.. لە چاپدانی ژمارەکە تەواو و، ئەوەتا بەدەستمانەوەیە. (ڕۆشنبیری نوێ – ژمارە (سفر) – ١٩٧٣/١١/١١). ئینجا ئەمدیو و ئەودیوی پێ دەکەین. چاو بە لاپەڕەکانیدا دادەچەقێنین. تێی ورد دەبینەوە. ڕاستە کە گەشکە دەمانگرێ. بەڵام بەدەمییەوە بەزەڕەبین. بەدوای هەڵە و چەوتی و کەموکوڕییەکانیدا دەگەڕێین.

لەو ساتەدا من بەشێوەیەکی تایبەتی و بە ئەنقەست، سەرنج لە ڕووی گەنجی بەڕێوەبەر گیر دەکەم. دەمەوێ ناخی بخوێنمەوە و دەشیخوێنمەوە. دەبینم بەخەتێکی (کوفی)ی جوان نووسراوە: (دەك هەزار ڕەحمەت لە گیانی پاکت بەشیر مشیر. وەی هەزار سوپاس و ستایش بۆ کەرامەتی نەمرت بەشیر مشیر!.).

ئەمە هەقایەتی دەرکردنی ژمارە (سفر)ی ئەم کۆواری (ڕۆشنبیری نوێ)یە بوو بۆم کردن، ئیتر منیش هاتمەوە و لە بزەیەکی گەشکەداریی سەر لێوان بەولاوە، هیچی تریان نەدامێ.

کۆواری (رۆشنبیری نوێ) ژ٧٨، ك ١/ ١٩٧٣.

## لە نێوان بەهرە و تاقیکردنەوەدا

نکووڵی لەوە ناکرێ کە شتێك هەیە پێی دەوترێت بەهرە، لە هەر کۆڕ و مەیدانێکی چالاکی ژیانیشدا، جۆرە کەسانێك هەن کە پێیان دەوترێ بەهرەدار. بەڵام ئایا بەهرە چییە و مرۆڤی بەهرەدار لە کوێوەی دێنێ؟ ئینجا پێوەندیی ئەو بەهرە و بەهرەدارییە، بە تاقیکردنەوەوە چییە و تا چ ڕادەیەکە؟ بێگومان ئەمە باسێکی سەخت و ئاڵۆزە و، ئەگەر نیاز لە چوونە بنج و بناوانییەوە بێ و بەوردی باسی لێوە بکرێ، ئەوا مەگەر بە لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ بتوانرێ بە ئەنجام بگەیەنرێ. بۆیە من لێرەدا تەنیا هەروا سەرپێیی وەك بیرێکی ڕاگوزاری لێی دەدوێم، بیروڕای خۆمی لە بارەوە دەردەبڕم.

ئایا بەهرەکە چییە؟ لە وەرامدا دەڵێم: بەڕای من بەهرە بریتییە لە ئامادەبوونێکی خۆڕسکی سەرەتایی لەلای مرۆڤێك، بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی تایبەتی، لە یەکێك لە کۆڕەکانی چالاکیی ژیاندا، کە لە بنچینەدا ئەنجامی گەلێ هۆی بابەتییە و، بێ ئەوەی ئیرادە بەپێی نەخشە یا لە تێگەیشتنەوە دەوری ئاشکرای تێدا نواندبێ، لەلای ئەو مرۆڤە پەیدا بووە. جا ئەگەر ئەم تاریفە بۆ بەهرە و بۆ چۆنێتی پەیدابوونی ڕاست بەجێ بێ، ئەوا دەبێ بڵێین کە بەهرە نە وەحییە و نە مەسەلەیەکیشە زکماك بێ، بگرە سیفەتێکە یا کار و کردارێکە کە لە دوای لەدایکبوونەوە پەیدا دەبێ و، لە ئەنجامی گەلێ هۆی بابەتییانەی ئاڵۆز و شاراوەدا، لای ئەم یا ئەو مرۆڤ، لەم کۆڕ یا لەو کۆڕی چالاکی ژیاندا دروست دەبێ و، ئینجا کاتێ دەرفەتی نواندن و کارپێکردنی بۆ هەڵدەکەوێ (کە دەشگونجا ببڕای ببڕ بۆی هەڵنەکەوتیایە و تا دوا ساتی ژیانی لە خامۆشی و کپیدا بمایەتەوە)، لەلای دەبێتە ئامادەبوونە خۆڕسکییە سەرەتاییەکە.

تائێرە وەها. دوای ئەوە ئینجا دەبێ بپرسین: ئەی ئاخۆ چۆن ئەو ئامادەبوونە خۆڕسکە سەرەتاییە، بەرەو تەقین و نەشونماکردن و خولْقاندن و داهێنان ڕێگا دەگرێتە بەر و، ڕووەو لووتکە دەکەوێتە هەنگاونان؟ وەرام لای تاقیکردنەوەیە. واتە خۆ خستنە بەر تاقیکردنەوەیەکی بەردەوام، لەو مەیدانەی چالاکی ژیاندا، کە بەهرەکەی تێدا لە کایەدایە. بەڵام ئایا مەبەست لە تاقیکردنەوە چییە؟ بۆ وەرامی ئەم پرسیارەش دەڵێم: بەڕای من تاقیکردنەوە کارکردنە بە بەهرە. کۆششی بەردەوامە بۆ لەبرپەنددان

و راهێنان و بەرفراوانکردنی مەودای هێز و توانای بەهرە، لە کۆڕی خوڵقاندن و داهێناندا. هیچ بەهرەیەك بەبێ کارپێکردنی بەردەوام و کۆششی بێ وچان بۆ بردن بەرەو لووتکەی هێز و توانای خوڵقاندن و داهینان، بە ئەنجامی هەقیانەتی خۆی ناگا و، لە وزەیدا نابێ لە سنووری ئامادەبوونە خۆڕسکییە سەرەتاییەکە بچێ بەودیودا، یا ئەگەر بشچێ، قەت لە توانایدا نابێ بگاتە لووتکە یا لێی نزیك ببێتەوە.

بەهرەدارێك و لە پڕێکدا و بێ ئارەقڕشتنێکی زۆر لەگەڵ تاقیکردنەوەدا خۆی لە لووتکە بدا، ئەمە دەشێ و رووی داوە و روو دەدا. بەڵام ئەمە حاڵەتێکی دەگمەنە، مرۆڤی بەهرەدار و هوشیار، ئەگەرچی هەقی خۆیەتی بە ئاواتییەوە بێ، نابێ پشتی پێی ببەستێ و خۆی بۆ هەڵبدا. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە تەنانەت حاڵەتە دەگمەنەکەش، ئەگەر بخرێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەیەکی ورد و چوونە بنج و بناوانێکی لاسارانەوە، ئەوا هەر دەگەینەوە بەو ئەنجامەی کە سەبارەت بە پەیدابوونی بەهرە وتمان. واتە لەم حاڵەتەدا هۆیەکانی دروستبوونی بەهرە، لە دروستکردنی ئامادەبوونە خۆڕسکییە سەرەتاییەکە تێپەڕی دەکەن و، دەیخەنە بەر حاڵەتی تەقینەوەیەکی کتوپڕ و بەتەوژمی ئەوتۆ، کە لە لووتکەی داهێنان و خوڵقاندنی نزیك دەکەنەوە، یا بەو لووتکەیەی دەگەیەنن. گەیشتن بە لووتکە لە پڕێکدا، واتە گەیشتن بە لووتکە لە یەکەم هەنگاوەوە، ئاواتێکە کە هەر مرۆڤێ: دەیخوازێ. بەڵام ئایا ئەمە بۆ هەمووان بەدی دێ؟ هەرگیز نا.

کەوابێ دەبێ مرۆڤی بەهرەدار لە بنچینەدا و وەك بنەمایەکی گشتی، پشت بە تاقیکردنەوە و قاڵبوون لە بۆتەی تاقیکردنەوەدا، بۆ گەیشتن بەلووتکە ببەستێ، نەك بە حاڵەتە دەگمەنەکە. من وەها لە مەسەلەی پێوەندی نێوان بەهرە و تاقیکردنەوە دەگەم. دیارە دەبێ هەبن بە جۆرێکی تری تێ بگەن و، حەزیش دەکەم بیروڕای خۆیانی لەسەر دەرببڕن.

هاوکاری–٥٢٧، ١٩٨٠/٥/٢٦.

## کورد لە پێشەکییەکەی ئیبن خەلدووندا

باسکردن لە پێشەکییەکەی ئیبن خەلدوون، ئەگەر مەبەست لێکۆڵینەوە و لێدوان بێ لە هەموو لایەنەکانی و بگرە تەنانەت لە یەکێکیش لەو لایەنانە، کارێك نییە لە کورتەی وتارێکی وەك ئەمەی مندا بکرێ، بەڵکو مەودایەکی گەلێ فراوانتر و کۆششێکی زۆر زەحمەتتری پێ دەوێ، کە ئەوە لەلایەن پسپۆڕانەوە کراوە. بۆیە من لەم کورتە وتارەدا، مەبەستم تەنیا سەرنجراکێشانی خوێنەری کوردە، بۆ ئیشارەتدانی ئیبن خەلدوون لە چەندین شوێنی کتێبەکەیدا بە کورد و وڵاتی کوردان و، دەهێنێ نەك هەر خوێنەرانمان کتێبەکە بخوێننەوە و لێی ئاگەدار بن، بگرە لەلایەنی ئەو مامۆستایانەشەوە کە وەك پسپۆڕ پێوەندییان بەباسەکەوە هەیە، لێی بکۆڵنەوە و زیاتر بچنە بنج و بناوانییەوە.

ئیبن خەلدوون خۆی کە لە ساڵانی (١٣٣٢ – ١٤٠٦ – ز)دا لە وڵاتی (مەغریب) ژیاوە، لە کۆتاییی کتێبەکەیدا نووسیویە کە لە ناوەڕاستی ساڵی (٧٧٩)ی کۆچیدا لە نووسینی بووەتەوە، واتە (٦٢٢) ساڵ لەمەوبەر. بێگومان ئەم لەمەوبەرییە دوورە بۆ زۆر باس و خواز کە دەستی بۆ بردوون و بیروڕای تایبەتی لەسەر دەربڕیون، بۆ ئەو پێشوەختی و دەستپێشخەرییەکی بلیمەتانە دەگەیەنێ. بۆ نموونە سەبارەت بە مێژوو نووسیویەتی : ″پشتگوێخستنی بارودۆخی میللەتان و بابەتەکانی خەڵك بە گۆڕانی سەردەم و تێپەڕبوونی ڕۆژگار، هەڵەیەکی پڕ لە نەفامییە بەرامبەر بە مێژوو. چونکە بارودۆخی میللەتان و جیهان و داهاتیان و باوەڕ و مەزهەبیان، لەسەر یەك ڕەوت و یەك بەرنامەی جێگیر ناڕوا، بگرە بەپێی ڕۆژگار و سەردەم جیاوازییان تێ دەکەوێ و، لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر دەگوێزرێنەوە – ل/٢٨). یا نووسیویە: ″خاوەنی ئەم هونەرە (مێژوو) پێویستی بەزانینی بنەماکانی سیاسەت و سروشتی ئەو شتانەی هەن و جیاوازیی نێوان گەلان و سەردەمەکان دەبێ، سەبارەت بەرەفتار و ڕەوشت و داهات و باوەڕ و مەزەب و گشت بارودۆخەکان و، شارەزاییش لە بارەی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیەوە – هەمان لاپەڕە″. هەروەها ڕەخنەی لە چەند مێژوونووسێکی پێش خۆی وەك مەسعوودی بەکری گرتووە، لەبەرئەوەی زۆر قسە و باسی پڕوپووچیان بیستووە و، تێکەڵ بە مێژوویان کردوون. لە کاتێکدا مێژوونووس دەبێ درۆ و ڕاستی لە یەکتر جیا بکاتەوە و بزانێ کە:

″مێژوو هەواڵە لە بارەی کۆمەڵگەی مرۆڤەوە، ئەمیش ئاوەدانیی جیهان و ئەو

بـارودۆخـە پـێك دەهـێنـێ، کـە بـەسەر سروشتـی ئـەو ئـاودانـیـیـەدا دادێ، وەك ڕادەی دواکەوتوویی یا شارستانێتی و، پێکهاتەی میللەتان و جۆرەکانی و بەیەکدادانی خەڵکی لەگەڵ یەکتردا، ئەو مەملەکەت و دەوڵەتانەی لە ئەنجامیدا دروست دەبن – ل/ ٣٥".

ئەمە تەنیا نموونەیەك بوو بۆ نیشاندانی باری سەرنجی بەرامبەر بە مێژوو، دەنا زۆریتری لەو بابەتە سەبارەت بە سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارستانێتی و پیشەسازی و زانیاری و لایەنی تر لە کتێبەکەیدا هەن، کە هەریەکەیان بۆ خۆی نموونەی ئەو پێشوەختی و دەستپێشخەرییەن. بەڵێ.. لەو ڕووانەوە وەهایە. بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ کـە لـە ئـیشارەتدانـیشدا بـەکورد و وڵاتی کوردان هـەروەهـا بێ. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: ئەگەرچی لە میاندا ئەو بابەتە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بایەخی تایبەتی خۆی هەر هەیە.

ئیبن خەلدوون هەرچەندە ئەو ئیشارەتدانە بە کورد و وڵاتی کوردان زۆر جار دووبـارە دەکـاتـەوە، بـەڵام سەروبـەر دوو حـاڵـەت دەگـرنـەوە: یـەکـەمـیـان: کـاتـێ لـە جوگرافیای جیهان دەدوێ. دووەمیان: کە لە ڕادەی شارستانێتی و بارودۆخی ئەو سەردەمـەی گـەلان لـەم ڕووەوە دەکـۆڵـێتـەوە. بـۆ یـەکـەمـیـان دەڵـێ: (جـوگـرافـیـای کیشوەرەکانی جیهان هێندەی لەو سەردەمەدا زانراو بوون و بەپێی ئەو سوودەی کە لە کتێبی (نزهة المشتاق)ی بینیوە، کە (العلوی الأدریسی الحمودی) بۆ پاشای سکلیای داناوە، دانانەکەی لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمدا بووە، ئەویش سوودی لە گەلێ کتێبی وەك ئەوەکانی مەسعوودی و ئیبن خەردازبە و حەوقەلی و قەدری و ئیبن ئیسحاق و بەتلیمۆس و زۆریتر بینیوە – ل/ ٥٣ )، دەکرێ بە حەوت هەرێمەوە کە لە باسکردنیاندا لە باشووری جیهانەوە و لە ڕۆژئاوایەوە بۆ ڕۆژهەڵات دەست پێ دەکا. ئینجا هەر یەکێکیش لە هەرێمەکان دەکا بەدوو بەشەوە و، ریز بە وڵات و دەریا و ڕووبار و بیابان و چیاکانەوە دەگرێ، هەریەکەیان بەپێی هەرێم و بەشە هەرێمی خۆی ناو دەبا. بێگومان ئەو بە (٣٨) لاپەڕەی کتێبەکەی (بەپێی چاپکردنی ئێستا)، ئەم باسە تەواو دەکا و بە دوور و درێژی لێی دەدوێ.

ئینجا سەبارەت بە وڵاتی کوردان، پتر لە باسکردنی هەرێمی چوارەم و پێنجەمدا ئیشارەتی پێ دەدا، بێ ئەوەی ناوی بە کوردستان بەرێ، بەڵکو دەڵێ: .. چیاکانی کوردەکان کە دەبەسترێنەوە بە دەوروبەری (ئەسپەهان)ەوە و جێگەی خانووبەرە و هەڵسوکەوتیانە و، بەولایدا خاکی فارسەکانە – ل/٦٣). یا زۆر جار ناوی بە (وڵاتی جزیرە.. جزیرەی ئیبن عومەر – ل/ ٦٩، ٦٨، ٦٧)دێنێ. یا دەڵێ: بەڵام پارچەی

ڕۆژئاوای – بەشی شەشەمی هەرێمی چوارەم ح. ع – شاخێکی دێتە ڕێ کە لە شاخی عەجەمەکانەوە دەست پێ دەکا، بەرە و ڕۆژهەڵات تا کۆتاییی بەشەکە درێژ دەبێتەوە و، پێی دەوترێ شاخی شارەزوور – ل/٦٩).

یا نووسیویە: ( لە پارچەی بچووکی دووەمدا، سووچێکی وڵاتی ئەرمەنەکانە کە خوارەوەی مەراغە و چیای عێراقە و پێی دەوترێ – باریا – و کوردەکانی تێدا نیشتەجێن و، بەرامبەری دەوەستێتەوە و زابی گەورە و زابی بچووکیش دەکەونە پشتییەوە – ل/٧٠). یا دەڵێ: (لەوێدا مەراغە هەیە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی چیای کوردانەوە، بەم چیایە دەوترێ ئورمێ، وەك لە بەشی شەشەمدا ئیشارەتی پێ درا – ل/٧٤). دوا جار دەڵێ: (وڵاتی – الأبواب – لە باشوورییەوە و بەلای ڕۆژئاوادا، بە وڵاتی ئەرمینیاوە بەستراوەتەوە و، لە نێوانی ئەوان و ئازربایجانی باشووردا بەلای ڕۆژهەڵاتدا، وڵاتی – زاب –ە– ل/٧٥). هەروەها چەند جارێکیش بەهەمان دەستوور، هەر لەو لاپەڕانەدا ناوی مەرعەش و مەلاتیە و ئامەد– دیاربەکر – و میافارقین و شارەزوور و ورمێ)ی بردووە و، شوێنیانی لە هەرێم و بەشە هەرێمی چوارەم و پێنجەمدا دەستنیشان کردووە.

بۆ دووەمیشیان، واتە لە حاڵەتی کۆڵینەوە لە ڕادەی شارستانێتی ئەو سەردەمەدا، گەلان دەکا بە دوو بەشەوە و نووسیویە: (تۆ دەبێ بزانیت کە جیاوازی نێوان نەوەیەك و نەوەیەکی تر، لە جیاوازی شێوەی دەستکەوتیاندایە بۆ ژیان – ل/١٢٠). یەکەمیان ناودەبا بە دواکەوتوو. دووەمیان بە پێشکەوتوو یا شارنشین. لەبارەی یەکەمیانەوە دەڵێ: (تێیاندا هەیە فەلاحەت دەکەن وەك باخەوانی و کشتوکاڵ، تێیانیشدا هەیە بە ئاژەڵەوە خەریك دەبن وەك مەڕ و مانگا و بزن و هەنگ و کرم... جا ئەوانەی بە فەلاحەت و ئاژەڵەوە خەریك دەبن، بەناچاری تووشی حاڵەتی بەداوەت (بەدوی عەرەبی – ح. ع) دەبن، چونکە بە پێچەوانەی شارەکانەوە، بەری بۆ کێڵگە و کشتوکاڵ و لەوەڕگا و لەم بابەتانە فراوانە. ئەمەش وایان لێ دەکا کە گردبوونەوە و هەرەوەزکردنیان بۆ پەیداکردنی پێویستی و دەستکەوت و ئاوەدانی، تەنیا هێندەبێ کە مانەوەیان لە ژیاندا مسۆگەر بکا – هەمان لاپەڕە). لە بارەی دووەمیشیانەوە دەڵێ: (ئینجا وەختێ ئەمانە باری ژیانیان باش دەبێ و، سەروو ڕادەی پێویستیی خۆیان دەوڵەمەند دەبن، ئەوە هانیان دەدا کە خوازیاری خامۆشی و هێمنی و، گۆڕینەوەی شتی زیاد لە پێویستیان و، زۆرکردنی خۆراك و پۆشاك و هونەرکاری تێیاندا و،

فراوانکردنی خانووبەرە و شار و وڵات دروستکردن و ڕوو لە شارستانێتی بن). ئیتر لە دێرەکانی دواتردا وا باس دەکا، کە بەردەوام زیادەخوازی لەو شتانەدا، وردە وردە دەگاتە لووتکەی ڕازاندنەوەی ژیان بەجۆرەها شێوەی خۆشگوزەرانی و، ئەوسا خەڵکەکە: (هەندێکیان ژیانی خۆیان بەندی پیشەسازی دەکەن، هەندێکی تریان بازرگانی و، کە دیارە دەسکەوتی ئەمان زۆرتر و ژیانیان خۆشتر دەبێ لە خەڵکی بەداوەتەکە، چونکە لە پێویستی خۆیان تێپەڕ دەکا – ل/ ۱۲۰ ، ۱۲۱).

ئەوەی خستمە پێش چاو، پوختەی باری سەرنجی ئیبن خەلدوونە سەبارەت بەڕادەی شارستانێتی ئەو سەردەمەی گەلان کە ئەوی ڕاستی بێ، ئەو لە کتێبەکەیدا زۆر بە دوور و درێژی و بەزۆر بار و لایەندا لێی دەدوێ و دەکۆڵێتەوە. جا بێگومان ئێمە لێرەدا ئەوەمان مەبەستە بزانین، کە ئاخۆ کورد لەم ڕووەوە لەلای ئەو، لە چ خانەیەکدا دانراوە؟. دیارە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نابێ ئەگەر بڵێین: لە خانەی مەڕومالات بەخێوکردن و فەلاحەتدا دانراوە و، دوا جار بەداوەت و دواکەوتوویی. ئەو ئەگەرچی تەنیا وەك نموونە لە پاڵ گەلانێکی تردا ئیشارەت بە کورد دەدا (ل/ ۱۲۱، ۱٤٥، ۲۷۱)، بەڵام درێژەی باسەکانی دووتوێی ئەو لاپەڕانە و، زۆربەی لاپەڕەکانی تریش کە ناوی کوردیان تێدا نابا، دەیگرێتەوە و ئەمە ڕاستییەکە و زانایەکی سەردەم و ڕاستگۆ لەگەڵ سەردەمی خۆیدا (٦۲۲ ساڵ لەمەوبەر) تۆماری کردووە و بە مێژووی سپاردووە.

تێبینی:

دوای نووسینی ئەم کورتە وتارە، هەلی بینینی هەر حەوت بەرگەکەی مێژووەکەی ئیبن خەلدوونیشم بۆ هەڵکەوت، کە برام دوکتۆر محەمەد نوری عارف ئاگەداری کردم، کە لە کتێبخانەی زانکۆی سەلاحەدین هەن. بەڵام هێندەم پێ کرا، کە هەروا سەرپێیی سەرنجێك بدەمە فەهرەستەکانیان و، سەیرێکی ئەو لاپەڕانە بکەم کە ناوی کوردی تێدا بردوون و، ئیتر وام هاتە بەر زەین کە باسکردنی لە کورد، تەنیا بەدەم باسکردنی ڕووداوە مێژووییەکانی ناوچەکەوەیە، لە فەتحی ئیسلامییەوە هەتا سەردەمی خۆی و، بەتایبەتی لە ڕووداوەکانی شەڕۆشۆڕدا.

هیوادارم هەبن هەم بە وردی و هەم بە دوور و درێژی، پێشەکییەکە و مێژووەکەش بخوێننەوە و لێی بکۆڵنەوە.

کۆواری (ئۆتۆنۆمی) – ژ؟/ ۳ / ۱۹۸۳.

## له چلەی سێ هاوڕێی دێرینمدا

### بۆ جەلالی میرزا کەریمی شاعیر

بەڕێزان...

بێگومان زۆر زۆرن ئەوانەی بە درێژاییی ڕۆژگار دێنە دنیاوە و لێی دەردەچنەوە. بەڵام زۆر کەمن ئەوانەی کاتێ لێی دەردەچنەوە هیچ نەبێ جێ پەنجەیەکیانی پێوە دەمێنێتەوە و یادگارێکی بۆ نەوەکانی دوای خۆیان تێدا جێ دەهێڵن.

هاوڕێم جەلالی میرزا کەریم چ وەك مرۆڤێکی تێکۆشەر لە پێناوی بیروباوەڕێکدا و چ وەك شاعیر و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسێکیش یەکێکە لەو کەمەی کە هەردەم وەك ئەستێرەیەکی گەش لە یادی نەوە لە دوای نەوەی گەلەکەماندا دەدرەوشێتەوە. ئەمە ڕاستییەکە و داستانی ژیانی خۆی دەیسەلمێنێ کە من رەنگە تەنیا چەند لاپەڕەیەکم ئاگا لێ بێ و لەم بۆنەیەدا وەك چەند سەرەقەڵەمێك بیانخەمە بەرچاو. چەند لاپەڕەیەك کە هاوشان ڕۆژ و مانگ و ساڵانی تەمەنمان پێکەوە بەکۆڵەوە گرتووە و لە خۆشی و ناخۆشی و پێکەنین و گریان و شادی و خەمباری و سەرکەوتن و شکستی هێنانەوە پێکەوە بەکێشمان کردوون.

ئەوەتا خۆمان دەبینم بووینەتە دوو هاوڕێی سەرەتای تەمەن. دوو لاو و کوڕ واتە بۆنی شیری خاو لە دەممان دێ.. دوێنێ پێرێ یەك پلەی خوێندنی سەرەتاییمان بڕیوە و هاتووینەتە پلەی ناوەندییەوە، کەچی ئەرکی هەرەس پێهێنانی دنیایەك و بنیاتنانی دنیایەکی ترمان لە جێگەی لە ئەستۆ گرتووە. ئەوەتا هاوڕێم جەلال دەبینم هەر ڕۆژێك کە دەچێتە قوتابخانە، خەمی گەورەی دواندنی ئەم هاوەڵ یا ئەو هاوەڵێتی تا بیروباوەڕەکەی خۆی پێ ڕابگەیەنێ و لەگەڵ خۆیدا بیخاتە سەر ڕێگەی سەختی تێکۆشان. یا ئەوەتا لە عەسرەکەیدا دەیبینم خۆی دەکا بەیەکێ لە کۆڵانەکانی گەڕەکێکی شارد ا، دوای دڵنیابوون ئاودیوی دەرگەی خانوویەکیان دەبێ، ئیتر زۆری پێ ناچێ کۆڕی گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی هەرەس پێهێنانەکەی ئەم دنیا و بنیاتنانەکەی ئەو دنیاکەی تر گەرم دەبێ. یا ئەوەتا دەیبینم شەوەکەی دەوری بە کاغەزی تەنك و کاربۆن و قەڵەمی کوپیێ تەنراوە و لەبەر کەمی توانای چاپەمەنی، تا خەو دەیباتەوە هەر دەنووسێتەوە و دەنووسێتەوە. دوا جار ئەوەتا دەیبینم

بەرەبەیانێکی زووی پێش مەلابانگدانە و ئەو بندەستێك بەیاننامەی سەبارەت بە هەرەس پێهێنان و بنیاتنانەوەکەی پێیە و بە کووچە و کۆڵان و سەرشەقام و ناو بازاڕەکانی شاریدا بڵاو دەکاتەوە. ئینجا ئەم جاریش ئەوەتا بۆ ڕۆژی دوایی دەیبینمەوە، لە قوتابخانە قۆڵی لە قۆڵی هاوەڵێکی تریدایە و هەوڵ دەدا مرۆڤێکی تر بخاتە سەر ڕێگە سەختەکەی تێکۆشان.

بەڵێ.. هاوڕێم جەلالی لاو، بیست و چوار سەعاتەکەی شەو و ڕۆژی ئەو تەمەنە فەریکەی خۆی وەها دەخستە قەبەڵی تێکۆشانەوە. بیست و چوار سەعاتی پڕاوپڕ لە خەباتی سیاسی و حزبایەتی و ئەوە دەبوو وەها بگەیەنێ کە نەپرژێتە سەر بیرکردنەوەی لادان بەلای هیچ جۆرە چالاکییەکی تر لە ژیاندا. بەڵام وەها نەبوو. هەر شانبەشانی و هەر لەو تەمەنە زووەشدا، مەیلە ڕەسەنەکەی بۆ ئەرکە ڕەسەنەکەی کە دەبوو بیگرێتە ئەستۆ و پتر خۆی بۆ تەرخان بکا، سەری لێ هەڵدا و خۆی نواند. ئەوەتا وەك دوێنێ لە بەرچاومە و خۆمان دەبینم، دوو قۆڵی شانمان داوەتە بەر جێبەجێکردنی ئەرکێکی هەم مرۆڤپەروەری و هەم ڕۆژنامەگەریی ساکار. تەنیا دوو قۆڵی و تەنیا وەك زەفەر پێبردنێکی خودی خۆمان بە خولقاندن و داهێنان لە بواری خستنەکارەوەی بیروباوەڕەکەمان، ئەوەتا وەك لایەنە مرۆڤپەروەرییەکە دۆستایەتیمان لەگەڵ ژمارەیەك لە حافزە بێ چاوەکانی شاردا پەیدا کردووە و لە ڕێگەی خەتی (برایل)ەوە کە جۆرە نووسینێکی تایبەتە بەوان، فێری خوێندنەوە و نووسینیان دەکەین کە ئەگەر درێژەی باسەکە بگێڕمەوە خۆی لە خۆیدا داستانێکی لێ پێك دێ. ئینجا ئەوەتا خۆمان سەرقاڵی دەرکردنی کۆوارێك بەدەستخەت کردووە سەبارەت بەوان بۆ چاوساغان بە ناوی (ڕووناکی)یەوە. دیارە ئەمە یەکەم چەکەرەی ئارەزووکردنی هەردووکمان بوو بۆ ئیشکردن لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٣ یا ١٩٥٤.

ئینجا نۆرە دێنمە سەر ئەلبوومی وێنەکانم. ساڵ هەر (٥٣ و ٥٤)ە. ئەوە (چەقڵاوە)یە هەم سەیرانگا و هەم بارەگامانە و ئەوە هاوڕێم جەلالە کە بەشدارێکی بەردەوامی گشت سەیرانەکانە. بەڵێ.. هەم بۆ سەیران دەچین و هەم لەوێ هەموو جارێك سیمینارێك ساز دەکەین بۆ جۆرەها چالاکی ڕۆشنبیری کە ئەو هەردەم کارسازێکی چالاکێتی، لەسەر ئەم وێنانە ڕادەوەستم. لەوە دەکەون تەنیا وێنە بن دەبنە دیمەنی زیندوو زیندوو. دەبنە من و جەلال و جەلال و یەك بەیەکی هاوڕێیانی لەمەڕ سەیرانگا

و بارەگای (چەقڵاوە). دەبنە جەلال و ئێمە و (چەقڵاوە)ی پڕاوپڕ لە ژیان. ڕۆژ و مانگ و ساڵ دەسوورێن و بەرەو دوا بەرگرتن و بەندکردن دەکەوین. من لە (شوعەیبە)ی هەم بەندیخانە و هەم سەربازگەی شێوە گرتووخانە توند دەکرێم. ئا.. ئەوەتا من لەوێم و ڕێگای گڕوگاڵکردنی نووسین و بڵاوکردنەوەم گرتووەتە بەر و دووسێ وتارێکم لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاو دەبێتەوە. کەچی ئەوەتا لە ناکاوێکدا نامەیەکم لە هاوڕێم جەلالەوە پێ دەگا. دەبینم نامە لە شارۆچکەی (بەدرە)ی شوێنی دوورخراوە سیاسییەکانەوە هاتووە. کە دەشیخوێنمەوە دەبینم نامە لە ئەدەب بەگشتی و لە وتارە بڵاوکراوەکانم بەتایبەتی دەدوێ. کەواتە ئەویش ڕێگەی گرتووەتە بەر.

دیسان ساڵ دەسووڕێ و وا وەرچەرخانە گەورەکەی تەمووزی (١٩٥٨)ە. وا لەگەڵ هاوڕێم جەلالدا لە سلێمانی یەکدگیر دەبینەوە و وا هەمدیس و بگرە بەپەرۆشترەوە، ڕێگەی هەرەس پێهێنان و لە نوێ بنیاتنانەوەکەمان گرتووەتەوە بەر. ئەوەتا دەبینم کڵپەیەکە لە چالاکی، سرەوتی بۆ نییە. تەنانەت ئەوەتا شانبەشانیش، چەکی قەڵەمی خستووەتە کار و دەنووسێ و بگرە ئەرکی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکیشی بۆ قوتابییان لە ئەستۆ گرتووە.

لە گەرمەی ڕووداوەکانی وەرچەرخانە مەزنەکەدا، من فرسەت لە خوێندن دێنمەوە و خۆم دەگەیەنمە پلەی دانشگا. بەڵام مخابن ئەو ئەم هەلەی بۆ نارەخسێ. لەوە بەدوا ئیتر ڕۆژگار بۆ چەند ساڵێك لە یەکتر دابڕمان دەکا. کە من بۆ خوێندن دەکەومە بەغدا، ئەو هەر لە سلێمانییە. کە من دێمەوە سلێمانی ئەو دەکەوێتە بەغدا. بەڵام لە ئەنجامدا منیش دەکەومە بەغدا و لەوێ سەرلەنوێ یەك دەگرینەوە کە لێرەوە ئیتر هاوڕێم جەلال وەك شۆڕەسوارێکی مەیدانی ئەدەب و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری دەبینم.

ئەوەتا دەیبینم بووەتە سکرتێری نووسینی کۆوارێکی ئەدەبی و لە یەکەم ژمارەیەوە جێ پەنجەی ڕەنگینی خۆی تێدا دەنەخشێنێ. ئەوەتا ڕۆژانەش یەکتر دەبینین و لەگەڵ هاوڕێیانی ئازیز کاك شێرکۆ بێکەس و کاکە مەم بۆتانی کە ڕێکەوت هەر لەو ماوەیەدا ئەوانیشی هاویشتووەتە ناو بەغداوە، کۆڕی گفتوگۆی ئەدەبی ڕۆشنبیری بۆ خۆمان گەرم دەکەین. ئەوەتا دەیهێنمەوە بەرچاو و خۆمان دەبینم کە جارجارێك هاوڕێی ئازیزمان کاك جەمال شارباژێڕیش دەبووە پێنجەممان، سەعات و دوو سەعات و سێ سەعات و زیاتریش، وەك هەریەکەمان کانییەکی ئەدەب و ڕۆشنبیری بووبێ و ساڵەهابێ بەری لێ گیرابێ و دەستێکی تەلیسماوی لە ناکاوێکدا بەری بەرەڵا

کردبێ، هەر دەدواین و هەر دەدواین و کۆتایی بە لێشاوی لێدوانمان نەدەهات. تا لە ئەنجامدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئێمە دەوروخولی گۆمێکی مەند دەدین و دەبێ بەردێکی تێ بهاوین و بیشڵەقێنین.

بەڵێ.. ئەوەتا بەردەکەمان ئامادە کردووە. بەڵام کێ ڕێگە بۆ هاویشتنەکەی خۆش دەکا؟.. کێ بواری بۆ دەسازێنێ؟دەبێ لە جەلال بەولاوە کێی تر بێ؟. ئەو بەردەکەی بەسەر سنگییەوەی گرت و چوو هاویشتییە ناو گۆمەکەوە. ئیتر لەو ساتەشەوە هاوڕێمان جەلال بووە کۆڵەکەیەکی بنچینەیی بزووتنەوەی ڕوانگە و قورساییی بەشێکی گەورەی ئەرکەکە بەسەرشانی ئەوەوە بوو. ئەو بووە کارگێڕی بنکە و بارەگای ڕوانگە. ئەو بووە ڕێگە خۆشکەری بڵاوکردنەوەی بەرهەم. ئەو ڕێگەی نەجەفی بۆ دەرکردنی کۆوارەکەمان دەگرتەبەر. بە کورتی ئەو بووە خەمخۆری گەورەی ڕوانگە.

دیسان ساڵ دەسووڕێ. ئەژدیهایەکی حەوت سەرمان لێ پەیدا دەبێ. ڕاومان دەنێتە سەر ترۆپکی چیاکان. لەوێ» دەست لە یەخەمان بەرنادا. لەگەڵ هاوڕێم جەلالدا لە یەکتر دابڕمان دەکا. ئەو لەوپەڕی دنیا دەگیرسێتەوە و من لەمپەڕی. حەڤدە ساڵی ڕەبەق لە گێژاوی خەمی دوورە وڵاتیدا لوول دەخوا و حەسرەت دڵی دەپروێنێ. بەڵام ئەو حەسرەتەی لەوپەڕی دنیایە لەگەڵ خۆی نەناشت. بەڵکو هاتەوە لە مەڵبەندەکەی لە دایکبوونیدا، بەدەم خەندەی شادبوون بە ئازادی و سەربەستییەوە، دوا هەناسەی دا.

دوا جار دەیڵێمەوە.. زۆرن ئەوانەی دێنە دنیاوە و لێی دەردەچنەوە. بەڵام کەمن ئەوانەی کە لێی دەردەچنەوە جێ پەنجەیەك لە دوای خۆیان بەجێ دێڵن و هاوڕێشمان جەلالی میرزا کەریم یەکێکە لەو کەمە و لە یادی نەوە لە دوای نەوەی گەلەکەماندا دەژی.

## بۆ فەرەجی ئەحمەد بەگ

بەڕێزان..

بێگومان لە ماوەی ژیانی هەر یەکێکماندا، زۆر مرۆڤی ئازیز و خۆشەویست جێمان دێڵن، کە ئیتر بۆ هەتاهەتایە نایانبینینەوە. ئەوانە هەریەکەیان، لاپەڕەیەك لە دەفتەری بیرەوەریماندا داگیر دەکا، تا لە ژیاندا بین بەیناوبەین دێتەوە بەرچاو و بەر زەینمان. بەڵام کەم لەو مرۆڤە ئازیز و خۆشەویستانە، لاپەڕەیەکی تایبەتی و دەگمەن لە دەفتەرەکەدا داگیر دەکەن، بەشێوەیەکی تایبەتی و دەگمەنیش، دێنەوە بەرچاو و بەر زەین و بیر و هۆش. ئەمەش مەسەلەیەکە کە سەرچاوە زیاتر لە ڕادەی بەهێزی و پتەویی پێوەندییە مرۆڤایەتییەکەوە دەگرێ، وەك لە پێوەندیی فرزەندی و خزمایەتی و خوێن تێکەڵاوی.

هاوڕێی تەمەنم کاك فەرەج، کە نایەتە بیرم ڕۆژێك لە ڕۆژان بەبێ ئەو وشەی کاکە دواندبێتم، یەکێکە لەو مرۆڤە ئازیز و خۆشەویستانەی، کە ئەو لاپەڕە تایبەتی و دەگمەنەی لە دەفتەرەکەدا بەردەکەوێ. دیارە ئەوەش هەروا لە خۆوە و بەبێ هۆ نەبووە، بگرە بەرهەمی کار و کردەوە وجۆری ڕەفتار و گفتار و، شێوەی هەڵسوکەوتی خۆیین، کە لە درێژاییی ڕۆژ و مانگ و ساڵانی ژیانیدا، ڕەنگیان داوەتەوە و درەوشاونەتەوە. منێك کە لە تەمەنی چواردە پازدە ساڵییەوە، کاتێك هەردووکمان لە شوعبەی (جیم)ی پۆلی یەکەمی قوتابخانەی سانەویی سلێمانیدا یەکترمان ناسی و، هەتا دوا ساتەکانی ژیانی کە دەکاتە نیو سەدە و سێ ساڵیش لە پاڵیدا، هاوڕێیەتی گیانی بە گیانیمان بەردەوام بووبێ، مەگەر بە جەستە لە ئەنجامی زیندانیکردن و ڕاوەدوونان و دەربەدەبەری و چەرمەسەرێی ژیاندا لە یەکتری دوور کەوتبینەوە، دەنا بەهەستونەست و بە گیان بەسات لە یەکتر دانەبڕایین، دیارە دەبێ باشی بناسم و، لە تواناشمدا هەبێ باشی بناسم، کە لێرەدا بوار تەنیا هێندە هەیە لە بارەیەوە بڵێم:

*هاوڕێی تەمەنم کاك فەرەج، تێکۆشەر و خەباتگێڕێکی ڕۆژگارە سەخت و ستەمەکان بوو. هاوڕێم لە پێناوی ئامانجێکدا دەجەنگا، کە لە بەرەبەیانی مێژووەوە خواست و هیوا و ئاواتی مرۆڤایەتی بووە و هەتا ئەم سەردەمەش، کە بنبڕکردنی سیستمی چەوساندنەوەی مرۆڤە لەلایەن مرۆڤەوە.

* هاوڕێم کاك فەرەج، خاوەنی ئەقڵی خۆی و هەڵوێست و بیروڕای تایبەتی خۆی بوو، سەبارەت بە ژیان و ئینسان و، کۆی لە دەربڕین و ڕاگەیاندنیان بەسەربەستی نەدەکردەوە.
* هاوڕێم مرۆڤێکی خاوەن ویژدان و ڕاستگۆ و قسە لەڕوو بوو. درۆ و فیشاڵ و بوختان و پاشەملە لە فەرهەنگیدا نەبوون.
* هاوڕێم دڵ و دەروون پاك و، بێ غەش و غایلە و، بێ پێچوپەنا بوو. بوغز و ڕقوکینە و غەزەبی لە خۆ نەدەگرتن.
* قسەخۆش و حازر بەدەست و سەروزمان شیرین.
* بێوەی و هێمن و لەسەرخۆ.
* بەوەفا و چاکە لە بەرچاو.
* ڕۆشنبیر و خوێنەرێکی ئاسۆ فراوانی عاشق بە کتێب و کۆوار و ڕۆژنامە.
* دوا جار خاوەنی عیزەتێکی نەفسی بالآبالآ. هەڵپەی پلەوپایە و پارەوپوول و ساماندارییی نەدەکرد لە ناخەوە قەناعەتی بەو ژیانە ساکار و سووکەڵەیە هەبوو، کە هەتا دوا ساتەکانی ژیانی لەسەری بەردەوام بوو.

بەڵێ.. کاك فەرەجی هاوڕێی تەمەنم، سەربەرزانە ژیا و سەربەرزانە ماڵآواییی کرد.

بەڕێزان..

خۆشەویستانی من و هاوڕێشم کاك فەرەج.. لێم ببوورن کە وتەکەم بەرلەوەی ببێتە وتەی هاوڕێیەکی سەرپەرشتکاری ماتەمەکە، بووە وتەی هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی تەمەنی ماتەم بۆ گیراو. بەڵآم وا ئێستا بەناوی برایان ئەندامانی لیژنەوە، پڕ بەدڵ بەخێرهاتنتان لێ دەکەم و بەگەرمی سوپاسگوزاری ئامادەبوونتانم، کە دەزانم لە ئەرك و ماندووبوون بەدەر نییە، کە دەشزانم هاوسۆزیتان لەگەڵماندا بۆ زیندووڕاگرتنی یادی ئەو مرۆڤە مرۆڤپەروەرە، بەر لە هەر شتێکی تر بۆ ئامادەبوونتان هانی داون.

سوپاس بۆ ئێوە و بۆ هەموو ئەوانەی، بەشدارییان لە سازدانی ئەم یادەوەرییەدا کردووە. نەمری بۆ گیانی پاك و بێ گەردی خۆشەویستی هەمووان، کاك فەرەجی هاوڕێی من و هەمووان.

## بۆ حەمە عەلی مەدهۆشی شاعیر

خوشکان.. برایان..

چل ساڵ لەمەوبەر، بۆ یەکەم جار دۆستایەتیم لەگەڵ مەدهۆشدا پەیدا کرد. لە چڵ ساڵ لەمەوبەرەوە، لە نزیکەوە مەدهۆشی مرۆڤم ناسیوە. ئەگەرچی لەو ماوەیەدا چەند جارێك و جاری وا بووە بۆ چەند ساڵێکیش لە یەکتری دوور کەوتووینەتەوە، بەڵام هەردەم بەدڵ و دەروون و بەیاد و یادگار لەگەڵ یەکتردا بووین و لە ئەنجامیشدا یەکترمان هەر گرتووەتەوە.

چل ساڵی ڕەبەق دۆستایەتی و لە نزیکەوە ناسین و لە ئەنجامیدا دەڵێم: مەدهۆش یەکێك بوو لە مرۆڤە پەپوولە دەگمەنەکانی ئەم ژیانە سەخت و جەنجاڵە. لەو ڕۆژەوەی ناسیم تا ئەو ڕۆژەی ماڵئاوایی لێ کردین، لە بەرچاوی من.. لە زەین و لە بیرەوەری مندا هەر ئەو مرۆڤ پەپوولەیە بووە. ڕۆژگاری خودی خۆی و دەوروبەریشی هەرچی و هەرچۆنێك بووبێ، ئەو هەر ئەو بووە. ئەوی بیرپاك.. وتە و دەم و دوو پاك.. کردار و ڕەفتارپاك. ڕوویەکی خۆش و سەروزمانێکی شیرین. دەم بەخەندە و بە پێکەنینێکی نزم و لەسەرخۆ. عاشقی قسەی خۆش و باس و خوازی بەتام و چێژ.

مرۆڤێکی هێمن هێمن.. قسەکەر لە جێی خۆیدا و گوێگر لە جێی خۆیدا. کەس دیویەتی تووڕە بێ؟. من بەش بەحاڵی خۆم نەمدیوە. کەس لێی بیستووە ناوی ئەم و ئەوی بەخراپی بەسەر دەمدا بێ؟. من لێم نەبیستووە. بوغز و ڕقوکینە لە دڵی مەدهۆشدا جێی نەدەبووەوە. غەیبەت و زەم و زەمکاری لە قامووسی ئەودا نەبوو. قسەی ناشیرین و نابەجێی لە زار نەدەهاتە دەرەوە.

بەڕێزان..

ئایا مرۆڤێکی مێشك و دڵ و دەروون و زمان زێڕینی ئا ئاوەها، ئەگەر ببێتە قەڵەم بەدەستێکیش و قەڵەمەکەی بۆ نووسینی شیعر و ئەدەب بخاتە گەڕ، دەبێ چ جۆرە بەرهەمێکی پێ بەدەستەوە بدا؟. هەر بەرهەمەکانی خۆی لە وەرامدا دەڵێن:

شیعر و چیرۆکی ناسك ناسك.. جوان جوان.. ڕوون ڕوون و گران و گرانبەها وەك دڵ و دەروونی خۆی. وەك ڕەوشت و ڕەفتاری خۆی.. وەك بیرو کردەوە و کرداری خۆی. مەدهۆشی شاعیر و چیرۆکنووس، هەر مەدهۆشە مرۆڤە دەست و دەم و دڵ و دەروون

پاك و بێ گەردەكەیە. هەر ئەمەشە كە بۆی دەبێتە یەكێك لە هۆیەكانی گەورەیی ئەو وەك شاعیر و چیرۆكنووسێك و بۆی دەبێتە مایەی نەمری لە مێژووی ئەدەب و رۆشنبیری نەتەوەكەماندا. مەدهۆش چۆن لە ژیاندا هەڵسووڕاوە.. چۆنی كردار و رەفتار كردووە.. چۆن دواوە و چۆن بیری كردووەتەوە، هەروەهاش.. بەڵام وەك هونەرمەندێكی خۆڕسكی لێهاتووی بێ فیزلێدان و لووتبەرزی.. بێ خۆبردنە پێشەوە و خۆ دەرخستن، بووەتە شیعر و بووەتە چیرۆك. بووەتە [دڵی كوران و دڵی كچان و یانەی دڵان]. بووەتە [دڵ و گوڵ و سەرگوڵ و نەریمان چی لێ هات].

مەدهۆش بۆ هەتاهەتایە لە دڵی كوڕان و كچانی نەتەوەكەماندا دەژی. شیعرەكانی هەردەم دەبنە یانەی دڵانی كوڕان و كچانی نەوە لە دوای نەوەی گەلەكەی. بگرە بە خوێندنەوەیان، دڵانی پیرانیشیان دەگەڕێننەوە بۆ ڕۆژانی پڕ بەزمی كوڕێنی و كچێنی.

هەزاران سڵاو لە گیانی بێ گەردی مەدهۆشی پەپوولە مرۆڤ و پەپوولە شیعر و پەپوولە چیرۆك.

# وتاری وەرگێڕدراو

## ئەندێرا گاندی

## سەبارەت بەئەدەب و ئەدیبان دەدوێ

تێبینی:

لەو وتارەیدا کە لە کۆبوونەوەی دەستپێکردنی کۆنگرەی چوارەمی نووسەرانی ئاسیا و ئەفەریقا، کە لە ساڵی (١٩٧٠)دا لە (نیودەلهی) پایتەختی هیندستاندا خوێندییەوە، لە زۆر شوێنیدا بیروڕای ئەوتۆی لەبارەی ئەدەب و ئەدیبانەوە دەربڕیوە، کە دەهێنێ لەبەرئەوەی سەرۆك وەزیرانی وڵاتێکە، بخرێتە بەرچاوی نووسەران و ئەدەبدۆستان و خوێنەرانی لای ئێمەش. بۆیە وا لێرەدا پوختەیەکی وتارەکە دەکەم بە کوردی و بڵاوی دەکەمەوە.

(ح. ع)

شاعیر و نووسەران، بەوردبینی و دوور ڕوانین و قووڵی و ناسکی هەستونەستیان، لە مرۆڤانی تر جیا دەکرێنەوە. وتەی نووسراو هەردەم کارێکی گەورەی کردووەتە، سەر بیر و هۆشی مرۆڤایەتی و ڕادەی هۆشمەندی و زانستیانی بەرز کردووەتەوە. شاعیران و نووسەران لە توانایاندا هەیە، کە دەربڕی قووڵترین هەست و هۆشی ئادەمیزاد و، لە ڕووخەری بەجۆشترین حەز و ئارەزووەکانی بن. هەروەکو ئەوانن کە لە ئەنجامدا، دەبنە ئاوێنەی بیروباوەڕ و خواست و ئامانجەکانی گەل.

***

نووسەران زۆر جار بوونەتە پێشەنگی دەربڕینی ناڕەزایی و، هەردەم لە ڕووی بێگانەی داگیرکار و زۆردارانی ناوەخۆدا، دەنگیان زوڵاڵ بووە. لە هیندستانی ئێمەشدا، گەلێ لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازیمان، لە ڕیزی نووسەرە بەرزەکانمدا بوون. زۆرتریشیان دۆستایەتییەکی پتەویان، لەگەڵ نووسەران و شاعیراندا هەبووە. ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە، چونکە ناتوانرێ بەبێ کۆششێکی فراوانی ڕۆشنبیری، هیچ گۆڕانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدی بهێنرێ.

***

چ بیروباوەڕ و چ کردار، پێویستە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی وردی هێزە

کۆمەڵایەتییەکاندا دیار بکرێ. سا هەر لەو ڕێگەیەوە لە فەڕەنسادا سەرکردەکانی شۆڕش و، لە رووسیادا لینین و گۆرکی، لە هیندستانیشدا تاگوور و گاندی و نەهرۆ هاتنە کایەوە. بەم پێیە لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا هەتا ئێستاش، هەردوو کۆششکاران، ئەوەی بە کردار و ئەوەی بە بیرکردنەوە، لە یەکتر جیا نەبوونەتەوە و نابنەوە.

***

زۆر جار ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، کە ئایا نووسەران پێویستە لە سیاسەتدا کار بکەن یان نا؟. بەڕای من لە هەردوو حاڵەتدا، مەسەلەکە پتر پێوەندیی بە نووسەران خۆیانەوە هەیە. سیاسییەکان هەقی ئەوەیان نییە، بڕیاری بۆ دەربکەن. چونکە نووسەران بە تەبیعەتی حاڵ، کار لە سیاسەتدا بکەن یا نەیکەن، ناتوانن خۆیان لەو جەنجاڵی و بەیەکدادانە توندوتیژە بەدوور بگرن کە لە ژیاندا هەیە. ناتوانن خۆیان لە خۆشی و بەختیاری، یا خەم و پەژارەی مرۆڤەکانی دەوروبەریان گێل بکەن. ئەی ئەگەر نا، چ بابەتە ئەدەبێك دەنووسن و بۆ کێ؟.

نووسەران لە هیندستاندا لەلایەن حکوومەتەوە، ڕووبەڕووی هیچ جۆرە لێپرسینەوەیەك نابنەوە. بگرە تەنیا ویژدانی خۆیان و جەماوەری گەل لێیان دەپرسنەوە. ئێمە وەهای دەبینین ئەوان دەبێ پشتگیری لە هەر کۆششێك بکەن، کە ژیان بەرەو زیاتر سەربەستی و زیاتر عەدالەت و زیاتر مرۆڤانە و زیاتر جوانی دەبات.

***

ئەدەب پێوانە و بنچینە بۆ ڕەوشت دانانێ. بگرە دۆخێکی لەبار بۆ پەیڕەوکردنی جۆرە ڕەوشتێك ساز دەکا، کە مرۆڤ بخاتە سەر ڕێگەی هەڵبژاردنی هەڵوێستێك.

گرینگترین پێشکەوتن لە بیست ساڵی دوایی ئەم سەدەیەدا، تەقین و هەڵکشانی ڕادەی هوشیاری مرۆڤە. هوشیاری لەو رووەوە کە پێویستە هەوڵ بدرێ، هەمووان لە یەك خێزانی گەورەی مرۆڤایەتیدا بژین و، یەك جیهان لە باوەشمان بگرێ. ئەگەرچی سنووری نێوان وڵاتان هەر دەمێنێ و ناچارییە. بەڵام ئاشکرایە کە ئێستا پەڕینەوە لێیان و، تێکەڵاوبوونیان بەیەکتر، کارێکی وەك جاران ستەم نییە.

هاوکاری-ژ۲۰۹، ۱۹۷٤/۳/۱٥.

## میراتی کۆن و نوێکردنەوە لە ئەدەبدا

## نووسینی: براکاش شاندرا

تێبینی:

کۆواری (لۆتس) کە یەکەتیی نووسەرانی ئاسیا و ئەفەریقا بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی دەری دەکا، بەشێکی لە ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٧١)ی بۆ مەسەلەی (میراتی کۆن و نوێکردنەوە لە ئەدەبدا) تەرخان کردووە، کە نووسەران (مۆلك راج و براکاش شاندرا و سانگ سینگ) لە هیندستانەوە و (مەولود موعەمەری) لە جەزائیرەوە و (محەمەد زنێبر) لە مەراکیشەوە و (یوسف شارۆنی) لە میسرەوە بەشدارییان تێدا کردووە.

بێگومان هەر لەو ساڵەدا (سەرەتای ١٩٧١)، کۆوار و ڕۆژنامە و کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبییەکانی لای ئێمەش، لە گەرمەی لێدوان و، دەمەتەقێدا بوون سەبارەت بەو مەسەلەیە، کە هەتا ئێستا زۆر و کەم باسی لە کایەدا هەر ماوە.

بەو بۆنەیەوە من لێرەدا، کورتترینی ئەو وتارانەی (لۆتس) دەخەمە بەرچاو، کە بە لێ وردبوونەوەیەکی کەم دەردەکەوێ، چەندە لە یەکچوونی لەگەڵ باری ئەدەبی لای خۆمان سەبارەت بەو مەسەلەیە تێدایە.

(ح. ع)

میراتی کۆن و تاقیکردنەوەی بەردەوام و هەردەم بۆ پێشەوە چوون، سێ ئەڵقەی جۆشخواردووی یەك زنجیرن. بەبێ میرات ناچار دەبین هەموو شت لە نووکەوە دەست پێ بکەینەوە. واتە بەبێ میراتی هەزار ساڵەی کاروانی شارستانێتی و زانستی و ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی کەڵەکەبوو، بێگومان تووشی کارەساتێکی سامناك دەبین. لەو حاڵەدا بۆ نموونە: دەبێ سەرلەنوێ فێری زمان ببینەوە و پەرەی پێ بدەین بەهەموو وردەکاری و پێچ و پەنایەکییەوە، کە دەبێ دووبارە پوختە و پاراوی بکەین و، رای بێنین و بیگونجێنینەوە، هەتا خڵتە و لیتەی پێوە نەمێنێ و، بتوانێ خۆی بکوتێتەوە ناو هەست و دڵ و گیان. کەوابوو مرۆڤ بێ گشت ئەو دەستکەوتانەی ڕابردووی، دەبێتە گیاندارێکی دەستەوستانی پەتیارە.

وەکی تریش ئێمە هەرگیز لە توانامانەدا نییە، ببینە دیلی دەستی میراتێکی دەقگرتووی کۆن، بگرە هەموو کات چاخ لە دوای چاخ، بەرێگەی زانست و دەسکەوتی نوێتردا، بەرەو پێشەوە دەچین. ئێمە لە بەرامبەر میراتدا دەستەوستان نابین، ئەگەرچی وەهاش کردار ناکەین، کە سەراپای واز لێ بێنین و تووڕی بدەینە سەرەنوێلکی مێژووەوە. میراتی زیندوو ڕووبارێکە و بەردەوام لەبەری دەڕوا. میرات نابێ بکرێتە زەلکاوێکی بۆگەن. لە ڕابردووی مرۆڤایەتیدا زۆر نموونەی گەندەڵ هەن، کە دەبێ پشتگوێ بخرێن. چونکە ئەو دابوونەریت و بیروباوەڕانەی، بەهەر شێوەیەك بۆ پلەیەکی مێژوویی لەوەبەر پەسەندبووبن، بۆ ئێستا دەست نادەن و دەبنە کۆسپ. لەبەرئەوە ڕۆشنبیری پێشکەوتنخوازی ئەم سەردەمە، دەبێ تۆوی بیرکردنەوەی زانستییانە بچێنێ. دیاردەکان بە هەموو بارەکانیاندا ورد بکاتەوە. هەڵوێستی ڕەخنەگرانە بێت، لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنی چاکترین بیروڕا و ڕێباز و بیرفراوانی بنیات نرابێ. پێویستە ئازا و نەترس و یاخی بێ، بەڵام نەك بەباری ئاژاوەچێتی و بەدبینی و ونبووندا.

هیچ پێشکەوتنێکی بایەخدار و ڕەسەن لە ئەدەبدا، بێ شاندادانە سەر میرات بەدی نایەت. زمان لە پەرەسەندنیدا هێندە نەرم و سووك بووە، کە دەسەڵاتی بەدەستەوەدانی ملیۆنەها زنجیرە وێنە و یادگاری ئەوتۆی پەیدا کردووە، کە بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵ میراتدا بەناو یەکتریدا جۆشیان خواردووە. ئێستاش لە ڕێگەی هەزاران سەرچاوەی تری سەردەمەوە، بەردەوام لە دەوڵەمەند بوون و پەرەسەندندایە.

میرات و جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی و بەهرەداری پێکەوە، جۆری مێژووی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی پێك دەهێنن. هەر کەسێك بگریت، خۆی بییەوێ یا نەیەوێ، بەشی هەرە گەورەی بوون و هەڵسوکەوتی لە ژیاندا، بەندە بە میراتەوە. واتە بەندە بە باووباپیرانەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا، خاوەنی زۆر شتی تایبەتی خۆیەتی.. زۆر شت کە هەرگیز کەسێکی تر لە پێش ئەودا خاوەنی نەبووە. سا لێرەوە کەسایەتی تایبەتی، دێتە کایەوە و نەشونما دەکا. ئەگەرچی باری کۆمەڵایەتی دووبارە، ڕێگا بەو نەشونماکردنە دەگرێ و، ماوەی نادا بەسەربەستی هەڵبسووڕێ و، چۆنی حەز لێیە وەها کردار بکا. لە ئەنجامدا مێژووی ئەدەبیش تێکرا، بە میرات و بەهرە و بلیمەتی نووسەر لەلایەك و، بەباری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی تێیدا دەژی لەلایەکی تر، پێك دێ و دەقی قۆناغێکی تایبەتی دەگرێ. ژیان بەهەرحاڵ، بەسات لە نوێکردنەوەی خۆی

ناکەوێ. بەردەوام شێوە و قاڵبێکی نوێتر وەردەگرێ. مێژووش قەت خۆی دووپات ناکاتەوە.

میرات وەکو (ت. س. ئەلیوت) دەڵێ: ″بەر لە هەر شتێك بریتییە لە هەستکردن بە مێژوو. ئەو هەستکردنەی بەڕای من گەلێ پێویستە، بۆ ئەو شاعیرانەی تەمەنیان لە بیست و پێنج ساڵی تێ دەپەڕێ، مەبەستیانە لەسەر شیعرنووسین بەردەوام بن. خۆ ئەم هەستکردنەش بە مێژوو، وەنەبێ هەستکردن بەڕابردوو بگەیەنێ، بگرە حاڵی حازریش دەگرێتەوە. هەروەها هەستکردن بەمێژوو بەم بارەدا، مانای ئەوە نییە نووسەر لە سنووری تەنگەبەری نەوەی سەردەمەکەی خۆیدا گیر بخوا، بگرە دەبێ وەها بنووسێ کە لە (هۆمیرۆس)ەوە هەتا ڕۆژگاری خۆی، لە ساتی زیندووییدا بێ، بەچەشنی زنجیرە نووسینێکی هاوچاخی ساتی بوونی خۆی بێتە پێش چاو. ئەم جۆرە هەستکردنە بەمێژوو، کە لە یەك کاتدا هەستکردنە بەبوونی سەردەم و نەبوونیشی، نووسەر دەگەیەنێتە ڕادەی هوشیارییەکی کاریگەریی قووڵ و ورد، سەبارەت بەپلە و پایەی خۆی، لە تەوژمی تێپەڕبوونی بێوچانی کاتدا″.

(میرات و بەهرە – ت. س. ئەلیوت).

تاقیکردنەوە و نوێکردنەوە دوو کرداری ئاسایی و بنچینەی پێشکەوتنن. ئێمە ناتوانین بەردەوام خۆمان دووپات بکەینەوە. شارستانێتی و زانستی هەردەم بەرەو پێشەوە دەچن و نەشونما دەکەن. بۆیە ئێمەش هەموو کات بەرەو ئاسۆیەکی نوێتر خۆمان دەکوتین، بێ ئەوەی قەت بیگەینێ. ئەم خۆکوتانەی مرۆڤیش بۆ پێشەوە، کۆتایی بۆ نییە. بەڵام ڕەنگ و بۆ و دەنگوسەدای ڕابردووش لەلای خۆیانەوە، هەردەم لەگەڵماندا دەمێنن. ئەوە دەنگی تۆلیسداس، تاگوور، نیراڵا، لە دووتوێی دەنگماندا زرنگەیان دێ. سەرچاوەی ڕوون و ڕاستینەی ئەدەب، ئەشکەنجە و ئازار و خۆشی و شادیی مرۆڤە.

لە زمانی هیندی ئێمەدا، ڕێبازێکی شیعری نوێ سەری هەڵدا و بانگەوازی کرد، کە ئامانجی هەرە گەورەی بایەخدانە بە فۆڕم. شاعیرانی ئەم ڕێبازە، بەدوای شێوەی دەربڕینێکی نوێتردا دەگەڕان. ئەوانە زۆربەیان شاعیری پێشکەوتنخواز بوون و، شێوەی (شیعری سەربەست)یان لە خۆ گرت، کە بە باشترین شێوەیان زانی بۆ دەربڕینی مانا. ئەوی ڕاستی بێ، ئەمان وەك ئەوانی تر فۆڕمیان نەکردە ئامانج، بگرە

له پاڵیدا بایەخێکی زۆریشیان بەناوەڕۆك دەدا.

سا ئێمە پێویستە لە هەق لا نەدەین و دان بەوەدا بنێین، کە سەرجەم ئەو تاقیکردنەوانەی بایەخی سەرەکییان بە فۆڕم داوە، بوونەتە مایەی دەوڵەمەندکردنی میراتی ئەدەبی مرۆڤایەتی. بەرهەمی تەکعیبییەکان و سوریالییەکان، هەروەها شاعیرە رەمزییەکانی فەڕەنسا، بەشێکی گەورەی ئەو میراتەن. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئێمە، بەبێ بەرهەمەکانی (پیکاسۆ و ڕۆدان و ڕامبۆ و فرلین و برۆست و جویس)، لەو ڕووەوە هەژار و دەستکورت دەبووین. تاقیکردنەوەکانی ئەوان، پێشکەوتنێکی گەورەیان لە ڕووی تەکنیکەوە بەدی هێنا و بوونە هۆی بەرپاکردنی تەوژمێکی توند بەرەو پێشەوە، کە ئەوەتا لەم سەردەمەدا ئەنجامەکەی بەڕوونی دیاری دەدا.

هاوکاری-ژ٢٠٠، ١٩٧٤/١/١١.

## سێ جۆر تێگەیشتن سەبارەت بە شانۆ

## نووسینی: ئەحمەد سیکۆتۆری

**تێبینی:**

ئەحمەد سیکۆتۆری، سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتیی (گینیا)یە و سەرکۆماری وڵاتەکەشە. شاعیر و نووسەرێکی ناسراوە. ڕۆشنبیرێکی گەورەی گەلەکەیەتی. لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی مۆسیقا و درامای ئەفەریقیاییشدا، جێگەیەکی دیاری هەیە، هەوڵی زۆری تێدا داون. ئەم وتارە پوختەی باسێکێتی سەبارەت بە شانۆ، کە لە ژمارە (١٠)ی کۆواری (لۆتس)ی یەکەتی نووسەرانی ئاسیا و ئەفەریقیادا بڵاو کراوەتەوە.

(ح. ع)

بەڕای من سێ جۆر تێگەیشتن سەبارەت بە شانۆ هەن. یەکەمیان ئەوەیە کە ناوی بە شانۆی (گەندەڵ) دەبەین، چونکە پشت بەجۆرە ڕۆشنبیرییەکی کۆنی مردوو دەبەستێ، کە بۆ ئێستای کۆمەڵەکەی ئێمە هیچ کەڵکێکی نییە، تەنیا لە قۆناغێکی ڕابردوودا دەوری خۆی بینیوە، هەرچییەکی لە تواناادا بووە بەکۆمەڵی بەخشیوە. بەڵام لە ئێستادا تلْپی تەڕی تێدا نەماوە و بووەتە هونەری ڕابواردنێکی رووت، مەگەر تەنیا خاوەن ئایدۆلۆجیا ئەرستۆکراتییەکان لەزەتی لێ وەربگرن و، ئارەزوویەکی ساتەوەختی خۆیانی پێ تێر بکەن. بێگومان ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە، نابێ لە ریزی شۆڕشەکەی ئێمەدا جێگەی بکرێتەوە. واتە هەر شانۆگەرییەك کە دەیەوێ تەنانەت لە رابوردوویەکی نزیکیش بدوێ، ئەگەر دەرس و عیبرەت و ئەنجامێك بەنەوەی ئێستا نەگەیەنێ، لە شریتێکی بێ بایەخی دەنگوباسی ڕابردوو بەولاوە نابێ. چونکە ئەگەر ناوەڕۆکی ئەو شانۆگەرییە، نەبەسترابێتەوە بەگشت لایەنەکانی چۆنیەتی پێشکەوتنی گەلەوە لە حاڵی حازردا و، بگرە تیشك بۆ دواوەش نەهاوێ، وەکو وتم بایەخی لەو جۆرە شریتە بەولاوە نییە. گەل هونەرێکی دەوێ ئەو یاسا مێژووییانەی بۆ ئاشکرا بکا، کە دەیانخاتە سەر ڕێگەی پێشکەوتن و، بەرەو ئامانجی ڕزگاربوون و بەختیاری و شادی دەبەن.

دووەمیان ئەو شانۆیەی کە حاڵی حازر دەکاتە سەرچاوەی چالاکی خۆی، لەو هەزاران ڕووداوانە دەدوێ، کە لە ژیانی رۆژانەی جەماوەری گەلدا دروست دەبن و

بەناو یەکدا دەچن. ئەوەی چاك و پەسەندە لایەنی دەگریّ و ستایشی دەکا و، ئەوەشی خراپ و زیانبەخشە و ڕێگە بەکاروانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دەگریّ، ڕیسوای دەکا و جەماوەر هان دەدا کە بەری لیّ بگرن.

بێگومان ئەم بابەتە شانۆگەرییە، لە ڕووی پەروەردە و فێرکردنی خەڵکەوە، بایەخێکی گەورەی هەیە. چونکە گەل تیّ دەگەیەنیّ، کە شۆڕشەکەمان لە پێناوی چ ئامانجێکی پیرۆزدا خەبات دەکا. سا ئەم بابەتە وەك سەرنجمان دا، بە شانۆگەرییەکی پێشکەوتووتر لەوەی پێشوو دادەنریّ. بەڵام هەندێك لایان وایە ئەم ڕێبازە هونەرییە لە شانۆدا، مەترسی ئەوەی لیّ دەکریّ جەماوەر لەو دۆخەی ژیانی ڕۆژانەیدا گیر بدا، کە لە ئێستایدا بریتییە لە ئازار و ئەشکەنجە و ڕەنجدانێکی بێوچان. لە کاتێکدا هونەر پێویستە لەم قۆناغەدا هەوڵی ئەوە بدا، کە هیوا و ئاواتی ڕزگاربوونیان لەلا گەشە پیّ بستێنیّ و، ڕێگەیان بەرەو دواڕۆژێکی رووناك بۆ خۆش بکا. هوشیاری سیاسییانەی وردی هونەرمەندیش لێرەدا دەردەکەویّ. ئەم باری سەرنجە ئەو ڕاستییە دەردەخا، کە هونەرمەند هێندەی پێویستە تێکەڵاوی ژیانی ڕۆژانەی جەماوەری گەلەکەی ببیّ، هێندەش دەبیّ لەوە بەئاگا بیّ، کە لە گێژاوی حاڵی حازردا گیر نەخوا، بگرە دوور بڕوانیّ و چاو ببڕێتە هیوا و ئاواتەکانی دواڕۆژ. واتە هەرچەندە پێویستە کە شانۆ لە گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانەی جەماوەر بدویّ، بەنیازی هاندانیان بۆ چارەسەرکردنیان و باشکردنی باری گوزەرانیان، بەڵام دەبیّ سەرنجیان بۆ هیوا و ئاواتەکانی دواڕۆژیشیان ڕابکێشیّ و، پێیان بسەلمێنیّ کە ئەو ڕەنجەی ئەمڕۆ دەیدەن، دەبێتە مایەی بەدیهێنانی ژیانێکی بەختیارتر بۆ سبەی ڕۆژیان. ئەمەش بە هەرحاڵ نابیّ وەها بگەیەنیّ، کە شانۆ بیکاتە بەهانەیەك بۆ هەڵفڕاندنی جەماوەر بە ئاسمانی خەو و خەیاڵێکی پووچەڵدا. فریودانی جەماوەر بە ئاواتی بەدیهێنانی ژیانی ناو (یۆتۆپیا)یەکی خەیاڵی بۆیان، ئەرکی پیرۆزی شانۆ لە چاکەکارییەوە دەگۆڕیّ بە خراپەکاری و، لە بیناکردنەوە دەبێتە ڕووخاندن.

سێیەمیان کە باشترین شێوەی تێگەیشتنە لە شانۆ، بەلای ئێمەوە پەسەندە و پەیڕەوی دەکەین، ئەوەیە کە شانۆگەری لە ناوەڕۆکدا دەبیّ یەکەم: سوود لە ڕابردوو وەربگریّ. دووەم: لە حاڵی حازردا هەڵبسووڕیّ. سێیەمیش: چاو ببڕێتە دواڕۆژ و پەلی بۆ بهاویّ. بەڕای من ئەو شانۆگەرییەی ئەم سیّ بنچینەیەی تێدا پەیڕەو دەکریّ، دەتوانیّ دەورێکی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵدا بگێڕیّ.

لـەلای مـن مـەرجـی هـەرە بنـەڕەتـی لـە شانـۆگـەریدا نـاوەڕۆکـە، کـە مـەبـەستـم بیروبـاوەڕەکەیەتی. بەڵام ئەو بیروبـاوەڕە کە ڕێگە نیشاندەرە، دەبێ ئاگەداری چۆنیەتی گونجـاندنی خۆی بێ، لەگەڵ پێکەوە بەستنی ڕووداوەکاندا بەزنجیرەیەك بزووتنی یەك لە دوای یەك، کە بەرەو ئامـانجێکیان ببـات. کەوابوو جەوهـەری شانۆ ئەو نـاوەڕۆکەیە کە بەدەستەوەی دەدا. بەڵام گومـان لەوەدا نییە، کە بـایەخی کۆمەڵایەتی و توانـای پەروەردەیی ئەم بـابەتە شانۆگەرییانە وەك یەك نین. ڕەنگە هـەبێ لە ئـاستی ڕابردووە مردووەکەدا بچەقێ، کە وەك وتمـان ئەم جۆرە دەبێتە تەنیـا شریتێکی دەنگوبـاسی وشك. یـا لـە رابـوردووەوە دێ بـۆ حـاڵـی حـازر و پـێکـیـانـەوە دەبـەستـێتـەوە، کـە ئـەمـەیـان پـێشکـەوتـووتـرە. وەیـا حـاڵـی حـازر هـەم بـەڕابـردووەوە دەبـەستێتـەوە، هـەم پـەل بـۆ پاشەڕۆژیش دەهـاوێ، کە ئەمەیان پەسەندترین نـاوەڕۆکە بۆ شانۆگەری.

ڕەنگـە ئـەم سێ جـۆر تـێگـەیشتـنـە سەبـارەت بـە شانـۆ، بیتـوانـایـە بـەبـاشی ڕادەی بـایـەخداری نـاوەڕۆکی شانـۆگـەرییـەکی بـۆ دیـاری بکـردینـایـە، ئـەگـەر ئـێمـە هـێنـدە سەرقاڵی ئەو کار و فرمـانە شۆڕشگێڕییە نەبووینـایە، کە لەم قۆنـاغەدا کەوتووەتە ئەستۆمـان. بەڵام شۆڕش و ڕووداو و کـارەساتەکانی ڕۆژانەی، گەلێ لەوە ئـاڵۆزتر و ستەمترن، کە بە ئـاسانی بتوانین مـەسەلەکان یەکالا بکەینەوە. یـا نـەخشەی بۆ بکێشین و پاڵی لێ بدەینەوە.

هـاوکاری–ژ۲۰۳، ١/٢/١٩٧٤

# گەشتنامە

## پازده هەزار کیلۆمەتر و:
## یەکەم: چەند ڕاستییەکی ساکار

١

"تومەز ئەم سەر زەمینە، لە -چواربـاغ-(١) و سلێمانی و، بگرە لە کوردستان و عێراقیش بەرفراوانترە!".

ماوەی دوو سەعاتی ڕەبەق بوو، سەرم نابووە ناو پەنجەرەی فڕۆکەکەوە و، هێجگار بەپەرۆشەوە لەو دیمەنە جۆراوجۆرەی سەرزەمین ورد دەبوومەوە کە دەکەوتنە بەرچاوم، کاتێ ئەو ڕاستییە هەرە ساکارە لە زەینمدا برووسکەی دا و دەروونمی هەژاند.

من ئێستا گەیشتمە ئەو ئەنجامەی، کە ئەگەر هیچ ڕێوشوێنێکی تر وەك خوێندنەوە لە کتێبدا و بیستن لەم و لەو داد نەدەن، ئەوا بڕینی ڕێگەیەکی پازدە هەزار کیلۆمەتری، بەکۆی بیست سەعات بە ئاسماندا بەفڕۆکە و، تێپەڕبوون بەسەر سەدان چیا و دۆڵ و دەشت و بیابان و ڕووبار و دەریا و گوند و شارۆچکە و شاردا، دەتوانێ ئەو ڕاستییە ساکارانە بەبینینی ڕاستەوخۆ بەهەر مرۆڤێك بسەلمێنێ، ئەگەر مێشك کراوە و بیرڕووناك بێ.

٢

بینینی ئەو ڕاستییە ساکارانە لە نزیکەوە بە چاو و، لە ئامێزگرتنیان بە دەروون (بۆ نووسەر و شاعیر بەر لە هەر کەسێکی تر)، کارێکی گەلێ بایەخدار و کاریگەر و بگرە زۆر پێویستە. بۆچی؟. با ڕوونی بکەمەوە: گریمان یەکێك هات و وتی (ڕووی قسەم لە نووسەران و شاعیرانە):

- ئارارات لووتکە شاخێکی زۆر بڵندە و، سەری لە باوەشی ئاسماندایە.

تۆ باوەڕی پێ بکە و هیچ گومانت لە قسەکەی نەبێ. بەڵام و ئیتر لەم بەڵامەوە باس دێنمەوە سەر تاقیکردنەوە تایبەتییەکەی خۆم و دەڵێم: بۆ گوایە من لەوەبەر، کەمم لەبارەیەوە خوێندبووەوە و کەمم بیستبوو؟. کەمیش بەوێنەی تەنانەت ڕەنگاوڕەنگ ئەو ئاراراتەم دیبوو؟. کەچی کاتێ لە نهۆمی ژمارە (١٢)ی ئوتێل (ئانی)یەوە لە

(یەریڤان)، یا بەردەرگەی کڵێسەی (ئیتشمیادزین)[٢]ەوە لە شاری (ئیتشمیادزین)، یا لە ناو ڕەزەکانی کۆڵخۆزی (لینین)ەوە، یا لە ساتەکانی زەردەپەڕدا لەسەر بەرزاییی (سەردار ئاباد)[٣]ەوە ڕووەو ئارارات رادەوەستام و پێیدا هەڵم دەڕوانی، ئاراراتێکی گەلێ جیاوازم بەچاوی خۆم دەبینی و، بەدەروونی خۆم دەمگرتە باوەش.

هاوڕێیانم.. نووسەران و شاعیرانی کورد.. بچن بەچاوی خۆتان ڕاستییە ساکارەکان ببینن و، بەدەروونی خۆتان لە ئامێزیان بگرن.

٣

خەریکم ئەو گومانەی لە ژیانم هەبوو، بەتەواوی دەستی لێ بەردەدەم. خەریکم بێمە سەر ئەو باوەڕەی، کە ژیان دەهێنێ مرۆڤ بیباتە سەر.

کاتێ لە مۆسکۆوە کەوتینەڕێ، لە فڕۆکەخانەی (ئەڵماتا) نیشتینەوە، پێمان ڕانەگەیەنرا کە میلی سەعاتەکانمان سێ ژمارە پێش بخەین. من لە سەرەتادا ئەمەم بەلاوە سەیربوو. بەڵام زوو وەك هەریەکێك لە ڕاستییە ساکارەکان، پێی شادبووم و بەئاسانی لێی حاڵی بووم. من لە مۆسکۆی لای ڕۆژئاواوە، بەرەو ئەڵماتای لای ڕۆژهەڵات بەفڕین فڕیوم. واتە پێشبڕکێم لەگەڵ هەڵهاتنی خۆر، نانا لەگەڵ (بینینی) هەڵهاتنی خۆردا کردووە.

ئێستاش ئەوەتا کە لە (ئەڵمائەتا – ئەڵماتا)وە بەرەو (یەریڤان)ی پایتەختی ئەرمینیا دەکەوینە ڕێ، کات حەوت و نیوی سەر لە بەیانییە. دەنگی ناسکی ژنێك لە مایکرۆفۆنی ناو فڕۆکەکەوە ڕادەگەیەنێ کە: (ڕێگە چوار هەزار و هەشت سەد کیلۆمەترە. پێنج سەعات و چل دەقیقە دەگەینە جێ، کە بەکاتی –یەریڤان– دەبێتە سەعات دە و بیست دەقیقە). دیارە کە ئەم ڕاستییە ساکارەی ئەم جارەی بەلاوە سەیر نییە. ئێمە کە دەگەینە جێ دەبینین میلی سەعاتەکانمان لەسەر یەك و دە دەقیقەیە. لە کاتێکدا دەبێ بەکاتی یەریڤان، لەسەر دە و بیست دەقیقە بێ. واتە دەبێ میل بۆ ماوەی دوو سەعات و پەنجا دەقیقە بگێڕینە دواوە. بۆچی؟. چونکە پێشبڕکێمان لەگەڵ ئاوابوونی خۆر، نا نا لەگەڵ بینینی ئاوابوونی خۆردا کردووە.

مەسەلەش لە ئەنجامدا بریتییە لەوەی کە هاوار بکەم و بڵێم: ڕاستە.. ئۆباڵ بەگەردنم ڕاستە و ڕاستییەکی ساکاریش.. ئەم زەمینە هەم خڕە و، هەم بەدەوری خۆی و خۆردا دەسووڕێتەوە.

٤

جوانترین دیمەن لە ناو فڕۆکەوە لە دیدی منەوە، دیمەنی سەروو هەورە. ڕاستترین قسە لە ناو فڕۆکەوە سەبارەت بەسەر زەمین بەبۆچوونی من، کۆتایی هاتنی هەر دەشتێکە بەشاخ، هەر شاخێکە بەدەشت.

پەسەندترین باوەڕیش لەناو فڕۆکەوە بەڕای من، ئەوەیە کە سەر زەمین لە شوێنی لە دایکبوونی هەر مرۆڤێك فراوانترە.

٥

بێگومان من نوێنەرێکی نووسەرانی کورد بووم، چووم بۆ کۆنگرەی نووسەرانی دوو قارەی پان و بەرین و چڕی ئەم سەر زەمینە. ئینجا دیارە ئێوە هەقتانە لێم بپرسن: تۆی نوێنەرمان لە کۆنگرەدا چیت بۆ کردین؟. لە وەڵامدا دەڵێم:

ئازیزانم:

یەکەم: (المؤتمرات هي المؤتمرات)(٤).

دووەم: دەنگی دەهۆڵی هەندە کەسێك لە دوور خۆشە.

سێیەم: ڕاستییە ساکارەکان لە نزیکەوە خۆیانت پێ دەسەلمێنن.

چوارەم: ڕاستییە ئاڵۆزەکان پتر خۆیانت لێ دەئاڵۆزێنن.

پێنجەم: کۆنگرەی شەشەم.. حەوتەم.. هەشتەم دادێن، بەڵام قسە هێشتا هەر هەزار دەبێ و، تەنیا دووانیان بەکار دەبێ.

٦

پەژاڵستا.. فۆدکا.. کۆنیاك.. فۆدکا.. کۆنیاك.. ئەویان ستۆگرام.. ئەمیان پیدی سیادگرام. ئەی ئەگینا.. (من أین للشاعر -للقاص- بهذه الكلمات(٥)..) بەرامبەر بە -المؤتمرات هي المؤتمرات.

ماڵەوە - وەزیرییە -١٦/١٠/١٩٧٣

هاوکاری - ژ١٩٠،٢٦/١٠/١٩٧٣.

پەراوێزەکان:

(١) چواربـاغ: یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری سلێمانی و تێیدا لە دایک بووم.

(٢) ئیتشمیادزین: کۆنترین کڵێسەیە لە ئەرمینیا. ساڵی (٣١٠)ی زاینی.

(٣) سەردار ئاباد: بەرزاییەکە نزیك ئارارات. ساڵی (١٩١٨) شەڕێکی قورسی لە نێوان ئەرمەن و تورکەکاندا تێدا روویداوە.

(٤) دێرە شیعرێکی شاعیری فەلەستینی مەعین بەسیسۆیە کە یەکێك بوو لە ئەندامانی کۆنگرەکە.

(٥) دێرێکی ترە هەر لەو شیعرەی مەعین بەسیسۆ.

## دووەم: چەند هەستێکی ناسك

### ١

یەکەم جارم بوو تا ئەو ڕادەیە لە نزیکەوە، هەست بە نهێنییەکی تری بوونی ئەم ئادەمیزادە بکەم.

نهێنییەکە لە هۆڵی (لینین) لە (ئەڵماتا) و لە هۆڵی (فیلهارمۆنیای ئەرمەنی) لە (یەریڤان) و لە لۆکاندەکانی ئوتێلی (ئەڵمائەتا) و (ئانی ڕووسیا) و ڕیستۆرانتێکی شەقامی (کالنین) لە مۆسکۆ و چەندین شوێنی تر، لەگەڵ هەر گۆرانی و پارچە مۆسیقا و سەمایەکدا، برووسکەیەکی وەهای لە ناخمدا دەدا، کە هەستم دەکرد دەروونی جیڕ و گرژی پڕ لە کۆسپ و کەندی سی و حەوت ساڵەم، وردە وردە ڕوو لە نەرمونیانی و خاوبوونەوە دەکا و لە باوەشی شیرین خەوێکدا خامۆش دەبێ.

بەڵام لە ناکاوێکدا، دژە برووسکەیەك تێیدا شریخەی دەدا. ڕای دەچەناند و دەیهەژاند و، گەردەلوولێکی نووك تیژی تێدا هەڵدەکرد. گەردەلوول بە شاقوولی بەرەو خوار دادەکشا و هەر دادەکشا، هەتا گڕی بەردەدایە سەراپای بیر و هۆش و هەستونەستم. کۆششم دەکرد و ڕەنجی فەرهادم بۆ جڵەوگرتنی دەدا و بێ سوود دەبوو. نووکی تیژی گەردەلوول، بەناخی ناخدا هەر ڕۆدەچوو. تا کاتێ لەو جیهانە تەلسماوییە دوو سەرەیە دەهاتمە دەرەوە دەموت:

"بەهەرحاڵ، یەکەم جارم بوو تا ئەو ڕادەیە لە نزیکەوە، هەست بە نهێنییەکی تری بوونی ئادەمیزاد بکەم!".

### ٢

لە هۆڵی چاوەڕێکردنی ڕیستۆرانتەکەی شەقامی (کالنین)دا و، پێش ئەوەی پێ بنێینە ئەودیو دەرگەی جیهانە تەلسماوییەکەوە، نهێنییەکە بەدیوی دەرەوەشدا (دەرەوەی خۆم)، بەڵگەیەکی سەلماندنی خۆی دابوومێ. کیژێکم دی خستبوویە کوڵی گریان و، کانی فرمێسکی لە چاوانیدا تەقاندبوو. مێردەکەی.. دەسگیرانەکەی.. دڵدارەکەی.. (نازانم).. بەدیارییەوە خەفەتباری و دۆشداماویی، گشت پیاوانی درێژاییی مێژووی مرۆڤایەتی دەنواند.

تومەز لە هۆڵی جیهانە تەلیسماوییەکەدا، جێگا نەمابوو کیژ بچێ، لە گۆرانی و مۆسیقا و سەمای ئەو شەوەدا بەشداربێ و، لە داخاندا چۆڕاوگەی فرمێسکی هەڵدەڕشت. کوڕەش لە ئاستیاندا، داستانی دۆشداماوی پیاوانی لە ئاست گرفتی ئەم نهێنییەدا دەگێڕایەوە.

بەڵام من (کە دەردەکە لە ئاڵۆزیدا پتر دەردی من بوو)، گرفتی هەستە ناسکەکەی ئەو ساتەم لێ بوو بە دوو.

٣

دەریاچەی (سیڤان)[١] بۆ خاوەنانی خۆی، بەهەشتێکی بەردەوامە. بەڵام بۆ من، تەنیا بۆ ماوەی سێ سەعات ئەو بەهەشتەیە.

من و سروشت و من و دەریاچەی (سیڤان)،بەدرێژاییی سات بەساتی ئەو سێ سەعاتە، ئاهەنگێکی بەجۆشی پڕ لە سۆزی یەکترپەرستی ئەوتۆمان ساز کرد، کە جارێکی تریش بەبێ ترس، هەست بەناسکی و ورشەداری لە خۆمدا بکەم.

سروشت و مرۆڤ و جوانی، جوانی و سروشت و مرۆڤ، لە باڵکۆنی ئوتێلی سەرشاخێکی ڕۆخی دەریاچەکەوە، هەستە ناسکە ورشەدارەکەی لەلا دەگەیاندمە لووتکە و، لەبەر خۆمەوە دەموت: ″ژیان شیرینە″.

بەغدا–١٩٧٣/١٠/١٩

هاوکاری–ژ١٩١، ١٩٧٣/١١/٢

(١) سیڤان: دەریاچەیەکە لە ناوچەیەکی شاخاویدا. شەست کیلۆمەتر لە یەریڤانەوە دوورە. لە بەرزاییی دوو هەزار مەتری سەروو ڕۆخی دەریادایە.

## سێیەم: گەشتێکی دوای نیوەشەو

کات یەکی دوای نیوەشەوە. هەستێکی بێ ئارامی ناخی دەروونم دەقرچێنێ. نازانم بۆچی، مەبەستیشم نییە بیزانم. ناتوانم نەدابنیشم، نەپاڵبکەوم، نەبنووم. هەر دێم و دەچم و ئارامگرتنم بۆ نییە. دەمەوێ بیری لێ بکەمەوە و بێ سوودە. بێزار دەبم و پێی پێوە دەنێم و، خۆم دەگەیەنمە دەرەوە. کزەبایەکی سارد لە لەشی داگیرساوم دەدا و ساردی دەکاتەوە. بەڵام گڕی هەستی بێ ئارامییەکە، پتر کڵپە دەسێنێ و دەمخاتە ڕێ. دەڕۆم. شەقامێکی نووستوو. یەکێکی تر و یەکێکی تریش. ئەم شوێنە بەرزە. دەوەستم و هەتا چاو بڕ بکا هەڵدەڕوانم. نەك تەنیا شەقامەکان، هەموو مۆسکۆ نووستووە. دەکەومەوە ڕێ و دەوەستمەوە. ئەم شوێنە دەهێنێ تێیدا ڕابوەستم. هەڵدەڕوانمەوە و بە بەرامبەرمەوە، کۆشکی (کرملین)ە. بەسەر بەرزترین گومەزییەوە، چەکوش و داسەکە لە ناو پەڵە هەورێکی سووردا دەشەکێتەوە. لە خوارییەوە دیوارە بەناوبانگەکەیە. لە بەردەمیدا دوا مەڵبەندەکەی (لینین)ە. لەبەر دەرگەکەیدا دوو (پاسەوانە بت)ی سەوزباو ڕاوەستاون. لەوێوە بەرەو لای من لە باری پانی، مەیدانی سوورە.

سەیری ئەملا و ئەولا ناکەم. شان بەدرەختێکی سەر شۆستەکەوە دەنێم و، بەجەستە وشك هەڵدێم. بەڵام سەراپای بینایی و بیروهۆش و هەستونەست، ئاراستەی هێڵەکەی بەرامبەرمی دەکەمەوە و، پیایدا دەگەڕێمەوە. پانایی مەیدانەکە. دوو پاسەوانە بتەکە. دوا مەڵبەند و دیوارەکە. گومەز و چەکوش و داسەکە و، لەوێدا بیناییم کەمێ ڕاگیر دەکەم. بیر دەکەمەوە و ورد دەبمەوە و هەستونەستم لە دیمەنەکە دەئاڵێنم. ئەوسا سەرلەنوێ بۆ لای خۆم دێمەوە و، سەرم بەسەر سنگمدا دەچەمێنمەوە و ئارام دەگرێ. کەچی ناو کەللەی سەرم و ناو سنگم ناسرەون. دەچن و دێنەوە و هەردەچن و دێنەوە، هەتا ئاگری جگەرەکەی دەستم بە پەنجەکانمدا دەچزێ. ئەوسا سەرم لەسەر سنگم رادەچەنێ و، پەنجەکانم ئەو جگەرە سووتاوە تووڕ دەدەن و، یەکێکی نەسووتاو ئاگر دەدەن. ئەم جارە دەنکە شقارتە داگیرساوەکە، جێگەی جگەرە سووتاوەکە دەگرێتەوە. بیر و هۆشی خەریکماو بەچوون و هاتنەوە لێی غافڵ دەبێ، هەتا نەیقەومێنێ لێی بەئاگا نایەت.

ئەوسا وریا دەبمەوە و دەبینم کە پۆلیسێك، لە دووریی چەند هەنگاوێکەوە ڕاوەستاوە

و سەرنجم دەداتێ. لە دڵدا ڕقم لێی دەبێتەوە و دەڵێم: "لە هەموو شوێنێك پۆلیس هەر پۆلیسە". بەڵام من سەیری ئەو ناکەم. لە دڵدا دەڵێم: هەر کەسە و پیشەی خۆی. کەچی ئەو هەر سەرنجم دەداتێ. منیش هەر لە دیمەنەکەی پێش چاوم ورد دەبمەوە. چەکوش و داسەکە. دیوارەکە. پاسەوانەکان. مەیدانەکە و شۆستەکە و خۆم.

خۆمەکە جارێکی تر سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ دەبێتەوە. چاو دەنووقێ. لەش خامۆشدەبێ و، بیر و هۆش بەداگیرساوی دەمێنێتەوە.

–دۆبری ڤێچە!..

سەر لەسەر سنگ هەڵدەپچڕم و بەرزی دەکەمەوە. خێرا بۆم دەردەکەوێ کە کێیە شەوباشم لێ دەکا. لە وەڵامیدا دەڵێم: دۆبری ڤێچە. ئەو ئیشارەت بۆ سەعاتەکەی مەچەکی خۆی دەکا. منیش دەڕوانمە ئەوەکەی خۆم و، دەبینم دوو و نیوی دوای نیوەشەوە. تێ دەگەم کە ئەوە بەکاتی پۆلیس زۆر درەنگە. سەرنجی بۆ باجەکەی سەر یەخەم ڕادەکێشم. بۆ دیمەنەکانی بەرچاوم و، بۆ کەللەی سەرم و بۆ دڵم. هەست دەکەم هەم تێم دەگا و هەم تێم ناگا. ئەنجام بە ئیشارەت پێم دەڵێ، کە شەو درەنگە و باشتر وایە بچم بخەوم. من باوەڕم وا نییە و لەگەڵ ئەوەشدا دوا سەرنجم دەدەمەوە دیمەنەکانی بەرامبەرم. دوا هەناسەی قووڵیش هەڵدەکێشم و ملی ڕێگەی گەڕانەوە دەگرمە بەر.

کە دەگەمەوە ئوتێل، کات دەبێ بەسێ و چارەك، دەبینم تەنانەت ئەسانسێرەکانیش خەوتوون. بە پێ هەتا نهۆمی هەشتەم بە پلیکانەدا سەردەکەوم، خۆم دەگەیەنمەوە ژوورەکەم. بەڵام ئاخۆ دەنووم؟.

بەغدا–١٩٧٣/١٠/٢٤

هاوکاری–ژ١٩٢،٩/١١/١٩٧٣.

## چوارەم: داستانی (سپیچکە)

١

ئافرەتێکی سەرەیە. دەگەمە ئاستی و دەڵێم:

– دۆبری ڤێچە.. پێت ناتسی.

کلیلەکەم دەداتێ. خۆم دەگەیەنمە ژوورەکەم. پەلەمە. ڕووداوەکانی ئەمڕۆم پڕ و چڕن. پەلەمە. خۆم دەگۆڕم. سەری قاپێکی تازەی مەی هەڵدەپچڕم و، پێکێکی لێ ئامادە دەکەم. دەفتەری یاداشتی ڕۆژانەم دێنمە پێش، قەڵەم لە تەنیشتییەوە دەدانێم. پەلەمە. ئەمڕۆم پڕ و چڕبوو. قومێك لە پێکەکە دەدەم. دەفتەر دەکەمەوە و، قەڵەم لە لاپەڕەی سپی بەدەستەوە دەگرم. بەڵام شتێکم لێ ونە. چی بێ؟. زوو دەیدۆزمەوە. جگەرەیە. قەڵەم دادەنێمەوە. هەڵدەستمە سەرپێ. گیرفانی لای ڕاستی چاکەت و ئەوە پاکەتی جگەرە. گیرفانی لای چەپ و، ئای !.. خۆ شقارتەی تێدا نییە!. ناپرسم بۆچی و چۆن؟ پەلەمە. دەچمە دەرەوە بۆ لای ئافرەتە سەرەکە. بە ئیشارەت تێی دەگەیەنم و دەڵێ: ″نێت – نییە″. بۆی ڕوون دەکەمەوە کە دانیشتووم دەنووسم و زۆرم پێویست پێیەتی. تێم دەگا و هەوڵ دەدا. نهۆمی سەروو خۆی و نهۆمی خواروو خۆی و، ئەنجام هەر (نێت)م دەداتێ. بە نائومێدی دەگەڕێمەوە ژوورەکەم. قومێکی تر لە پێکەکە دەدەم. دادەنیشم. ڕووداوەکان پڕ و چڕن و زۆرم بۆ دێنن. دەست دەدەمە قەڵەم و، ئەوا لە نووسینی دەخەمە کار.. جگەرە.. ئاوا دەنووسم.. جگەرە ئەوەتا دەست پێ دەکەم.. جگەرە، جگەرە، جگەرە!. پەست و بێزار دەبم. قەڵەم فڕێ دەدەمە سەر دەفتەرەکە. هەڵدەستمەوە سەرپێ و، دەکەومە هاتوچۆکردن بەژوورەکەدا و، وردی دەکەمەوە. ئا. دۆزیمەوە.. دەست دەدەمە تەلەفۆن:

– هەلاو .. کاك جەلال .. شقارتەت لەلا دەست دەکەوێ؟.

– نەء.. ببوورە.. بەڵام باشتر وانییە بنوویت و بحەوێیتەوە؟.

– نا نەخێر.. باشتر وایە نەنووم و، قەتیش نەحەوێمەوە.

تەلەفۆن دادەنێم و هەڵی دەگرمەوە:

– هالوو.. تەفاریش نیکۆلای.. شقارتەت لەلا دەست دەکەوێ؟.

– نەخێر نەء.. ببوورە.. بەڵام شەو درەنگە.. بۆچی ناخەویت؟.

ناخەوم.. چونکە وەك دەزانیت، من دژی خەوتنم.

تەلەفۆن دادەنێمەوە. زیاتر پەست دەبم. بیرێکی تری لێ دەکەمەوە. ئا.. ڕێگەیەکی تر.. دەچمە وێزەی لیستی تەلەفۆنی ژوورەکانی ئوتێل. ژمارەی ژووری تەنیشتی لای چەپم لێ دەدەم:

– هالوو.. تکایە.. دەزانیت بە ئینگلیزی قسە بکەیت؟.

– کەمێك.

– منیش کەمێك.. شقارتەت لەلا دەست دەکەوێ؟.

– چی؟!.

– شقارتە.

– چۆن؟!.. تێ ناگەم مەبەستت چییە؟.

هەوڵ دەدەم و، سوودی نابێ و، تەلەفۆنەکە دادەخا. من هێجگار پەست دەبم. بەدەنگی بەرز جنێو بە شقارتە و بە جگەرە و بە ڕووداوەکان و بگرە بە خۆشم دەدەم. لە داخاندا بە ژوورەکەدا دەکەومە هاتوچۆکردن و، تەنانەت بەیەك قومیش قرتە لە پێکەکەم دەبڕم. ئەوسا پاکەتەکە بەدەستەوە دەگرم و دەچم لە دەرگەی ژوورەکەی تەنیشتی لای چەپ دەدەم. پیرەمێردێك دەرگە دەکاتەوە. پاکەتەکەی نیشان دەدەم و، مەسەلەکەی بۆ ڕوون دەکەمەوە. تێم دەگا و بەڕوومدا پێ دەکەنێ و دەڵێ:

– ئێستا زانیم چیت دەوێ. بەڵام ببوورە.. جگەرەکێش نیم و شقارتەم لەلا نییە. دیسان بە نائومێدی دەگەڕێمەوە. دێم و دەچم و بیری لێ دەکەمەوە. دەڕوانمە سەعاتەکەم. یەك و نیوی دوای نیوەشەوە. ئا دۆزیمەوە!. خۆم دەگۆڕم. پێویست بە خۆگۆڕینی تەواو ناکا. کراس و پانتۆڵ و بەنەعلەوە. تەنیا دەچم شقارتەیەك دێنم و دێمەوە. دەگەمە ئاستی دەرگەی ژوور و دەگەڕێمەوە. چەندە دۆلار لە گیرفانی چاکەتەکەمدایە (کە ژمارەیەکی زۆر کەمە)، دەریان دێنم و، دەیانخەمە گیرفانی کراسەکەوە. بۆچی؟. خۆ شقارتە بەوەندە دۆلارە نییە؟.

نازانم؟!. ئەوسا دەڕۆم و دەگەمە خوارەوە. بەبەر دەرگەکەیدا ڕادەبوورم. ئەوەی لەو دیوییەوە دێتە بەر گوێم، ژێی هەستونەستم دەلەرێنێتەوە. لە پێشترەوە بە ئاگام، کە لەو

دیوەوە چی هەیە. گوێ دەدەمێ و گوێ نادەمێ و تێ دەپەڕم. دەچمە لۆقنتەکە و داوای (شقارتە – سپیچکە)یەك دەکەم و دەمدەنێ. دەست دەبەم پارەکەی بدەم و، دۆلار بەدەستمەوە دێنەدەر، کڕینی شقارتەیەك و دەرهێنانی دۆلار چەندی بەچەند؟. پێ دەکەنم و، دۆلار دەنێمەوە گیرفان. دەگەڕێمەوە و دەگەمەوە ئاستی دەرگەکە. ژێیەکە دیسان دەلەرێتەوە. دەوەستم و دەست دەنێمە سەر گیرفانی کراسەکە. پێشتر ئاگەدارم کە لەودیوی ئەو دەرگەیەوە دۆلار سەروەرە. مەی و مۆسیقا و گۆرانی و سەما بە دۆلارە نەك بەڕۆبڵ. ژێیەکە توندتر دەلەرێتەوە و دۆلاریشم پێ هەن. لە دەرگە دەچم بەودیودا و، دەکەومە جیهانە تەلیسماوییەکەوە و دادەنیشم...

– ستۆگرام ڤۆدکا.

بۆم دەهێنرێ و دۆلارێك دەدەم. جارێکی تر و جارێکی تریش و، ئەوسا هەست دەکەم کە ئەوەکەی تەنیشتم، بە تیلە سەرنجم دەداتێ. پێشتر وەك ناسینی سەرپێیی ناسیبووم. (جان بیرێ). خەڵکی وڵاتی (داهۆمی) و، ئێستا دانیشتووی وڵاتی (سەنیگال)ە و شاعیرێکی ناودارە. تێی دەگەم لێم دەپرسێ:

– بۆچی وەها خەفەتباری؟.

تێی دەگەیەنم:

– کە بۆچی خەفەتبارم؟.

پرسیار لە رووی پرسیاردا و، سەرلەنوێ ئەو دەپرسێ:

– خەڵکی کوێیت؟.

دەڵێم:

– کوردستانی عێراق

دەبینم لەسەری دەوەستێ و نایداتە رووم. من داوای قەڵەم و کاغەزێك لە بارمانەکە دەکەم. دەمداتێ و بەنەخشەی جوگرافی، جان تێ دەگەیەنم کە خەڵکی کوێم. ئەوسا دەست دەکاتە ملم و ماچم دەکا. پێکەکەی بەرز دەکاتەوە و دەڵێ:

– کەوابوو دەی نۆش.. لە رزگاری و شادمانی و بەختیاری و ببرایبرِی گشت مرۆڤایەتی.

من دەخۆمەوە و، ئەوان گۆرانی دەڵێن و مۆسیقا دەژەنن و دانس دەکەن. تەنانەت

ئەوەتا (جان)یش دەچێتە کۆڕەوە و، تەنیا من خەفەت دەست لە یەخەم بەرنادا، لە ناوجەرگەی ئەم جیهانە تەلیسماوییەشدا هەر دەمهەژێنێ. من نازانم چەندم ڤۆدکا خواردووەتەوە و بای چەند دۆلار؟. بەڵام باش دەزانم چەند قەڕابە خەم و خەفەت، لە دەمارەکانی لەشمدا شەپۆل دەدەن. یا کام قاپە مەی دەتوانێ تەنیا یەك تنۆکی خەفەتم خامۆش بکا؟. دەسا وەرە و بەردەوام بە...

– ستۆگرام ڤۆدکا.

– نێت!!.

– دا!!.

٢

بۆ بەیانییەکەی کاتێ درەنگ وەختێ لە خەو بەئاگا هاتم، بۆیان گێڕامەوە کە سەرەتای راستینەی داستانەکە، لە (نێت – نەء) و (دا – با، بەڵێ)کەوە دەستی پێ کردووە.

بەغدا–٢٩/١٠/١٩٧٣.

هاوکاری–ژ١٩٣،١٦/١١/١٩٧٣

## پێنجەم: لاپەڕەیەك لە یاداشتە ڕۆژانەكەم

١٩٧٣/٩/١٠ – فڕۆکەخانەی (ئەڵماتا) سەعات حەوت و نیو

ئەڵما – ئەتا.. شاری (هەتاو و سێو) و گوڵیش. ئەوا دەڕۆم و جێت دێڵم. ماڵئاوا.. ماڵئاوا لە ژووری ژمارە (٧١٥)ی ئوتێل و، لە دیمەنی کاتی زەردەپەڕی زنجیرە شاخی (تین شانی)ی سەر سنووری (چین) و، لە هۆڵ و ژوور و ڕاڕەوەکانی بارەگای یەکێتی نووسەران و، لە ساتەکانی یەکترناسینمان لەگەڵ دەیان لە شاعیران و نووسەرانی ئاسیا و ئەفەریقا و، لە یاریگەی خلیسکێنەکەی بناری لووتکەی بەفرینی (ئالاتاو).

لە هۆڵی (لینین) و دیمەنی دڵڕفێنی دوو سەد هونەرمەندەکەی سەر شانۆکەی و، لە شەقام و مەیدان و باخچە ڕەنگینە پڕ لە گوڵزارەکانی. ماڵئاوا لە (پۆلارد) و (سلێمانۆڤ). ماڵئاوا لە گشت ئەو شتە ورد و درشتانەت کە جێیان دێڵم و، کە دەزانم ئیتر نایانبینمەوە.

داخ زەمین!.. کەی هێندە بچووك دەبیتەوە، کە ئادەمیزادەکانی ئەمپەڕ هەتا ئەوپەڕی سەر پشتە کووڕەکەت، بتوانن هەر کاتێك حەزیان لێ بوو، بەبێ ئیمزا و مۆری پۆلیس، وەك دوو ماڵە دراوسێ سەردانی یەکتر بکەن.. کەی؟.

### ناو فڕۆکە–سەعات نۆ چارەك کەم

هەستێکی تەلیسماوی ختووکەی ناخم دەدا. خۆم لە ساتێکی گەلێ بەختیاردا دەبینم. بەڵام حەز دەکەم بچمە بنج و بناوانییەوە و، تێ بگەم کە ئاخۆ هۆیەکەی چییە؟.

ئاگام لە خۆمە و دێتەوە یادم، کە لەوەبەر زۆرم پێ وتراوە: ″تۆ پێت لەم سەرزەمینە بڕاوە و، خەیاڵێکی دۆنکیشۆتیانە هەڵی داویتە ئاسمان و، بێهوودە ئەو ئاسمانەت پێ تەی دەکا″. ئا.. وام پێ دەوترا. کەچی ئەوەتا ئێستا بەڕاستی بە ئاسمانەوەم و، ئەو هەستە تەلیسماوییە کەیل و مەستم دەکا.

ئەرێ تۆ بڵێیت ئەوەی پێم وترابوو، ڕاست نەبووبێ؟. نازانم.. با پێ بنێمەوە سەر زەوی، بیرێکی لێ دەکەمەوە. بەڵام ئێستا لێم گەڕێن. نا نا.. باخۆم لە خۆم گەڕێم. ئێستا من بەڕاستی بە ئاسمانەوەم.

**سەعات نۆ و نیو**

بە ئاسمانەکەی خۆمەوەم و دەخۆمەوە، کەچی (سەر زەمینەکەیان) بەرۆکم بەرنادا. ئەوەتا سەرم ناوەتە پەنجەرەکەوە و، چاوم بڕیوەتە قووڵاییی ئاسمان، لە ناکاوێکدا ڕاپۆرتەکەم دێتەوە یاد.. ڕاپۆرتێك لەو ملیۆنەهایەی، ڕۆژانە لەسەر زەمین فڕکوهوڕیانە و بەیەکدا دێن.

بەسرپێرێ دوکتۆر (سهیل ادریس)، وەك بەیاننامەیەکی نهێنی بڵاو بکاتەوە، دانەیەکی دامێ و وتیشی: تکایە هەتا لێرەین بەکەسی تری مەدە، چونکە حەز ناکەم پێم بوترێ: هاتووە لە کۆنگرەدا ئاژاوە بنێتەوە.

ڕاپۆرتەکە لەبارەی چەوساندنەوە و ئازاردانی، شاعیر و نووسەرە پێشکەوتنخوازەکانی (میسر)ەوە بوو، کە بە نیازیش بوو لە ژمارەی داهاتووی کۆوارەکەیدا (الأدب) بڵاوی بکاتەوە. نوێنەرانی (لوبنان) بەگشتی و دوکتۆر سوهێل بەتایبەتی، بە درێژاییی ڕۆژانی کۆنگرە کۆششێکی مەردانەیان بۆ داکۆکیکردن لەو شاعیر و نووسەرانە و، لەوانەی (سۆدان و مەغریب و بەحرێن)یش کرد.

سا ئێستا وا کۆنگرە تەواو بووە و، ئەڵماتامان جێ هێشتووە و بڵاوەمان لێ کردووە کەوابوو با ڕاپۆرتەکە لە جانتا دەستییەکەم دەربێنم و بیدەم بە کاك جەلال (دەبوو) بیخوێنێتەوە.

تێبینی:

١– دوکتۆر سوهێل و نوێنەرانی لوبنان، ئاسنی ساردیان کوتا.

٢– عەبدولجەبار ئەلسحیمی مەراکیشی و جیلی عەبدوڕەحمانی سۆدان و ئەوەکەی ئەردەنیش، هەر بەو دەردە چوون.

٣– کۆنگرە بەباشی نەزانی بەئاشکرا ناو ببات و بڵێ: نووسەران شاعیرانی ئەم یا ئەو وڵات –خوانەخواستە– دەچەوسێنرێنەوە. بگرە وتی: ئێمە دژی چەوساندنەوە و ئازاردانی نووسەران و شاعیرانین.

**سەعات دە چارەك کەم**

کاك جەلال ڕاپۆرتەکەی دەخوێنێتەوە. من سەرم ناوەتەوە پەنجەرەکەوە و بەدەرەوەدا هەڵدەڕوانم. چۆنێتی وەرگرتنی ڕاپۆرتەکەم لە دوکتۆر سوهێل دێتەوە بیر و، با باسی بکەم.

هەردووکمان لەگەڵ میشال سلێمان و محەمەد دکروب و میشال عاسی و ئەدونیسدا پێکەوە ڕاوەستابووین، کە من باسم هێنایە سەر نووسەرانی کورد و، بایەخدانیان بە (الآدب) وەك کۆوارێکی ئەدەبی سەرکەوتوو. ئینجا داوام لێ کرد کە پێویستە ئەویش، لایەك لە ئەدەبی کوردی بکاتەوە و دەرفەتێکی بداتێ، کە نموونەی لێ بکەوێتە بەرچاوی خوێنەرانی کۆوارەکە. میشال عاسی هەڵی دایە و پێشنیازی کرد، کە کۆوارەکە فایلێکی تایبەتی لەبارەی ئەدەبی کوردییەوە بڵاو دەکاتەوە. بەڵام دوکتۆر سوهێل وتی:

نەء.. باشتر وایە جارێ لە چەند ژمارەیەکدا، چەند نموونەیەکی لێ بخرێتە بەرچاو تا خوێنەران کەمێك شارەزای ببن، ئەوسا فایلە تایبەتییەکەی بۆ ساز دەکەین. لەسەر ئەمە گونجاین و بەڵێنم دایە کە گەڕامەوە ئەو ئەرکە بەجێ بێنم. ئینجا بەدوای ئەم قسە و باسەدا بوو کە ڕاپۆرتەکەی دامێ.

بەڵام سەبارەت بە ئەرکەکە، قسەی خۆمان بێ من ئەوە دوو مانگە هاتوومەتەوە و، هەرچەند سەرم هێناوە و سەرم بردووە، تۆزقاڵێکم لێ بۆ بەجێ نەهێنراوە. سا منیش وا بە نووسەرانی کوردی دەسپێرم.. بەڵکو!..

بەغدا- ١٤ /١١/١٩٧٣.

هاوکاری-ژ١٩٥، ٣٠/١١/١٩٧٣.

## شەشەم: لەگەڵ نووسەرە کوردەکانی ئەرمینیای سۆڤێتیدا

لە کۆبوونەوەی یەکەمی کۆڕە شیعرییەکەی (یەریڤان)دا، کارلینی چەچانی و عەقیدی خدۆم ناسی. کاك جەلالیش پێشتر ناسیبوونی. گەلێ خۆشحاڵ بوون. ئێمە داوامان لێ کردن، کە کۆبووونەوەیەکمان لەگەڵ هەموو شاعیر و نووسەرە کوردەکانی یەریڤاندا بۆ ساز بکەن. ئەوان لە ئێمە زیاتر بەتەنگەوە بوون و، هەر زوو گونجاین.

دوای نزیکەی سێ سەعات، هاتنەوە و بردیانین بۆ کۆبوونەوەکە. کۆڕ گەرم بوو. کە دانیشتین، کارلین دوا و وتی: "برایان جەلال و حسەین.. دووبارە بەخێربێن و سەرچاوانمان. بە پێویستی دەزانم پێشەکی برادەرانتان پێ بناسێنم. ئینجا بەڕیز پێداهات و وتی:

عارەبی شەمۆ: لە ساڵی (١٩١٨)ەوە، ئەندامی حزبی کۆمۆنیستە. دامەزرێنەر و یاریدەدەرێکی گەورەی ئەدەبی کوردییە لە ئەرمینیا. ژمارەیەکی زۆر چیرۆك و ڕۆمانی نووسیون، کە گەلێکیان بە زمانی تریش بڵاو کراونەتەوە.

خالد چاتۆییف: سەرۆکی بەشی خوێندنی کوردییە لە ئەکادیمیای ئەرمینیا. گەلێ کتێبی مێژوویی لەبارەی کوردەوە نووسیون، لەوانە (پەیوەندی نێوان گەلی کورد و گەلانی یەکێتی سۆڤێت).

باری مەعبوود: لە بەشی کوردیی ئێستگەی یەریڤاندا کار دەکا.

جەمیلەی جەلیل: گۆرانیبێژێکی ئێستگەی کوردی یەریڤانە. هەروەکو مۆسیقازانیشە. برازای عەبدۆ، وەزیری ئەسۆ، حەمۆی بەرسگبۆ: لە کارمەندانی بەشی کوردی ئێستگەی یەریڤانن.

عەگیدی خدۆ: یەکێکە لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (ڕێیا تازە) و وەرگێڕە.

نادۆم مەحموودۆف: وەزیری گواستنەوەی ئەرمینیایە. گەلێ کتێبی مێژوویی لەبارەی کوردەوە نووسیوە. لەوانە (مێژووی کورد). هەروەها ڕۆمانیش دەنووسێ. (دەنگی دایکم) ڕۆمانێکی بەناوبانگێتی.

جاسمی جەلیل: شاعیرێکی ناوداری ئێمەیە. لە دەمێکەوە شیعر دەنووسێ. (ڕێداکتورێ) یەکێکە لە کتێبەکانی.

حاجی جندی: پرۆفیسۆره. گەلێ کتێب و نووسینی هەن، بەتایبەتی لە بواری فۆلکلۆردا، کە هەتا ئێستا دە بەرگی لێ چاپ کراوە.

میکاییل ڕەشید: شاعیره. هەندێ لە شیعرەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی رووسی و ئەرمەنی.

دوای ئەم پێناسینە، کەوتینە گفتوگوکردن. پتر پرسیار لەوان و وەڵامدانەوە لە ئێمەوە. پوختەی قسەکانیان ئەوە بوو کە دەیانوت:

– چاومان لە دووتانە.

– بەپەرۆشەوە گوێ بۆ دوا هەواڵتان هەڵدەخەین.

– هەستونەستمان لەگەڵتانە.

– ئێمە بەختیار و ئاسوودەین. بەڵام بەختیاری و ئاسوودەییی ئێوەشمان لەلا مەبەستە.

– داخ.. باری ئەدەبی و ڕۆشنبیریتان بەوردی پێ نازانین، بۆیە بەم هاتنانەی ئێوە و مانان گەشکەدار دەبین.

– ئەو ڕایەمان بەبرا نووسەر و ڕۆشنبیرەکانی لای خۆتان ڕابگەیەنن، کە ئێمە پیتی لاتینی بەپەسەندتر دەزانین بۆ زمانەکەمان.

ماوەیەکی باش دواین. زۆر باس و خوازی ئەدەبی و ڕۆشنبیری هێنرانە کایەوە و، قسەیان لێوە کرا. لە هەندێکیشیاندا لێمان دەبووە دەمەتەقێ و، بیروڕای جیاوازیان لەسەر دەوترا. تا لە ئەنجامدا (کارلن) دانیشتنەکەی کۆتایی پێ هێنا و وتی: "ئەم برادەرانە ئیشی تریان هەیە، با ماتەڵیان نەکەین".

ئەوسا بەو نیازەی پێش گەڕانەوەمان، جارێکی تریش لەگەڵیاندا دابنیشین، بڵاوەمان لێ کرد.

تێبینی:

کارلنی چەچانی خۆی، کە بە درێژاییی ئەو چوار ڕۆژەی لە یەریڤان بووین لەگەڵماندا بوو، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکەتی نووسەرانی ئەرمینیا و، سەرۆکی یەکەتی نووسەرانی کوردی ئەرمینیایە، کە (٣٠) سی ئەندامیان هەیە.

هاوکاری– ژ ١٩٧،١٤/١٢/١٩٧٣.

# دیدار

## گفتوگۆیەك لەگەڵ حسەین عارف

* کاك حسەین عارف لە ساڵی (١٩٣٦)دا لە شاری سلێمانی لە دایك بووە و، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەوێدا تەواو کردووە. لە ساڵی (١٩٦٥)دا خوێندنی بەرزی لە کۆلێجی حقووق لە بەغدا تەواو کردووە و، ئێستا مووچەخۆرێکی میرییە هەر لە بەغدا.
* یەکەم نووسینی لە ساڵی (١٩٥٤)دا لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاو کردووەتەوە کە بریتی بووە لە پارچە پەخشانێك بەناوی (بۆیە ئەمەوێ بژیم).
* یەکەم چیرۆکی لە ساڵی (١٩٥٧)دا بەناوی (چای شیرین)ەوە لە کۆواری (شەفەق)دا بڵاو کراوەتەوە و خەڵاتی یەکەمی پێشبڕکێی کۆواری ناوبراوی لە چیرۆکنووسیندا وەرگرتووە، کە ئەو وەختە و تا دوای شۆڕشی تەموز، چ ئەو چیرۆکە و چ هەر بەرهەمێکی تری بەناوی (محەمەد سدیق عارف)ەوە بڵاکردووەتەوە.
* لە رۆژنامە و کۆواری (ژین و شەفەق و هیوا و بڵێسە و ڕووناهی و ڕاپەڕین و برایی و تووتن و بەیان و ئازادی و ئیسلاحی زەراعی)دا بەرهەمی لە چیرۆك و وتاری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بڵاو کردووەتەوە.
* جگە لەوە ئەم بەرهەمانەشی بە نامیلکە بڵاو کردووەتەوە.

١– کامەران و هۆنراوەی نویٚ–لێکۆڵینەوە–٩٥٨.

٢ – فتاە نقدە–گۆڕینی چەند پارچە شیعرێکی کامەران موکری بۆ عەرەبی–٩٥٩.

٣– لە کۆڕی خەباتا–کۆمەڵە چیرۆکێکی کورت–٩٥٩.

* ئێستا ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکەتی نووسەرانی کوردە.

پرسیار: لەم ماوەی دواییەدا، گەلێك بەرهەمی چیرۆك لە چاپدران. ئایا تۆ لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەرهەمانە ڕات چییە بەرامبەر باری ئێستای چیرۆکی کوردی؟. ئایا دەتوانیت باشترینی ئەو بەرهەمانە دەستنیشان بکەیت و بۆچی؟.

وەرام: بەپێی ئاگەداریی من بەدرێژایی هەردوو ساڵی (١٩٦٧ و ١٩٦٨)، ئەم

چیرۆکانە بڵاو کراونەتەوە: (شمشاڵی شوان–محەمەد ساڵح سەعید) و (لێوی ئاگرین – ئەمین میرزا کەریم) و (نەریمان چی لێ هات – محەمەد عەلی مەدهۆش) و (دارەکەی بەرماڵمان – ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل). بەڵام لە ساڵی (١٩٦٩)دا وەك بەری ئاوێکی مەنگ بەر بدەیت، ئاوەها لێشاوی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی چیرۆکنووسەکانمان دەست پێ دەکا. ئەوانەی لەو ساڵەدا بڵاو کراونەتەوە ئەمانەن: (بووکەشووشە–دوکتۆر مارف خەزنەدار، بوومەلەرزە لە گۆمی مەنگا–کاکە مەم فەخری) و، (دە چیرۆك–دوکتۆر کاوس قەفتان) و ئەڵەمان کوردی – دوکتۆر مارف خەزنەدار) و (ژیان و ئەشکەنجە– ئاراستە) و (ئادەمیزاد–موحەڕەم محەمەد ئەمین) و (نەوای هەتیو–ساجد ئاوارە) و (زەردەخەنەی ژیان–جیهان عومەر) و، (کولەمەرگی–ئاگرین). جا ئاخۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی گشت ئەم چیرۆکانە، بەچ ئەنجامێکمان دەگەیەنن؟ بەڕای من بەدوو ئەنجامی بنەڕەتیمان دەگەیەنن:

یەکەم: دەرکەوتنی سەرەتای پەرەسەندن و پێشکەوتنێکی دیار و ئاشکرا لە هونەری چیرۆکنووسینماندا، لە ڕووی شێوەی نووسینەوە (باری هونەری) بەتایبەتی و، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بەگشتی، کە ئەمە بێگومان ئەنجامێکی دڵخۆشکەر و شادیبەخشە.

دووەم: وەکی تریش جێگەی سەرسووڕمانە، کە کارەسات و بەسەرهاتی هەمەچەشنە و پڕوچڕی نۆ ساڵی ڕابوردووی نەتەوەی کوردمان، کە ئێمە گوایە باسی چیرۆکەکانمان لە ژیانی ڕۆژانەی ئەو هەڵدەهێنجین و بۆ ئەویش دەنووسین، لەو بەرهەمانەدا ڕوون نەبووەتەوە و نانوێنرێ!. ئەگەر ئەمە وەهابێ دەبێ ئەوەش بوترێ، کە خۆ دزینەوەیەك یا هەڵاتنێك لەلای چیرۆکنووسەکانمان هەست پێ دەکرێ. ڕەنگە ئەم بارە ناهەمواره نهێنییەك نەبێ لە مرۆڤی هۆشمەند شاراوە بێ. بەڵام من ئەمە تەنیا سەرنجێکە و دەری دەبڕم، کە دەکرێ بەزۆر باردا ورد بکرێتەوە.

بەڵام بۆ باشترینی ئەو بەرهەمانە، بەڕای من (دە چیرۆکە)کەی دوکتۆر کاوسەو، بەدوایدا (بوومەلەرزە)کەی کاکە مەم، کە بەتایبەتی لە شێوەی نووسین (باری هونەری)دا پەسەندی دەکەم، پتر لە باسەکانی کە کەموکووڕییان تێدا دەبینم. ئەمەش

ئەوە ناگەیەنێ کە بەرهەمەکانی تری گشتیان لاواز و کاڵوکرچن. نەخێر.. من دڵنیام کە بەپێی پێوانەی قۆناغی ئێستامان، گەلێکی سەرکەوتوویان تێدا هەیە و، بگرە لە زۆربەیاندا پێشکەوتن دەبینم و ئاسۆیەکی نوێ بەدی دەکەم.

پرسیار: بەلای تۆوە نیشانەی چیرۆکی سەرکەوتوو، چ لە ناوەڕۆك و چ لە شێوەی نووسیندا چییە؟.

وەرام: من هەرچەندە لەو باوەڕەدا نیم، کە ئەدەب و بەتایبەتی چیرۆکنووسین، بریتی بێ لە وەحی و لە غەیبەوە بە نووسەر ڕابگەیەنرێ. بەڵام باوەڕم بەوە گەلێك بەهێزە، کە پیشەیەکی زۆر ورد و سەخت و ستەمە و، بەهرە و توانا و دەسەڵاتێکی ئەوتۆی گەرەکە، کە تەنانەت زۆر جار بۆ نووسەر و شاعیرەکان خۆشیان وا خۆی دەنوێنێ، کە وەحییە و لە غەیبەوە پێی ڕادەگەیەنرێ. دەسا ئەگەر باسەکە وەها بێتە پێش چاو، دەبێ پێشەکی ئەو مەرجانە دەستنیشان بکەین، کە پێویستە لەو کەسەدا هەبن، کە دەشێ ببێتە نووسەرێکی سەرکەوتوو. من بەشبەحاڵی خۆم، ئەم مەرجانەم بەلاوە پەسەندن:

یەکەم: دەبێ مرۆڤێکی زیرەك و وریا و چاو کراوە بێ.

دووەم: دەبێ خاوەنی بیر و هۆشێکی قووڵ و توانای سەرنجدانێکی وردی هەبێ.

سێیەم: دەبێ خاوەنی هەستونەستێکی ناسکی کاریگەریی گەش و پوخت و زیندووبێ.

چوارەم: دەبێ لە ڕێی خوێندنەوە و بیستن و بینینەوە زانیارییەکی گەلێ فراوانی لەبارەی ئەم ژیانە ئاڵۆز و جەنجاڵەوە لە خۆیدا پێك هێنابێ.

پێنجەم: دەبێ خاوەنی فەلسەفەیەکی دیار و ئاشکرابێ لە ژیاندا، پیشەی تەنیا ڕەشکردنەوەی زۆرترین لاپەڕەی سپی نەبێ، بەو نیازەی بەزووترین کات پێی بووترێ: نووسەر.

شەشەم: دوا جار دەبێ ماوەیەکی پەراوەکردنی ئەوتۆی لە نووسیندا بەسەر بردبێ، کە شارەزای کونوقوژبنەکانی هونەری بابەتی نووسینەکەی بووبێ، کە ئەمەش لە یەکێکەوە بۆ یەکیکی تر جیاوازی تێ دەکەوێ.

من ئەم مەرجانەم بۆیە خستنە ڕوو، تا دەری بخەم کە چیرۆکی سەرکەوتوو لە دەست کام نووسەردێ و، لە کامیان چاوەڕێ دەکرێ. وەکی تریش دەڵێم: ئەگەر ئەوانە مەرجی مرۆڤی نووسەر و (بەتایبەتی چیرۆکنووس) بن، ئەی مەرجەکانی چیرۆکی

سەرکەوتوو چین؟. بەلای منەوە بەشێوەیەکی گشتی لەمانە بەدەرنین:

یەکەم: ڕووداوێکی هەڵبژاردەی ئەم ژیانە ئاڵۆز و بەرفراوانەی ئادەمیزاد.

دووەم: وەستایانە لە قاڵبێکی ڕازاوەی نەخشینی دڵگیرا بخرێتەوە پێش چاوی ئادەمیزادەکە خۆی.

سێیەم: بەمەرجێك هەڵوێست و سەرنجێکی تایبەتی نووسەر هەر بەو ئادەمیزادە ڕابگەیەنێ، لەبارەی ژیان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی، کە بۆ ئامانجێك بچێ و ئەنجامێك لەم رووەوە دیاری بکا.

جا بێگومان لە یەکدانی مەرجەکانی پێشوو لەگەڵ ئەمانەدا چیرۆك و چیرۆکنووسی سەرکەوتوومان دەسگیر دەخا، کە ئەمە پوختەی هیوا و ئاواتێکە بۆ دوارۆژی ئەم هونەرە لە ئەدەبی نەتەوەکەماندا و، هەموو کات لە ناخی بیر و هۆشی منـدا دەدرەوشێتەوە. ئەوەی باسم کرد ڕام دەکێشێ بۆ دیاریکردنی دوو نیشانەی کەموکوڕیی زەق لە قۆناغی ئێستای هونەری چیرۆکنووسینماندا نیشانەی ڕووکەشی و ساکاری.. ڕووکەشی لە ناوەرۆك و ساکاری (بەمانای نەشارەزایی)لە شێوەدا، (واتە لە ڕووی هونەرییەوە). بێگومان کاتێ من ئەم ڕایە دەردەبڕم، وەنەبێ لەوە بەئاگا نەبم (کە لە بەراوردکردندا)، ئەم هونەرە لە ئەدەبەکەی ئێمەدا هێشتا لە سەرەتادایە و باری ڕۆشنبیری نەتەوەکەشمان بەگشتی (ئەنجامی هەندێ هۆی تایبەتی) لە کاروان دواکەوتووە، نووسەرمان دەخاتە بارێکی ناهەمواری پڕ لە داخ و خەفەتەوە. بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم، هەرگیز ڕازی نابم نووسینم هەتا سەر گیرۆدەی ئەو دوو کەموکوڕییە بێ، بەڵکو ڕەنجی فەرهاد دەدەم بۆ زاڵبوون بەسەریاندا، دوا جار بەدیهێنانی ئەو ئاواتەی، کە وەك وتم هەردەم لە ناخی بیر و هۆشمدا دەدرەوشێتەوە.

پرسیار: دەوترێ لەم سەردەمەدا، لە ناو گشت لقەکانی ئەدەبدا، چیرۆك لە برەودایە و چووەتە ڕیزی پێشەوە. تۆ ڕات لەسەر ئەمە چییە؟.

وەرام: من بێ ئەوەی هەر بە ئاستەمیش لە بایەخ و پایەی شیعر کەم بکەمەوە، چ لە ڕابوردوو چ لە ئێستا و چ لە داهاتووشدا، بەڵام زۆر بەپەرۆشەوە لایەنگیری ئەو وتەیە دەکەم و باوەڕێکی تەواوم پێی هەیە، هێندەی پێوەندیی بەخۆمەوە هەبێ، بەهەموو توانامەوە کۆششی بۆ دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا باسەکە

لێدوانێکی دوور و درێژی دەوێ و، پێویست بە بەڵگە هێنانەوەیەکی زۆر دەکا، کە لێرەدا ئەو ماوەیەمان نییە.

پرسیار: باری ڕەخنە لە ئەدەبەکەماندا چۆن دەبینی، ڕەخنە بەلای تۆوە دەبێ چۆن بێ؟.

وەرام: بەداخەوە باری ڕەخنە لە ئەدەبەکەماندا تاریك و نووتەك دەبینم. بەڵام ئەمە ئەگەرچی بەسەرێك جێگەی داخە، بەسەرێکی تر بەلای منەوە ئەنجامێکی دواکەوتوویی ئەدەبەکەمانە بەگشتی. ئەی ئەگینا کەی ئەوە ڕەخنەیە دەگیرێ، کەی ئەوەش دەستووری رەخنەگرتنە کە پەیڕەوی دەکرێ؟ سەیرە!.. هەریەکە لە نووسەر و شاعیرانمان دەیەوێ بڵێ: تەنیا خۆم و کەسی تر نا!. لە کاتیکدا پێویستە بڵێ: خۆم و گشت نووسەر و شاعیرانی تری نەتەوەکەم. برایان.. بەتایبەتی ئێوە چیرۆکنووسان.. با دڵنیابین کە هێشتا هیچمان نەگەیشتووینەتە ئەو ڕادەیەی، پشتی لێ بکەینەوە و بڵێین: وا هونەری چیرۆکنووسینمان لە ئەدەبەکەماندا گەیاندە لووتکە. گشتمان لە ئێستادا خۆمان بۆ ئامانجێك دەکوتین.. ئامانجی پێکهێنان و پەرەپێدان و پێشخستنی ئەم هونەرە لە ئەدەبەکەماندا، دوا جار سەرخستنی بۆ لووتکە. ڕاستە تێماندا هەیە کە بەپەلەپرووزێ، بەرهەمی کاڵوکرچ دەخاتە ژێر چاپەوە و، تێماندا هەیە هێشتا لە ئەلفوبێی هونەرەکە تێ نەگەیشتووە و، تەقەلا دەدا بەزووترین کات بچێتە ریزەوە و، تێماندا هەیە.. هتد، بەڵام لە هەمان کاتدا هەموومان لە بەراوردکردندا لەگەڵ چیرۆکنووسانی نەتەوە پێشکەوتووەکاندا، هێشتا گەلێك دوورین لە لووتکەوە، کە ئەمەش وەك لەوەبەر ئیشارەتم پێ دا، هۆی لەوە کاریگەرتری هەیە کە ئاسان بێتە بەر زەین.

کەوابوو با بوار بدەین بە گشت بەهرە و توانایەك، چەندە لە ئێستەیدا لاوازیش بێ، بکەوێتە کار و بەرهەمی مێشکی بخاتە پێش چاو، کە لە ئەنجامدا:

"ئەوەی کەفەڵۆکە دەتوێتەوە و لە بیر دەچێتەوە، ئەوەشی سوودبەخش بێ نامرێ و دەژی". با ماوە بدەین و ترسی ئەوەمان نەبێ، کە خراپ سەربکەوێ و چاك ژێر.. کە بەرهەمی باش بمرێ و بێ کەڵکیش بژی!. نەء.. با دڵنیا بین کە بەرهەمی نەمر نکوولی لێکردنی ئێستا نایمرێنێ و، بەرهەمی مردووش مەدح و سەنای ئێستا نایژێنێ. واتە

لە ئەنجامدا نەمری هەر بۆ بەرهەمی چاکە، مردن و لە بیرچوونەوەش بۆ خراپ.

بەلاّم ئایا رەخنە دەبێ چۆن بێ؟. بێ درێژە پێدان دەڵێم: رەخنە نابێ بۆ سەروگوێلاك كوتانەوە و بێزارکردن و پشت ساردکردنەوە بێ ، نابێ بکرێتە ئامرازێك بۆ تۆڵەسەندنەوە و هەڵرشتنی رق و کینە بەرووی یەکتردا. بگرە دەبێ بۆ رێگە نیشاندان و راستکردنەوەی هەڵە و چەوتی، دوا جار بۆ سوود لێ وەرگرتن بێ.

پرسیار: دەوترێ نووسەر دەبێ لە نووسیندا نەترس بێ. رای تۆ بەرامبەر بەم وتەیە چییە؟.

وەرام: بێگومان منیش سەرومڕ لەگەڵ ئەو وتەیەدام. بەلاّم کامەیە ئەو نووسەرەی کە دەتوانێ لە هەموو دەور و زەمانێکدا، نووسینەکەی لەو هەزار و یەك چورتمە بپەڕێنێتەوە و، بەسەر ئەو هەزار و یەك کۆسپەدا سەری بخا کە دێنە رێی، هەتا بتوانێ بیسەلمێنێ کە نەترسە و کە لە هەموو رۆژگارەکاندا نووسینی نەترس بە خوێنەرانی رادەگەیەنێ؟. ئەمە ئەگەر وامان دانا کە ئەو نووسەرە بەراستی فیداکارە و، لە ئاستی ئەو مەینەتی و ئەشکەنجە و ئازارەدا ملکەچ ناکا، کە لە ئەنجامی ئەو چاونەترسی و سەرسەختییەدا دێنە رێی، بەلاّم خۆ ئەگەر مەبەستیش لە پرسیارەکە دیوەکەی تری بێ، واتە دیوی هەلپەرستی و راکردن بەدوای سوودی خود و، هەڵپەڕین بە زوڕنای هەر زوڕناژەنێکی نوێ کە دەبێتە خاوەن دەسەلاّت، ئەو نووسەرە بەپێی کات بۆی بەکرنووش دادێ، ئەوە بەلای منەوە ترسنۆکە و بێ بایەخ، کە دەبێ بەر لەعنەتی (ئاهوورامەزدا) بکەوێ، بکرێتە دەست و پێوەندی (ئەهریمەن).

پرسیار: دوا بەرهەمت چییە و چی تریشت بەدەستەوەیە؟.

وەرام: دوا بەرهەمم چیرۆکێکی کورتە بەناوی (خوویەکی پووچ)ەوە، کە نیاز وایە لە ژمارە (٢)ی (دەفتەری کوردەواری)دا بلاّو بکرێتەوە. ئەوەشی ئێستا پێوەی خەریکم، کۆمەڵە چیرۆکێکە و، بریتییە لە حەوت چیرۆکی کورت و یەکێکی درێژ، دەمەوێ ئامادەی بکەم بۆ بلاّوکردنەوە. بەلاّم ئامادەکردن لەلای منەوە شتێکە و، توانای لە چاپدان و بلاّوکردنەوەشی شتێکی تر، کە پارە و پوول لە ئێستاماندا دەورێکی هەرە گەورەی تێدا دەبینێ.

جگە لەوەش دوو چیرۆکی درێژم بەدەستەوەن، کە بڕیارم وایە دوای کۆمەڵە

چیرۆکەکە بگەڕێمەوە سەریان. لە راستیدا من ئێستا زۆرتر حەز بەوە دەکەم، کە پتر خۆم بە چیرۆکی درێژەوە خەریك بکەم و، بتوانم لە ماوەی داهاتوودا لەم ڕووەوە شتێك بەدەستەوە بدەم.

هاوکاری – ژ۷، ۱۹۷۰/۲/۲۷

## لە دیدارێکی حسەین عارفدا

ئامادەکردنی: گۆران مەریوانی

لە مێژووی هاوچەرخی ئەدەبی کوردیدا، "حسەین عارف" وەفیشەکی بڕنەوی دەستی کوردە کۆچەرییەك دەچێت، ئەگەر ڕێم بدەن و بتوانین باسی کۆچەری بکەین دە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا.. ببوورن.

کێ هەیە "چای شیرین"ی نەخوێندبێتەوە و نەتەریقابێتەوە.

لە حەفتاکاندا ژەنەرەیشوونی – جیلی من، تازە ئەو دەمەی تەمەنی منداڵیمان دەشکاند و کەوتبووینە باڵەفڕە. ئەوجا لە کوێندەرێ گیرمان بخواردبا، میوانی کهیێ ماڵ بووینایە، دەمودەست سەرنجی کابان و خانمی ماڵمان دەدا، تا بڕوانین چ لە شەکر و نوقڵی ماڵ دەکا. چەند دەنك نوقڵ، چەند کەوچك شەکر دەچای میوانان دەنێ؟. کە "ڕوانگە"ش دروست بوو، ئێمە لە بەر دەرکی هۆبەی "کەڵەمێردان"دا، دەستە و خەنجەر وەستابووین.

دەکرا جارجار گوێیان بۆ ڕادێرین، وەلێ نەدەبوو دەکنیان ڕۆچین!. هەر ئەوان بوون ئەو دەمەی گوتیان: "ئەمە هەبێت و نەبێت، دەستێکی حوسێن عارفی تێدایە!". ئێمەش گوێی چەپڵەمان بۆ لەقاندن. ئێستاش لە یادمە لە چ لاپەڕەیەکی (هاوکاری) جاراندا، بە چ وێنە و تابلۆیەك و، دەستخەتی "زادە"ی خۆشنووس و کەنگی و، "رایسز لە خوێنیاندا" پەخش کرایەوە. ئێمە بۆ خۆمان چشتێ تێ نەدەگەیشتین. دانیشتوانی "هۆبە"ش گوتیان: "چاوکە، حسەین عارف بۆ خۆی شێت بووە". هەندێکیان بێژایان کە گوایە ئەو "نەخۆشە!". ئێمەی منداڵکار و بێ ئەزموون، زێدەتر ئەم "نەخۆشییەمان"وە بەردڵان گرت. بە شێتیی حوسێن. هیچ کەیفمان نەدەهات.

کێ هەیە لە شەوانی بێ ئەستێرە و خەمناکی کوردستاندا، لە تەك داپیرەی "چاڵی جەرگی پیرەژن"دا نەگریابێت؟. کام لە ئێمە "ڕق ئەستوورتر" نەبووە، بە خوێندنەوەی "ڕووی کردەوە شاخ" و، دەستبەرداری گشت فەلسەفە و پرەنسیپێکی –مەبدەئی–ی خۆی نەبوویێت و، سوێندی نەخواردبێ کە ئەویش ئەگەر لە جێگەی قارەمانی چیرۆکەکەدا بووایە، هەر ئەوەهەی دەکرد؟.

ساڵان هات و ڕۆیی. ئێمە گەورە بووین و سنووری هۆبەی "کەڵە مێردانمان" شکاند.

ڕەنگە تێماندابێ ئێستاکێ بە یەکێك لە دانیشتوانی وێش قبووڵ کرابێت! کوژرابن.. نەمابن.. زیندانی کرابن.. پەرەوازە بووبن.. ڕۆژێ دە ڕۆژانی ئەکسیل –غوربەت– ڕۆمانی "شار"مان خوێندەوە. دەتگوت لەسەر ڕوانگەکەی حسەین عارف راماوم و، ئەویش بە پێلەقە دەمباتە هەیوانی حەوشێ و، لەوێندەریشەوە دە هۆبەی "کەڵەمێردانم"دا دەکا. ئەم جارەی، ئەمن بۆ خۆم حەزم دەکرد پڕ بە دڵ بانگ ڕاهێڵم و بێژم: "حوسێن تێکچووە!". ئەی کە "گەلەگورگ" هات؟. هەر هێندەم دەبیرە گوتم: بریا بەدیداری حوسێن شاد دەبووم، دەبێت چ قەومابێت؟.

پاش سالآن و هەفتان و ڕۆژان، بەدیداری مامۆستا حسەین عارف شادبووم. ئاهێکم وەبەردا هاتەوە. ئەوجارەی شەرمم نەدەکرد و، دەمتوانی دەسیمای بڕوانم. پێ دەچوو "ڕۆژگار" دەستی لە گشتمان وەشاندبێ. وەلێ مامۆستا حوسێن جگەرە یا پایپەکەی لەم کەناری لێوەیەوە، بە ددان ڕانەدەگواستەوە بۆ کەناری ئەولای. وەکی جاران پەرش و بلآو و شپرزە نەدەهاتە پێش چاو. زێدەتر لە گۆمێکی شین و مەنگی ژێر مانگەشەوێکی کوردستانی خەمناك دەچوو. تەزووی سامناکی لە نێو گیانان دەخست. لە دەم گۆمێکی ئاوهادا، گفتوگۆمان دەست پێ کرد.

رابوون: "چای شیرین" دەمی ئێمەی کوردی شیرینتر کرد. کلآفەیەك لە ژانی توورە، بیر و فیکری ئاڵۆزاوتر و –توورەتر– کردین. وەلێ پاش چەند ساڵێك مامۆستا حسەین عارف، چ وەك چیرۆکنووس و چ وەك مرۆڤ، کامڵتر و پڕ ئەزموونتر، ڕاست و ڕەوان و بێ پێچوپەنا، هێدی هێدی گرێکوێرەی کلآفە ژانەکانمان دەکاتەوە. نهێنی و فەلسەفە لەم بوارەیدا دەبێ چی بێت؟.

حوسێن: زۆر بەدەگمەن، تەنانەت لە ناو گەلە پێشکەوتووەکانیشدا وا هەڵدەکەوێ کە نووسەرێك لە تەمەنێکی زوویدا بگاتە پلەی کاملی و، لە ڕادەی ئاسایی تەمەنەکەی تێپەڕ بکا. کوردەکەی خۆشمان هەر وتوێتی: کەس لە پڕێ نابێ بە کوڕێ. بۆیە منیش ئەگەر گەشتێك بە سالآنی دوور و درێژی تەمەنە ئەدەبییەکەمدا بکرێ، دەردەکەوێ کە لە دەگمەنەکان نەبووم و لە پڕێ نەبووم بەکوڕێ. بگرە پلەبەپلە ڕێگەکەم بڕیوە و، چەند چووبمە تەمەنەوە (کە وەك دەزانن تەمەنێکی پڕ و چڕە لە کارەسات و بەسەرهاتی جۆراوجۆر)، هێندە تاقیکردنەوەم لەگەڵ ژیاندا پتر لەلا کەڵەکە بووە و، لە ئەنجامدا هێندەش پتر

لە بەرهەمە ئەدەبییەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە.

مـن ڕەنـگـە سووکـە جیـاوازیـیـەکم لـەگـەڵ هـاوەڵـەکـانـمـدا لـەوەدا هـەبـێ، کـە یـەکـەم چیرۆکی بڵاوکراوەم (چای شیرین)، ڕاستەوخۆ لە دڵ گیرا و دەنگی دایەوە و هـەر خێرا بە خوێنەرانی ناساندم. لەگەڵ ئەوەشدا بەدوایدا، هەر ڕێگەی ئاساییم بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن گرتەبەر و، پێداچوونەوەیەکی خێرای بەرهەمەکانم لە (چای شیرین)ەوە هـەتا (ئەندێشەی مرۆڤێك) بەڕوونی ئەو ڕاستییە دەردەخا. یا ئەگەر وەکی تر بڵێین: من یەکێکم لەو نووسەرانەی کە هەم بەردەوام بووم لەسەر بەرهەمهێنان و، هەم لە بەرەو پێشەوەچوونیش نەکەوتووم. ئینجا ئەگەر بوترێ: ئایا نهێنییەکە لە چیدایە؟ ئەوا دەڵێم: لە بەردەوامییەکەدایە لەسەر بەرهەمهێنان و، لە تێکەڵبوونی ئارەزووەکەیە لەگەڵ خوێنمدا. یا بـا وەکی تری بڵێم: بەدیهێنانی ڕاستەقینەی خودی خۆمی لە ژیاندا تێدا دەبینم و، وام لە مێشك چەسپیوە کە لەم ڕێگەیەوە (ڕێگەی ئەدەب)، بوونی خۆم.. بوونی خێرخوایی و چاکەکاری و شەرافەتمەندی و خزمەتگوزاری خۆم، لە ئاست کەسانی تر لە ژیاندا دەسەلمێنم ، ئەمە لەو ئاواتەش بەدەرنییە کە دوای مردنم (خاسم پـێ بـوتـری و خـراوم پـێ نـەوتـرێ). واتـە ژیـانـێکـی تـر.. یـاخـۆ مـانـێك، زیـنـدوویـەك.. نەمرییەك بۆ خۆم دابین بکەم. ئەگەر گلگامشەکەی دێرین، خەیاڵپلاوەکەی خۆی بۆ بەدی نەهێنرابێ کە بەجەستە بۆ هـەتاهـەتایە بمێنێ، خۆ من ئەم خەیاڵپلاوەی خۆمم بۆ بەدی دەهێنرێ، کە بەناو، کە بەجێ پەنجە بمێنم.

ئـیـنـجـا هـەردەم بـەرەو پـێشەوە چـوونـەکـەش، سێ هـۆی سەرەکـی بـە ذەنـجـامـیـان گەیاندووە. یەکەمیان: ئەوەکەی پێشووە.. ئارەزووە تێکەڵ بە خوێنەکە. دووەمیان: تاقیکردنەوە پڕوچڕەکەی ژیانم. سێیەمیان: ڕاهاتنە بەردەوامەکەیە، کە بە درێژاییی ئەو ساڵەهـایە، هـەزارەهـا لاپەڕەی سپیم ڕەش کردوونەتەوە، تا ئەو بەرهەمانەیان لێ پێك هـاتوون. من بە شانازییەوە دەڵێم: لەوە دەچێ تاکە نووسەرێکی کورد، یا یەکێك بم لە چەندانێکی کەم کە لەو ساڵانی پێشوودا (لە دوای ١٩٧٥)ەوە، وەك نووسەرێکی خاوەن پیشە شەوانم بۆ نووسین تەرخان کردووە. واتە بەتایبەتی بۆی دادەنیشتم و قەڵەمی لێ بەدەستەوە دەگرم و دەبێ و هـەر دەبێ بنووسم. سا لەبەرئەوەشە کە ئەم ساڵانە، بە پێزترین ساڵانی بەرهەمهێنانم بووە.

ڕابوون: دە کۆتاییی شەستەکان و سەرەتای هەفتاکاندا، هونەر و ئەدەبی کوردی

بووژانەوەیەکی گەرمی بە خۆیەوە بینی. "ڕوانگە"ش هەر لەو ساڵانەدا سەری هەڵدا. داخۆ هێژاتان ناوەڕاستی هەفتاکان تا ئێستا چۆن دەبینن؟.

حوسێن: ئێمە لە وەختی خۆیدا کە بزووتنەوەی ڕوانگەمان دەست پێ کرد، وتمان باری ئەدەبیمان وا دەبینین، کە تووشی سستی و مەنگییەك بووە و، ئێمە بەردێك دەهاوینە ناو گۆمە مەنگەکەیەوە، بەو نیازەی بیشڵەقێنین و بیبزوێنین. وامان کردووە وەهاش کەوتەوە و ئەنجامەکەشی ئاشکرایە، کە وەك بزووتنەوەیەکی نەخشە بۆ کێشراو، تا ناوەڕاستی هەفتاکانی خایاند. بەڵام لەوە بەدواوە هەتا ئێستا، من وای دادەنێم کە هەرچینە و یەك بەدوای یەکدا خراوەتە سەر ئەو بناغەیەی، کە ڕوانگە بانگی بۆ هەڵدا و دای مەزراند. گومانیشی تێدا نییە کە چینەکان، گەلێ ڕەنگاوڕەنگ و هەمەجۆر و کۆگتر و تۆکمەترن وەك لە بناغەکە و، هەر دەشبوو وەهابێ. بەواتایەکی تر، ئەوەی لە ناوەڕاستی هەفتاکانەوە بەرهەم هێنراوە و هاتووەتە دی، بەزیادەوە هیوا و ئاواتەکانی (ڕوانگە)ی بەدەست هێناوە، کە جێگەی گەلێ خۆشحاڵی و شانازییە. ئێستا ئەدەب و هونەری کوردی، لە رادەیەکی ئەوتۆی گەشەسەندن و پێشکەوتندایە، (چ لە ڕووی چەندەکی و چ لە رووی چۆنەکییەوە)، کە ئێمە لە ڕۆژگاری (ڕوانگە)دا خەومان پێوە دەبینی.

رابوون: وەکی دەزانین لەم چەند ساڵانەی دواییدا، ڕووت کردووەتە ڕۆماننووسین. (شار) و (ئەندێشە) گەواهی قسەکەمانن. داخۆ ئاستی ڕۆمانی کوردی چۆن دەبینن؟ تۆ بڵێی ئەو قەولە دێرینە ڕاست بێت کە دەڵێن: شاعیر کە چووە تەمەنەوە دەبێتە رۆماننووس؟.

حوسێن: تۆ وەرە بپرسە: لە بواری ئەدەبی نووسراوماندا، یەکەم جار شیعر سەری هەڵدا. دوای ماوەیەکی زۆر ئینجا پەخشان و چیرۆکی کورت، دوای ماوەیەکی تر ئینجا نۆڤڵ و ڕۆمان. بۆچی؟ چەند هۆیەکی خۆیی و دەرەکی (زاتی و مەوزووعی) هەن، کە لێرەدا ماوەی دەرخستنیان بە دوور و درێژی نییە. بەڵام دەتوانین بڵێین کە نموونەی خۆییەکان، سەختی و گرانی نووسینی ڕۆمانە لە چاو بابەتەکانی تردا. نموونەی دەرەکییەکانیش ڕادەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە لە ڕووی شارستانییەوە.

من بەشبەحاڵی خۆم دوای ئەزموونێکی دوور و درێژ لە بواری چیرۆکنووسیندا، ئەوسا توانیم زەفەر بەڕۆمان نووسین بەرم. لە کاتێکدا هەر لە ڕۆژانێکی زووەوەی دەستدانە نووسینم، بە ئاواتییەوە بووم و هەوڵم تێدا دەدا. سەبارەت بە ئاستی ڕۆمانی کوردیش لە ئێستادا دەپرسم: ڕۆمانەکان هەتا ئەمڕۆ بەژمارە چەندن، تا بتوانین بیروڕای بەرفراوانی وەك هونەرێك لە بارەوە دەرببڕین؟. هێشتا لە ژمارەی پەنجەی هەردوو دەست و، ڕەنگە کەمێ زیاتر تێپەڕ نەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی دڵ خۆش دەکا، ژمارەی ڕۆمانەکانی پێنج شەش ساڵی پێشوو کە بە چاپ گەیەنراون و، چاوی خوێنەرانیان پێ گەشبوونەتەوە، زۆر لەو ژمارەیە زیاترە کە بەدرێژاییی ساڵانی پێشووتر هێنراونەتە بەرهەم. ئەمەش مانای زیاتر پێگەیشتنی هەردوو مەرجەکەی نووسینی ڕۆمان دەبەخشێ.

رابوون: لەبارەی تەکنیك.. تەکنیکی هونەریی (شار)تان کە بەقەولی سویدیان: "ئەمدیو و ئەودیو دیارن –Genomskinlig"، شەفاف، ڕەپورەوان، گێڕانەوە–سەرد– زمانی حاڵیەتی. بەڵام "گەلەگورگ" زێدەتر ئەساڵەت و کولتوور و هونەری ئەوروپایی گرتووەتە خۆ. بیری دنیای فیلم و – بۆ نموونە هیتشکۆك– و نووسەرە ڕیالیزمییە نوێیەکانمان بیر دەخاتەوە. چۆن فەلسەفەی: "تاك –Indirid– هاونیشتمانییەك" یاخی دەبێ و، چۆن مل دادەنەوێنێ یان نایەنەوێنێ – جاك لۆندەن، هیمنگوای. دە ئەندێشەدا هەمدیسان تەکنیکی تر. مەسەلەی تەکنیك لای کاك حوسێن چۆنە؟ ئاخۆ روو دەدا لەلای ئێوە تەکنیکی (Struktar)ێ بدۆزنەوە، دوایی گیان بکەن وەبەر کراس و پانتۆڵە دووراوەکەیدا– گەلەگورگ؟ من وای بۆ دەچم کە تەکنیك لای حوسێن، مەسەلەی هوشیاری و ناهوشیارییە. لە دواییشدا ئەو جێگەگۆڕکێ و بازدانە لە تەکنیکدا بۆ و لەبەر چی؟.

حوسێن: با من لە تۆ بپرسم: ئایا تۆ وات لە من دەوێ کە پێنج یاخۆ دە ڕۆمان بنووسم و، هەر هەموویان بە یەك جۆر تەکنیك بنووسم؟ بۆچی؟ بۆ دەست و پێم دەبەستیت؟ یا بابڵێین: بۆ لە سنووری یەك جۆر تەکنیکدا کۆت و پێوەندم دەکەیت؟ ئایا چاکتر وانییە جۆراوجۆر تەکنیك بەکار بێنم؟.

بەڵێ ڕاستە کە (شار) بە تەکنیکی (ئەمدیو و ئەودیو دیار) نووسراوە. بەڵام با پێت

بڵـێـم (کـە هـیـچ نـەبـێ بـەڕای خـۆم)، ڕۆمـانـی (شار) هـەر دەبـوو بـەو جـۆرە تـەکنیکـە بنووسرایە و، بابەتە تەکنیکێکی تری لە خۆ نەدەگرت.

ئینجا سەرلەنوێ من لێت دەپرسم و خۆشت ئاماژەت بۆ کردووە: ئایا تەکنیکی (گـەلـەگـورگ) وەك (شار)ە؟ یـا (ئـەنـدێشە) وەك (شار) و (گـەلـەگـورگ)ە؟. یـا چیرۆکـە کورتـەکان هـەموو بە یەك شێوە تەکنیك نووسراون؟ هـەرگیز نـەء.. ئەوەی بەدوای شێوە جۆربەجۆرەکانی تەکنیکدا بگەڕێ لە بەرهـەمەکانی حوسێن عارفدا (چ چیرۆکی کورت و چ ڕۆمـان)، گەلێکی هـەمەڕەنگەیان تێدا دەبینێ. وا تێ دەگەم کە هیچ ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەیەکی بە ئینسافیش نکووڵی لەوە ناکا، کە من ئەرکی سەرشانی خۆم لە بواری داهێنانی تەکنیکی نوێدا بۆ چیرۆك و ڕۆمانی کوردی جێبەجێ کردووە.

رابوون: ڕەخنەی کوردی شانبەشانی چیرۆك و چیرۆکنووسەکان دەڕوا؟.

حوسێن: نەء.. کە دەڵێم نەء، مەبەستم ئەوە نییە بڵێم ڕەخنە و ڕەخنەگرمان هـەر نەبووە و نـیـیـە. هـەرگـیـز نـەء. بـەڵام دەڵـێم ئـەمـیش هـەمـان دەسـتـوور دەیگرێتـەوە.. دەستووری هـەڵکـەوتـنی هـەلومـەرجی خـۆی. واتـە هـەڵکـەوتـنی هـەلومـەرجی پێگەیشتن و گەشەسەندنی ئەو بەرهـەمەی، ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئاراستە دەکرێ. من ئەگەر چیرۆك و ڕۆمانی سەرکەوتووم نەبێ، ڕەخنەگر ڕەخنە لە چـی بـگـرێ و لـێکـۆڵـەر لـە چـی بـکـۆڵـێتـەوە؟. واتـە بـەپـێی دەسـتـوورەکـە، گەشەسەندنی ئەم دەکەوێتە پاش گەشەسەندنی ئەو.

رابوون: پرۆژەی پاشەڕۆژتان؟.

حـوسێن: ئـەوەی نـەمـنـووسیـوە و بـە ئـاواتـەوەم بیـنووسم. ئـەوەشی بـە ئـاواتییـەوەم بینووسم، زۆر لەوە پێشتر و بەربڵاوترە کە نووسیومە. بەڵام تۆ بڵێیت مەرگ ئەو مەردایەتییەم لەگەڵدا بکا و هێندەم ماوە بدا، کە ئاوات بەدی بێنم؟.

خۆ مەرگیش وای لێ هاتووە، کە کەس نازانێ لە ژێر ڕکێفی چی و کێدایە.

رابـوون: (گـەلـەگورگ) کراوە بـە فـیلم، یـاڕاستتر نـامـەی دەرچوونی –تـخرج– کـاك (مەهدی ئومێد گەرمیانییە)، لە یەکێك لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی سۆڤیەتی لەمەوپێش. هیچ دەزانیت لەو بارەیەوە؟.

حوسێن: هـەواڵی دەستبەکارکردنیم هـەر زوو لە ڕۆژنامەیەکی خۆماندا خوێندەوە. دوایی بەدەمی تەواوکردنی و نیشاندانیم لە ئەوروپا پێ گەیشت. بەڵام دوا

هەواڵ کە پێم گەیشت لە برادەرێکی دێرینەوە بوو کە فیلمەکەی دیوە و وتی: (بەداخەوە کە هەر بەناو و بەهەندێ کارەسات چیرۆکەکەی تۆیە، دەنا زۆر لەویان دوور خستووەتەوە و، دەسکارییەکی زۆری ئەوتۆیان کردووە، کە لەماکی مەبەستەکەی تۆیان دابڕیوە). بەهەرحاڵ دەبێ خۆم بیبینم و ئەوسا قسەی تێدا بکەم.

رابوون: داخۆ دەکرێ بەڕێزتان بەپێی توانا، پێناسەیەکی دەرەوە و ناوەوەی (حسەین عارف)مان بدەیتێ؟.

حوسێن: لە دەرەوە و ناوەوە دەپرسیت؟ ئەیهوو!. ئەگەر بەپێی ناوەوەم بووایە، دەبوو لە دێرزەمانەوە، یا ئەوەتا ئەم گۆی زەمینە و هەرچی لەسەر پشتێتی، تێکی بدەمەوە و سەر لەنوێ بەپێی خواستی خۆم، خواستی ئەدیبانەی خۆم دروستی بکەمەوە، یا ئەوەتا هەرزوو خۆم توونا دەکرد و، چیی بوارم نەدەدا چاوم بەدیوی دەرەوەمدا هەڵبێنم و، ببینم و داخ و خەفەت بخۆم و جەخار بکێشم (گەلەگورگ).

بەڵام بەپێی دووەم، ئەوەتا هێشتا دەژیم و، ڕۆژان و مانگان و ساڵان بەدوای خۆمدا بە کێش دەکەم. شانم داوەتە بەر و ملم پێوە ناوە و وەکو تۆ و ئەو و ئەوی تر، ڕێگە دەبڕم و هەنگاو پێدا هەڵدێنم (شار).

خۆ ڕێکیش دەکەوێ، ئەمیان و ئەویانم لەلا تێکەڵاو دەبن. ناوەوەم یەق دەداتەوە بۆ دەرەوە و بەلەسە دەبێ. دەرەوەشم هاوار دەباتە بەر ناوەوەم و، تێیدا کڕ دەبێ و کڕ دەکەوێ. یەك جێگەگۆڕکێ بەیەکتر دەکەن و، سەر و دڵ و دەروون و هەستونەست و ئەشکەنجە و ئازار، تێکەڵ بەیەکتر دەبن و لێیان دەشێوێ و جەنجاڵ دەبن و نازانن کامیان کامیانە؟ کێیان کێیانە؟ دوا جار حاڵەتێکی ناشوناس و نادیار و نادەستگیر پەیدا دەبێ، کە چ ناوەوە و چ دەرەوە لە ئاستیدا سەراسیمە دەبن و، تەنیا ڕێکەوتێك دەبێتە ناوبژیکار (ئەندێشە).

دەبینیت کاکی برا.. دەبینیت ناوەوە و دەرەوەی من، لە چ بەیەکدادان و لە چ عەزابێکی دۆزەخ ئاسادان؟ ناوەوەم وای دەوێ و دەرەوەم ئەوە حاڵێتی و، تا ئەم ساتەش دەرەوە و ناوەوە ئابڵوقە و حول دەدا و، ئینجا وەرە لێی دەرچۆ.

رابوون: سوپاستان دەکەم. ئێستا هێندە ماوە بڵێم: بڕیاربوو لە تەك مامۆستا حسەین

عارفدا، چەند دیدارێکی تریشمان ببێت. لەوانە: هەندێ بەرهەمی نوێی خۆی، پێشکێش بە کوردانی دووره کوردستانمان بکات. نۆڤێلێکی لەبەردەم کامێرای سینەماییدا بخوێنێتەوه. دوا جاریش هەندێ وێنە بگرین.

هەلومەجی کوردستان نالەبارە. دە ئانوساتدایە رووداوەکان بەخێرایی بگۆڕێن. یان بە قەولی باووباپیرانمان: (کەس خاوەنی خۆی نییە و، کەسیش بەتەمای سبەینێ نییە). دوا جار لە کۆنگرەی یەکەتی نووسەرانی کورددا (١٥ ، ١٦-ئۆکتۆبەر) لە شەقلاوە، پەیمان بوو یەکتری ببینین و گفتوگۆمان درێژە پێ بدەین. وەلێ داخی داخان هەر لە دووەم رۆژی کۆنگرەدا، نووسەرێك دڵی مامۆستای دەخۆڕا ڕەنجاند و حوسێن دیار نەما. بەو کارە ناشیاوەشی، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ نووسەرەکەی، ڕیسەکەی منیشی کردەوە بە خوری و، بەسەدان کوردی پەڕەوازەی لە ئاکسیل، لە بیرورا و حەز و ئارەزوو، خواست و ناخواستی نێو بیر و فیکری مامۆستا حسەین عارف بێ بەش کرد. چ جێی داخە و داخ بوو.

گۆران مەریوانی - شەقلاوە - ئۆکتۆبەری ١٩٩١

کۆواری (رابوون)

## حسەین عارف

## لە ژانی تووڕەوە بۆ هەواری بێدەنگی

سازدانی: ڕەووف بێگەرد

حسەین عارف ناوێکی درەوشاوەی ناوەندە ئەدەبییەکەمانە، بەتایبەتی لە بواری چیرۆکنووسیندا. یەکەم بەرهەمی پەخشانی ساڵی ١٩٥٤ بەناوی (بۆیە ئەمەویٚ بژیم) لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاو کردووەتەوە. لە کۆتاییی پەنجاکاندا بە چیرۆکی (چای شیرین) یەکەم هەنگاوی داهێنەرانەی نایە ناو کۆڕی ئەم بابەتە ئەدەبییەوە. لە حەفتاکانیشدا بە (کلافەیەك ژانی تووڕە) و (توێشووی سەفەرێکی سەخت) و دواتر لە (گەلەگورگ)دا، زیاتر دەنگی تایبەتی خۆی چەسپاند. لە بواری ڕۆمانیشدا دوو جار توانای خۆی تاقی کردووەتەوە. (شار) و (ئەندێشەی مرۆڤێك) بەرهەمی ئەو ئەزموونەن. بێجگە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لەبارەی چیرۆکی هونەریی کوردی و دەیان نووسینی تر و وەرگێڕان.

کاك حوسێن یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بەیانی (ڕوانگە)ی ئەدەبی و، لەو نووسەرە یاخییانە بوو، کە چاوی نەوەیەکی بەچیرۆکی نوێدا هەڵهێنا.

ئەم نووسەرە بەهرەمەندە چەند ساڵێکە بێدەنگە. ئایا خۆی بێدەنگ کردووە، یا توانای بەرهەمهێنانی هاتووەتە کزی و، هەنگاو بەسەر سیاساڵیدا دەنێت؟ ئەگەر وایە دەشێت هۆیەکی تایبەتی یان گشتی لە پشت ئەم ئاکامەوە بێت!. ئەم گفتوگۆیە تیشك دەخاتە سەر لایەنی تاریکی ئەو نهێنییە و، لە زمانی خودی چیرۆکنووسەوە وەڵامەکان بەرجەستە دەبن.

پرسیار: حسێن عارف لە ڕابەرەکانی چیرۆکی کورتی نوێی کوردییە. بە توانایەکی گەورەوە هاتە مەیدان و، بەرهەمەکانی نموونەی داهێنان و ئایندە بینینن. وا چەند ساڵێکە بێدەنگە. ئایا لای خۆیەوە هۆیەك بۆ ئەو بێدەنگییە هەیە؟.

وەڵام: بەڵێ.. چوار پێنج ساڵە بێدەنگم. لە وەختێکیشدا تووشی ئەم حاڵەتی بێدەنگییە بووم کە (بەڕای خۆم)، لە گەرمەی چالاکی و لووتکەی توانا و دەسەڵاتدا بووم لە بواری داهێناندا. بۆ نموونە شەوێکیان کە ئەو وەختە هێشتا شەوانە بۆ ماوەی دوو یا سێ سەعات بۆ نووسین دادەنیشتم، بڕیارم دا ئەو شەوەم

تەرخان بیّ بۆ راوکردنی چەند (فیکرە)یەك، کە بۆ شەوانی دوایی کالآی چیرۆکێکی کورت بەبالآی هەریەکەیان ببرم. بەلّیّ وام کرد و حەوت فیکرەم بەزەیندا هاتن. ئیتر لە ماوەی نزیکەی مانگێکدا، توانیم پێنجیان بەگیر بێنم و پێنج چیرۆکی (بەرای خۆم) باشیان لیّ بەرهەم بێنم، کە بەرەودوا بلآویش بوونەوە. یا نموونەیەکی تر رۆمانی (ئەندێشەی مرۆڤێك). ئەمیشیان تاقیکردنەوەیەکی نویّ بوو، کە بە پشتی ئەو توانا و دەسەلآتەم کردم. ئەویش بەدەستووری چیرۆکە کورتەکان، یەکەم جار باسە سەرەکییەکەیم لە زەینی خۆمدا گەلآلّە کرد. ئەوسا بەرێکەوتن لەگەلّ رۆژنامەی (هاوکاری)دا، دەستم کرد بە نووسین و هەرچیم لیّ دەنووسی، لەبەرەوە بۆیانم دەنارد، ئەوانیش بەزنجیرە بلآویان دەکردەوە. ئەوە بوو دواییش لە دوو تویّی کتێبێکدا لە سەرەتای سالّی ١٩٩١دا (سالّی راپەرین) کەوتە بەردەستی خوێنەران. بەم پێیە دەبوو بەدوایاندا، رۆمانی تر و کۆمەلّە چیرۆکی تر و لە ئاستێکی هونەریی سەرکەوتووتریشدا بەدەستەوە بدەم. کەچی وا نەکەوتەوە و بگرە تووشی ئەو حالّەتی بێدەنگییەش بووم، بۆچی؟ من لەلای خۆمەوە هۆی سەرەکی دەدەمە پالّ ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی، کە لە ئازاری (١٩٩١)دا رووی دا، واتە راپەرینە مەزنەکەمان. من پێش راپەرین زۆر جار چ لە کۆر و کۆمەلّی ئەدەبیدا، سەبارەت بەم جۆرە وەرچەرخانە گەورانە وتوومە، کە بەدەر لە ئیرادەی نووسەر، بەرهەمی داهێنەرانە (ابداعی) دەداتە دواوە و، بەرهەمی هاندانی سیاسی (تحریضي) بەمەبەستی بەدیهێنانی دروشمی سیاسی رۆژانە، ریزی پێشەوە دەگریّ و نەشونما دەکا.

ئیتر بەپێی چۆنەتی هەلّسووڕانی بارودۆخە سیاسییەکە، ماوەیەکی کەم یا زۆری پیّ دەچیّ هەتا مەسەلەکە دەچێتەوە سەر رەوتی ئاسایی خۆی. خۆ چاو گێرانێکی خێرا بەبەرهەمی ئەو چوار پێنج سالّی پێشوودا، ئەو راستییەمان بەزەقی لەلا دەسەلمێنیّ. ئەمە هۆی هەرە سەرەکییە و، لق و پۆپی زۆریشی لیّ دەبێتەوە، کە لێرەدا بواری باس لێکردنیان نییە.

بەلآم بێگومان لە پالّیدا هۆی تریش هەن، کە پێوەندییان بە خودی خۆمەوە هەیە، وەك بە تاسووقەوە خەریکبوونم بە کاروباری پەرلەمانەوە، بەتایبەتی کاتیّ کرامە ئەندامێکی لیژنەی قانوونی، کە لە پەرلەمانەکەی ئێمەدا بەراستی بوو بەدایەنەمۆی

پەرلەمان و، ئینجا بەتایبەتیتریش وەرگێڕانی قانوونەکان  بۆ کوردی کە بەعەرەبی دادەڕێژران، وەرگێڕانەکە یەخەی منی گرت. یا مەسەلەی هاتوچۆکردنم لە نێوان سلێمانی و هەولێردا، کە چوارشەو لە هەولێر لە ئوتێل دەبووم و، سێ لە سلێمانی لە ماڵەوە. یا گۆڕانی ڕەوتی ژیانم لەو ساڵانەدا لە بواری ڕۆژنامەنووسییەوە، کە ساڵانێك بوو لەسەری بەردەوام بووم و، سوودم لە دیوە چاکەکەی بۆ ئەدەبەکەم بینیبوو، بۆ فەمانبەری لە فەرمانگەی کشتوکاڵ و، بۆ خانەنشینی و، بۆ پارێزەری و، ئینجا بۆ ئەندامێتی پەرلەمان بەو شێوەیەی باسم کرد، کە ئەمە بووە هۆی تێکچوونی سیستمی دەوامکردنەکەی شەوانم لەسەر نووسین و، لە ئەنجامیدا دابڕانم لە بەرهەمهێنان.

بەهەرحاڵ من لەو باوەڕەدام، کە ئەو بێدەنگییە تا سەر نابێ و درەنگ یا زوو هەر بەدەنگ دێمەوە و، گەلێکیش پرۆژەم لە زەیندا هەن، بەتایبەتی لە بواری ڕۆماننووسیندا.

پرسیار: (روانگەی) سەرەتای ساڵەکانی حەفتا، شڵەقاندنی گۆمێکی مەند بوو. چاوی گەلێك لەلاوە نووسەرەکانی کردەوە و، ئاگەدارکردنەوەیەکی چاکیش بوو بۆ پاکۆدانی ئەو ئەدەبە باوەی، کە تا ئەوکاتەی باڵادەستی مەیدانەکە بوو. کەچی ئەوانەی بانگەشەیان بۆ کرد ئێستا زۆربەیان لە کاروان دواکەوتوون و، تاقە کەسێك کە توانای داهێنانی هەیە و پاشەکشەی نەکردووە (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیرە. ئەم دیاردەیە بە چی لێك دەدەیتەوە؟

وەڵام: پرسیارەکە هەڵسەنگاندنی باشی (ڕوانگە) و دەوری ڕوانگەی تێدایە، کە ئەوە هەقە و رەوایە و جێی خۆشحاڵییە. بەڵام بۆ وەڵامی پرسیارەکە دەڵێم: ئەوەندەی مەسەلە پێوەندیی بە خودی منەوە هەبێ، بڕوا ناکەم لە قەڵەمدانم بە (لە کاروان دواکەوتوو) لە جێی خۆیدا بێ. چونکە بەشبەحاڵی خۆم ئەو هەڵکشانەم بەرەو لووتکەی داهێنان و، ئەو وەستایی و شارەزاییەی ئیشارەتم پێدان، لە دوای روانگەوە بەدیم هێنان. (کلافەیەك ژانی تووڕە) و (تویشووی سەفەرێکی سەخت) و (گەلەگورگ) و (شار) و (ئەندێشەی مرۆڤێك)، بەرهەمی ساڵانی (١٩٧١ بۆ ١٩٩٠)ن. واتە بەدرێژاییی بیست ساڵی دوای ڕوانگە، من لەسەر داهێنان (بەپێی توانا) بەردەوام بووم و، هەموو کاتیش لە چاکەوە بۆ چاکتر هەنگاوم ناوە. خۆ ئەگەر مەبەستیش لە نوێخوازی بێ، ئەوا دەڵێم: لەم بوارەدا هەر نەوەیەك و ئەرکی خۆی لەسەرشانە و، پابەندی هەلومەرجی

تایبەتیی خۆیەتی. من نەدەکرێ بۆربۆڕێن لەگەڵ نەوەکانی دوای خۆمدا بکەم و، نە پێویستیشم پێی هەیە. نەوەی (ڕوانگە) ئەرکی خۆی لەو بوارەدا بەجێ هێنا و، ئیتر بەردەوامبوون لەسەر نوێخواز، لە ئەستۆی نەوەکانی ترە.

سا ئەوەی سەبارەت بە خۆم وتم، بۆ هاوڕێم (شێرکۆ بێکەس)یش هەروەهایە و، بگرە دیارتر و لەڕووترە. لەگەڵ جیاوازییەکدا کە وەك چۆن بۆ من، هەندێ هۆی شەخسی بۆ بێدەنگبوون هەبوون. بۆ ئەو هەندێ هۆی شەخسی بۆ بێدەنگبوون و دانەبڕان لە بەرهەمهێنان، بە هەمان گوڕ و تین و توانای پێشوویەوە و بگرە باشتریش هەبوون.

پرسیار: کاك حسێن عارف وەك ئەزموونێکی سەرچاوەگیریی ئەدەبیی هەیە، لە بواری ڕۆژنامەنووسیشدا بەهرەیەکی دیارە. ئاخۆ لە نێوان کاری ئەدەبی و کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەدا، دژایەتییەك بەدی ناکا؟ یان بابڵێین: ئەرکی ڕۆژنامەنووسی، لە توانای ئەدەبی کەم ناکاتەوە؟

وەڵام: کارکردنی نووسەر و شاعیر لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا، دوو دیوی هەیە. یەکەمیان چاکە و دووەمیان خراپ. چاکەکەی ئەوەیە کە بەردەوام لەگەڵ وشەدا دەژی.. وشەی بەمانای جیهانی بەرفراوانی ڕۆشنبیری لە ئەدەب و هونەر و فیکر و فەلسەفە و سیاسەت و.. هتد. خراپەکەشی ئەوەیە کە ئەم نوقومبوونەی لەو جیهانەدا بەو بەردەوامییە، بواری داهێنانی لە بەردەمدا کەم دەکاتەوە. ئیتر ئایا ئەنجام لەلای ئەو نووسەر و شاعیرەی دەکەوێتە ئەم داوەوە چۆن دەکەوێتەوە، ئەوە بەندە بەکاریگەریی ئەملایەن یا ئەولایەنە لەسەری. من بەشبەحاڵی خۆم سوودی زۆرم لەلایەنە چاکەکەی بینی و، نەمهێشت ببم بەژێر باری لایەنە خراپەکەیەوە، بەتایبەتی کە بەدرێژاییی ئەو ساڵانە، دەوامکردنەکەی شەوانەم لەسەر نووسین، بۆ خۆم کردە دەستوورێك و لە ئەنجامدا، خۆم لەو جیهانەی ڕۆژنامەنووسی دادەبڕی و، دەچوومە جیهانی خۆ تەرخانکردنەوە بۆ نووسین، کە زەخیرەی سوود لێ بینینەکەشم لەگەڵ خۆمدا بۆ بەکێش دەکرد.

پرسیار: ئێستا ئێوە ئەندامی پەرلەمانن لەسەر لیستی سەوز. واتە سەربە ئایدۆلۆجیایەکی دیارن، کە حزبێك ڕابەرایەتی دەکا و، بوارەکەشی

سنووردارە کە لە ڕاستیدا دەبێ ئەدیب و نووسەر و جیهانبین بێ و، ئاسۆی بیرکردنەوەی گشتگیری و ئایندە فراوان بێ. تۆ لە نێوان ئەم دوو ڕوانینە جیاوازەوە چۆن هاوئاهەنگی دەکەیت؟

وەڵام: وەڵامی ئەم پرسیارە چەند جەمسەرێکی هەیە. یەکەم من لەسەر بنچینەی پابەندبوون بە بەرنامەیەکەوە لەلایەن لیستی سەوزەوە، بوومەتە ئەندامی پەرلەمان. دووەم پابەندبوونم بەو بەرنامەیەوە نزیکبوونم دەگەیەنێ، لە ئایدۆلۆجیای ئەو لایەنەوەی کە خاوەنی لیستەکەیە، ئەگەرچی بە ئیلتیزامی حزبایەتیش لە ڕیزی ڕێکخستنەکانیدا نەبم. سێیەم گومانی تێدا نییە کە سیفەتە ئەدەبییەکەم لە پاڵ ئەو دوو مەرجەدا، هۆی سەرەکییە بۆ ئەوەی لە ریزی لیستی سەوزدا، شەرەفی ئەو ئەندامێتییەم پێ بدرێ. ئەمە جگە لەوەی کە بەلای منەوە. (جیهانبینی و ئاسۆی بیرفراوانی و گشتگیری و... هتد)، مانای ئەوە نییە کە نووسەر پابەندی ئەم یا ئەو ئایدۆلۆجیا و فیکر و فەلسەفە و هەڵوێستی سیاسی نەبێ. ئەمە یەکێك بوو لەو مەسەلانەی لە وەختی سەرهەڵدانی (ڕوانگە)دا، زۆر بەگەرمی مشتومڕ و دەمەتەقێی لەسەر دەکرا. لەبەرئەوە من هیچ ناهەماهەنگییەك لەوەدا نابینم، کە هەم ئەندامی پەرلەمان بم لەسەر لیستی سەوز، کە لیستی حزبێکی خاوەن ئایدۆلۆجیایەکی تایبەتە و، هەم ئەو ئەدیب و نووسەرە بم کە هەبووم و، خاوەنی بیروڕا و هەڵوێستی تایبەتی خۆم بم، بەمەرجێك پێچەوانەی ئەو بەرنامەیەی لیستی سەوز نەبێ، کە من بە ئیرادەی خۆم پابەندی بووم و، بۆی بوومەتە ئەندامی پەرلەمان.

پرسیار: هەمووکات خوێندنەوەی نووسین دوو جەمسەری یەکتر تەواوکەرن. ئێستا ئێوە نووسینتان نییە. ئەی ئاخۆ خوێندنەوەتان چی بێت و لە چ بوارێکدا ؟.

وەڵام: لە نووسین دابڕاوم بەڵێ. بەڵام لە خوێندنەوە قەت نەء. بگرە ڕەنگە زیاتر بووبێ لە جاران. بەڵام هێندە هەیە کە خوێندنەوەم زیاتر لە بوارەکانی تردایە وەك لە ئەدەب، بەتایبەتی مێژوو. هەروەها فەلەك و گەردوونناسی و باس و خوازەکانی فڕین بۆ ئاسمان و قووڵاییی گەردوون، خولیایەکی ترم بووە و، هەردەم وێڵی تازەترین هەواڵیم. دیارە ئەدەبیشم هەر خوێندووەتەوە، چ بەرهەمی خۆمان و چ بیانی.

پرسیار: حسەین عارف لە نووسینی کورتە چیرۆکدا مامۆستایەکی بەدەسەڵات بوو، با لە بواری ڕۆمان نووسیندا خۆی هەڵسەنگێنێت.

وەڵام: لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا خۆم هەڵسەنگاند. ئیشارەتم دا کە باش لێی نزیك بوومەوە و، چاك لە ڕووی هونەرییەوە شارەزای پێچوپەناکانی بووبووم. وەك دەوترێ: (سر المهنة)کەم دەسگیر خستبوو. ئەگەر کەمێکیش بەوردی سەرنج بدەیتە بەرهەمەکانم، دەبینیت لە چیرۆکی کورتەوە هەڵکشاوم بۆ چیرۆکی درێژ (نۆڤڵ) و، ئینجا بۆ ڕۆمان. لای من واکەوتەوە و تاقیکردنەوەی خۆم بووە. سەبارەت بەو دووانەش (شار) و (ئەندێشە) کە دەکرێ پێیان بوترێ ڕۆمان، من وای دادەنێم کە بەباشی هەنگاوم نابووە ناو بوارەکەوە، بەڵام بەداخەوە ڕاوەستان و بێدەنگییەکەی بەسەردا هات.

پرسیار: وەك نووسەر و پەرلەمانتارێك، ڕات بەرامبەر دیموکراتی ئێستای کوردستانی باشوور چییە؟.

وەڵام: هەیە.. ڕەنگوڕوویەکی هەیە. شتێکی لە بەرچاوە. درەختەکەی هەندێ چرۆی کردووە. هەندێکیش وردە ڕەگی داکوتاوە. بەڵام زۆری ماوە چرۆ ببێتە لقوپۆپ و، وردە ڕەگ ببنە شاڕەگ و قووڵ ڕۆبچن.

ئەوی ڕاستی بێ ئەم مەسەلەی دیموکراتییەتە، زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بە هەیە و نییەیەك ساغ بکرێتەوە. بۆ نموونە: من دەبێ چیرۆکی چۆنەتی تێگەیشتنی خۆمت سەبارەت بە دیموکراتییەت بۆ ڕوون بکەمەوە، تا بزانیت من چۆنی بۆ دەچم. بەلای منەوە ئەوەی باس لە پێویستی دیموکراتییەت دەکا، دەبێ باوەڕی پێی هەبێ و وەهاش بیسەلمێنێ، کە حەقیقەت نەکا بەتەنیا موڵکی خۆی، وەها کرداری لەگەڵدا بکا کە دەشێ نیسبەتێکی حەقیقەت لەلای کەسانێکی تر هەبێ. ئەمەش دەبێ ئەو ئەنجامەی بەدوادا بێ، کە چەندە هەق بە خۆی دەدا سەربەست بێ لە ڕادەربڕین و هەڵوێست وەرگرتندا، هێندەش ئەو هەقە بەکەسانی تر بدا. پەیڕەوکردنی ئەم دوو بنەمایە، ڕێگە بۆ بەرپابوونی دیموکراتییەت خۆش دەکا.

دەنا بە پێچەوانەوە، سووربوونی لەسەر ئەوەی کە بە (مطلق) و لە سەدا سەد حەقیقەت لە قووڵی مشتی ئەودایە و، پێویست ناکا کەسێکی تر قسە لە قسەیدا بکا، ئەوا

باسکردن لە دیموکراتییەت دەبێتە کارێکی بێهوودە.

لە پاڵ ئەو دووانەدا، دەبێ ئەو بنەمایەشمان لە بەرچاو بێ، کە جڵەو لە بەرپاکردن و نەکردنی دیموکراتییەت، لە دەستی دەسەڵاتی فەرمانڕەوادایە. ئەوە جێبەجێکاری یاسا.. ئەوێك کە هێزەکانی (مادی و مەعنەوی)ی دەوڵەتی لە ژێر دەستدایە. بەتایبەتی لە وڵات و کۆمەڵگەیەکی وەك لای ئێمەدا، کە ڕۆڵی سەرەکی لەم مەسەلەیەدا دەبینێ.

وەکی تر لە بارودۆخێکدا کە لە جێی زمان لوولەی تفەنگ قسە بکا و داشی سواربێ.. لە کوێشدا؟ لە ناو کەشتییەکدا کە بەفیشەکی هەر لایەکیان کون بکرێ و ژێر ئاو بکەوێ هەمووانی تێدا دەفەوتێن، دەبێ هیوای بوونی دیموکراتییەتێکی چەسپاو لە دڵدا هەبێ؟ یا ئەگەر هەشبێ، دەبێ چ دڵێکی پێ خۆش بکرێ؟ مەخابن!. نموونەیی هەنگاومان بە ئەزموونەکەمان نا و، خراپ بەلای نالەباریدا شکاندمانەوە.

ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)

ژ۱۲۰۷، ٤/٢/١٩٩٦.

## حوسێن عارفی ڕۆماننووس:
## کەس نییە بێ هەڵوێستی سیاسی بێ

قوتابییەك لە تەمەنی چواردەساڵیدا، بە تاوانی هزر ڕاپێچ بکرێ. لە سەردەمی دەسەڵاتی سیاسی چەند ڕژێم و، لە چەند قۆناغێکی ژیانیدا تووشی ئازار و دەربەدەری و دوورخرانەوە ببێ و، دوا جار بەهەوڵ و تێکۆشانی پەستاپەستای خۆی، هەورازی ژیان بۆ خوێندن ملکەچ بکا و، بە تەواوکردنی زانکۆ لە بەشی قانوون هێشتا سەوداسەری نووسین بێ.

لە شیعر و پەخشان بەرەو چیرۆك و ڕۆمان هەڵکشابێ و، پتر لە چل ساڵ قەڵەمی نەسوابێ و هزری لە گەشە نەکەوتبێ، بێگومان زۆر ڕازی لاحشارە ماوە کە لە وتار و پەخشان و چیرۆك و ڕۆمانەکانیدا باس نەکراون. حوسێن عارفی ڕۆماننووس ئەزموونی چواردەیە. نووسین قەڵەمی ڕەنگرێژ و داڕشتنەکانی بەپێز کردووە. بەڕادەیەك خولیای نووسینە و نووسین دەستەمۆیەتی، دەبێ بڵێین ئەوانەی نووسینی کوردی ژیانی دووبارەیان پێ دەبەخشێ، دەبێ بزانن شاباڵی ئەم مەلە بەرزەفڕەی خەیاڵ، پەخشان و چیرۆك و ڕۆمانە و، حسەین عارف لەم زەمینەیەدا داستانی خۆی هەیە، جیا لە ڕۆمانی شار و ئەندێشەی مرۆڤێك.

+ ئەگەر پرسیار بکرێ: سەرمایەی حسەین عارف لە نووسیندا چەندە و، تەمەنی ئەو بەرهەمانە بارتەقای چەند ساڵە، دەبێ ئێوەش ڕای خۆتان هەبێ، بەتایبەت بۆ ساڵی لەدایکبوونی یەکەم بەرهەم؟.

– یەکەم بەرهەمم ساڵی (١٩٥٤) لە ڕۆژنامەی (ژین)دا بڵاو بووەتەوە، کە لە سلێمانی دەردەچوو. هەرچەندە لە سەرەتادا وەکو شاعیر دەستم بە نووسین کرد، بەڵام لە وەختێکی زووەوە وازم لە شیعر و نووسین هێنا و، ڕووم لە چیرۆکنووسین کرد. یەکەم کۆمەڵە چیرۆکم لە ساڵی (١٩٥٩)دا بەناوی (لە کۆڕی خەباتا) بڵاو بووەوە. دوای ئەوە سێ چوار کۆمەڵەی ترم بڵاوکردنەوە، لەوانە (کلافەیەك ژانی تووڕە – ١٩٧١، توێشووی سەفەرێکی سەخت – ١٩٧٨، گەلەگورگ – ١٩٨٥). دوای ئەوە دەستم کرد بە ڕۆماننووسین. ڕۆمانی یەکەمم (شار) بوو لە ساڵی (١٩٨٦)دا. دووەم (ئەندێشەی مرۆڤێك – ١٩٩٠). لە بوارەکانی تریشدا وەك

ڕۆژنامەنووسی کارم کردووە و لە زۆربەی گۆوار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا نووسینم هەیە. هەروەها لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا، کتێبێکم هەیە بەناوی (چیرۆکی هونەری کوردی)یەوە. زۆر لێکۆڵینەوەی تریشم لە گۆوار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بەتایبەتی لەسەر چیرۆك و ڕۆمان و ئەدەبی کوردی. لەگەڵ هەندێ کاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری تریش. هەروەها یەکێکم لە دامەزرێنەرانی یەکەتی نووسەرانی کورد لە ساڵی (١٩٧٠)دا و، لە چەند کۆمەڵە و یەکەتی ڕۆشنبیریشدا دەورم هەبووە. لە ساڵی (١٩٧٣)دا لەگەڵ وەفدی ئەدیبانی عێراقدا وەك نوێنەری یەکەتی نووسەرانی کورد، بەشداری کۆنگرەی پێنجەمی نووسەرانی ئاسیا و ئەفەریقام لە (ئەڵماتا)ی پایتەختی کازاخستان کردووە. ئێستا ئەندامی پەرلەمانی کوردستانم، کە باوەڕم وایە سیفەتە ئەدەبییەکەم زیاتر بووەتە هۆی هەڵبژاردنم بۆ ئەندامێتیم لە پەرلەماندا.

+ لەم دواییەدا کوردستانی عێراق لە باری سیاسییەوە تەنانەت ژینگەکەشی، ئاڵوگۆڕێکی زۆری بەسەردا هاتووە. ئەدەبیاتی پاش ئەو ڕاپەڕینە و پاش ئەو بارودۆخەی کە بەسەر کوردستانی عێراقدا هاتووە، ئێوە ڕاتان لەسەری چییە؟.

– بەڕاستی من ڕایەکم لەو بارەیەوە هەیە، کە تەنانەت پێش ڕاپەڕینیش زۆر جار باسم کردووە. من باوەڕم وایە کە لە دوای هەر وەرچەرخانێکی گەورە کە ڕوو دەدا لە کۆمەڵگەی هەر وڵاتێکدا، ئەدەبی ئیبداعی بۆ ماوەیەك دەداتە دواوە و زیاتر ئەدەبی سیاسی دێتە پێشەوە. بەتایبەتی بۆ هاندان بۆ جێبەجێکردنی ئەو دروشمانەی، لە ئەنجامی ئەو وەرچەرخانە گەورەیەدا دێتە کایەوە. لەبەرئەوە بەدەر لە ئیرادەی چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و شاعیر، وەزعێکی وا دێتە پێشەوە کە نەتوانێ بە دەستووری لەوەبەر، بەدەستووری بەر لە وەرچەرخانەکە، بەرهەمی ئیبداعی وەها بەدەستەوە بدا، کە لە ئاستی بەرهەمەکانی پێشوویدا بێ. تەبیعەتی حاڵ وا خۆی دەسەپێنێ، وا خۆی فەرز دەکا کە ئەو ئەدەبە ئیبداعییە خۆی بەدەستەوە نەدا. چونکە ڕووداوەکان بەخێرایی تێ دەپەڕن و ڕووداوی گەورە گەورە دێنە ئاراوە. بۆ نموونە لای ئێمە، ئەنفالەکانی پێش ڕاپەڕین، کیمیابارانی هەڵەبجە، لە وەختی خۆیدا نەدەتوانرا هیچ کارێکی لێ بەرهەم بهێنرێ، چونکە کارەساتەکان هێجگار گەورە بوون. دوای ڕاپەڕینیش چ ئەدیبان و چ کۆمەڵانی خەڵك هەموو کەوتنە گێژاوی حاڵەتە سیاسییەکەی دوای ڕاپەڕین. تەنانەت هەتا ئەدیبەکان و

شاعیرەکان خۆشیان، لەگەڵ شەپۆلەکەدا دەڕۆن و، زیاتر خەریکی ئەوە دەبن کە ڕۆژانە دێتە بەردەمیان. لەبەرئەوە ماوەیەکی دەوێ تاوەکو بارودۆخەکە جێگیر دەبێ و هێمن دەبێتەوە و دەچێتە سەرباری ئاسایی خۆی. ئەو وەختە دەکرێ جارێکی تر ئەدەبی ئیبداعی نۆرەی بێتەوە و، شیعر و ڕۆمان و کۆمەڵە چیرۆکی بەهێز و کاریگەر بەدەستەوە بداتەوە و، تەنانەت لە بواری هونەریشدا هەروایە. لەبەرئەوە من دەتوانم بڵێم کە ئەدەبی ئیبداعی لە دوای ڕاپەڕینەوە لە ساڵی (١٩٩١)دا دەگمەنە و، بگرە بەدەگمەن ڕۆمانێك، کۆمەڵە چیرۆکێك، دیوانە شیعرێك دەبینیت چاپ کرابێ و لە بەرچاو بێ و، بتوانرێ پەنجەی بۆ ڕابکێشرێ و بوترێ: ئەوە دیوانە شیعرێك یا ڕۆمانێك یا کۆمەڵە چیرۆکێکی بەهێز و کاریگەرە. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو نووسەر و شاعیرانەی پێش ڕاپەڕین لە مەیدانەکەدا بوون، هەر ماون و هەر لەسەر چالاکی خۆیان بەردەوامن. بەڵام هێندە هەیە کە چالاکییەکەیان زیاتر چووەتە خانەی هاندانی سیاسییەوە و، کارکردن بۆ بەدیهێنانی دروشمە سیاسییە ڕۆژانەکان.

+ خۆتان دەزانن دوو بیروڕای جیاواز هەیە، کە ئایا هونەر سەربەست بێ یا ئیلتیزامی هەبێ بە ڕێکخراوێکی سیاسییەوە، کە دیسانیش درێژە بدات بەکارە سیاسییەکەی خۆی. وەکو ئێمە دەزانین لایەنی سیاسیشتان گرتووە. بەباوەڕی خۆتان کاردانەوەی ئەمە چۆن دەبێت؟

– ئەم باسە بابەتێکە کە بەدرێژاییی ساڵانێکی دوور و درێژ، چ لەلای ئێمە و چ لەلای هەندەرانیش، بەردەوام باسی لێوە کراوە. باسەکە زۆری لەسەر وتراوە، چ بە نووسین و چ بەکۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتان یا لە نێوان شاعیران و نووسەران خۆیاندا. من باوەڕم وایە ئەدیب.. ئەدیبی ڕاستەقینە.. ئەدیبی داهێنەر و خوڵقێنەر، دەبێ زۆر جار یا دەتوانم بڵێم بەردەوام لەگەڵ دەسەڵاتدا، لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەدا کە حوکمڕانی دەکا، هەموو کات نەگونجاوبێ.

+ بۆچی نەگونجاو بێ؟.

– چونکە ئەدیب هەموو کات دوور دەڕوانێ. هەمیشە بۆ شتی جوانتر و باشتر و گونجاوتر دەڕوانێ. هەوڵی زیاتری بۆ دەدا. خەیاڵی زیاتر بۆی دەچێ و زیاتر بەتەنگ رازاندنەوەی ژیانەوەیە. لەبەرئەوە هەردەم لەگەڵ سیاسییەکان، لەگەڵ ئەو

دەسەڵاتەی بەدەست سیاسییەکانەوەیە ناکۆك دەبێ، چونکە ئەوان زیاتر خەریکی کاری ڕۆژانە دەبن، خەریکی بەدیهێنانی دروشمێك دەبن کە خۆیان قەناعەتیان پێی هەیە و باوەڕیان پێی هەیە و، دەبێ لە ئەمڕۆدا جێبەجێ ببێ. ئەم شێوە ڕوانینە بۆ دواڕۆژ و ئەم خەریکبوونە بە حاڵی حازرەوە لەگەڵ ئەوی تردا، دوو شتن کە زۆر جار بەیەکدا دەدەن. لەبەرئەوە ئەدەبی ڕاستەقینە لەلای من هەموو کات ئەو ئەدەبەیە، کە ملکەچی دەسەڵات نابێ. با بڵێین: ئامرازێك نابێ بەدەست ئەو دەسەڵاتەوەی کە حوکمڕانی دەکا. دەبێ هەردەم سەربەست بێ. لەسەر بنەمای قەناعەتی خۆی و باوەڕی تایبەتی خۆی، کار بکا و چالاکی بنوێنێ، بەتایبەتی لە بواری نووسیندا. بەلای منەوە ئەدیب مولتەزیم بێ بە ئایدۆلۆجێتەوە یا نەبێ، قەت دژی یەکتری نین. کە مولتەزیم بوو بە ئایدۆلۆجییەت و فیکر و فەلسەفەیەکەوە، یا بە هەڵوێستێکەوە کە لە کۆمەڵگەدا باوە، مانای وا نییە کە ئیتر دەبەستریتەوە. بەڕای من ئەوە لەسەر ئەدیبەکە خۆی ڕاوەستاوە، کە هەتا چ ڕادەیەك دەتوانێ ئەو دوو شتە بەیەکەوە بنێ، کە هەم سەربەست بێ و هەم ئازاد بێ لە دەربڕینی بیروڕای خۆیدا. جارێکی تر دەیڵێمەوە کە مەبەستم ئیبداعەکەیەتی، نەك چالاکییە سیاسییە ڕۆژانەکەی. من باوەڕم نییە کەسێ بێ هیچ فەلسەفە و بێ ئایدۆلۆجییەت هەبێ. کەسێکیش نییە بێ هەڵوێستی سیاسی بێ. بەڵام مەرجیش نییە هەڵوێستە سیاسییەکەی لەگەڵ ئەو لایەنەدا بگونجێ، کەسەر بە ئایدۆلۆجییەکەیەتی. لەبەرئەوە دەتوانم بڵێم کە ئەم باسە تا ڕادەیەك ئاڵۆزە. بەڵام ئەدیبی داهێنەر دەتوانێ لەگەڵ یەکتردا بیانگونجێنێ. دەتوانێ ئەدیبێکی هەم داهێنەر و هەم خاوەن هەڵوێستی سیاسی و فیکری و فەلسەفی بێ.

+ هەر لەم سۆنگەیەوە، سامانی ئەدیب و نووسەر لە چیدا دەبینیت؟.

– هەر ئەدیبێك بەرهەمەکانی تا ڕادەیەك ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆیەتی. ئەدیب بریتییە لە چی؟. بریتییە لە ئاسۆیەکی ڕۆشنبیری فراوان، کە لە ئەنجامی جۆرێك لە هەوڵ و تەقەلای بە کۆمەڵ و بەتاکەکەسی دەستی دەکەوێ. لە خوێندنەوەوە بیگرە، لەو کاتەوەی کە فێری ئەلفوبێ دەبێ، تا دەیگەیەنێتە ڕادەی خوێندنی هەرە باڵا. ئەمە لەگەڵ ئەو ئامۆژگاری و زانیاری و ڕێنوێنییانەی وەریان دەگرێ، چ لە ماڵەوە لە دایك و باوك و خوشك و براوە و، چ لە ناو کۆمەڵەکەیدا لە دووکان و چایخانە و، تا دەگاتە مزگەوت و کەنیسە و شوێنەکانی پەرستن بەپێی هەر دین و عەقیدە و،

بەپێی بیروبڕوای خۆی. ئەم زانیارییانە لەلایەك کە لەلای دروست دەبن و کۆ دەبنەوە، لەگەڵ خوێندنەوەی تایبەتی خۆیدا، کە ئەدیب و خوێندنەوە دوو جەمسەرن و لەیەکتر جودا نابنەوە، بە ئاوێتە لەگەڵ تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆی لە ژیاندا، ئەمانە کاتێ هەموو تێکەڵاو دەبن، ئەو ئەدیبەی لێ دروست دەبێ و دەیهێننە بەرهەم. واتە ڕاستە کە ئەدیب خەیاڵ بەکار دەهێنێ، فیکر بەکار دەهێنێ، هەڵدەهێنجێ و پێوانە دەکا و ڕادەردەبڕێ، بەڵام بە ئاوێتەکردن لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا بەرهەمی لێ دروست دەبێ. ئینجا ئەدیب چەندە لە هەردوو ڕووەکەوە دەوڵەمەندبێ، بێگومان بەرهەمەکەی دەوڵەمەندتر دەبێ. بۆ نموونە ئەدیبێك ناتوانێ سەرکەوتووانە لە چیرۆکێك لە ڕۆمانێکدا باس لە شیکاری لاشەی مردوویەك بکا، ئەگەر زانیارییەکی باشی لەو رووەوە نەبێ. دیارە ناڵێم هێندەی دوکتۆرێك، بەڵام دەبێ زانیارییەکی لە بارەی لەشی ئینسانەوە هەبێ. من بیست ساڵێك لەمەوبەر لە ڕۆمانی ڕۆماننووسێکی فەرەنسیدا، باسێکم لەم بارەیەوە خوێندووەتەوە کە لە (٤٠ ، ٥٠) لاپەڕەدا، باسی لە ئینسانێك دەکا لەو ساتەوەی دەمرێ هەتا ئەو کاتەی کە تەنیا ئێسکەکانی دەمێننەوە. واتە سەعات بە سەعات وەك بڵێیت لە گۆڕەکەدا لەگەڵیدا بێ، باس لە قۆناغ بە قۆناغی داڕزانی دەکا تا دەبێتە پەیکەرە ئێسکێك. جا ئەو کەسە مەرج نییە دوکتۆر بێ، بەڵام دەبێ ئەو زانیارییەی هەبێ. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: زانیارییەکان بە ئاوێتە لەگەڵ ئەزموونی ڕۆژانەی ژیانی خۆی، واتە ئەوەی کورد پێی دەڵێ دنیادیدەیی، ئەوەی لە ژیانیدا تووشی دەبێ، لە کرێکارەوە بۆ مامۆستا، بۆ دوکتۆر، بۆ جووتیار، بۆ هەژار و بۆ دەوڵەمەند، لە پیاوخراپەوە بۆ پیاوباش، بۆ فریشتە، دەبێ لەم بابەتانەدا هەموو سیفەتەکانیان بزانێ. بۆ ئەوەی کاتێ ڕۆمانێك دەنووسێ، کەسەکانی دەبێ ببن بە خاوەنی کەسایەتی تایبەتی خۆیان. ئەو نووسەرە چەندە لەو شتانەدا دەوڵەمەند بێ، ئەوەندەش بەرهەمەکەی بەپێز و کاریگەر و دەوڵەمەند دەبێ بە فیکر و هەڵوێست.

+ ئایا بۆتان هەیە وەك ڕۆماننووسێکی کورد، بەراوردێك لە نێوان پلە و ئاستی داستانی کوردی، لە چاو داستانی وڵاتانی دراوسێمان بەتایبەتی و عالەمیش بە گشتی بکەیت؟.

– پێش هەموو شتێك دەبێ بزانین کە نووسین بەزمانی کوردی، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ

دواوه، له (١٥٠) ساڵ زیاتر نییه. تۆ باسی ئەوه مەکه که بابا تاهیری هەمەدانی، (١٠٠٠) ساڵ لەمەوپێش شیعری وتووه. من مەبەستم پەخشانه که (١٠٠) ساڵ دەبێ. یەکەمین ڕۆژنامه (١٠٠) ساڵ لەمەوبەر بووه. ئینجا ئەگەر ئەدەبیاتمان له بواری پەخشاندا تەمەنەکەی ئەوەنده بێ، دەبێ لەچاو ئەدەبێکی تەمەن (١٠٠٠، ١٥٠٠، یا ٢٠٠٠)دا چۆن بەراورد بکرێ؟.

بەڵام سەبارەت بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چیرۆکی کورت و ڕۆمان لەم ناوچانەدا خۆی له بنەڕەتەوه، تەمەنێکی زۆر درێژی نییه. ئەوانیش و ئێمەش زیاتر له ئەورووپامانەوه وەرگرتووه. لێرەدا مەسەلەی داستان و چیرۆکی فۆلکلۆری، ئەوەی گوێ ئاگردان که شەوانه له دایك و باوکمان بیستووه، بێگومان ناچێته خانەی ئەو چیرۆك و ڕۆمانه هونەرییه ئەدەبییەوه، چونکه دوو بواری جیاوازن. لەبەرئەوه بەنیسبەتی ئەو وڵاتانەی تریشەوه، چ تورکەکان چ عەرەبەکان چ فارسەکان، من وای تێ دەگەم که هونەرێکی ئەورووپییه و هاتووەته ناوچەکەوه. ڕەنگه ئەوان پێش ئێمه کەوتبن. بۆ نموونه لای ئێمه چیرۆکی (له خەوما)ی جەمیل سائیب، که من یەکەم کەس بووم وەك یەکەم چیرۆکی هونەری کوردی ئیشارەتم پێ دا (چیرۆکەکه له ڕۆژنامەی ژیان و ژیانەوه به زنجیره له ساڵی ١٩٢٧دا بڵاو بووەتەوه)، بەبەراورد لەگەڵ عەرەبەکانی هاوسێماندا له ڕووی ماوەوه له یەکتر نزیکن. لەبەرئەوه جیاوازییەکی زۆر لەگەڵ دراوسێکاندا نابینم، تەنانەت له ڕووی چۆنیەتیشەوه هەر جیاوازییەکی زۆر نابینم. بەڵام جیاوازییەکی زۆر له لایەنی زۆریی بەرهەمەوه له نێواندا هەیه.

+ گۆڕانکاری له بواری چیرۆکنووسیندا وەك ژماره دەتوانیت دیاری بکەیت؟.

– وەك ژماره سەیر دەکەیت (بەپێی ئەو بیبلیۆگرافیایەی من به کتێبێك چاپم کردووه)، له ده پازده ساڵی یەکەمدا (٩٢٥ – ٩٣٩) له حەوت هەشت چیرۆك بەولاوه نییه. ئینجا تۆ بڕوانه زیادبوونەکه چۆن دەڕوا. له (١٩٣٩)وه که ساڵی دەرچوونی کۆواری گەلاوێژه، ئەو کۆوارەی له مێژووی ئەدەبیاتماندا قۆناغێك پێك دێنێ که ده ساڵی خایاند، ژمارەکه خۆی له (٣٠ بۆ ٤٠) چیرۆك دەدا. ئینجا له (١٩٥٠ – ١٩٧٠)دا ژمارەکه دەبێته سێ ئەوەنده. بەڵام لەوه بەدواوه بۆ ئێستا، دەبێته (١١٥٠ بۆ ١٢٠٠). بەڵام ئەم ژمارەیه بۆ نموونه لەگەڵ لای عەرەبەکان بەراورد

بکرێ، ئەوا ڕەنگە لای ئەوان (پەنجا یا سەد هەزار بێ)، چونکە جگە لە زۆریی حەجمی بڵاوکردنەوە لەولا، لای ئێمە چەوسانەوەشی تێ کەوتووە، کە هەتا ئێمە کۆوارێکمان بەشەڕەشەق دەرکردبێ، ئەوان پەنجایان دەرکردووە. بەڵام لە ڕووی هونەرییەوە جیاوازییەکی زۆری نییە. سەبارەت بەڕۆمانیش دیسان جاوازییەکە بەزۆری لە ژمارەدایە. ژمارەی کوردی ڕەنگە لە پازدە بیستێك تێ نەپەڕێ.

+ لەو بەرهەمانەی کە تائێستا نووسیوتانە، دەتوانیت لووتکەی بۆ دیاری بکەیت؟.

– دەڵێن شاعیر و نووسەر هەردەم بەرهەمەکانیان بە منداڵی خۆیان دەزانن. چۆن ناتوانیت جیاوازی لە نێوان ئەم منداڵ و ئەویاندا بکەیت، بۆ نووسەریش شتێك لەو بابەتە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا من یەکێکم لەوانەی، کە توانای ڕەخنەگرتنم لە خۆم هەیە و دەتوانم باش و خراپ، یا باش و باشترینیان لە یەکتر جودا بکەمەوە، بەتایبەتی کە نووسینیشم لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا هەیە. بۆ نموونە خۆم پار یا پێرار بوو، ویستم تا خۆم لە ژیاندام، باشترین کورتە چیرۆکی خۆم هەڵبژێرم و بیخەمە کۆمەڵەیەکەوە. (٢٥) چیرۆکم هەڵبژاردووە، ڕەنگە ژمارەی هەموو چیرۆکەکانم بگاتە (٩٠)، بەڵام بۆ خۆم ئەو (٢٥)م پێ باشن. لە بواری ڕۆمانیشدا ئەوی ڕاستی بێ من هەتا ئێستا تەنیا (شار) و (ئەندێشەی مرۆڤێك)م نووسیوە کە ناڵێم زۆر باشن، بەڵام لەچاو مستەوای ئەو چەند ڕۆمانەدا کە هەمانن شتێکن. لێرەدا دەبێ بڵێم: ئەوەی لای ئێوە ناوبانگی نییە، کۆمەڵە چیرۆکی (گەلەگورگ)ە کە لەلای خۆمان ناوبانگی زۆرە. لەوە دەچێ نەگەیشبێتە لای ئێوە. بریتییە لە چوار چیرۆکی کەمێ درێژ.

+ ئێمە لە تەك ڕۆمانی (ئەندێشەی مرۆڤێك) ناسیاویمان فرەترە. لە بارەی ئەو تاقیکارییە باس بکەن؟.

– ئەوەی ڕاستی بێ من ئەم تاقیکردنەوەیە تازە بوو کردم و، تەنانەت لە چۆنیەتی نووسینەکەشیدا. فیکرەکەم لەلا هەبوو، لەلام گەڵاڵە بووبوو. دەمزانی دەمەوێ چی بنووسم، چی بڵێم، ڕۆمانەکە چۆن بنووسم؟. ڕۆژنامەیەکمان هەیە دەمێکە دەردەچێ. لە ساڵی (١٩٧٠)وە لە بەغدا دەردەچێ (هاوکاری). ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە و بەردەوام دەردەچێ. لەگەڵیاندا ڕێکەوتم بە زنجیرە بۆیانی بنێرم و، لە هەر ژمارەیەکدا ئەڵقەیەکی تێدابێ. ڕام بەرامبەر بەخۆم وەهابوو، کە توانای

ئەوەم پەیدا کردووە رۆمان بنووسم، بەمەرجێ فیکرەکەم لەلا هەبێ، دەتوانم لە شەش مانگ یا لە ساڵێکدا ڕۆمانەکە بنووسم. (شار) زۆر پێوەی ماندوو بووم. شار پێنج ساڵ پێوەی ماندوو بووم. بەڵام ئەندێشەی مرۆڤێك ئەو شێوەیەم لەگەڵدا بەکار هێنا، کە لەبەرەوە ئەڵقە بە ئەڵقە دەمنووسی و، دەمنارد بۆ ڕۆژنامەکە و بڵاویان دەکردەوە.

کۆواری (ئاوێنە)

ژ٢٤، ٢٥، ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی

## وتوویژ دەگەڵ حسەین عارف

حسەین عارف لە چیرۆکنووسە سەرکەوتووەکانی کوردە. دوو ڕۆمانی (شار) و (ئەندێشەی مرۆڤێك) و کۆمەڵە چیرۆکی (گەلەگورگ)، ئاسەواری ئەو نووسەرەن و، ئێستاش سەرنووسەری کۆواری (گەلاوێژی نوێ)یە. لە کاتی هاتنی بۆ کۆڕیادی خوالێخۆشبوو سەید تاهیری هاشمی (١١، ١٢ – سەرماوەرزی ٧٨) لە شاری کرماشان، وتوویژێکمان لەگەڵدا کرد. ئەوەش دەقی وتوویژەکەیە:

(بەشی ئەدەبی – کۆواری سروە)

پرسیار: مامۆستای بەڕێز، مامۆستا حسەین عارف بەخێرهاتنتان دەکەین بۆ کۆڕی ڕێزگرتن لە مامۆستا سەید تاهیری هاشمی. بیروڕای بەڕێزتان سەبارەت بە ئەو کۆڕ و کۆبوونەوەیە و، هەڵسەنگاندنتان تا ئەوڕۆکە چۆنە. پێتان وایە چۆن بەڕێوە چووە و چ شوێنێکی هەبوو؟.

وەڵام: زۆر سوپاستان دەکەم. بێگومان دەرفەتێکی یەکجار بەنرخە کە بۆمان هەڵکەوت. من با بەسەراحەت بیڵێم: بەشبەحاڵی خۆم زانیارییەکی ئەوتۆم لەسەر ئەم ئەدیب و پیاو چاکە گەورەیەی نەتەوەکەمان نەبوو. بەڵام بەهۆی ئەم کۆڕەوە ئێستا باش زانیم کە ئەو پیاوە کێ بووە و، چ بایەخێکی هەبووە و، چ خزمەتێکی گەورەی بەئەدەب و ڕووناکبیری نەتەوەکەمان گەیاندووە. چەندیش پیاوچاك و خێرخواز و ڕۆشنبیر بووە. بێگومان جگە لە بایەخداری یادکردنەوەی ئەو پیاوە گەورەیە، کە ئەوە هەقێکی تەواوی خۆیەتی و، هەقی هەموو گەورە پیاوێك و هەموو ئینسانێکی خێرخوازە، هەقی هەموو ئەدیب و ڕۆشنبیرێکی هەر میللەتێکە، کە میللەتەکەی ئەجری بداتەوە و یادی بکاتەوە، جگە لەوە بایەخێکی تری هەرە گەورەی گرتنی ئەو کۆڕە لە کرماشاندایە، کە یەکێکە لە شارە خۆشەویستەکانی گەلی کورد و کوردستانمان و، جێگەی خۆشحاڵییە کە لە شاری کرماشاندا ئەو کۆڕ و کۆمەڵانە ببەسترێ، بەتایبەتی بۆ وشیارکردنەوەی خەڵکی شارەکە و، ڕوونکردنەوە بۆیان کە شارەکەیان بێ بەش نییە لە پیاوی گەورە و ڕۆشنبیر و، لە ئەدیبی گەورە و، شارەکەیان وەك هەر شارێکی تری کوردەواری، وەك هەر شارێکی کوردستان، خاوەنی پیاوی

گەورە و ئەدیب و ڕۆشنبیر و پیاوچاکی خۆیەتی. سوپاست دەکەم و هیوادارم نموونەی ئەم جۆرە کوڕانە زۆر هەبن.

پرسیار: مامۆستای بەڕێز، وەك ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی کوردستانی عێراق ڕاتان سەبارەت بە چیرۆکنووسی کوردستانی ئێران چییە؟.

وەڵام: بێگومان بۆ منی چیرۆکنووس، ئەوەی زیاتر مایەی خۆشحاڵییە، ئەوەیە کە ماوەی سێ چوار ساڵە بەرهەمی برادەرانی کوردستانی ئێران دەخوێنمەوە و، بەتایبەتی برادەران ئەحمەدی قازی، فەتاحی ئەمیری، حوسێن شێربەگی، ناسر وەحیدی. ئەو بەرهەمانەی کە بینیومن جێگەی گەلێ خۆشحاڵیمن و، هەروەها خۆشحاڵی هاوڕێیانیشم لە کوردستانی عێراق. چونکە بەڕاستی بە ئاشکرا بەهرە و توانای ئەو برادەرانەی پێوە دیارە و، دەتوانم بڵێم کە ئەوان وەك ئێمە پێویستییان بەوە نەبووە، مەسەلەن با بڵێین: لە نووکەوە دەستی پێ بکەن. ئەوان توانیویانە کە لە سەرەتای دەست پێکردنیانەوە هەنگاوی گەورە بنێن، چ لە تەکنیك و چ لە ناوەڕۆکیشدا و، بەتایبەتی لە بواری تەکنیکدا. گەلێ جێگەی خۆشحاڵیمە کە بەرهەمەکانیان دەخوێنمەوە، بەتایبەتی ئەو دوو سێ ڕۆمانەی دوایی، ئەوەکەی کاك فەتاح ئەمیری، ئەوەکەی کاك حوسێن شێربەگی (شاربەدەر)، ئەوەکەی کاك عەتا نەهایی، کە هەموویان لە مستەوایەکی زۆر باشدان و، بێگومان چاوەڕێی زۆر باشتریشیان لێ دەکرێ. چونکە بەدەستپێکردنێکی باش هاتوونەتە بەرمەیدان و، هەر کاتێکیش کە باش دەستی پێ کرا، چاوەڕێی ئەنجامی سەرکەوتووی لێ دەکرێ. هەروەها برادەرانی تریش ئەوانەی چیرۆکی کورت دەنووسن، ئەوەندەی کرابێ بەرهەمیانم گەیشتووەتە دەست و، خوێندوومنەتەوە و جێگەی خۆشحاڵین.. جێگەی ئەوەن کە بەڕاستی پشتیان پێ ببەسترێ و، هیوای دواڕۆژێکی ڕووناك و گەشیان لێ بکرێ.

پرسیار: مامۆستا باسی فۆرم و تێکنیکت کرد لە کوردستانی ئەمدیودا کە بەردڵتان کەوتووە. بەڵام ئایا نووسەرانی کوردستانی ئەمدیو کە زمانیان مەدرەسەیی و کلاسیك نەبووە، ئایا توانیویانە کوردانەش بیر بکەنەوە و، چیرۆکەکانیان لەسەر بناغەی فیکری کوردی دابڕێژن؟.

وەڵام: ئەوی ڕاستی بێ من هەرلێرە لەو دوو ڕۆژی پێشوودا، سێ چوار جار لەگەڵ ئەو برادەرانە کەوتووینەتە گفتوگۆ و دەمەتەقە، لەسەر باسی زمان بەتایبەتی. یەعنی باجارێ باسی زمان بکەم. من لە دەمێکەوە وتوومە کە زمان لەلای برادەرانی نووسەرانی کوردستانی ئێران پوختترە، چونکە ئێمە لە بنەڕەتەوە کەوتینە بەر کاریگەریی زمانی عەرەبی. ئاشکرایە کە زمانی عەرەبی لەگەڵ کوردیدا، دوو ڕەگی زۆر جیاوازیان لە یەکتری هەیە و، زۆر لەیەکترییەوە دوورن. لە کاتێکدا برادەرانی کوردستانی ئێران ئەگەر بەر کاریگەریش کەوتبن، بەر کاریگەری زمانی فارسی کەوتوون، کە لەگەڵ کوردیدا یەك ڕەگیان هەیە. لەبەرئەوە من زمانی نووسین لەلای برادەرانی کوردستانی ئێران زۆر بە پووختتر دەزانم و، لەو ڕووەوە دڵنیام. یەعنی من کە ڕۆماننووسان و چیرۆکنووسانم مەبەستە، زمانەکەیان گەردی پێوە نییە و جێگەی ڕەزامەندی تەواومە و، بگرە حەز دەکەم و ئاواتەخوازم، کە بتوانم بەو زمانە پوختەی ئەوان بنووسم. بەڵام ناتوانم، چونکە وەك وتم، هەر لە منداڵییەوە، لە خوێندنی سەرەتاییەوە من لە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبیدام و، هەموو خوێندنەوەم بەزمانی عەرەبی بووە. یەعنی تا ڕادەیەك کە ئێمە زۆر جار تووشی حاڵەتی وا دەبین، مەسەلەن کاتێ من ڕستەیەك یا پەرەگرافێك دادەڕێژم، یاخۆ کە بەدووی زاراوەیەکدا دەگەڕێم، عەرەبییەکەیم لە زەیندایە و وەك ئەوەیە، کە تەرجومەیەکی فەوریی بۆ کوردی بکەم و، ئەوەش وەك وتم لەبەر جیاوازی زۆری ڕەگی نێوان هەردوو زمانەکە، کارێکی زۆر زەحمەتە. وەلێ برادەرانی کوردستانی ئێوە، ئەگەر لە ژێر تەئسیری فارسیشدابن تووشی ئەو حاڵەتە نابن، چونکە ڕەگەکەیان وەك یەکە. وەکی تریش لە ڕووی تەکنیکەوە، خوابکەم برادەرانی کوردستانی ئێران، نەکەونە گێژاوی ئەو جۆرە نوێخوازییەوە، چ لە شیعر و چ لە چیرۆکدا. بێگومان من قەت دژ بە نوێخوازی ڕانەوەستاوم و، نوێخوازی هەقی ڕەوای هەر یەکێکمانە. چەند دەتوانێ با بەئارەزووی خۆی بەدوای تەکنیکی تازە و بەدوای ناوەڕۆکی تازەدا بگەڕێ. بەڵام هەموو شتێك سنووری هەیە. یەعنی کە گەیشتە ڕادەی لاساییکردنەوە و، کە گەیشتە ئەو ڕادەیەی تەنیا خود بەخود تێ بگەیت، لە کاتێکدا تۆ بۆ خەڵك دەنووسیت، ئەگەر خەڵکێك نەبن بۆ خوێندنەوەت بۆچی دەنووسیت؟ من حاڵی

حازر زۆر ڕازیم لە مستەوای ئەو تەکنیکە لەلای برادەرانی کوردستانی ئێران هەیە، بەتایبەتی لە ڕۆمان و لە چیرۆکدا. ئەوان دەرگەی نوێخوازی لە بەردەمیاندا ئاوالایە، بەلام بەمەرجێك کە دانەخزێن بەلای لاساییکردنەوەدا، بەلای یاریکردندا بە وشە. یەعنی بابلێین وشەبازی، وەکو برادەرێك لێرە لە دەمەتەقێیەکدا ناوی بە وشەبازی برد. خوا بکەم تووشی دەردی وشەبازی نەبن.

پرسیار: هەروەك ئاگەداریت، بەشێك لە ئەدەبی کوردیمان هەر لە هەوەڵەوە بە چیرۆك دەست پێ دەکا، ئەو چیرۆکانەی کە وەکو بەیت تۆمار کراون و دیسان گێڕدراونەتەوە. یا وەکو ئەو چیرۆکە فۆلکلۆری و ئەو ئەفسانانەی کە لە گوێئاگردان بۆ خەڵك گوتراونەتەوە. ئێوە بەنیسبەت چیرۆك و ڕەوتی چیرۆکی کوردی لەولایەنەوە چۆن دەبینن؟ پێتان وایە پێشکەوتنی چیرۆك و ڕۆمانی کوردی تا چ حەد ڕەسەنایەتی خۆی پاراستووە؟

وەڵام: بەڕای من هەرچەندە زۆر برادەر هەن هەوڵ دەدەن لە لێکۆڵینەوەدا، چیرۆکی هونەریی ئێستامان، ئەوەی کە لە سەردەمی تازەی گەلەکەماندا هاتووەتە کایە، بیبەستنەوە بە ئەدەبی فۆلکلۆری و، بە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی پێشوومانەوە، کە چیرۆکی گوێئاگردانی پێ دەڵێن. بەلام ئەوی ڕاستی بێ، من لەسەر ئەو ڕایە نیم. ئەوە جیهانێکی تایبەتی حۆی هەیە.. جیهانێکی تایبەتی ڕۆژگاری خۆی.. جیهانی فۆلکلۆر بەشیعر و گۆرانی و بەستەوە، بەچیرۆك و بەداستانەکانییەوە. ئەوە جیهانێکی زۆر تایبەتی و زۆر سیحراوییە. دەبێ لێکۆڵینەوەی تایبەتی خۆی بۆ بکرێ. ئەوە حاڵەتێکیشە کە دووبارە نابێتەوە، چونکە ناتوانیت چیرۆکێك یا داستانێك دابڕێژیت، کە وەکو ئەو نەمربێ و بمێنێتەوە و، دەماودەم خەڵك بیگێڕێتەوە. چونکە ئێستا سەردەمێکی ترە.. سەردەمی تەکنۆلۆجیایە. . سەردەمی خوێندەواری و نووسینە. لەبەرئەوە من لەو باوەڕەدام، کە پێوەندییەك نییە لەو بابەتە، ئەگەرچی چەندین ئەسەری لەلای هەریەکەمان جێ هێشتووە. مەسەلەن لە منداڵیدا چەندین چیرۆك و داستانی بۆ گێڕدراوەتەوە . بەلام ئەوە باسێکە و مەسەلەی چیرۆکی هونەری باسێکی ترە. ئەمیان لە بنەڕەتدا لە سەردەمێکی تازەدا، لە ئەوروپاوە وەك ڕەگەزێکی ئەدەبی پەیدا بووە و هاتووەتە ناو ئەدەبەوە هەر لە ئەرووپاشەوە

هـاتووەتـە لای ئێمـەی کـورد و، بـا بـڵێین هـەمـوو کۆمـەڵگـەکـانی ڕۆژهـەڵات. لەبـەرئـەوە من وای دادەنێم، کە ڕەگێکی ئـەدەبی سـەربـەخـۆیـە و، تـازە لـە ئـەدەبی کوردیمـانـدا سـەری هـەڵداوە، کـە سـەرەتـای هـەرە دێرینی دەگـەڕێتـەوە بـۆ ساڵانی بـیستـەکـان و، لـەوە بـەدوا زۆر بـەهـێواشی و بـەکـزی هـەنگـاوی نـا، ئـینـجـا نـەشونمـای کرد تـا ئـەو ڕادەیـەی کە دەیبینین بـەسـەدەهـا و هـەزارەهـا چیرۆکی کورتمـان هـەیـە. بـەڵێ.. ئـەمـە هـونـەرێکی تـایبـەتییـە و، جیـاوازە لـە فـۆلکلۆر و لـە چیرۆك و داستـانی فـۆلکلۆری.

پرسیـار: مـامۆستـا ئێوە بـاری کـۆوار و ڕۆژنـامـەگـەریی کوردستـانی ئێران چـۆن دەبینن؟. کۆواری سروە هـەروەك ئـاگـەداربن، بـۆ مـاوەی (١٦) سـاڵ چـالاکی بـەردەوامی ئـەدەبی هـەبـووە. زۆر لـەو بـزاڤـە فـەرهـەنگییـە کـە ئـەمـڕۆ جێی خـۆشحـاڵی و شـادمـانی هـەمـوو لایـەکـە، دەبینین لـەوێوە سـەرچـاوە دەگرێ و، لـەوێوە سـەری هـەڵداوە. ئێوە لـەو بـارەیـەوە چ بیروڕایـەکتـان هـەیـە؟.

وەڵام: بـەڕای من لـە ڕووی هونـەری و لـە ڕووی نـاوەڕۆکـەوە، چ جیـاوازییـەکی لـەگـەڵ ئـەوەدا نـیـیـە کـە لـەلای ئـێمـە هـەیـە. جیـاوازییـەکـە تـەنیـا لـە ڕووی زۆری و کـەمییـەوەیـە. لای ئێمـە بـەتـایبـەتی لـەو سێ چـوار سـاڵی دوایییـەدا، بـەدەیـان کۆوار و ڕۆژنـامـە دەردەچن. بـەڵام لـەلای ئێوە بـە ژمـارە کـەمترە و زۆر کـەمترە. ئینجـا دەتوانم ئـەوەش بڵێم: کە ئـەو ژمـارە هـەرە زۆرەی لای ئێمـە، حـاڵـەتێکی سروشتی نییـە، چونکـە لـەگـەڵ ئـەو واقیعـە ڕۆشنبیرییـە و ئـەو خـەڵکـەدا نـاگونجێ کـە هـەیـە. یـەعنی دەتوانم بڵێم: کە ئـەگـەر لای ئێوە پێنج شـەشێك هـەبن، لای ئێمـە دە یـا پـازدەیـەك بـەسبن. لـە حـاڵێکدا لای ئێمـە خۆی دەدا لـە سـەد کۆوار، کـە مـانگـانـە و بـەوەرزی دەردەچن و، ڕۆژنـامـەکـانیش خۆ دەدەن لـە بیست و پێنج یـا سی. خۆ ڕەنگـە دەرچوونی ئـەو ژمـارە زۆرە، هۆی تـایبـەتی خۆی هـەبێ، بـەڵام من لـەو بـاوەڕەدام کـە وەهـا نـامێنێتـەوە. بـەهـەرحـاڵ بـە بـەراورد لـەگـەڵ لای ئێوە. وەکو وتم لـە ڕووی هونـەری و نـاوەڕۆکـەوە، جیـاوازییـەکی ئـەوتۆ نییـە.

پرسیـار: مـامۆستـا ئێوە سروەتـان بـە دەست دەگـا و دەیخوێننـەوە. سروە چۆن کۆوارێکـە لـە بـاری نـاوەڕۆك و زمـان و تـەوەرەکـانی پێتـان چۆنـە؟. چۆنی هـەڵدەسـەنگێنن و چ تێبینییـەکتـان هـەیـە بۆ کۆوارەکـە؟.

وەڵام: بەر لە هەموو شت ئەوەی سەبارەت بە سروە پێم خۆشە، ئەو بەردەوامبوونەیە لەسەر دەرچوونی. ئەوە سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بووە بۆ کۆوارەکە، کە بتوانێ بەدرێژاییی ئەو هەموو ساڵانە بەبەردەوامی دەربچێ، ئەگەرچی مانگانەش نەبووبێ، بەڵام بەبەردەوامی وجوودی خۆی سەلماندووە. دیارە کۆوارێك کە ئەو تەمەنە درێژەی هەبێ و، بتوانێ زاڵبێ بەسەر ئەو هەموو کۆسپانەدا کە خۆمان دەزانین چەند زۆرن، ئێمە بەسەدان کۆوارمان دەرچووە، جاری وا هەبووە ژمارەیەك و دووان و سیانی، یا ئەوپەڕەکەی پێنج شەشێك و لەبارچووە، هەشمانە کە بەردەوامە. بەڵام سروە یەکێکە لەوانەی کە توانیویێتی بەردەوام بێ، دەمەوێ بڵێم کە بێگومان هەرخۆی ئەم تەمەندرێژییە، دەیکاتە خاوەنی داوونەریتێکی تایبەتی خۆی، دەیکاتە خاوەنی خەسڵەتێکی دەوڵەمەند، لە پەیداکردنی شارەزایی لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا و، لەبارەی هونەری ڕۆژنامەنووسییەوە. جگە لەوەی کە نووسەر زیاتر بۆ خۆی پەیدا دەکا وەك لە کۆوارێکی تر و، لەو بابەتەش کە بەبەردەوامی بەرهەمی بۆ بنێرن. هەروەها دەبێتە خاوەنی خوێنەری تایبەتی خۆشی، کە چاوەڕوانی دەرچوونی دەکەن و، دەیانەوێ لە وەختی خۆیدا بکەوێتە بەرچاویان. وەکی تر ئەوی ڕاستی بێ، من هەموو ژمارەکانی سروە نابینم. تەنیا جارجارێك کە هاتوچۆی کتێبخانەی سلێمانی دەکەم، دەیبینم و دەستم دەکەوێ، دەنا بە مونتەزەمی ناکەوێتە بەردەستم، وەکو چۆن ئێوەش کۆوارەکانی ئێمەتان بەدەست ناگا. ئینجا بەپێی ئەو ژمارانەی من دەیانبینم، سروە لە مستەوایەکی زۆر باشدایە و، لە مستوایەکی ڕێکوپێکدایە و بەدەستەوە دەگیرێ و دەخوێندرێتەوە. بەڕای من نیشانەی سەرکەوتنی کۆوارێك ئەوەیە، کە گرتم بەدەستمەوە ئەوەندەی مادە تێدا هەبێ کە جۆربەجۆر بێ، نەك وەهابێ تەنیا لاپەڕەکانی هەڵبدەمەوە و بیخەمە ئەولاوە. دیارە من ناڵێم هەمووی لە ئەلفەوە هەتا یای، قابیلی ئەوە بێ کە من بیخوێنمەوە. بەڵام ئەوەندەی تێدا هەبێ کە بەقەدەر زەوق و میزاجی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی خۆم، سەعاتێك و دووان بیگرم بەدەستمەوە و لێی بخوێنمەوە. دیارە هیچ کۆوارێکیش چاوەڕێی ئەوەی لێ ناکرێ، بۆ هەر کەسێك گرتی بەدەستییەوە وەهابێ، چونکە حەز و ئارەزوو جیاوازە. هەیە حەز لە تەنیا شیعر و چیرۆك

دەکا. هەیە تەنیا زانستی. سروە یەکێکە لەو کۆوارانەی قابیلێتی ئەوەی هەیە، کە گیرا بەدەستەوە بخوێنرێتەوە، یانی ئارەزووی ئینسان لە خوێندنەوە تێر بکا.

– زۆر سوپاستان دەکەین مامۆستا بەوەی زەحمەتتان کێشا و، شانازی دەکەین بەوەی کە وەختی خۆتان دا پێمان و، لە نزیکەوە لە خزمەتتاندا بووین و، لە بیرورِا و تێبینیتان کەڵکمان وەرگرت.

– منیش سوپاستان دەکەم و، هیوای سەرکەوتن و سەروەریتان بۆ دەخوازم و، هەر سەرکەوتوو دەبن.

کۆواری (سروە)

ژ١٦٨–پووشپەرِی ١٣٧٩ی هەتاوی

## وتووێژێك لەگەڵ چیرۆكنووس حسەین عارف

مستەفا ئێلخانیزادە

+ مامۆستا تكایە خۆتان بناسێنن؟.

– ناوی تەواوم حسەین عارف عەبدوڕەحمانە. ساڵی ۱۹۳٦ لە شاری سولەیمانی لە دایك بووم. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیم تێدا تەواو كردووە. چوومەتە كۆلێجی قانوون لە بەغدا و، ساڵی ۱۹٦٥ ئەویشم تەواو كردووە. ساڵانێكی زۆر فەرمانبەری حكوومەت بووم، بەتایبەتی لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا. ماوەیەكیش لە بواری قانووندا لە فەرمانگەكاندا كارم كردووە و، ماوەیەكیش پارێزەری. لە ساڵی (۱۹۸۹)وە هاتوومەتەوە شاری سلێمانی و لێرە ساكنم. خێزاندارم و دوو كوڕ و كچێكم هەن.

+ مامۆستا ئەزموونی ڕۆماننووسی ئێوە، بۆ كەی دەگەڕێتەوە و، تا ئێستا چەند ڕۆمانت نووسیوە و، چەندیشیان لە چاپدراون؟.

– من زۆر درەنگ دەستمدایە ڕۆماننووسین. سەرەتا بە چیرۆك دەستم پیَ كرد. ساڵانێكی زۆر لەسەر نووسینی چیرۆكی كورت بەردەوام بووم و، چەند كۆمەڵە چیرۆكێكیشم بە چاپ گەیاندن. لە سەرەتای هەشتاكانەوە مەیلم چووە سەر ڕۆماننووسین. بەرگی یەكەمی ڕۆمانی شار یەكەم بەرهەمم بوو، كە ساڵی ۱۹۸٦ چاپ و بڵاو كرایەوە. دوای ئەو ڕۆمانی ئەندێشەی مرۆڤێكم نووسی. دوای ئەویش ڕۆمانی هێلانە. ئینجا بەرگی دووەمی ڕۆمانی شار. ئێستاش هەر بەردەوامم و، جەختم لەسەر نووسینی ڕۆمانە و، ساڵانێكە وازم لە نووسینی چیرۆكی كورت هێناوە.

+ مامۆستا سەبك و شێوازی ڕۆماننووسین لای ئێوە چییە؟.

– من هەر لە سەرەتاوە باوەڕم وابووە، كە سەروەری بۆ ڕۆمانی ڕیالیزمە، كە ئەویش بێگومان زۆر شێوەی هەیە. بەهەر كام لەو شێوانە بنووسریَ، سەروەری هەر بۆ ئەوە. من زیاتر بەشێوەی ڕیالیزمی كلاسیك دەنووسم، ئەگەرچی لە ڕووی تەكنیكەوە، هەوڵی نوێم تێدا داوە. بەڵام هەر ڕیالیزمەكەیە كە زیاتر بگونجیَ لەگەڵ ڕێباز و جۆری ئەو فەلسەفەیەی باوەڕم پێیەتی.

+ ڕۆمانی شار لە کاتی خۆیدا ڕۆمانێکی سەرکەوتوو بوو دەنگی دایەوە. ئێوە هۆی ئەو سەرکەوتنە بەچی دەزانن؟.

– یەکەم بەوەی کە ئەوسا هێشتا ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا زۆر دەگمەن بوو. یانی ژمارەیەکی زۆر کەم ڕۆمانمان هەبوون. لەبەرئەوە دەتوانم بڵێم: ئەو سەرەتایە کاری کردە سەر ئەوەی، کە وەك ڕەگەزێکی تازە لە ئەدەبی کوردیدا خۆ بنوێنێ. خەڵك بە ئاواتەوە بوون کە لە ئەدەبی کوردیشدا ڕۆمان بخوێننەوە. دووەمیش دەتوانم بڵێم: لەبەرئەوەی کە نزیکە لە هیوا و ئاوات و، لە بیروبۆچوون و ڕووداو و کارەساتەکانی ژیانی خەڵك و، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵك لە وەختی خۆیدا هۆگری بووبێ و، بەپەرۆشەوە خوێندبێتیانەوە.

+ بەبڕوای من ڕۆمانی ئەندێشەی مرۆڤێك، یەکەم ڕۆمانی کوردییە کە هەندێك ئەندێشەی قووڵی فەلسەفی تێدا مەترەح بووە و، هێندێك شتیشی موخالیفی بیروڕای زاڵی ئەو سەردەمە بووە. ئەو ڕۆمانە خوێنەری بۆ بیرکردنەوە و وردبوونەوە هانداوە و، هێندێك بیری جوانی هێناوەتە ئاراوە. ئێوە ڕاتن لەم بارەیەوە چییە؟

– ڕاستە.. ئەندێشەی مرۆڤێك بەو مەبەستە نووسراوە، کە لە نێوانی تاکە کەسێکەوە، کەسێکی ڕەبەنە و سەرەکییە لە ڕۆمانەکەدا، ویستوومە هەندێك بیروڕا و بۆچوونی تایبەتی خۆم دەرببڕم. کەسەکە بۆ واقیعی حاڵەکەی خۆی بەجێ بوو. دەگونجا بۆ ئەوەی بتوانرێ، ئەو بیروڕایانە لە نێوانییەوە دەرببڕدرێ. ئەگەر زیاتریش سەرنج بدەیت، ڕووداوەکان وەکو ئەوەی باست کرد، سەبارەت بەمەسەلەی بیروبۆچوون و فەلسەفەی تایبەتی، ئەویش هەر بەشێکە لە ڕووداو و کارەساتەکانی دیوی دەرەوەی خۆی، واتە ڕووداو و کارەساتەکانی شاری سلێمانی، کە خۆم ساڵانێکی زۆر تێیدا ژیاوم و هاوبەشیان بووم. بەڵێ ڕاستە.. ئەندێشەی مرۆڤێك بۆ ئەو نیازە نووسراوە و، بەو ڕێبازەدا ڕۆیشتووە.

+ بیروڕاتان سەبارەت بەئەدەبی مۆدێرن و پۆستمۆدێرن چییە؟. ئایا ئەو جۆرە ئەدەبە توانیویێتی، جێی خۆی لە ئەدەبی کوردیدا بکاتەوە؟.

– من وتم کە سەروەری هەر بۆ ریالیزمە، بەهەر شێوەیەك نووسرابێ. وتیشم کە چەند شێوەیەکی هەیە و بەهەر کامیان بنووسرێ، سەروەرییەکە هەر بۆ ڕیالیزمە.

ئەمانی تر من وای دادەنێم، کە ئەزموون و تاقیکردنەوەن. کردنیان کارێکی خراپ نییە و بگرە پەسەندە. بەڵام بەباوەڕی من تا سەر ناڕوا. بواری داهێنان یا با بڵێین: بواری داهێنانی ڕەسەنی تێدا کزە، چونکە بە کۆمەڵی ئێمە نامۆیە.

+ بیروڕاتان سەبارەت بە نووسەرانی کوردستانی ئێران و، بەگشتی بارودۆخی ئەدەبی کوردستانی ئێران چییە؟

– زۆر لەو زیارەتەدا کە هاتووم بۆ لای برادەرانی کوردستانی ئێران، وتوومە کە هەل لە بەردەم ئەواندا زۆر لەبارترە، وە لە جارانی ئێمە.. وەك لە پەنجا، شەست، حەفتا ساڵی لەوەبەری ئێمە. چونکە بەڕاستی ئەوان دەتوانن بەسەر زۆر کۆسپ و کەندا باز بدەن و، تەجاوزی ئەو قۆناغانە بکەن کە ئێمە پێیدا تێپەڕیوین، چونکە هەندێکی زۆر بەرهەمیان لە بەردەستدایە، کە لەوە پێش لە بەردەستی ئێمەدا نەبوون. من زۆر گەشبین و شادمانم، بەو پێشکەوتنە خێرایەی لەلای برادەرانی کوردستانی ئێران بەدی هاتووە. ئێستا بەڕای من لە حاڵەتێکی زۆر باشدان.. زۆر پێشکەوتوون. تەنانەت دەتوانم بڵێم: کە جیاوازیی گرینگیان لەگەڵ ئێمەدا لەوەدایە، کە ئێمە لە وەختی خۆیدا گرفتی زمانمان هەبوو، واتە کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەرمان. بەڵام ئەوان لەو ڕووەوە بەختەوەرن، چونکە ئەو جۆرە کاریگەرییەیان لەسەر نییە و، هەر بەزمانە ڕەسەنەکەی خۆمان دەنووسن و، بوارێکی باشیان لەو بارەیەوە لە بەردەمدایە. وەکو وتم لە ڕووی بوارەکانی تریشەوە، هەر ئەوان هەلیان زیاتر لە بەردەمدایە بۆ خێراتر پێشکەوتن، وەك لە جارانی ئێمە کە هەبوو.

+ بیروڕاتان سەبارەت بەوەرگێڕانی چیرۆك و ڕۆمانی کوردی بۆ زمانەکانی تر، بەتایبەت بۆ زمانی دراوسێکان وەکو عەرەبی و فارسی و تورکی چییە؟

– وەرگێڕان خۆی کەرەسەیەکە بۆ بەیەکگەیشتنی بەرهەمی هەموو گەلان بەیەکتر و، هەر لە کۆنیشەوە هەبووە. بەڵام ئێستا کە سەردەمی تەکنۆلۆجیایە، زۆر خێراتر بووە. بەبێ وەرگێڕان وەك ئەوەیە لە سنوورێکی تەسکدا هەڵبسووڕێیت، بەڵام وەرگێڕان ئەو سنوورە فراوان دەکا و، مرۆڤ ئاگەدار دەبێ لە ڕادەی پێشکەوتنی ئەدەبی گەلانی تر. ئەمە بێگومان لە هەموو دنیادا وەهایە، بۆ ئەوەی نزیکتربن لە یەکتری و، ئەم نزیکبوونەوەیە ئاسانتر دەکا. هەر لەبەرئەوەیە کە وەرگێڕان بۆ

ئێمەش گرینگە. ساڵانی پێشوو زۆرتری وەرگێڕان لای ئێمە لە عەرەبییەوە بوو. بەڵام ئێستا زیاتر ڕوو لە فارسی کراوە و، ئەوەش کارێکی زۆر باشە. من پێموایە ئەگەر برادەرانی ئەودیومان جڵەوی وەرگێڕان لە فارسییەوە بگرنە دەست زۆر باشترە. چونکە وەکو چۆن ئێمە عەرەبییەکە باشتر دەزانین، ئەوانیش لە فارسییەکەدا زیاتر شارەزان.

+ لە کوردانی فارسینووسی ئێران، وەکو ئەو کوردانەی بە فارسی دەنووسن، وەکو مامۆستایان ئیبراهیم یوونسی و عەلی ئەشرەفی دەروێشیان، تا چ ڕادەیەك ئاشنایەتیتان هەیە و بەرهەمەکانیانت خوێندوونەتەوە؟.

– ئەوی ڕاستی بێ ئاشنایەتییەکی زۆرم نییە. تەنیا ئەوانەم خوێندووەتەوە کە کراون بەکوردی.

+ ئێوە تا چ ڕادەیەك لەگەڵ ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی) و کۆواری سروە ئاشنایەتیتان هەیە و، ئەرك و خزمەتەکانی ئەو ناوەندە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

– من زیاتر ئەوەی بەرچاوم بکەوێ و بیخوێنمەوە، بەرهەمەکانی ئینتیشاراتی سەڵاحەدینە و، ئەو برادەرانەش کە لەسەر حیسابی خۆیان، یاخۆ لەگەڵ دەزگایەکی بڵاوکردنەوەدا کتێبی خۆیان بڵاوکردووەتەوە. بەڕاستی لەبەرچاوی من، خزمەتێکی گەورەیان کردووە.

+ بەڕای ئێوە کۆوارەکان و ڕۆژنامەکانی کوردستانی عێراق و ئێران، تا چ رادەیەك توانیویانە بەچاپ و بڵاوکردنەوەی چیرۆك و شیعر و ڕەخنەی ئەدەبی، خزمەت بەئەدەبی کوردی بکەن؟.

– چیرۆکی کورت و شیعر بەتایبەتی، لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا هاتووەتە بەرهەم، لە یەکەم چیرۆکەوە بیگرە کە لە (خەوما)کەی جەمیل سائیبە لە کوردستانی لای ئێمە کە لە ساڵی ١٩٢٥ – ١٩٢٦ لە ڕۆژنامەی (ژیان) و (ژیانەوە)دا بڵاو بووەتەوە، لەو وەختەوە ئیتر بەردەوام ڕێژەیەکی هەرە زۆری بەرهەمی چیرۆك و شیعرو بەتایبەتی لەسەر لاپەڕەی کۆوار و ڕۆژنامەکاندا کەوتووەتە بەرچاو، ئەگەرچی دواییش کرابن بە کتێب. لەبەرئەوە ڕۆژنامە و کۆوار دەورێکی باڵایان لە سەرهەڵدانی چیرۆکدا بەتایبەتی بینیوە و، تا ئێستاش ئەو

دەورە هەر بەردەوامە. چونکە لەلای ئێمە بوو بەنەریتێك کە هیچ ڕۆژنامەیەك نییە، لاپەڕەیەکی بۆ ئەدەب بەتایبەتی و بۆ ڕۆشنبیری بەگشتی تەرخان نەکردبێ. کۆوارەکانیش ئەگەر سەرنجیان بدەیت، ڕێژەیەکی زۆر زۆریان هەر ئەدەبی و فەرهەنگی بوون. لەبەرئەوە دەوری بالآیان لە پێشکەوتنی چیرۆك و شیعر و تا ڕادەیەك ڕۆمانیشدا بینیوە.

+ بیر و بڕوا و نەزەرتان لەبارەی هاوکاری، لە نێوان ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ئینتیشاراتی سەلاحەدین و، ناوەندە فەرهەنگییەکانی کوردستانی عێراق و شاعیران و نووسەرانی کوردستانی عێراقدا چییە؟

– زۆر کزە.. یانی لەو ڕادەیەدا نییە کە پێویستە و دەبوو هەبێ. بەڵام لە هەمان کاتدا، هۆیەکانیشی دیارە کە بۆچی وەهایە و، ئەو پێوەندیی بەستنە کارێکی ئاسان نییە. نا ئاساییەکەشی لە دەست خۆماندا نییە. نە لە دەست برادەرانی دیوی لای ئێوەیە و، نە ئێمەش لەودیو. ئێمە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە (کە من کاری تێدا دەکەم) و تا ئێستاش، گرفتی هەرە گەورەمان ئەوەیە، کە چۆن چاپەمەنییەکانمان بگەیەنینە دیوی لای ئێوە، چجا بە ئەورووپا و ئەملا و ئەولای تر. هەر لەبەر ئەمەشە کە دەڵێم کزە. ئەمە واقعێکی تاڵە و ناچارییە و لە دەست خۆماندا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێ هەوڵ بدرێ. چەندە هەوڵ بدرێ کە پێوەندییەکان فراوانتر بکرێ زۆر باشترە و، ئێمە لای خۆمانەوە هەوڵی ئەوەمان داوە کە ئەو پێوەندییە زیاتر بکەین.

+ مامۆستا زۆر سوپاس بۆ ئەوەی کە ئەو ماوە وەختی خۆتان تەرخان کرد بۆ ئێمە و، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین.

– منیش سوپاستان دەکەم و، ڕێزم هەیە بۆ ئێوە و بۆ یەکەیەکەی ئەو برادەرانەی کە ناسیومن و، ئەوانەشی کە نەمناسیون. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

کۆواری (سروە)

ژ٢١٦، بانەمەڕی ١٣٨٣.

حسەین عارف:

## هیچ نوێخوازی و نوێکردنەوەیەك لە سفرەوە دەست پێ ناکات، بەڵکو لەسەر نوێیەکی بەر لە خۆی بینا دەکرێت

سازدانی: کاروان عەبدوڵڵا

حسەین عارف سەرکێشترین نوێخوازی قۆناغێکی چیرۆکی کوردییە، چ بەدەق و چ بەبیرورِا و لێکۆڵینەوە هێڵی داهێنان و گەشەکردنی خۆی دەستنیشان کردووە. یەك لە شێوازە جوان و ناوازەکانی ئەم چیرۆکنووسە ئەوەیە دیاردەی درێژدادرِی لە کارەکانی نابیندرێت، ئەگەر یەك رِستە لە چیرۆکێکی دەرهاوێژی بینای چیرۆکەکە تێك دەچێ و بەم دەرهاوێشتنە دەزاندرێ. لە کاتێکدا دیاردەی درێژدادرِی لە چیرۆکی کوردیدا دیاردەیەکی چارِسکەرە و تارِادەیەکی زۆریش بێ مانایە، کۆواری کاروان خۆی بە بەختدار تێ دەگات ئەم داهێنەرە لە ناو لاپەرِەکانیدا بەکراوەیی لە ئەزموونی بەپیتی نیو سەدەی ئەدەبی خۆی دەدوێت.

* ئایا دەستپێك دەتگەیەنێتە سەر رِێگەی خۆ دۆزینەوە و نوختەی بینین، یان دەرکەوتنی ئارەزووە، لە ئەزموونی دوور و درێژی دەوڵەمەندت دەستپێك و ئارەزوو چۆن بوو؟

– من چەند جارێك بە نووسین باسم کردووە، کە سەرەتا سیاسەت و حزبایەتی منیان خستە سەر رِێگەی خوێندنەوەی دەرەوەی دەرس و دەوری قوتابخانە. من لە تەمەنێکی زووەوە چوومە رِیزی رِێکخستنەکانی حزبی شوعییەوە، حزب خوێندنەوەی رِۆژنامە و کۆوار و کتێبی، وەك ئەرکێکی حزبایەتی خستە ئەستۆم و لە هەر کۆبوونەوەیەکی حزبیدا لێپرسینەوەی لەسەر دەکرا. ئینجا بەدوایدا هەر ئەو خوێندنەوە بەردەوامە بوو کە منیان خستە سەر کەڵکەڵەی نووسین. لە پۆلی یەکەمی ناوەندیدا قەڵەمم لێ بەدەستەوە گرت، لە پۆلی سێیەمدا یەکەم بەرهەمم کە پەخشانە شیعرێك بوو، لە رِۆژنامەی (ژین)دا کە ئەو وەختە (گۆران)ی نەمر سەرنووسەری بوو بڵاو کرایەوە. لەو رِۆژگارەدا کە بزووتنەوەی نیشتمانی ئازادیخواز (لە کوردستانی خۆماندا لەلایەن هەردوو حزبی شیوعی و پارتییەوە) لەوپەرِی گرِوکفیدا بوو، (گۆران)ی بەئاشکرا سەر بە بزووتنەوەی لایەنگرانی

ئاشتی و بەنهێنی سەر بەحزبی شیوعی، یەکێك بوو لە هاموشۆکەرانی چایخانەی (حەمەڕەق)ی بەناوبانگ، کە لە ناوجەرگەی شاردا بوو (نزیك بەردەرکی سەرا) و ئێمەی لاوی خوێنگەرمیش کە وەك ئەو لە هاموشۆکەرانی بووین، بەتایبەتی ئەوانەی کە خولیای نووسین لە کەللەی دابووین، بەشەرمەوە نووسینەکانمان دەخستە بەرچاوی بەو هیوایەی کە وشەیەکی دڵخۆشکەری لێ ببیستین. ئەوە بوو جارێکیان من لێم بیست و، ئەو پەخشانە شیعرەی لێ وەرگرتم و بڵاوی کردەوە و، بەوە بوومە خاوەنی یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەم لە ژیانمدا (ساڵی ١٩٥٤).

* کە کتێبێکی ئەدەبی چاپ دەکەیت و دەچێتە ناو کتێبخانەی شارەکان، هەر کەسێك ئارەزووی خوێندنەوەی هەبێت دەتوانێت بیخوێنێتەوە. ئایا خۆت وەك کتێبێکی ئەدەبی دەیخوێنیتەوە؟

– نەخێر.. نایخوێنمەوە.. چونکە لە نووسیندا ئەوەندە جارەی پێدا چووەمەتەوە، کە پێویست بە خوێندنەوەیەکی تر نەکا. ئەگەر کەسێك بەدرێژایی ماوەی خەریکبوونم بەنووسینی کتێبێکمەوە لەگەڵمدا بێ و ببینێ کە چەند لاپەڕە ڕەش دەکەمەوە و چەند دەدڕێنم و چەند دەهێڵمەوە و، ئەمانیش چەند جار پوخت دەکەمەوە، تێ دەگا کە بۆچی پێویستم بە خوێندنەوەیەکی تر نییە. ئەمە جگە لەوەی کە من ئەو کتێبە ئیتر بە موڵکی خۆم نازانم. کتێبە و پێوەی ماندوو بووم و هێناومەتە سەر خوان، ئیتر باشە، یان خراپە، بەسوودە، یا بێ کەڵکە، دەهێنێ بخوێندرێتەوە، یان نایهێنێ، ئەوە مافێکی ڕەوای خوێنەرەکەیەتی و ئەو حوکم دەدا نەك من. من وەها لە مەسەلەکە دەڕوانم کە دەڵێ: من هێندەی لە دەستم هاتووە درێخیم نەکردووە. ئەگەر دڵنیا بوومایە کە ئەو کتێبەم بێ بایەخە و بەدڵی خوێنەر نابێ، هەر لە بنەڕەتەوە چاپم نەدەکرد. کە بە چاپم گەیاند مانای وایە لێی دڵنیام و ئەویش لێی ڕازی دەبێ. سا ئەگەر نەبوو مانای وایە کە ئامانجم نەپێکاوە، ئیتر هەر لایەشمان بەڕێی خۆی. هەروەها لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم کە سەرکوتانەوەی نووسەر لە حاڵەتی وەهادا، ڕازی نەبوون، یان بێکەڵکی کتێبەکەی کارێکی بێهوودەیە و دەچێتە خانەی کەلاك خۆرییەوە. دەنا ئەو کەسەی سەردەکوتێتەوە، بۆچی ناچێ بەهرە و توانای لێکۆڵینەوە و ڕەخنەگریی خۆی، ناخاتە قەبەڵی بەرهەمێکی داهێنەرانەی سەرکەوتووەوە.

* چیرۆك لە بەڕێوەبردنی ژیانتدا چی دەگەیەنێت، یان بەگشتی لە بەڕێوەبردنی ژیان

چی دەگەیەنێت، ئەو خاڵانە چین کە لە مرۆڤێکی ئاسایی ناو کۆمەڵگە جیات دەکەنەوە، یان ئەو خاڵانە دەتکەن بە مرۆڤێکی نائاسایی؟

– پرسیارەکە کەمێ تێکەڵوپێکەڵە، یان با بڵێین: مەبەست بەڕوونی بەدەستەوە نادا، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم: کرداری چیرۆکنووسی بۆ من جۆرێکە لە هەوڵی خۆ دۆزینەوە، یان خۆ فەراهەمکردن، یان خۆ بە ئامانج گەیاندن، من لە بنەڕەتدا وەها لە ژیان تێ دەگەم، لەبەرئەوەی لە یەکەم ساتی پێ تێنانییەوە ، مرۆڤ لە چارەی نووسراوە کە زوو، یان درەنگ دەبێ لێشی دەربچێ، لووتی بە حاڵەتی هەستکردن بەجۆرێك لە ونبوونی هەمیشەییدا دەتەقێتەوە. ئەمە حاڵەتێکی گشتگیری ڕەهایە، لە شاوە بۆ گەدا و لە بلیمەت و فەیلەسووفەوە بۆ سادە و ساکار و، بەڵام هەریەکە و بەشێوە و جۆرێك و بەڕادەیێکی نزم و نزمترین و بەرز و بەرزترین. ئینجاش هەر مرۆڤە و بەجۆر و شێوەیەك لە بەرامبەریدا کردار دەکا. کە زۆربەی هەرە زۆر لە شێوەی کاردانەوەیەکی ناهۆشیارانەدا دەبێ و کەمینەیەك بەهۆشیارییەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە. ئەو کەمینەیەش کە دەزانن لێ دەرچوونەکە بەجەستە بنەمایەکی ڕەهایە و هیچ تەقەلادانێکی گلگامشی و چی و چی لە ئاستیدا داد نادا، پەنا دەبەنە بەر هەوڵی درێژەدان بەمانەوە لە ژیاندا بە گیان، واتە بەمانەوە لە بیرەوەری نەوەکانی داهاتوودا، یان خەڵکانێك کە دوای خۆی دێتە ژیانەوە. سا منیش کرداری چیرۆکنووسین و بەرهەمهێنانی چیرۆك لە ژیانمدا، مانایەك لەو بابەتە دەبەخشێ، واتە هەوڵدانێك بۆ مانەوە لە ژیاندا بە گیان و، دوای ئەوەی بەجەستە لێی دەردەچم.

* ئایا زمان و شێوە و شێواز لات گرینگن، لە کاتێکدا ماوەیەکی بەپیتە ئاستێکی دیار و ڕوونی زمان و شێوە و شێواز لە کارەکانتدا بەبەردەوامی خۆیان ئاشکرا دەکەن، ئەمەش ڕوویەکی خۆشحاڵی و بەپیتی ئەزموونە. ئایا بەردەوام هەوڵ دەدەیت زمان و شێوە و شێواز و ڕستەی تر بنیات بنێیت و بیهێنیتە بەرهەم؟

– جارێ با بپرسین: ئایا زمان چییە؟ دیارە کە زمان ئامرازی ڕاگەیاندنی مانایە. ئەمە بێگومان پێناسە ئاساییەکەی زمانە، دەشبێ بزانرێ کە گەیشتن بەم پێناسە ئاساییە مێژوویەکی گەلێ دێرینی هەیە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: ئەم مرۆڤە ژیرەی کە ئێستا هەیە، لە ناکاوێکدا نەبووەتە خاوەنی ئەم زمانی ڕاگەیاندنی مانایەی کە ئێستا هەیە، بگرە سەدان هەزار ساڵ، چوونەتە قەبەڵی سەرهەڵدان و

نەشونماکردن و دەق گرتنییەوە بەم شێوەیەی کە ئێستا هەیە. ئەمە پێناسە ئاساییەکەی زمانە، کە خۆی لە خۆیدا باسێکی ئاڵۆزە و، پسپۆڕی خۆی بۆ لێدوان و شیکردنەوەی لە ڕووی زانستییەوە هەیە، بەڵام هێندەی باسەکە پێوەندیی بەزمانی نووسینی ئەدەبییەوە هەبێ، کارەکە بە ئاقارێکی تردا دەڕوا و بە بارێکی تردا لێی دەکۆڵرێتەوە، واتە باری ئەو هونەرکارییەی کە نووسەر تێیدا ئەنجامی دەدا و بەسەرێك خوێنەری پێ سەرسام و پڕچێژ دەکا و بەسەرێکیش دەبێتە هۆیەکی سەرەکی چ بۆ مانەوەی زمانەکە لە ژیاندا و چ بۆ زیاتر پاراو و بەرفراوان و دەوڵەمەندکردنی. ئێمە با سەرنج بدەین.. دەوترێ: ئەو زمانە ئینگلیزییەی کە ئێستا هەیە و دنیای گرتووەتەوە لە (شکسپیر)ەوە داکەوتووە و تەشەنەی سەندووە، یان (دانتی) و زمانی ئێستای ئیتاڵیایی، هەروەها ئەو کوردییە سۆرانییەی لەمەڕ خۆمان و (نالی و سالم و کوردی). کەوابوو نووسەر زمان تەنیا وەك ئامرازی ڕاگەیاندنی مانا بەکار ناهێنێ. زمان بەو مانایە ڕۆژانە لەلایەن ملیۆنەها زمان لەناو دەم و زمان بەکارهێنەردا، ملیۆنەها جار دووپات دەکرێتەوە. بەڵێ زمان لەم ڕێگەیەشەوە گۆڕانی زۆری بەسەردا دێ و ئەمە باسێکی ئاشکراو ڕوونە، بەڵام هونەرکاری بەدەگمەن لەم بوارەدا ڕوو دەدا. بازرگانێك دەربەست نییە، گرێبەستی فرۆشتنی کاڵایەك بەزمانێك بهۆنێتەوە، کە هونەرکاریی لە ڕووی زمانەوە تێدا بێ. ئەو کاڵایەك دەفرۆشێ کە ڕەنگە زمانێکی زبر و ناقۆڵای تێدا بەکار بهێنرێ. لە کاتێکدا نووسەر بەچرای گەرچەکەوە، بەدوای وشە و ڕستەی مانابەخشی ورشەداری وەهادا دەگەڕێ و دەیخاتە سەر کاغەز، کە ڕەنگە مانا نائاساییەکەی بتەقێتەوە و، لقوپۆپی تێدا بهاوێ بەسەرێك و بەسەرێکیش خوێنەری پێ مەست و کەیل بکا. دیارە کە ئەو لقوپۆپ لێ بوونەوەیە، دەبێتە هۆیەکی کاریگەر بۆ نەشونماکردن و دەوڵەمەندبوون و گەشەسەندنی زمان.

* ئایا بەشی زۆری نووسین، شیعر، چیرۆك، ڕۆمان، شانۆگەری، پەخشان... لە مێشك پێك دێن و ڕوو دەدەن، یان لە دوورییەکانی نێوان قەڵەم و کاغەز پەیدا دەبن، یان بیرکردنەوە لە ناوەندی کۆمەڵگە و خود دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی؟

– ئەم پرسیارە یەکێك لە کێشە سەختەکانی بواری فیکر و فەلسەفە دەورووژێنێ، کە یەکێکیشە لە جیاوازییە هەرە گەورەکانی نێوان فەلسەفەی مەتریالیزمی و فەلسەفەی میتافیزیکی، ئەویش پرسیارە بەناوبانگەکەیە کە دەڵێ: ئایا مادە لە

ئـەقـڵـە، یـان ئـەقـڵ لـە مـادە؟ دیـارە مـن لێرەدا بـواری ئـەوەم نـیـیـە بـچـمـە درێژەی بـاسەکـەوە، کـە لـەلایـەن بـیـرمـەنـدانـی هـەردوو لاوە، بـە هـەزاران کـتـێبـی لـەسـەر نووسراوە، بەڵام دەتوانم بڵێم کە من بەشبەحاڵی خۆم، لە باوەڕدارانی (ئەقڵ لە مـادەم) و، لێرەوە لە وەڵامی پرسیارەکەدا دەڵێم: هەرچی چالاکییەك کە لە مرۆڤ دەوەشێتەوە لە ژیانیدا مێشك فەرماندەر و بزوێنەریانە و مێشکیش لە بنەڕەتدا بەرهەمی مادەیە. بەم مانایە مێشك لە کاتێکدا بەرهەمی مادەیە، ڕۆژانە لەگەڵ مادەی دەوروبەریدا هەڵسوکەوت دەکا و، لێی وەردەگرێ و دەیداتەوە و، کاری تێدا دەکرێ ، کاری تێ دەکا. سا نووسین بەهەموو بابەتەکانییەوە و هەر چالاکییەکی تری لەم جۆرە دەچنە ژێر ڕکێفی ئەو بنەمایەوە و بەپێی ئەو یاسا بنەڕەتییەی هـەڵـدەسووڕێن. دەڵـێم ئـەو یـاسـا بـنـەڕەتـیـیـە، دەنـا کێشەکـە هـێندەی لـقـوپـۆپ لـێ دەبێتەوە، کە ئاسان نییە لە وەڵامی پرسیارێکی وەك ئەمەدا بەدرێژی باسی لێوە بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بە کوردی و کورتی بڵێم: ئەگەر مادە نەبوایە، ئەقڵ (مێشك) لە کوێ دەبوو؟ ئەگەر ئەقڵ و مێشکیش نەبوونایە، شیعر و چیرۆك و... هتد، لە قوتووی کام عەتاردا دەست دەکەوتن؟ هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەم بابەتە چـالاکـیـیـانـەی مـرۆڤ چـەنـد بـواریـان بـۆ داهـێـنـان لـە بـەردەمـدا بـەرفـراوان و ڕەنگاوڕەنگ بێ و بگرە بەسەرزاری دوور لە برکردنی ئەقڵ و مێشکیش بێ، هێشتا هەر بەندی بنەما بنەڕەتییەکە دەبێ کە دەڵێ:

بەڵێ.. ئەقڵ لە مادەیە، نەك مادە لە ئەقڵ.

* تەقینەوەی یادەوەری لە ئەدەبدا ڕۆڵی چییە؟ ئایا سەرقاڵبوون پێوەی دەتگەیەنێتە چرکەساتی ڕووداو و دروستبوونی سەرەتاکانی خۆی؟

– با لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بۆچوونێکی تایبەتی خۆم دەرببڕم، من باوەڕم وایە کە بەرهەمی هیچ نووسەرێك لە ژیانی نووسەرەکە دابڕ نییە و جیاوازییەکە تەنیا لە کەمی و زۆریدایە. لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە ژیانی هەر نووسەرێك و بەراوردکردنی لـەگـەڵ بـەرهـەمـەکـانـیـدا، ڕادەی ئـەو پـێوەنـدیـیـە بـەبـاشی دەردەخـا. ئـەگـەر وا نەکەوتەوە، واتە ئەگەر هیچ پێوەندییەك بەدی نەکرا، بەڕای من دەبێ نیشانەی سەرسامی و پرسیاری بخرێتە پاڵ و لێکۆڵینەوە لە بارەیەوە بە ئاقارێکی تردا ببرێ.

دیاره ئەمەش بەو مانایە نییە کە بوترێ: ئەو نووسەرە هەرچییەك دەنووسێ لە سەدا سەد پێوەندیی بەخۆیەوە هەیە، وەك ئەوەی باس لە پیاوکوژێك، دزێك، درۆزنێك، قۆڵبڕێك و... هتد بکات، بوترێ: دەبێ خۆشی بەو تاقیکردنەوانەدا تێپەڕیبێ. دیارە ئەمە کارێکی نابەجێ و لە ئەقڵ بەدەرە. واتە ئەگەر نووسەر باسی تەنیا لە ئەزموونەکانی ژیانی خۆی بووایە، شتێك نەدەخوڵقا کە پێی بوترێ: ئەدەب، دەبووە هەقایەتی ژیانی ئەم، یان ئەو نووسەر. لەم ڕووەوە گرینگ ئەوەیە کە ئایا نووسەر تا چەند و چ ڕادەیەك ئەزموونەکانی ژیانی خۆی دەخاتە قەبەڵی داهێنانی ئەدەبییەوە و بەوەرگر (خوێنەر)ی دەبەخشێ.

* مەڕمەڕ وردوخاش دەبێت. ئۆتۆمۆبێل دەڕزێ و لە کار دەکەوێت. زێڕ و پارە و خانووبەرە دەبێتە میرات. داهێنان ئەبەدییە و دەتکات بەمرۆڤی ئایندە بین. ئایا لە پێناو بوون بە مرۆڤی داهاتوو دەنووسیت، یان وەك دەربڕینی ساتەوەختی ڕاگوزاری و بەتاڵکردنی هەڵچوونی خەمۆکی خەریکی نووسینیت؟

– لە پێناوی بوون بەمرۆڤی داهاتوودا دەنووسم. یەکەم بۆ خۆم کە هەمووکات زیندووبم. دووەم بۆ خەڵکانی دوای خۆم کە هەمووکات ئاسوودە و بەختەوەر بن. بەم مانایە بوون بەمرۆڤی داهاتوو بارە ڕەسەنەکەی و، ئەوی تر ساتەوەختییەکە، یان هەڵچوونێکی کاتی، یان ڕەنگە بازرگانیکردن، چونکە ئەدەبیش دەشێ بکرێتە کاڵایەك و بازرگانی پێوە بکرێ. ئەمە بێ ئەوەی ئەو مانایە ببەخشێ، کە نووسەر لە بەرهەم هێنانـدا، هەر دەبێ خۆبەخش بێ، چونکە ئەویش بەشێوەیەك لە شێوەکان جۆرە کاڵایەکی پێویست بۆ ژیان بەرهەمدەهێنێ، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەمیان بۆ بازرگانی پێوەکردن لەلای خودی نووسەرەوە دەست نادا، خەڵکانی غەیری نووسەر دەیکەن. بەڵێ، چونکە ئەوە پیشەیانە لە ژیاندا و کارێکی بەجێیە و، بۆ هەردوو جەمسەرە بنەڕەتییەکەی ئەدەب «نووسەر و خوێنەر» سوودبەخشە.

* لە تێڕوانینی (هونەر بۆ هونەر)، (هونەر بۆ جەماوەر) سەنگاییت بەرەو کام لا لار دەکەیتەوە. ئەگەر هونەر بۆ هونەرە، هونەری تۆ چییە بۆ ئەم هونەرە. ئەگەریش بۆ جەماوەرە کاریگەرییت چییە لەسەر جەماوەر؟

– قەت ڕۆژێك لە ڕۆژان گومانم لەوە نەبووە، کە هونەر بۆ هونەر نییە و بۆ جەماوەرە،

بەمەرجێك هونەرێکی هونەرمەندانە بێ، جگە لەوەی کە من هەر لە بنەڕەتەوە، هونەر بۆ هونەرم بۆ ناهێندرێتە بەر زەین و ئەقڵ و بەرچاو. هونەر (کە لێرەدا باسمان لە نووسینە) دوو بنەما، دوو پایە، دوو جەمسەری سەرەکی تێدا هەن.. نووسەر (بەرهەمهێنەر) و خوێنەر (بەکارهێنەر – وەرگر). من ئەگەر کەسێك لە کایەدا نەبێت بمخوێنێتەوە، کرداری نووسینم و نووسینەکەم دەبێ چ مانایەك ببەخشێ. ئەمە ڕاست وەکو مادە و ئەقڵەکەیە، ئەگەر مادە نەبوایە ئەقڵ لە کوێ دەبوو. ئەوەی دەڵێ من بۆ خۆم و بۆ هونەر دەنووسم، خۆی دەخەڵەتێنێ، ئەگەر ڕاست دەکا، ئەی بۆچی دەیخاتە بەرچاوی کەسانی تر، بەڵام ئەگەر کەسانی سەر بە هونەر بۆ هونەر، مەبەستیان بێ ئامانجی و کەمتەرخەمی بێ؛ بەرامبەر بەو خەڵکەی هونەرەکەی دەکەوێتە بەرچاوان (کە ئەمەیان زیاتر جێگەی مشتومڕە)، ئەوا مەسەلە دەبێتە ململانێی نێوان ڕێبازە ئەدەبییەکان، کە بەرئەنجامی ململانێی نێوان ڕێبازە فیکری و فەلسەفییەکانە و سالآنێکی دوور و درێژ دەمەتەقێی لەسەر دەکرێ.

بەهەرحاڵ دەبێ دیسانەوە پێ لەسەر ئەوە دابگرم، کە هونەر بۆ جەماوەر دەبێ هونەرمەندانە بێ، نەك دروشم و ئامۆژگاری و فەرمان و هاندان و جوونەوەی بنێشتی دەمی کەسانێکی سەرقاڵ بە هەڵسووڕاندنی کاروباری ڕۆژانەوە. نووسەر جیهانبین و ئایندەبین و دووربینە و بەم مانایە پتر لەو کەسانەیە کە بە ئاسمانی خەون و خەیاڵدا هەڵدەفڕێ، کە ئەوە لە ئەنجامدا بۆی دەبێتە مایەی ئەو تایبەتمەندییەی، کە لە بواری کارەکەیدا هەیەتی، کە داهێنان و خوڵقاندنیشی لێ دەکەوێتەوە.

* گوتەزایەکی باو هەیە دەڵێت: شێواز لە کاتی نووسین پەیدا دەبێت. لە کارکردنی تۆدا لە ئەزموون و دنیابینی ئەدەبییەوە سەرهەڵدەدات، یان تێکەڵییەکە لە هەردووکیان؟

– شێواز زادەی هەردوو حاڵەتەکەیە. لە کاتی نووسیندا پەیدا دەبێ بەڵێ، چونکە نووسەر ئەو ئەندازیارە نییە کە ورد و درشتی نەخشەی ئەو بینایەی دروستی دەکا، پێشەکی بیخاتە سەر کاغەز و ئینجا لە بناغەوە تا کۆتایی وەستا و کرێکار بەپێی ئەو نەخشەیە هەڵی بچنێ. نووسەر بە پێچەوانەوە کار دەکا. بەڵێ.. نەخشەیەکی گشتی لە زەینیدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ڕۆژ بە ڕۆژی کارکردنیدا (کە

لێرەدا هەر خۆی ئەندازیار و وەستا و کرێکارە)، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. ئینجا بەدوای ئەزموون، ڕاست تەواوکەری ئەو حاڵەتی کاتی نووسینە. واتە ئەزموونەکە لێزانییە ئەندازیارییەکەی و کارامەییە وەستا و کرێکارییەکەی، زیاتر و زیاتر لێ دەخەملێنن و، وەك ئەوەی لێ دێ کورد واتەنی: نووسینی بەدەستەوە لێ دەبێتە گونکە هەویرێك. بەڵێ.. شێواز بەرەنجامی هەردوو حاڵەتەکەیە.

* قۆناغی دووەمی نوێبەخشی چیرۆکی کوردی. ئایا چ کاریگەرییەکیان لە ناوەندەکە ماوە، یان وەك ناوێك درێژە بەکارەکانیان دەدەن و لێ زیادبوونیان پێ نەماوە. ئەو دەستەیەی چالاکانە لە ناوەندەکەدا کار دەکەن و بەخششی لێ زیادبوونیان هەیە. ئایا درێژکراوەی ئەزموونی ئەوانن، یان نا. خاڵەکانی جیابوونەوە و هاوبەشیان چییە؟

– جارێ با پێشەکی بڵێم: کە نوێخوازی و نوێکردنەوە ڕاوەستان و چەقینی بۆ نییە. ئەمە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بنەمایە و بەدرێژاییی مێژوو ڕاستی و دروستی خۆی سەلماندووە. بەڵێ.. ڕاوەستان و چەقینی کاتی هەیە، بەڵام بۆ هەمیشەیی هەرگیز نا، سا بۆ چیرۆکی کوردیش هەروەهایە و هەروەهاش دەبێ، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین، کە هیچ نوێخوازی و نوێکردنەوەیەك لە سفرەوە دەست پێ ناکا، لە سەر نوێیەکەی بەر لە خۆی بینا دەکرێ، کە ئەو لە چاو ئەمدا بووەتە کۆن و ئەم دەبێتە نوێ. بەم مانایە هەر نوێیەکی پێشوو، جێ پەنجەی بەنوێی نوێوە دیار دەبێ و ئەم دەبێتە لێ زیادکەر و پەرەپێدەر و بەرەو پێشتر بەری ئەو، کە دەشێ کەم بێ، یان زۆر، یان زۆرترین و دیارە بەپێی ئەو هەلومەرجەی خۆی و بابەتییەی بۆ هەڵدەکەوێ. بەبڕوای من بەپێی ئەو هەلومەرجە لەبارەی لە هەردوو ڕووەوە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی پێشوودا بۆ (ڕوانگەییەکان) ڕەخسا، ڕادەی لێ زیادکردن و پەرەپێدان و بەرەو پێشبردنیان بەسەر پێشوویاندا، زۆرترین و بگرە بازدانێك بوو، لە کاتێکدا ئەوەی دوای ئەوان کراوە، دەکرێ ڕادەی کەم یان زۆری لە حاڵەتی بەراورد بۆ دیاری بکرێ. ئەگەرچی لە هەندێ ڕووەوە، یان لە هەندێ حاڵەتدا بەتایبەتی لە ناوەڕۆکدا (کە زیاتر مەبەستم هەڵوێستە بەرامبەر بە حزبایەتی و سیاسەت و ئایدۆلۆجیا و فەلسەفە و، تەنانەت بەها نەتەوایەتییە پیرۆزەکان)، کشانەوە و لادان و پووکانەوە و بگرە دژایەتیکردنێکی ناڕەوا و نامەعقوولیش هەست پێ دەکرێ. من هەرگیز لاریم لە جۆری بیرکردنەوە و شێوەی

دەربڕین و چۆنیەتی وەرگرتنی هەڵوێست بەوپەڕی سەربەستییەوە بۆ نووسەر نییە، بەڵام خۆ دەبێ منیش لە ڕووی ئەو نووسەرەدا سەربەست بم، ئەگەر بێتو لە بەرهەمە داهێنانەکانیدا بەتایبەتی، تەشقەڵە بە بەها نەتەوایەتییەکانی گەلەکەی بکا، وەك ئەوەی بۆ نموونە لە چیرۆکێکدا، گاڵتەی بەئەقڵی ئەو پێشمەرگە شەهیدە بێت، کە ژیانی خۆی بە گەل و نیشتمانەکەی بەخشیوە، بە بیانووی ئەو بۆچوونەوەی (کە دیارە دەشیخاتە قاڵبێکی فیکری و فەلسەفییەوە) و دەڵێ: لەبەرئەوەی مرۆڤ یەك جار دەژی، هیچ ئامانجێك چەندە پیرۆزیش بێ، پاساوی لە دەستدانی لە پێناویدا نادا، ئەوەی دەیکا لە جۆرێك لە گەمژەیی بەولاوە نییە. سا ئاشکرایە کە چ ڕوانگەییەکان و چ نەوەکانی پێش ئەوان، قەت بەلای جۆرە بیروبۆچوونێکی وەهادا نەچوون، بگرە تەواو بە پێچەوانەوە بووە.

* وەك چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەوان و ڕەخنەگر و وەرگێڕ لە ناوەندی ڕۆشنبیری ناسراویت و بەخششت پێشکێش دەکەیت. ئایا بیرکردنەوەت لە بارەی مۆسیقاوە لا دروست نەبووە کە مۆسیقا پێوەندییەکی بەتینی بەگەرموگوڕی گیانەوە هەیە؟

– با بەڵێ.. وەك پێزانین بایەخی مۆسیقا و، وەك چێژ لێوەرگرتن و وەك ئەوەی لێی بەئاگام کە چ زمانێکی ئەفسانەیی و تەلیسماوییە، چەندیش لە چاو هونەرەکانی تردا لە مێژینەترە. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، قەت وەك خود بیرم بۆ لێك نزیکبوونەوە و فێربوونی بەلایدا گوزەری نەکردووە، چونکە بەکارێکی زۆر زەحمەتتر لە نووسینم زانیوە و هەموو کات سەرم سوڕماوە کە چۆن ئەو مۆزیکژەنە دەتوانێ، ئەو ئامێرە بێگانانە ئاوەها بێنێتە زمان و، هەستونەست و ڕاز و نیازی قووڵایی و پێچوپەناکانی ناخیان پێ دەربڕێ. واتە ئەوەی بە وشە و بە نووسەر ناکرێ، ئەو بە ئاواز دەیکا. خۆ لە خۆڕاییش نییە کە (گۆران)ی نەمر لە دوو دێرە بەناوبانگەکەیدا، بەڕوونی ئەو شکایەتەی حاڵی دەربڕیوە و دەڵێ:

هەرچەن ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم

* دەتوانین بڵێین خۆرئاوا لە میتۆلۆجیا و گەرمایی گیان و ئاین تا ڕادەیەکی دیاریکراو دوور کەوتووەتەوە، ئەم دوورکەوتنەوەیەش هۆیەکی کاریگەرە بۆ

بەلاوازکردنی نووسینی ڕوحی و هەستی، کە شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و شانۆگەری و پەخشانە. ڕۆژهەڵاتیش لەمانە نزیك بووەتەوە و گەرموگوڕی دەهێنێتە ئاراوە، دەکرێ تۆی ڕۆژهەڵاتی و بەدواداچووی ئەدەبی خۆرئاوا لەبارەی ئەم ساردی و گەرمییە قسەت هەبێ؟

– من بە پێچەوانەوەی تێ دەگەم. نە خۆرئاوا ئەو ساردیی گیانەیە و نە ڕۆژهەڵاتیش ئەو گەرمییەی. لەگەڵ ڕێزمدا بۆ داڕێژەری پرسیارەکە، ئەمە وتەیەکی هەڵبەستراوی هزری کەسانێکە و کەسانێك دەیڵێنەوە، کە بیر و بۆچوونیان دەقی بە ڕابردوویەکی لە دەستچووەوە گرتووە و ناتوانن لێی داببڕێن. دەنا ساردی و گەرمی گیان (ڕوح) لەلای مرۆڤ هەرگیز بەندی جوگرافیا (خۆرئاوا و خۆرهەڵات) نییە، بگرە لە ئەنجامی چەندین مەرج و هۆی بابەتی وەك سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و.. هتد، بەوە دروست دەبێ، کە دیارە ئەم مەرج و هۆیانە لە خۆرئاوای پێشکەوتوودا لە ڕووی شارستانییەوە جۆرێکە، لە خۆرهەڵاتی دواکەوتوودا جۆرێکی تر.

سا نهێنییەکە لێرەدایە. مرۆڤ لەولا دەتوانێ بەسەد جۆر لە (ڕوح) بدوێ و شی بکاتەوە. لە کاتێکدا لەملا (بەگشتی) خراوەتە قالبێکی چەق بەستووی ئەوتۆوە کە لە یەك شێوەدا دەقی گرتووە و ڕێگەی لێدوانی جۆربەجۆری لێ قەدەغە کراوە. هەن هەوڵ دەدەن، بەڵام هەموو دەزانین چییان بەسەر هێنراوە و بەسەر دەهێنرێ.

دەیڵێمەوە.. گیان هەر گیانە، خۆرئاوایی بێ، یان خۆرهەڵاتی. جیاوازییەکە لەو ڕووەوە نییە و لە ڕادەی پێشکەوتنی شارستانیدایە. میتۆلۆجیاش لەو بنەمایە بەدەرنییە.

* ئایا بنەماڵە و منداڵیت بووەتە هێزێك بۆ سەرهەڵدان و بەردەوامبوون و بەخششی نووسین، یان منداڵی و بنەماڵە ڕۆڵیان چییە لە دروستبوونی ئەدەب؟

– بنەماڵە و منداڵی بێگومان ڕۆڵیان هەیە. من لە وەڵامی پرسیارێکی تردا وتم: کە ژیانی نووسەر کەم یان زۆر، لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە . دیارە ئەو ڕۆڵە لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر دەگۆڕدرێ. من بەش بەحاڵی خۆم، بنەماڵە و جۆری ژیان و گوزەرانی و، بەتایبەتی ساڵانی منداڵیم و بیرەوەرییەکانی ئەو ساڵانەم، کاریگەریی زۆریان بەسەر بەرهەمەکانمەوە هەبووە. جا دیارە ئەگەر

ئەمە ڕۆڵی بنەماڵە و منداڵی بێ بۆ نووسەر وەك تاك، ئەوا بۆ ئەدەبیش بەگشتی هەروا دەبێ.

* لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا بۆچوونێك هەیە و تەئکیدیشی لەسەر کراوەتەوە.. ئەگەر (ڕوانگە)ش نەبوایە (حسەین عارف و شێرکۆ بێکەس) هەر ئەم دوو بەخششدارە دەبوون. کەواتە ڕوانگە دەورێکی سەرەکی نەبووە لە دەرخستنی توانا ئەدەبییەکانی ئێوە. بەو پێو دانگە بێت گرووپ لە گەشەکردنی توانا سەرەکی نییە. دەکرێ بەڕوونی قسەتان لەم بارەیەوە بکەن؟

– بەڵێ لە سەدا سەد ئەو قسەیە راستە، کە گرووپ و ڕێکخراو و یەکەتی و کۆمەڵەی ئەدەبی نووسەر دروست ناکەن. (ڕوانگە)ش (حسەین عارف و شێرکۆ بێکەس)ی نەکرد بەو دوو چیرۆکنووس و شاعیرەی کە هەن، بەڵام دەتوانم بڵێم: کە ڕوانگە هاندەر و تین و توانابەخش بوو، بۆ پتر خۆماندووکردن و بەدواداگەڕان و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی، بەرهەمی نوێ و نوێترین. ڕوانگە گوڕی پێ بەستینەوە و گڕوکفی پێ بەخشین و کڵپەی پێ سەندین. ڕەنگە ئەگەر ڕوانگە نەبوایە، بەو خێراییە پێمان نەنایە قۆناغە نوێیەکەی دوای ڕوانگەمانەوە. ئاخر خۆ ڕوانگە نەك تەنیا بۆ هەڵدەرانی بانگەوازەکە، بگرە بۆ نەوەیەکی بەرفراوان لە شاعیر و نووسەران بوو، ئەو هاندەر و گڕوتین بەخشە و بگرە بۆ ئەوانەی کە تازە دەستیان دەدایە قەڵەم و هەوڵی نووسینیان دەدا، بووە قیبلەنما و ڕێ نیشاندەر و ئەنجامیش وەها کەوتەوە، کە ئەو ڕێبازەی ڕوانگە بانگی بۆ هەڵدا، ببێتە شەقڵی سەرەکی لە ئەدەبەکەماندا.

* لە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی کوردیدا (چای شیرین و کانییە ڕەحمان) زۆر تیشکیان دەکەوێتە سەر، لە کاتێکدا چیرۆکی لەم چیرۆکەت سەرکەوتووتر هەیە. وەك چیرۆکی (گەلەگورگ) و هی تریش. ئایا ڕەخنە و لێکۆڵینەوە هەر بەدوای شتە ئاسانکراوەکان دەگەڕێن، یان ئاستی ڕەخنەی کوردی هەر ئەمەیە؟

– بەڕای من هەریەکە لە (چای شیرین) و (کانییە ڕەحمان)، حسابێکی تایبەتی خۆی هەیە و پێوەندیی بەوە نییە کە گوایە سەرکەوتووترین دوو چیرۆکم بن. یەکەمیان لەبەرئەوەی کوڕەلاوێك نووسیوێتی و هێشتا نەناسراوە و لە دوورێکی دوورەوە (بەسرەی خوارووی عێراق) ناردوێتی بۆ بەشداربوون لە پێشبڕکێیەکەدا و، لە ناو

بەرهەمی چەندین ناوی ناسراودا بەیەکەم دەردەچێ. ئینجا ناوەڕۆکەکەشی باسێکە کە لاوان لە هەموو دەور و زەمانێکدا پێی سەرمەستن و، بەزمانێکی سادە و ساکاری خۆیان ئاساش نووسراوە.

چای شیرین وەها، بەڵام کانییە ڕەحمان، لە باسێك، لە گیروگرفتێك، لە کارەسات و بەسەرهاتێك دەدوێ، کە لە ڕۆژگاری بڵاوکردنەوەیدا، مێشك و دڵ و دەروونی ملیۆنەها کەسانی دەتەزاند و گینگڵی پێ دەدان و پیشی پێ دەخواردنەوە، ددانی لە ئاستی دوژمندا پێ لە یەکتری هەڵدەسوون، کە ئەویش کارەسات و بەسەرهاتی ڕاگواستنی سەدان هەزار لە خەڵکی کوردستان بوو لە زێدی باوباپیرانەوە، بۆ ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس و سەدامی دیکتاتۆر. من بۆ خۆم باشم لە یادە کە لە ئێوارەکۆڕێکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردیدا لە بەغدا خوێندمەوە و، کە ئامادەبووان باسی لێ حاڵیبوون باس لە چییە، بەڵام کاتێ هاتنە سەر گفتوگۆکردن لەسەری هەستم کرد کە ئەوانە لە بارەیەوە دەدوێن، چ لەبەر خاتری من و پارێزگاریکردن بێ لە من، چ لە ترساندنا بێ، شوێنەونی لە ئەسڵی مەبەست دەکەن. بۆیە خۆم پێ نەگیرا و ناچار لە بنی هەمانەکەم دا، بەدەم و زمانی خۆم ئەسڵی مەبەستەکەم بۆ خستنە ڕوو.

ئەمەیە هەقایەتی ناوبانگی ئەو دوو چیرۆکە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەش بڵێین: کە لە ڕووی هونەریشەوە، دوو چیرۆکی خراپ نین و بۆ خوێندنەوە خۆ دەخەنە دڵەوە.

* ڕۆمانی تۆماری، ڕۆمانی ڕیالیزمی، ڕۆمانی خەیاڵی.. جیاوازییە هونەرییەکانیان چین. ئەو سێ ڕۆمانەی کە بەرهەمت هێناون زیاتر تیشکی کامە خانەیان بەردەکەوێت. بەتایبەتی ڕۆمانی (هێلانە) ئەگەر بە گشتگیری لەبارەی بدوێیت؟

– ڕۆمانی تۆماری، تۆمارکردنێکی مێژووییە لە شێوەی ڕۆماندا، کە دەکرێ لە سەدا سەد ڕووداو و بەسەرهاتی مێژوویی بێ و بگێڕدرێتەوە، بەڵام هونەری ڕۆمانیان تێدا بەکار هێنرابێ، یان دەشێ باس لە ڕۆژگارێك بکا، کە بریتی بێ لە تێکەڵەیەك لە ڕووداو و بەسەرهاتی مێژوویی و دروستکراو بەتایبەتی کەسەکانیان کە لە ئەسڵدا وەك کەسانێکی ڕاستی نین، بەڵام وێنە و نموونەیان لەو بوارانەدا هەبووە.

ڕۆمانی ڕیالیزمی لە واقیعێك دەدوێ، کە پتر لە حاڵی حازردایە وەك لە ڕابردوو،

کە ڕووداو و بەسەرهات و کەسانیشیان وێنە و نموونەیان بە بەرچاوی خوێنەرەوە هەن و لە ژیاندان، ڕۆژانە بەشێوەیەك لە شێوەکان دوور، یان نزیکن لێوەی، مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، بەڵام سەبارەت بەڕۆمانی خەیاڵی، مەگەر مەبەست لە خەیاڵی زانستی بێ، دەنا خەیاڵ بۆ خۆی کەرەسەیەکی هونەرییە بەدەست ڕۆماننووسەوە و کەم و زۆر پەنایان دەباتە بەر و بەکاری دێنێ. ئینجا لەبەر ڕۆشناییی ئەم پێناسەیەدا دەکرێ ڕۆمانەکانی من بخرێتە خانەی تێکەڵەیەك لە تۆماری و ڕیالیزمییەوە و هەریەکەیان لەمیان کەم و لەویان زۆری تێ دەکەوێ. (شار) و (هێلانە) زیاتر بەلای تۆماریدا دەشکێنەوە، (ئەندێشەی مرۆڤێك) بەلای ڕیالیزمیدا. ئەمە ڕای خۆمە لە بارەیانەوە ، کە ڕەنگە هەبن ڕای تریان لە بارەیانەوە هەبێ.

* زۆربەی شاعیران چیرۆك ڕۆمان بەوردی دەخوێننەوە. ئایا چیرۆکنووس شیعر دەخوێنێتەوە، یان خوێندنەوەی شیعر هیچ دەورێکی هەبووە لە ئەزموونی چیرۆکیت و ختووکەی نووسینی داویت؟

– بەڵێ؛ بەشبەحاڵی خۆم شیعر دەخوێنمەوە. ساڵانی زوو شانبەشانی بابەتەکانی تر دەمخوێندنەوە و، تەنانەت نووسین و لیکۆڵینەوەشم لە بارەیەوە هەیە، بەڵام ئێستا لەبەر کزبوونی توانای خوێندنەوەم (گرفتی چاو و ڕادەی بینین)، نەك تەنیا شیعر، بگرە لە بابەتەکانی تریشدا، ڕێژەی خوێندنەوەم لە چاو جاراندا زۆر دابەزیوە و، خەفەتیشی زۆر پێ دەخۆم، بەلامەوە وەك ئەوەیە کە یەکێك لە (نیعمەت)ە هەرە بنەڕەتی و بایەخدارەکانی ژیان بێبەش بووم. دیارە مەسەلەش لە توانای پزیشکی و پزیشکان بەدەرە، دەنا نەك تەنیا پارەپوولی خۆم یان یاریدەدەران کە دەزانم زۆریان درێغی ناکەن، بگرە ئامادە بووم لاقێکم، یا دەستێکم، یان هەر یەکێ لە ئەندامە دوودووەکانی جەستەم بخەمە قەبەڵێیەوە.

وەکی تر نا نەخێر.. خوێندنەوەی شیعر شتێکە و، چیرۆکنووسین شتێکی ترە، بەڵام بێگومان وەکو زۆر جار ئیشارەتم پێ داوە، منیش سەرەتا هەر بە شیعر دەستم پێ کرد، بەڵام زوو وازم لێ هێنا و لام دا بەلای چیرۆکنووسیندا.

* سەرەتاکانی چیرۆکی کوردی زمانێکی گوندی هەبوو، تۆ هاتیت ئەم زمانە گوندییەت گۆڕی بۆ زمانی شار و ڕووداوە کەسایەتییەکانیشت لەم بارەدا

گواستەوە. ئایا ئەمە هی ئەوە بوو شارنشین بوویت یان لە ڕێگەی ئەزموون و خوێندنەوەی چیرۆکی جیهانی ئەم دۆخ گۆڕینەت ئەنجام دا؟

– بەڵێ من لە باووباپیرەوە شارنشین بووم، هێندەی لەوانەوە زانیاریم پێ گەیشتبێ، لە سەرەتاکانی دامەزراندنی شاری سلێمانییەوە بوونەتە (سلێمانینشین) ئینجا دیارە کە منی ئەو جۆرە شارنشینە، کاتێ دەست بدەمە قەڵەم و بنووسم، هەر دەبێ بەو زمانە بنووسم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر سەرنج بدرێتە نووسینەکانی ساڵانی هەشتاکانم و بەملاوە هەست دەکرێ کە لە کرداری (ئە – ئەکەم)ی سلێمانییەکەی باووباپیرەوە، لام داوە بەلای (دە – دەکەمی گشتگیر لە زمانەکەماندا و، مەبەستیشم ئاشکرایە کە بۆ چییە. ئینجا ئەوەی ڕاستی بێ، من مامەڵەکردنم لەگەڵ زماندا، زیاتر لەسەر بنچینەی سەلیقە بوون و پتر پشتم بە زکماکییەکە بەستووە، ئەگەرچی بەردەوامیش لە کاتی نووسیندا چاودێر بووم بەسەر خۆمەوە، هەردەم بەپێی توانام نەمهێشتووە لایەنی زمانەوانییەکە لە هەموو ڕووەکانییەوە فەرامۆش بکەم و، هێندەی پێم بکرێ لە پێکهێنانی زمانە یەکگرتووەکەدا بەشداری بکەم. من زۆر جار لە نووسینەکانمدا ئیشارەتم بەوەداوە، کە نووسەری کورد لە چاو نووسەرانی گەلانی خاوەن زمانە پێشکەوتووەکاندا، ئەرکێکی زیادەی لەسەر شانە، کە ئەرکی بایەخدانێکی تایبەتە بە زمانەکەی. نووسەرانی زمانی یەکگرتووی دەقگرتووی پێشکەوتوو، لە کاتی پرۆسەی نووسیندا، ئەم خەمەی نووسەری کوردی نییە. ئاشکراشە کە ئەم خەمە بۆ خۆی دەبێتە کۆسپێك لە پاڵ چەندین کۆسپی تردا، لە بەردەمی نووسەری کورددا.

* چیرۆکی (کانییە ڕەحمان) لە ڕووی درامای بابەت و ململانێی پاڵەوان لەگەڵ ڕۆمانی (پیرەکە و زەریاکە)ی هەمەنگوای یەکگرتنەوەیەکیان تێدا دەبینرێت، ئایا ئەمە هیچ ئاگاییەکی تۆ هەڵی سووڕاندووە یا نا؟

– من لەو باوەڕەدا نیم کە لەیەکچوونێکی توندوتۆڵی لەو بابەتە لە نێوانیاندا هەبێ، چونکە دوو جیاوازی گەورە ئەو لەیەکچوونەیان لێ دوور دەخاتەوە و تەنیا بێ ئومێدیی هەردووکیان (ڕەحمان و پیرە)، ڕەحمان لە کانییەکەی و پیرە ماسییەکەیدا، ئەو بەراوردە پێك ناهێنێ. سەبارەت بە دوو هۆیەکە دەڵێم: بێ ئومێدییەکە لەلای ڕەحمان لەلایەن دوژمنێکی ئادەمی ئەقڵانی و بەنەخشە و پلانەوەیە و لەلای پیرە ئاژەڵی و نائەقڵانی و بێ نەخشە و پلان. ئامانجیش لە

هەردوو لا (ئامانجی نووسەر) جیاوازن. لەلای کانییە ڕەحمان سیاسییە و، لەلای پیر و دەریا فیکری و فەلسەفییە.

لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارەکە بێ بنەما نییە، هەر هیچ نەبێ مەسەلەیەکی ورووژاندووە کە دەهێنێ ئەو کەسەی مەبەستی بێ قووڵتر لێی بکۆڵێتەوە و باشتر وردی بکاتەوە.

* لە ئەزموونتدا ڕێکەوتی کردووە سەرەقەڵەمی بابەت و ڕووداو دابنێیت. دوای ماوەیەکی دوور و درێژ بگەڕێیتەوە سەری و بیکەیت بە هونەر؟

– من ئەگەرچی لە نزیکەوە سەبارەت بەم باسە، ئاگەداری نووسەرانی تر نیم، بەڵام من خۆم بەردەوام و جاری وا بووە لە کاتی نەگونجاودا بۆ نووسین (وەك ئەوەی لە ناو جێگەی نووستنا بووبم). وەهام کردووە و دوایی گەڕاومەتەوە سەری و نووسینێکم لێ بەرهەم هێناوە.

* لەبارەی دامەزراندنی کۆواری (کاروان) کە بەڕێزتان یەکەم سەرنووسەری بوون. ئایا هیچ نهێنییەك هەیە دوای ساڵانێکی دوور و درێژ بتەوێ بیدرکێنیت؟

– نهێنی نا، بەڵام هەندێ زانیاری کە باسکردنیان پێویستە وەکو:

١– من بەزەحمەتێکی زۆر لە کارکردن لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا خۆم دەرباز کرد، لە کۆتاییی ساڵی (١٩٧٩)دا لە وەزارەتی ڕاگەیاندن لە بەغداوە گواسترامەوە بۆ کشتوکاڵ لە هەولێر. من لەو چوار پێنج ساڵەی دوایی دوای نسکۆی (١٩٧٥)دا، عەزابێکی دەروونی زۆرم بەدەست ئەو کارەمەوە دەچەشت. کەچی لە هەولێر تەنیا ساڵە وەختێکم بەسەرسووکی بەسەر برد و تووش بوومەوە. (سەیدا محەمەد ئەمین ئەحمەد)ی ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوانم لێ پەیدا بوو (کە هەر زووش دەبێ لە بارەیەوە بڵێم: ئەم بەپێچەوانەی ئەوەکانی بەغدا، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، کار و کردەوەی بەرامبەرم گەلێ پڕ لە جوامێری و قەدرزانی و ڕێز لێگرتن بوو). دوای هەوڵێکی زۆر لەگەڵمدا، قایلی کردم کە بچم ئەم کۆوارەی (کاروان)ی بۆ دەربکەم.

٢– (کاروان) پێش ئەوەی سەیدا ببێ بە ئەمیندار، مۆڵەتی دەرکردنی بەناوی (المواسم)ەوە بۆ وەرگیرابوو، بە جۆرێکیش کە بەشی یەکەمی بە عەرەبی بێ و

دووەمی بە کوردی، کوردییەکەش بریتی بێ لە تەنیا چەند لاپەڕەیەك. ئەمە جگە لەوەی کە هیچ بیرێکیش لە ناوە کوردییەکەی نەکرابووەوە. سا من یەکەم هەنگاو بە سەیدام ڕاگەیاند، کە لە بواری ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، باوی ئەو دوو زمانییە نەماوە، چاکتر وایە تەنیا بەکوردی بێ. ئەو ڕای وا بوو کە لەبەرئەوەی مۆڵەتەکەی وەها وەرگیراوە، با ئێمە کارێك نەکەین سەرنجڕاکێش بێ و با شێوەکەی بگۆڕین بۆ کوردی و عەرەبی. ئینجا با کوردییەکەشی زۆربەی هەرە زۆر بێ و تەنیا چەند لاپەڕەیەکی بە عەرەبی بێ. من ڕایەکەم پەسەند کرد و وتیشم: کەوابێ چەند لاپەڕە عەرەبییەکەش بۆ ناساندنی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بە خوێنەری عەرەب تەرخان دەکەین و ئەویش زۆری پێ باش بوو. بۆ ناوەکەشی هێندەی لە یادم بێ، یەکەم جار من و هاوڕێم (سەربەست بامەڕنی)، کە بڕیاربوو ئەندامی دەستەی نووسەران و هاوکارم بێ، لەسەر سێ ناو ڕێککەوتین، ئەوە بوو لە یەکەم کۆبوونەوەی دەستەدا، لە ناویاندا ئەم ناوی (کاروان)ی بۆ هەڵبژێردرا. لەوە بەدوا کاك سەربەست دیار نەماوە، دوایی زانیم کە ڕووی لە هەندەران کردووە.

٣- سەیدا محەمەد ئەمین بە ڕەزامەندی و بە بڕیاری خۆی تەنیا بەناو سەرنووسەری کۆوارەکە بوو، دەنا بە کردەوە تەواوی ئەرکەکە لەسەر شانی من بوو. منیش بە یاریدەدەری دەستەیەکی نووسەرانی دڵسۆز و ستافێکی کارامەی گونجاو لەگەڵ کارەکە و لەگەڵ یەکتردا، ئەرکەکەم بەباشی جێبەجێ دەکرد و کۆوارەکەمان بەرێکوپێکی دەردەچوو.

٤- هەر لەو ماوەیەدا من پێوەندییەکی شەخسیم ، لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیدا، بەرێزان (مام جەلال و کاك نەوشێروان) پەیدا کردبوو. کۆوارەکەم بەبەردەوامی و بەبەرگ تێگیراوی بۆ دەناردن، جێگەی ڕەزامەندییان بوو. تەنانەت لە کاتی گفتوگۆکەی لە ساڵی (١٩٨٣)دا، چوومە دیدەنی بەڕێز مام جەلال لە سووررداش و لە نێوان قسە و باسماندا باسی گرفتی دابەزاندنی وێنەی سەدام و نووسین لەسەر شەڕە ناپیرۆزەکەیانم بۆ کرد، کە چۆن ئەوە خەمێکی گەورەیە بۆ من و خەفەتی پێ دەخۆم. ئەو وتی: گرینگ لاپەڕەکانی تری کۆوارەکەیە و، ئەو مەسەلەیە ئاسایی وەربگرە و خەفەتی پێ مەخۆ و لەو ڕووەوە منت لە پشتم. هەروەها لەو ماوەیەدا وتارێکی جوانی پڕ زانیاری کاك

(نـەوشێروان)م، لـەسەر کـانـیـاوەکـانـی کـوردسـتـان بـەنـاوێکـی خـواسـتـراوەوە (فـەرەج عەلی) ئەگەر لە یادم مابێ، لە یەکێ لە ژمارەکانیدا بڵاو کردەوە.

٥ – دوا جار دەبێ بۆ مێژوو ئەوە بڵێم: کە سەیدا نەك دەستی نەدەخستە ناو کاروبارمانەوە، نەك تەنانەت چاودێریشی نەدەکردین، کە چی دەکەین و ئەو کۆوارە چـۆن هـەڵدەسووڕێنین، بـگـرە مـەردانـە لـە بـەرامـبـەر ئـەو لێشاوەی راپۆرتانەشدا دەیپاراستین، کە جۆرەها تۆمەتی ترسناکیان دەدایە پاڵمان و بـۆ داوودەزگـاکـانـی رژێم دەنـێردرایـن. ئـەو هـەر بـەیـنـاوبـەیـنێك ئـاگـەداری دەکردم، کە چۆن لە داموودەزگاکانەوە بۆی دەنێردرێن و ئەویش دەیخاتە فایلێکەوە و پشتگوێیان دەخا.

ئیتر ئەوەبوو هەر بەلادانی ئەو لە ئەمینداریێتییەکە، بەهۆی ئەو هەرایەوەی کە شەهید (شاکر فەتاح)ی تێدا بە ئیعدامکردن چوو، منیش بەتەنیا لادان لە (کاروان) و گەڕاندنەوەم بۆ کشتوکاڵ ڕزگارم بوو.

کۆواری کاروان– ژ ١٩٨،٢٠٠٥

تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ سلێمانی

## لەبارەی (گۆران)ی نەمرەوە

ئەمڕۆ ٢٠٠٦/١١/٩ لە مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی. ن. ك) ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵ چیرۆکنووسی گەورە (حسەین عارف)دا بە ئەنجام گەیاند.

پ/ سەرەتا دەمانەوێت بەشێوەیەکی گشتی لەسەر پێوەندیی خۆتان لەگەڵ گۆراندا قسەمان بۆ بکەن؟

و/ ساڵی ١٩٥٣-١٩٥٤ چایخانەیەك هەبوو لە سلێمانی پێیان دەوت (چایخانەی حەمە ڕەق) کە لە ناوجەرگەی شاردا بوو، ئەم چایخانەیە لە شوێنی بەردەرکی سەرای ئێستادا بوو، لای گەراجی (حەمەی فەرەجە فەنی). چایخانەیەکی فراوان بوو، نووسەران و ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی شار ڕوویان تێ دەکرد و تێیدا کۆدەبوونەوە، ئێستا ئەو شوێنە دووکان و چێشتخانەیە. شوێنێکی تریش هەبوو کە هەر شوێنی کۆبوونەوەی رووناکبیران بوو ئەویش (چایخانەی ئەوقاف) بوو. مامۆستا (گۆران) یەکێك بوو لەو ڕووناکبیرانەی کە هاتوچۆی ئەو چایخانانەی دەکرد و ئێواران دەچووە ئەو چایخانانە. لەو کاتەدا، مامۆستا (گۆران) سەرنووسەری (ژین) بوو، ئێمەش تازە دەستمان قەڵەمی گرتبوو. باسی شیعر و ئەدەبیاتمان دەکرد، لەو چایخانانەدا، بەتایبەت لە (چایخانەی حەمە ڕەق). من لەوێدا مامۆستا گۆرانم بینی.

لە پۆلی دوو یان سێی ناوەندی بووم. لەو کاتەدا، دوو سێ ساڵێك بوو دەستم کردبوو بە نووسین، جار جار من و برادەرەکانم بەرهەمەکانی خۆمانمان پێشانی مامۆستا گۆران دەدا تاوەکو بۆچوونی خۆیمان لەسەر بۆ دەربېڕێت، وا بزانم پێنج شەش جارێك من نووسینی خۆمم پێ شاندا، لەدوا جاردا، نووسینێکی لێ وەرگرتم کە بەناوی (بۆیە ئەمەوێ بژیم)ەوە بوو، بابەتێکی پەخشانە شیعری بوو، وتی: ئەم بەرهەمە باشە، بردی و لە یەکێ لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی ژیندا ساڵی ١٩٥٤بڵاوی کردەوە، ئەوە یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی منیشە.

ئەو کاتە لەسەر پێوەندیی سیاسی، قوتابییان لە خوێندنگە دەردەکران و دەکران بە سەرباز، منیش وەك یەکێك لەو قوتابییانە دەرکرام و نێردرام بۆ (شوعەیبە) و سەفەری شوعەیبەم سێ ساڵی پێ چوو. لە دوای ساڵی ١٩٥٨ گەڕامەوە، مامۆستا گۆرانم

بینییەوە، ئەو کاتە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی لقی سلێمانی دروست بوو بوو، لەوێ یەکمان گرت، بەڵام نەك لەبەر چالاکی، بگرە ئەو (گۆران) دەیویست ئێمە بکات بەئەندام لە یەکێتی نووسەرانی عێراقدا کە ئەوسا بەنیاز بوون دای بمەزرێنن. ئێمە ئەوسا وەکو گرووپێکی ئەدەبی وابووین، مامۆستا گۆران داوای لێ کردم کە ڕاپۆرتێك لەسەر چیرۆکی کوردی بنووسم و ئامادەی بکەم بۆ یەکەم کۆنگرەی یەکەتی نووسەران. منیش نووسیم، بەڵام وەك هەموو جارەکانی تر کۆنگرە بوو بە کۆنگرەی سیاسی نەك ئەدەبی، بۆیە بواری ئەوە نەبوو بخوێندرێتەوە و دواتر لە ژمارەیەکی کۆواری (بڵێسە)دا لە ساڵی ١٩٦٠ بڵاو کرایەوە. لە پۆلی پێنج دەرچووم، پێشکێشی زانکۆی بەغدام کرد بۆ وەرگرتن، ئەوە بوو لە کۆلیجی یاسا وەرگیرام، ئەوسا لە هەمان کاتدا من فەرمانبەریش بووم، ئەوە بوو کارە حکوومییەکەم گواستەوە بۆ ئەوێ، چونکە کۆلیجی یاسای ئێواران لەوێ بوو، بەیانیانیش کاری فەرمانبەریم دەکرد لەوێدا.

مامۆستا (گۆران) لە حزبی شیوعی نزیك بوو. ئەو کاتەی کە گوازرایەوە بۆ بەغدا و لە ڕۆژنامەی ئازادیدا لەگەڵ (دڵزار و حەمەی مەلا کەریم و عەبدولرەزاق بیمار و حەمە کەریم فەتحوڵا)دا کاریان دەکرد کە زمانحاڵی حزبی شیوعی بوو. من نازانم هۆکاری گواستنەوەی گۆران چی بوو بۆ بەغدا؟ ئایا لەبەر ئەوە بوو کە وەك کەسایەتییەکی دیار لە ناو بزووتنەوەی ئاشتیخوازی عێراقدا ناسرابوو یان لەبەرئەوە بووبێ کە کارێکی حزبییە و دەبوو جێبەجێی بکردایە. لەوێش دیسانەوە مامۆستا گۆرانم بینییەوە. لە بیرم دێ شوقەیەکیان گرتبوو لە شەقامی (شێخ عومەر) کە نزیك بوو لە بارەگای جەریدەکەوە، چەند جارێك سەردانم دەکردن و شەوانە زۆر جار دادەنیشتین بەیەکەوە، بەڵام بەهۆی سەرگەرمی خوێندنەوە جارێکی تر دابڕام و نەمبینییەوە.

دوا جار کە گۆرانم بینییەوە، دوای نەخۆشییەکەی بوو، پاش ئەوەی کە نێردرابوو بۆ مۆسکۆ و لەوێوە هاتبووویەوە، لە شووقەیەکدا دەژیا لە (ساحەی مەیدانی نەسر) کە لە تەنیشت سینەما (سەڵاحەدین)ەوە بوو، لە تەلارێکی هەشت نۆ نهۆمیدا بوو، ئەو لەسەری سەرەوە بوو، باشم لە بیرە دوای ئەوەی دوکتۆرەکان لە مۆسکۆ دەستیان لێ شتبوو، زانییان تووشی شێرپەنجە هاتووە، ناردبوویانەوە بۆ بەغدا، منیش چووم بۆ لای، لە دەرگەکەم دا، ئەویش فەرمووی لێ کردم، لە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەی وەستابوو کە دەیڕوانی بەسەر ڕووباری دیجلەدا، لێم پرسی: وتم: تەندروستیت چۆنە؟ وتی: تەندروستیم چۆن بێت! ئەوە دوا ڕوانینمە بۆ دیمەنەکان، بەخەم و پەژارەیەکی

زۆرەوە دەدوا. دواتر لەگەڵ (هێرۆ)ی کچیدا، گواستیانەوە بۆ ژێرزەمینێك لە (بەتاوین) و لەوێش چەند جارێك سەرم لێدایەوە. هێز و جووڵەی لێ بڕابوو، لە دواییدا کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەیان بردەوە بۆ سلێمانی.

پ/ مامۆستا گۆران پیاوێکی چۆن بوو، لەڕولاواز، یان بە پێچەوانەوە؟ هێمن بوو یان توندوتیژ؟ بەهەیبەت بوو یان بابڵێین بەگشتی چۆن بوو؟

و/ گۆران پیاوێکی باریکەلە و لاواز بوو، بەڕەنگ سپیکەڵە بوو، دیمەنی دەموچاوی وردیلە و ڕوحسووك بوو، ئەوەی من سەرنجم لێی دابێ هەتا بڵێی سادە و ساکار بوو، زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو، کەمدوو بوو، هەرگیز دەنگی بەرز نەدەکردەوە، پیاوێکی بێ فیز و تەکەبور بوو، هەرگیز لێم نەدەبیست کە وەسفی خۆی بکات، هەرگیز تووڕە نەدەبوو.

پ/ کاتێ بەرهەمێکت پێ دەدا تا وەکو سەرنجی خۆی لەسەر دەربېڕێت، چۆن وەڵامی دەدایتەوە؟ بەشەرمەوە یان چۆن؟

و/ ئەو پیاوە هی ئەوە نەبوو شەرمی لێ بکرێت، زۆر سادە و ساکار بوو، پێویستی نەدەکرد لێی بسڵەمیتەوە، وەکو هاوڕێ لەگەڵت هەڵسوکەوتی دەکرد، هەرچەندە کە ئێمە تەمەنمان هەژدە ساڵ بوو ئەویش پەنجا ساڵ دەبوو. هەرگیز وەڵامی وا نەبوو کە بڵێ ئەم نووسینە خراپە، وردەوردە بەزمانێکی هاوڕێیانە و بەخۆشی سەرنجەکانی خۆی پێ دەگوتیت. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە چەند کابرایەکی بێ فیز و سادە و ساکار بووە، بەتایبەت لەگەڵ برادەرەکانی ئەوسامانیدا وەك (کاك شێرکۆ و جەمال شارباژێڕی).

پ/ لە چایخانەدا بەتەنیا دادەنیشت یاخۆ خەڵکی تری لەگەڵدا بوو؟

و/ هەوڵم دەدا ئەو کاتەی کە دەچمە لای بەتەنیا بێت، بۆ ئەوەی بتوانێ وەڵامم بداتەوە (ئەمە مانای ئەوەیە بەتەنیا نەبووە).

پ/ زیاتر چ وەختێك دەهات بۆ چایخانە؟ هەموو ڕۆژێ دەهات؟

و/ ئەو بەیانیان خەریکی ڕۆژنامەکە بوو، تەنیا عەسران دەهاتە چایخانەکەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو ڕۆژێ هاتبێ، ئەوە ئێمە بووین کە هەموو ڕۆژێ دەچووین.

پ/ کە ڕۆژنامەی (ژین) دەردەچوو، لەگەڵ خۆیدا دەیهێنایە چایخانەکەوە؟

و/ نەخێر، ئێمە خۆمان دەمانکڕی، ڕۆژنامەی (ژین) یەکێك بوو لە ڕۆژنامە گەورەکانی ئەو سەردەمە، هەرچەندە ڕۆژنامەکە بۆ پڕوپاگەندە (ریکلام) بوو. بەڵام گرینگی بەلایەنی ڕووناکبیری و ئەدەبی دەدا، زیاتر گرینگی بە لایەنی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی دەدا نەك بە سیاسەت.

پ/ لە چایخانەکەدا، شوێنی دانیشتنی ئەدیب و ڕووناکبیران لە چ جێگەیەکدا بوو؟ گۆران لە کوێدا دادەنیشت؟

و/ شوێنی دانیشتنی ئەدیبەکان، ڕووناکبیران و هونەرمەندان جیاواز بوو لە شوێنی ئەوانەی کە خەریکی تاوڵە و دۆمینەکردن بوون. ئەوانەی تاوڵە و دۆمینەیان دەکرد لەلای چەپەوە بوون.

پ/ جیاوازی چییە لە نێوان شاعیرێکی وەك گۆران و شاعیرانی ئەم سەردەمەدا؟ تۆ هەست دەکەیت ئەو جیاوازییانەی کە هەن لە چیدا خۆیان دەبیننەوە؟

و/ جیاوازییەکە زیاتر لە ڕووی ژمارەوەیە، ئەوسا شاعیر بە پەنجەی دەست دەژمێردرا، هەروەها زۆری داوودەزگا و ڕۆژنامە و کۆوار لەم سەردەمەدا یەکێکی ترە لە جیاوازییەکانی.

پ/ گۆران کە هەوڵی دەدا ڕەخنە بگرێت، وەکو حزبییەك لە دەسەڵات ڕەخنەی دەگرت، یاخۆ تەنیا خەریکی ئەدەب بوو؟

و/ گۆران نەیدەویست ڕەخنە بگرێ، بیروبۆچوونی خۆی هەبوو لە کارکردندا، هەوڵی نەدەدا بەقسە بیروباوەڕی خۆی بە خەڵك بڵێ، چونکە گۆران کەسێکی شاعیر و ڕۆژنامەنووس و ئەدیب بوو.

پ/ ئەگەر پیاوێك بێتاقەت بێت بەڕوویەوە دیارە، ئایا گۆران لە جلوبەرگ و ڕوویدا دەردەکەوت کە بێتاقەتە؟

و/ ئەوەندەی من بزانم گۆران زۆر حەزی لە شکلیات نەبوو، بەردەوام خەریکی خۆی نەبوو. من دەیگەڕێنمەوە بۆ ئەوەی خۆی باوەڕی بەوە نەبوو لەلایەك و لەلایەکی ترەوە ئەو ئیمکانیاتەی نەبوو.

ژیانێکی تراجیدیا ئاسا ژیاوە، بەردەوام هەژار بوو، مەگەر حزبی شیوعی لەو ساتەدا یارمەتی دابێت و دەبێت لەو کاتەدا چەند یارمەتی هەبووبێت؟ لەبەرئەوە بڕوا ناکەم هەرگیز بە رەفاهییەت ژیابێت.

پ/ جوان دەرنەچووە ئەم پرسیارە.

و/ نەخێر، کەم، هەموو دوو سێ جار ڕێگەم کەوتووەتە ئەوێ. ئەو شوێنە (مەکینەی کارەبای سلێمانی) لێ بوو، خانووەکەی هی (پیرەمێرد) خۆی بوو، خانوویەکی گڵ بوو، ئەوسا پارچەیەك هەندێ حەرفی تێدا بوو پیتەکان لێکدەدران، زۆر بە زەحمەت ڕۆژنامە چاپ دەکرا، واتە چاپخانەی پیت چنین بوو.

پ/ لە هیچ یەکێ لە تەمەنەکانیدا گۆڕانی بەسەردا نەدەهات وەکو سلوك؟

و/ نەخێر.

پ/ مامۆستا گۆران لە ڕۆژنامەکەدا وەکو دەستەی نووسەران یاخۆ چ شوێنێکی هەبوو لەناو ڕۆژنامەکەدا؟

و/ گۆران وەك کەسێکی کارا ئیشی نەدەکرد، (حەمە کەریم فەتحوڵا) ئەندامی کارای ڕۆژنامەکە بوو. بۆ زانیاریتان (حەمە کەریم فەتحوڵا) لەگەڵ (هەمزە عەبدوڵا)دا لە ساڵی ١٩٥٩ لە ریزەکانی پارتی نەمان و هاتنە ناو ریزی حزبی شیوعییەوە. (حەمە کەریم) یەکێ بوو لەوانەی لەگەڵ (هەمزە عەبدوڵا)دا هاتە ناو حزبی شیوعییەوە. (نافع یونس) خاوەنی ئیمتازی ڕۆژنامەکە بوو، بەڵام (حەمە کەریم فەتحوڵا) کارەکانی بەڕێوە دەبرد. ئەندامێکی تری کارا، کاك (حەمەی مەلا کەریم) بوو ئەویش لە بواری نووسیندا کارا بوو، من و (عەبدولرەزاق بیمار) لاپەڕەی لاوان و قوتابییانمان دەنووسی.

مامۆستا گۆران وەکو کەسایەتییەك لە ڕۆژنامەکەدا بوو، من نایەتە یادم کە وەکو کادرێکی چالاك کاری کردبێت. زیاتر وەکو کەسایەتییەك دامەزرابوو. شوقەیەکیان بۆ گرتبوو کە زۆر سادە و ساکار بوو، هەندێك شتی زۆر سادەی تێدا بوو لە راخەر و هەندێك قاپوقاچاخ و پێداویستی ژوورەکەی.

پ/ ئایا بەتەنیا دەژیا؟

و/ بەڵێ، من کەسم نەبینیوە لەگەڵیدا، ڕەنگە کەسێك هەبووبێ، بەڵام من نەمبینیوە، دەتوانن لە هێرۆخانی کچی بپرسن. لەوانەیە بۆ یارمەتیدانی چووبێت بۆ شوقەکەی.

پ/ ئایا مامۆستا گۆران سەبارەت بە نەخۆشییەکەی دوای ئەوەی بەڕەشبینی لە یەکەتی سۆڤیەت گەڕایەوە، جەنابتان سەردانتان کردبوو، ئیرادەی مامۆستا

گۆران بۆ مەرگ چۆن بوو؟

و/ بێگومان خەمبار بوو، بەڵام ناڵە و هاوار و کوڕووزانەوەی نەبوو. دیاربوو دەیزانی کە نەخۆشییەکەی بەرەو مەرگ و کۆتایی دەڕوات.

پ/ کەسایەتی گۆران لە رووی ئەخلاقی رۆژنامەنووسییەوە لە ناو ڕۆژنامەکەدا چۆن بوو؟

و/ گۆران لەوە نەدەچوو وەکو نووسەرێکی کارا هێنرابێت، زیاتر وەکو کەسایەتییەك لەو ڕۆژنامەیەدا کاری دەکرد. کەمتر لە ڕۆژنامەکەدا دەمانبینی، زیاتر لە شوقەکەدا بوو واتە بەشداری لە نووسین و لە بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکەدا کەم بوو.

پ/ ئایا گۆرانی شاعیر جلوبەرگی چۆنی دەپۆشی؟

و/ چاکەتەکەی دەڵب و قوپاو و ناڕێك بوو، هەتا سەر و قژی لە (هۆگر)ی کوڕی دەچوو، کەمتر لە (ئەژی) دەچوو، چونکە ئەژی کوڕێکی قۆز بوو. ئەگەر سەرنجی هۆگر بدەی زۆر لە گۆران دەچێت.

پ/ گۆران جواننـاس و ڕێکوپێك بوو، کەچی لە ژیانی خۆیدا وانەبوو تەفسیرتان بۆ ئەمە چۆنە؟

و/ (پێ دەکەنێ)، وەڵاهی ناتوانی بەراوردی شاعیر بکەی لەگەڵ شیعرەکانیدا، جاری وا هەیە کەسێك ماوەیەکی درێژ لە ژیانیدا هەژار و شڕۆڵە بووە، کەچی لە پڕێکدا ژیانی چا دەبێت و باری ئابووری چاك دەبێت. لەبەرئەوەی کە ڕانەهاتووە بە پۆشتەیی، تاقەتی ئەوەشی نابێت.

پ/ ئایا گۆران لەگەڵ خۆیدا وەکو ئەو کارئەکتەرەی کە هەیە ڕاستگۆ بووە؟

و/ وەڵاهی بزانم لە شیعرە کۆنەکانیدا کە تایبەتە بە جوانناسییەوە ڕاستگۆ بووە، نەوەکو ئەوانەی دوایی، چونکە ئەوانەی دوایی، زیاتر شیعارات و سیاسی بوون. ئەگەر دراسەیەکی شیعری گۆران بکرێت، شیعرەکانی گۆران لە کۆتاییەکاندا زیاتر سیاسی بووە، وەکو (لە کۆریای سوور)ەوە بیگرە بۆ هەموو شیعرە سیاسییەکانی تر، زیاتر باوەڕی بە فەلسەفەیەکە کە جوانیپەرستی تێدا نییە.

پ/ ئایا داوایان لێ کردووە کە ئەو شیعرانە بنووسێ؟

و/ ئەگەر داواشیان لێ نەکردبێت، خۆی داوای لە خۆی کردووە، پێویست بووە لەو

بوارەدا شتێك بكات.

پ/ ئارەزووی نانخواردن و سەفەری هەبووە؟

و/ من لەگەڵیدا بۆ نانخواردن دەچوومە شوقەكە، بۆ خواردنەوەش چەند جار لە (ئەبونەواس) دانیشتووم لەگەڵیدا. هەروەها زۆر حەزی لە (پاچە) بوو، بەردەوام دەیخوارد كە نزیكی شوقەكەی بوو دەتوانم بڵێم: ئەم پیاوە شتێكی عەجیب و غەریبی نەبووە كە جێگەی باس بێت، بە پێچەوانەی خەڵكانی تر بە گشتییەوە. پیاوێكی سادە و ساكار بوو، فیز و هەوای نەبوو، لووتی نزم بوو ڕۆژێك لە بەغدا بەیەكەوە دەڕۆیشتینەوە تووشی (فەریقە كوێر) بووین، باوەشی كرد بە مامۆستا گۆراندا و چاك و چۆنی زۆر بەپەرۆشەوە لێ كرد، دوایی وتم مامۆستا دەیناسیت؟ وتی: نەوەڵا، ئەمە كێیە؟ وتم ئەمە پیاوێكی نوكتەباز و تەنز ئامێزە. ئەویش وتی: قەیچێكە ئەویش جیهانی تایبەت بەخۆی هەیە. پەشیمان نەبوو لەو ڕێزەی كە لەوی گرتووە.

پ/ ئایا شتی لە دڵ وەردەگرت؟

و/ هەرگیز لە كەس توورە نەبووە. ڕقی لە كەس نەبوو، هەرگیز گوێم لێ نەبووە زەمی شاعیرێك بكات یان قسە بەیەكێكی تر بڵێت.

پ/ زاراوەی قسەی تێكەڵ بووە یاخۆ تایبەتمەندی ناوچەیەكی پێوە دیار بووە؟

و/ من هەستم نەكردووە كە جیاوازییەكی هەبێت لەگەڵ شێوە زاری خۆماندا، بەڵام لێوی مامۆستا گۆران تۆزێك لە پێشەوە بوو جۆرێك بوو، قسەكردنی ئاوازی تایبەتی هەبوو، تاسەیەك لە قسەكردنیدا هەبوو.

پ/ لە گفتوگۆدا باسی ئەدەبی جیهانی دەكرد، یاخۆ باسی كەسایەتییەكی جیهانی كە سەرسوورمانی پێی هەبووبێت؟

و/ نەخیر لێم نەبیستووە، بەڵام ئینگلیزییەكەی باش بوو، دەڵێن زۆر سوودیشی لە شاعیرە ئینگلیزەكان وەرگرتووە، بەڵام خەلفییەتی سەقافی هەبوو لەسەر ئەدەبی ڕۆژئاوا، ڕەنگە دوكتۆر «عیزەدین» لەو بارەیەوە گفتوگۆی لەگەڵ كردبێت باشتر ئەمە بزانێت.

لە كتێبی (گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەكانیدا)

# شانۆنامە

## دیمەنێکی شانۆیی

### درۆ

(پەردە لادەدرێ. دوو کەس لەسەر شانۆن. یەکەم بەپێوەیە و دووەم دانیشتووە).

یەکەم:

من دێتەوە یادم کە کاتێ باوکم کوژرا، دایکم دەستوپێی بۆ لە خەنە گرت. خەڵکەکە لێی بوون بەدوو بەشەوە. بەشێکیان پیرۆزباییان لێ دەکرد. بەشەکەی تر تف و لەعنەتیان بۆ دەنارد. من ئەوسا سەرم لە باسەکە دەرنەدەکرد. لە نێوان دایکم و بەشی یەکەم و، دایکم و بەشی دووەمی خەڵکەکەدا و، هەروەها لە نێوان دایکم و خۆم و خۆم و خۆمدا دۆش دامابووم. نەمدەزانی چی بڵێم و چی بکەم؟.

ناچار سەری خۆم هەڵگرت و هەڵاتم. گەڕام.. زۆر شارو گەڕام. بۆچی دەگەڕام؟ دەزانیت بۆچی؟.

دووەم:

(سەری نەئی بۆ دەبزوێنێ)

یەکەم:

بۆ وەڵام.. بۆ وەڵامێك دڵنیام بکا کە ڕاستترین وەڵامە، نەشێ وەڵامێکی تر لە ئاستیدا سەر هەڵبدا.

دووەم:

دەستت کەوت؟.

یەکەم:

(وەڵامی پرسیارەکە ناداتەوە. دوای کەمێ خامۆشی)

حەزدەکەم بزانم کە ئاخۆ تۆ، لەگەڵ کام بەشیاندا دەبوویت؟

دووەم:

پێویستە بیزانیت؟.

یەکەم:

بەڵێ.

دووەم:

(هەڵدەستێتە سەرپێ و، بەدەم هاتن و چوونەوە)

گوێ بگرە.. من کە دایکم کوژرا، باوکیشم بەدوایدا خۆی کوشت. خەڵکەکە نەك لە باوکم، لە من بوون بەسەد بەشەوە. من لە باسەکە سەرسام نەبووم. سەری خۆم هەڵنەگرت و هەڵنەهاتم. وەڵامی ڕاست و دروستی هەر سەد بەشەکەم دایەوە و، هەمووشیانم دەمکوت کرد.

یەکەم:

هەردووکمان لە تەمەنێکداین.. وانا؟.

دووەم:

بەڵێ.. بەژماردەی ساڵ.

یەکەم:

تۆ بەچیت دەنازی؟

دووەم:

چیت بە خەیاڵدا دێ؟.

یەکەم:

خۆت بیڵێ.

دووەم:

وەڵامی ڕاست.. بەو وەڵامە ڕاستەی کە دەمزانی، لەلای خۆمە و لای کەسی تر نا.

یەکەم:

دەتەوێ بڵێیت کە ئەو ساڵەها گەڕانەی من، ڕەنجێك بوو بەفیرۆ چوو؟.

دووەم:

(بێدەنگی)

یەکەم:

بێهوودە دبوو؟.

دووەم:

(بێدەنگی)

یەکەم:

بێ عەقڵی بوو؟

دووەم:

بۆچی هەڵدەچیت؟.

یەکەم:

بۆچی هەڵنەچم؟. دیارە تۆ من بە کابرایەکی گەمژە و گەلحۆ لە قەڵەم دەدەیت.. وانا؟.

دووەم:

(بەزەردەخەنەوە)

ببوورە.. لێم تێ نەگەیشتیت.. ئەوەم مەبەست نەبوو.

یەکەم:

با.. قسەکانت وا دەگەیەنن.. من وایان هەست پێ دەکەم.

دووەم:

(دوای کەمێ بیرکردنەوە)

گوێ بگرە.. من کە دایکم کوژرا و باوکم بەدوایدا خۆی کوشت، بیرێکی وردم لێ کردەوە و هەر زوو چوومە بنج و بناوانەوە، کە بۆچی دایکم کوژرا و بۆچیش باوکم بەدوایدا خۆی کوشت؟. دەبینیت؟. من لەو ڕێگەیەوە زووتر گەیشتمە وەڵام و، جیاوازییەکە لە نێوانماندا تەنیا هێندەیە.

یەکەم:

بەبێ گەڕانی شارەوشار؟.

دووەم:

بەڵێ:

یەکەم:

بێ بینینی نموونەی تر؟.

دووەم:

بەڵێ.. بەڵێ.

یەکەم:

بێ ماندووبوون و شەونخوونی و، بێ ئەشکەنجە و ئازار چەشتن؟.

دووەم:

(خامۆشی)

یەکەم:

دەشتەوێ پێم بسەلمێنیت، کە گوایە وەڵامی ڕاست و ڕەوانت دەستگیر بووە؟.

دووەم:

بمبەخشە.. حەز دەکەم بزانم کە ئایا وەڵامی ڕاست و ڕەوان لەلای تۆ چۆنە؟!.

یەکەم:

ئەوەی نەشێ وەڵامێکی تر لە ئاستیدا سەر هەڵبدا.

دووەم:

جا ئایا وەڵامێك لەو بابەتە، لە بنەڕەتدا بوونی هەیە؟.

یەکەم:

ئەگەر نەبێ دەبێ بڵێم، کە نە باوکم هەبووە و نەکوژراوە. نەدایکیشم هەبووە و، نەدەست و پێی بۆ لە خەنە گرتووە.

دووەم:

نە منیش دایکم هەبووە و نە کوژراوە و، نە باوکیشم هەبووە و نە بەدوایدا خۆی کوشتووە.

یەکەم:

بێگومان.

دووەم:

نە تۆش هەبوویت و، نە بەدوای وەڵامدا گەڕاویت و دەگەڕێیت؟.

یەکەم:

(خامۆشی).

دووەم:

نە منیش و...؟!..

یەکەم:

(خامۆشی).

دووەم:

کەچی!..

یەکەم:

(بەدەم خامۆشییەکەیەوە لە دووەم دوور دەکەوێتەوە).

دووەم:

وەڵامی تۆش و منیش هەن و..

یەکەم:

(لەناکاو بە تووڕەیییەوە)

درۆ دەکەیت.. تۆ درۆ دەکەیت...

دووەم:

(بەهێمنی)

هەڵمەچۆ.. لەسەرخۆبە.. گریمان درۆ دەکەم.. بەڵام چۆن؟.

یەکەم:

(بەرقەوە)

نازانم چۆن.. نازانم. بەڵام دڵنیام و دڵنیام کە تۆ درۆ دەکەیت.

دووەم:

(پشتی تێ دەکا و لێی دوور دەکەوێتەوە)

کاتێ دایکم کوژرا، خەڵکەکە بەدرۆ دەیانوت کە مێردەکەی بەکوشتی داوە. کاتێکیش باوکم خۆی کوشت دیسان بەدرۆ دەیانوت کە درۆیە و خۆی نەکوشتووە و کوژراوە.

یەکەم:

(هێمن دەبێتەوە)

بمبەخشە.. وا دیارە دەتەوێ کە بەدرۆ، تۆڵە لە درۆ بسێنیت.

دووەم:

(وەردەچەرخێتەوە) تۆ هەڵەیت.. من تۆڵە لە درۆ بەڕاستگۆیی دەسێنم.

یەکەم:

(بە سەرساممییەوە)

بەڵام.. بەڵام تۆ خۆت وەهات وت!.

دووەم:

کاتێ وەڵامی دروستی سەد بەشەکەی خەڵکەکەم دایەوە، ئەم جارەش بەدرۆ دەیانوت: درۆیە.. نەدایکی یەکێکی تر کوشتی و، نەباوکی خۆی کوشت، بگرە کوڕەکەیان کوشتی.

یەکەم:

(سڵی لێ دەکاتەوە).

دووەم:

لەوەدەچێ گومانم لێ بکەیت!.

یەکەم:

(لێی دەکشێتە دواوە).

دووەم:

لەوە دەچێ  لێم بترسیت!.

یەکەم:

کێ دەڵێ ڕاستیان نەکردووە.

دووەم:

(روو وەردەگێڕێ. بەخەفەتبارییەوە).

من دایکم زۆر خۆش دەویست و باوکم زیاتر، کە ئەویان کوژرا، دڵ لە سینەمدا نەما. کە ئەمیشیان خۆی کوشت، جەرگم توایەوە. کێ دەتوانێ بەبێ دڵ و جەرگ لە ژیاندا بمێنێ؟. ها.. کێ؟. من حەزم دەکرد کە وەڵامی دروست مردنی منیش بووایە.. مردن. کەچی مردنیش بوو بەدرۆیەکی تر.. درۆیەکی زلتر.

یەکەم:

(لێی نزیك دەبێتەوە)

لێم ببوورە.. تۆ خۆشویستنی ڕاستی، هۆگری درۆی کردوویت. یا بابڵێین: لە پێناوی ڕاستیدا، ڕیگەی درۆ دەگریتەبەر.

دووەم:

(خامۆشی)

یەکەم:

بەڵام براکەم.. ببوورە کە ئامۆژگاریت دەکەم.. تۆ بۆ گەڕان بەدوای ڕاستیدا، ڕێگەیەکی چەوتت گرتووەتەبەر. تۆ ویستووتە لە پاڵەوە و، لە دوو توێی درۆی دەورووپشتی خۆتدا، ڕاستی بدۆزیتەوە. بەڵام دەبوو بتزانیایە، کە ڕاستی لە شوێنێکی دوورە.. لەودیو پەرژینی درۆکانی دەورووپشتی خۆتەوە. دەبوو بتزانیایە کە..

دووەم:

(لێی ڕادەپەڕێ و دەمانچەی لێ دەردێنێ).

یەکەم:

(ڕادەچەنێ و دەکشێتە دواوە)

براکەم..

دووەم:

(بەڕقەوە لێی دەچێتە پێشەوە)

یەکەم:

(بەشڵەژاوییەوە)

براکەم.. چی دەکەیت؟ تکایە.. نیازی چیت هەیە؟

دووەم:

درۆ.. دەمەوێ درۆ بکەم.

یەکەم:

برا گیان.. بیر بکەرەوە.. لێکی بدەرەوە.. بچۆرە بنج و بناوانییەوە.. تکایە.

دووەم:

جنێوم پێ دەدەیت.. ها.. سووکم دەکەیت؟.

یەکەم:

نا نەخێر. نا.. تکایە.. بیر بکەرەوە.. تۆ دایکت کوژرا.. باوکت بەدوایدا خۆی کوشت. منیش کە باوکم کوژرا، دایکم دەست و پێی بۆ لە خەنە گرت. ئا.. وابوو.. تکایە.. لێکی بدەرەوە.

دووەم:

(شێتگیر دەبێ)

درۆ دەکەیت .. تۆ ژیانی خۆتت مەبەستە. درۆ دەکەیت. ناتەوێ بیر بکەمەوە. ناتەوێ لێکی بدەمەوە. تەنیا دەتەوێ خۆت لە مردن ڕزگار بکەیت.

یەکەم:

نا.. تکایە.. نا.. نەکەیت.. نەکەیت.

دووەم:

درۆ دەکەیت.. درۆ.. هـا بگرە و بمرە.. بمرە.. بمرە..

(تەقەی لێ دەکا).

یەکەم:

(دەکەوێ و دەمرێ)

دووەم:

(دەداتە قاقای پێکەنینێکی شێتانە)

سێیەم:

(بەسەردا دێ . دەحەپەسێ. دەچێ بەلای یەکەمەوە و گوێ بەسنگییەوە دەنێ).

دەتتوانی نەیکوژیت.

دووەم:

(بە کەمتەرخەمییەوە)

بۆچی نەیکوژم؟!.

سێیەم:

وابـاشتر دەبوو.

دووەم:

(بەرقەوە)

ئامۆژگاریم دەکەیت؟.

سێیەم:

من؟!. نـانـا.. من هـەقم چییە؟.

دووەم:

کەوابوو بـاشتر نەدەبوو.

سێیەم:

بۆ تۆ ؟!. . ڕەنگە.

دووەم:

ئەی بۆ تۆ؟!.. باشتر دەبوو؟.

سێیەم:

ڕەنگە.

دووەم:

هەڕەشەم لێ دەکەیت؟!.

سێیەم:

نا.. من لە تۆی ناکەم .. تۆ خۆت لە خۆتی دەکەیت.

دووەم:

من دانووم لەگەڵ فەلسەفە و مەلسەفەدا ناکوڵێ.

لە ڕوو قسە بکە.

سێیەم:

هەقتە.. تێم گەیەنە.. بۆچی کوشتت؟.

دووەم:

نا.. چاکتر وایە تۆ تێم گەیەنیت، کە بۆچی نەمکوشتایە؟.

سێیەم:

بۆ ئەوەی درۆ نەکەیت.

دووەم:

بۆ ئەوەی درۆنەکەم؟. (بەقاقای پێکەنینەوە)

گەوجە.. من بۆیە کوشتم، چونکە ویستم درۆ بکەم.

سێیەم:

(دوای کەمێ بیرکردنەوە)

ئەی بەڕاست.. حەز دەکەیت (دەمانچەی لێ دەردێنێ و ئاراستەی دەکا) منیش درۆیەك لەگەڵ تۆدا بکەم؟.

دووەم:

(دەشڵەژێ)

ئەگەر ڕاستت دەوێ.. نەء. حەز ناکەم.

سێیەم:

ئافەرم.. وەڵامەکەتم بەدڵە. بۆ مەرامی من، وەڵامێکی پڕ بەپێستە. ئەی بۆ تۆ خۆت؟.

دووەم:

نازانم مەبەستت چییە. تۆ بەپێچوپەنا قسە دەکەیت!.

سێیەم:

پێچوپەنا؟!.. حاشا.. لەسەر داوای خۆت، زۆر لە ڕوو قسە دەکەم. من لەو وەڵامەت دڵنیام. ئەی تۆ خۆت؟.

دووەم:

(بە دوودڵییەوە)

منیش.

سێیەم:

ئافەرم.. دەمخۆش..

دووەم:

(بەترس و پاڕانەوەوە)

برام.. برا گیان..

سێیەم:

من نامەوێ درۆت لەگەڵدا بکەم.

دووەم:

منیش.

سێیەم:

تۆش چی؟!.

دووەم:

منیش.. منیش. تکایە بیر بکەرەوە.. لێکی بدەرەوە. بچۆرە بنج و بناوانییەوە.. تکایە.

سێیەم:

جنێوم پێ دەدەیت؟!. دەتەوێ درۆت لەگەڵدا بکەم؟. ها.. درۆ؟.

دووەم:

تکایە وردی بکەرەوە. لە خۆڕایی نەمکوشت. درۆم کرد کە وتم ویستم درۆ بکەم. باوکی و دایکم.. دایکم و باوکی.. تکایە..

سێیەم:

ڕاست دەکەیت.. دەزانم.. ڕاست دەکەیت. بۆیە دەتکوژم. بۆیە لە ژیاندا ناتهێڵم و گەردت بە با دەدەم.

دووەم:

نا.. نا.. نەکەیت.. نا..

سێیەم:

(تەقەی لێ دەکا).

دووەم:

(دەکەوێ و دەمرێ)

سێیەم:

(ڕووی قسە لە دانیشتوان دەکا)

لە ناهەق کوشتی. بۆیە..

یەکەم:

(ڕادەپەڕێتە سەر پێ و ڕووی قسە لە دانیشتوان دەکا)

درۆ دەکا.. لە ناهەق نەبوو.

سێیەم:

(بەسەرسامییەوە)

لەناهەق نەبوو؟!.

یەکەم:

نەخێر.. لەسەر هەقبوو.

سێیەم:

(تەقەی لێ دەکا).

یەکەم:

(دەکەوێ و دەمرێ).

سێیەم:

(رووی قسە لە دانیشتوان دەکا)

لە ناهەق نەبوو. لەسەر هەق کوشتم.

دووەم:

(ڕادەپەڕێتە سەرپێ و، ڕووی قسە لە دانیشتوان دەکا)

درۆ دەکا. لە ناهەق کوشتی.

(تەقەی لێ دەکا)

سێیەم:

(دەکەوێ و دەمرێ)

دووەم:

(ڕووی قسە لە دانیشتوان دەکا)

لەسەر هەق کوشتم.

یەکەم:

(ڕادەپەڕێتە سەرپێ و، رووی قسە لە دانیشتوان دەکا)

درۆ دەکا. لە ناهەق کوشتی.

(تەقەی لێ دەکا)

دووەم:

(دەکەوێ و دەمرێ)

یەکەم:

لەسەر هەق کوشتم.

(لەوەبەدوا ئەم کوشتوبڕەی نێوان سێقۆڵییەکە، چەند جارێك دووپات دەبێتەوە. ئەوسا..)

چوارەم:

(لە ناو هۆڵەوە سەردەکەوێتە سەر شانۆ. هەرسێکیان دەداتە بەر تەقە).

یەکەم:

دووەم: سێیەم:

(دەکەون و دەمرن)

چوارەم:

(ڕووی قسە لە دانیشتوان دەکا)

بۆ ئەوەی کوشتوبڕەکە کۆتایی پێ بێ و، ئێوەش لەوە زیاتر سەرتان نەیەشێ).

مارتی ١٩٧٣

## دیمەنێكی شانۆیی

## قوربانی و جەللاد

(پەردە لادەدرێ. ڕووناكی. ژن، مێرد، هاوڕێی مێرد لەسەر شانۆن)

ژن:

سالار.. تكات لێ دەكەم.. لێت دەپاڕێمەوە.. سەرگەردانم مەكە. دەتوانیت و هەقێكی ڕەوای خۆتە. بگرە لەسەرت پێویستە كە خۆت دەرباز بكەیت. كاكە ئاسۆ دەستم دامێنت تێی بگەیەنە. بۆی ڕوون بكەرەوە كە چ هەڵەیەك دەكا.. كە چ غەدرێك لە خۆی و لە منیش دەكا.

ئاسۆ:

سالار كاكی خۆم.. ئەم كردەوەیەت ئازایەتی نییە. خۆ ڕزگاركردن لە چنگی دوژمن، ئەركێكی سەرشانتە و دەبێ بەجێی بێنیت. هیچ دوودڵ مەبە و بڕۆ. كەس تانەت لێ نادا و كەسیش بە ترسنۆكت نازانێ.

سالار:

با.. تانەم لێ دەدرێ و بەترسنۆكیش دەزانرێم، كە هەردووكیان قسەی هەقن. مرۆڤی شۆڕشگێڕ و ئازا، سەنگەر جێ ناهێڵێ.

ئاسۆ:

بەڵام تۆ لە سەنگەردا نیت. تۆ لە حەشارگەیەكدایت، كە دوژمن پێتی زانیوە، دێ دەتگرێ و بەو گرتنەت، زیانێكی گەورە بە حزب و بە شۆڕشەكەی ناو مێشكیشت دەگا.

سالار:

من لەو جۆرە كەسانە نیم و، وەها بیر ناكەمەوە.

ژن:

ئەی لە كام جۆریت؟ ئەوەی بەكڵاو دەگیرێ؟ یاخۆ چۆن بیر دەكەیتەوە؟ بەو شێوەیەی كە خۆت بەفیڕۆ بدەیت؟.

سالار:

ئەم قسانەت لە خۆپەرستییەوەیە. دەتەوێ بەهەر نرخێك بێ، مێردەکەت بۆ بمێنێ. ئەگینا ڕێی تێ دەچێ کە هێشتا نەتناسیبم، کە من چ جۆرە مرۆڤێکم؟.

ژن:

سالار گیان.. چاك چاكت دەناسم بەڵام ئاخر..

سالار:

ئاخر چی؟!.. ها؟!.. بۆچی دەمخەیتە سەر ڕێگەی هەڵاتن و ترسنۆکی؟

ژن:

(دەچێتە پێش دەمی شانۆ)

من؟!.. من دەیخەمە سەر ڕێگەی هەڵاتن و ترسنۆکی؟. منێك کە بەر لە هەر شتێك، گیانی ئازایەتی و جوامێریم تێدا خۆشویست؟ داد چ وەڵامێکی بدەمەوە؟!. نا.. قەت ئەوەم بەبیردا نەهاتووە و، بەبیرمدا نایەت. بەڵام ناتوانم بەفەوتچوونێکی ئاوەها لە خوتوخۆڕایی بۆ بسەلمێنم. نا.. ناتوانم.

ئاسۆ:

(دێ بەلایەوە)

من رام لەگەڵ ڕای تۆدایە و، دڵنیام کە لەسەر هەقیت. سالار لە خۆڕایی خۆی دەفەوتێنێ. چاکتر وایە بەپەلە بچم حزب ئاگەدار بکەم، کە بەفەرمانێك ناچاری بکەن.

(دەیەوێ بڕوا)

سالار:

نا.. نەکەیت.. من ئەوە بە دڵسۆزی نازانم. ئەوە ناپاکییە لە گەڵمیدا دەکەیت.

ئاسۆ:

ئاوەها؟!.

سالار:

ئاوەها.

ئاسۆ:

دە گوێ بگرە سالار.. تۆ دەبێ ئەوە بزانیت کە منیش ئەندامێکی حزبەکەم، ئەوەی تۆ بۆ منی بەناپاکی لە قەڵەم دەدەیت، وەك ئەرکێکی سەرشانم بەرامبەر بە حزب بەجێی دێنم. واتە ئەوەی دەیکەم، بۆ جەنابت نییە و بۆ حزبە. ئاشکرایە کە گرتنی تۆ، زیان بەحیزب دەگەیەنێ. منیش کە دەبێ بوار نەدەم زیانی پێ بگا، دیارە دەبێ بچم لەو کردەوە نابەجێیەی جەنابت ئاگەداری بکەم.

سالار:

کردەوەی من نابەجێ نییە. ئەوەی تۆ نابەجێیە، کە دەچیت حزبم لێ هان دەدەیت.. دەچیت بەهەڵەیدا دەبەیت، کە فەرمانی چۆڵکردنی سەنگەرم پێ بدا.

ئاسۆ:

گریمان وابوو.. بەڵام حزبە و فەرمان دەدا.. هەر نایکەیت؟.

سالار:

هەر نایکەم.

(تاریکییەکی ساتەوەختی. ژن، مێرد، هاورێ سەر شانۆ جێ دێڵن. ڕووناکی. پۆلیس و جەللاد لەسەر شانۆن)

پۆلیس:

نارِوا.. نارِوا و دەردیسەرییەکە بۆ من دەمێنێتەوە. چی بکەم و چیم دەسەڵاتە. سەد پیشەی تر هەبوون و، هیچیانم بە نسیب نەبوو. گوناهم چییە. چارەی ڕەشم ئەمیانی لێ نووسرابوو. ئەمیان کە دەبێ کونبەکون بەدوای ئەوانەدا بگەرێم کە هەڵدێن و دەرۆن. کەچی نارِوا و دەستەمۆ لە بەردەستمدا دەمێنێتەوە!. ئیتر من دەبێ گوناهم چی بێ.. ئاخر چی؟.

جەللاد:

دەردی من گرانترە. ئەو کە ئاوەها بەقیردا دەچێ، من تووشی گێچەڵ دەبم. ئاخر من دانووم لەگەڵ ئەم جۆرە مرۆڤە سەرسەختەدا ناکوڵێ و سەرم لێیان دەئاوسێ. لە خوتوخۆرایی ماندووم دەکەن. یا دەبنە هۆی سەرزەنشتکردنم. قەت ئەو جارەم لە بیر ناچێتەوە کە لەسەر نەگریسێکیان، کارێکم پێ کرا، با بەدەواری شرِی نەکردبێ.

پۆلیس:

دوایی؟.

جەللاد:

دوایی منیش نەمکردە نامەردی و، چوومە گیانی نەگریسەکە. رقی ئەو فەزیعەتەی لەسەری پێم کرا.. ئەو جنێوانەی پێم دران و ئەو تۆپەڵە تفانەی دەموچاومیان سواغدا، لە دڵمدا بوونە گەردەلوولێك و، ئەم بازووانەمی لێ کردنە دوو گورزی رۆستەمی. هەرچەند دام دەوەشاندن، هەستم دەکرد ئێسکەکانی لە ژێر زەبریاندا وردوخاش دەبن. نازانم بۆ ماوەی چەند ئاوەها کوتام. ئەوەندە دەزانم کە لە پەلوپۆکەوتنی خۆم، دەستمی پێ لێ هەڵگرت و ئەوسا..

پۆلیس:

ئەوسا؟!.

جەللاد:

ئەوسا کە هاتمەوە سەرخۆم، لێی بە ئاگا هاتم کە من لە ماوەیەك لەوەبەرەوە، تۆپەڵە گۆشت و ئێسقانێکی تێکشکاوم کوتاوە. ئەوەم پێ ناخۆش بوو. بیرم کەوتەوە کە کاتێ چوومەوە گیانی، نووزەیەکی لێوەهات و وتی: دەزانم دەتەوێ بمکوژیت. بەڵام لەوە زیاتر ئازارم مەدە و، بەجەزرەبەیەکی کوشندە بمکوژە. لە وەڵامیدا وتم: نا جەناب وەهات ناکوژم، بگرە هێندەی ژمارەی جنێو و تۆپەڵە تفەکان، دەتکوژم و دەتکوژمەوە.

پۆلیس:

(ڕوو وەردەگێڕێ و لەبەر خۆوە)

خوای گەورە.. بەس نەبوو نەتکردم بە جەللاد. گوایە بە بەشی خۆم ناڕازی بووم!. بەڵام سوپاس و هەزار جار سوپاس کە..

جەللاد:

(هەڵدەکوتێتە سەری)

کەچی .. ها؟!.. کە نەیکردوویت بە جەللاد.. وانا؟.

ئەی گوایە کێ منی کردووە بە جەللاد.. ها.. کێ؟!.. پێم بڵێ.

پۆلیس:

(بەترسەوە)

ها؟!.. خوا.. لەو زیاتر کێ هەیە؟!.. ئا ئەو..

جەللاد:

(بەتووڕەییەوە)

کەوابوو وەکو یەکین.. وانا؟!. هەردووکمان خوا پیشەکانمانی بەنسیب کردووین.. وانا؟.

پۆلیس:

ها؟!.، ئاخر..

جەللاد:

ئاخر پێم وتیت کە وەکو یەکین. تۆ دەچیت دەیگریت و دەیهێنیت دەیدەیتە دەست من، ئەوەی لێی دەکەم و بەسەری دێنم، پیشەی خۆم و نسیبی خۆمە پاروە نانەکەی خۆم وماڵومنداڵمی پێوە بەستراوە. تۆ چەند منداڵت هەن؟.

پۆلیس:

سیان.

جەللاد:

سیان و ژنەکەت و خۆشت؟.

پۆلیس:

بەڵێ.

جەللاد:

من شەش.. دوو ئەوەندەی تۆ. تێم دەگەیت چی دەڵێم؟.

پۆلیس:

تێت دەگەم.

جەللاد:

وەکی تر.. بۆ حزب و گەل و نیشتمانەکەشمە. لەمەشیان تێ بگە. تۆ لە حزبدایت؟.

پۆلیس:

ها؟!.. تا ئێستا نەء بەڵام بەدەستەوەم ببم.

جەللاد:

ببە.. بەپەلە ببە.. سێ منداڵ و ژنێك و خۆت. حزب و گەل و نیشتمانەکەشت. ئەوە ئەرکێك نییە کەمتەرخەمی تێدا بکرێ.

پۆلیس:

بێگومان.. بێگومان.

جەللاد:

لەوەش ئاگەداربە، کە نابێ ترسنۆك بیت. ترسنۆك هەزار جار دەمرێ و ئازا یەك جار.

پۆلیس:

لەوەش ئاگەدارم..

(ڕوو وەردەگێڕێ. لەبەرخۆوە)

بەڵام سەیر لەوەدایە، کە ئەو سەرسەختە بەدبەختەش هەروەها دەڵێ.

(تاریکییەکی ساتەوەختی. جەللاد سەرشانۆ جێ دێڵێ. ڕووناکی. سالار و پۆلیس لەسەر شانۆن).

سالار:

هیچ بەلاتەوە سەیر نەبێ. ئا.. ئازایەك جار دەمرێ و ترسنۆك هەزار جار.

پۆلیس:

من کونبەکون بەدوای هەڵاتووواندا دەگەڕێم و، هەتا یەکێکیان دەسگیر دەکەم، خوێنم دەبێ بەئاو. کەچی جەنابت وەك ئەوەیت ئا بەم کڵاوە بتگرم. (کاسکێتەکەی خۆی لێ دادەگرێ). بەڕاست تۆ خاوەنی ئەقڵی خۆتیت؟.

سالار:

بەڵێ.. بێگومان.

پۆلیس:

من جەللاد نیم. سوپاس بۆ خوای گەورە کە پۆلیسم. برۆ ڕاکە و خۆت دەرباز بکە. پێم خۆش نییە کلاوگیرت بکەم ئەوە بۆ من و بۆ تۆش جوان نییە.

سالار:

ئەی ئایا تۆش خاوەنی ئەقڵی خۆتیت؟.

پۆلیس:

بەڵێ.. بێگومان.

سالار:

ناڕۆم و ڕاناکەم. مرۆڤی شۆڕشگێڕی ئازا، سەنگەر چۆڵ ناکا. من لە چاوەڕوانی هاتنی جەنابتا بووم، هەتا بێیت و لە سەنگەرەکەمدا بتدوێنم.

پۆلیس:

بمدوێنیت؟!.. نێچیر ڕاوچی بدوێنێ؟!. ئەوە ئەقڵ دەیگرێ؟.

سالار:

بەڵێ دەیگرێ. چونکە تۆش لەلای خۆتەوە نێچیرێکیت.. نێچیرێکی ڕاوکراویش. تۆ دەبێ ئەو ڕاستییەت لەلا روون بێتەوە، ئەگەرچی ڕاوکراویت، بەڵام نەیەڵیت بخورێیت.

پۆلیس:

ئەم قسەیەت قاقایەکی پێکەنینی پێ دەوێ. بەڵام دان بە خۆمدا دەگرم و، ئەو قاقایە لێ نادەم. بگرە دەیڵێمەوە کە برۆ ڕاکە و هەڵێ. تا ئەگەر لە حاڵی هەڵاتندا دەسگیرم کردیت، عەیبە نەیەتە سەر هیچمان. خۆ ئەگەر دەربازیش بوویت، ئەوا هەریەکەمان بەڕێی خۆی. کاکی خۆم.. پشت بەئازایەتی مەبەستە. ئازایەتی لە بەرامبەر جەنابی جەللاددا داد نادا. تۆ ناوبانگی جەنابی جەللادت بیستووە؟.

سالار:

بیستوومە.

پۆلیس:

ئەوەشت بیستووە، کە کاتێ ڕق لە دڵیدا دەبێتە گەردەلوولێك و، هەردوو بازووی

لێ دەکەنە دوو گورزی ڕۆستەمی، دەبێتە چ بەڵایەکی ناگەهان؟.

سالار:

ئەویشم بیستووە.

پۆلیس:

ئێ دە بڕۆ کاکە.. دە بڕۆ هەڵبێ براکەم. هەڵاتنت بۆ هەردووکمان پێویستە. بۆ خۆت کە ڕەنگە دەستم نەتگاتێ و دەرباز ببیت و، لە ئەنجامدا بەخت یارت بێ، کە نەکەویتە بەرچنگی جەنابی جەللاد. بۆ منیش کە توانیبێتم دەسگیرت بکەم یانا، ئەوا ئەرکی سەرشانی خۆمم سەبارەت بە پیشەکەم بەجێ هێناوە و، پاروە نانەکەی خۆم و ماڵومنداڵم پێ حەڵاڵ کردووە.

سالار:

تۆ خۆت فریو دەدەیت. پیشەی تر زۆر هەن بیانکەیت.

پۆلیس:

پیشەی تر؟!... وەکو چی؟.

سالار:

کرێکاری.. جووتیاری.. کاسبکاری.. یا هەر کارێکی تر.

پۆلیس:

قسەکەت بەجێیە. بەڵام تکایە پرسیارێك و، تکایە وەڵامێکی ئاقڵانەم بدەرەوە. گریمان ئێوە لە جێی ئەمانەی ئێستا، کاربەدەست و فەرمانڕەوان. ئایا ئێوە پێویستیتان بە پۆلیس نابێ و، پۆلیستان ناوێ؟.

سالار:

ها؟!.. پۆلیسی خراپ نەء

پۆلیس:

خراپ؟!.. پێم سەیرە؟!. پۆلیس خراپ و چاکی کوا هەیە؟.

پۆلیس هەر پۆلیسە و، ئەرکی سەرشانی دەسگیرکردنی تاوانبارانە.

سالار:

باشە.. بەڵام تاوانباران کامانەن؟.

پۆلیس:

جوانە.. ئەوانەن کە پێم دەوترێ: بیانگرە.

سالار:

ئاخر چۆن دەزانیت ئەوەی دەیگریت تاوانبارە؟.

پۆلیس:

ئاخر من بۆچی بیزانم؟!. کەی ئەوە کاری منە؟ ئەوەی پێم دەڵێ بچۆ بیگرە، ئەو دەزانێ.

سالار:

بێ ئەوەی هیچ بیرێکی لێ بکەیتەوە؟.

پۆلیس:

ئا بەڵێ.. چونکە ئەگەر بیری لێ بکەمەوە، دوور نییە منیش بچمە خانەی تاوانبارانەوە و دەسگیر بکرێم.

سالار:

کەواتە ئەگەر..

پۆلیس:

ڕاوەستە.. تۆ پرسیاری هیچوپووچم زۆر لێ دەکەیت. با منیش لە تۆ بپرسم: تۆ چەند منداڵت هەن؟.

سالار:

نیمن.

پۆلیس:

ژنت نەهێناوە؟.

سالار:

با.

پۆلیس:

کەوابوو تەنیا خۆت و ژنەکەتن.

سالار:

ئا.

پۆلیس:

سەرفرازبیت.. بارت سووک کردم. بێ هەڵاتنیش دەسگیرت دەکەم و دەیبرێنمەوە.

(بالّبەستی دەکا. تاریکییەکی ساتەوەختی. پۆلیس سەرشانۆ جێ دێڵێ و. ڕووناکی. جەللاد و سالار لەسەر شانۆن)

جەللاد:

بۆچی هەڵنەهاتیت؟ ئازایەتیت نواند؟.

سالار:

نا نەخێر.

جەللاد:

ئەی چی؟.

سالار:

بۆ ئەوەی ئێوە بێ ئیش نەبن.

جەللاد:

ڕادەبوێریت؟ ڕەنگە وا بزانیت ئیشەکەی من، لە بابەتی ئیشەکەی ئەو پۆلیسە بەسەزمانەیە.

سالار:

نا نەخێر.. ئیشەکەی جەنابت ئەوەندەی ناوبانگ هەیە، کە چاک بزانم لە چ بابەتێکە.

جەللاد:

کەوابوو ڕادەبوێریت؟.

سالار:

ئەویش نەء

جەللاد:

ئەی چی پاڵەوان؟

سالار:

هەر بەڕاستی بۆ ئەوەی بێ ئیش نەبن.

جەللاد:

خەریکم تێت بگەم. دەتەوێ بەکابرایەکی گێل و ئەقڵ سووکت دابنێم و، بەوە بەزەییم لە دڵدا ببزوێنیت؟. وانا؟!. بەڵام خەیاڵت خاوە. ئایا جەللادێ بەڕاستی جەللاد بێ، بەم جۆرە فرتوفێڵانە دەخەڵەتێ؟ لە خۆت دەپرسم.

سالار:

قەت نەء. بگرە جەللادێکی بەڕاستی جەللادی بەناوبانگی وەك جەنابت، مرۆڤی بەڕاستیش گێل و ئەقڵ سووك و تەنانەت شێتی پەتیارەش، زۆر ئاسایی دادەپاچێ بێ ئەوەی خامبای پێدا بێ.

جەللاد:

تانووتم لێ دەدەیت؟.

سالار:

بەپێچەوانەوە. ستایشت دەکەم.

جەللاد:

زمانت لە ڕادەبەدەر درێژە. لەوە دەچێ نەترسییەکەشت لە جەنابم لە ڕادەبەدەر بێ پاڵەوان.

سالار:

ئەویش هەر نەء جەنابت ترسناکیت و لە ڕادەبەدەر ترسناك. ترس لە تۆ ترس لە مەرگە. ترسیش لە مەرگ غەریزەیە. تۆ نابێ بەخودی خۆت بنازیت. خودی خۆت بێ ئەو ئەنجامەی لێی دەوەشێتەوە کە مردنە، پوولێکی قەڵب ناهێنێ. قاوغێکی

پووچ و بەتاڵی ئەوتۆیە، کە دروست دەخرێتە خانەی نەبووانەوە. تۆ بێ ئەو ئەنجامەی لێت دەوەشێتەوە، هەر لە بنەڕەتەوە کەس هەست بەبوونتان ناکا.

جەللاد:

من لەوەدام بەڕاستی باوەڕ بکەم، کە تۆ پیاوێکی گێل نا بەڵام گەوجیت. چونکە کاتێ کە ئەم قسە کەرسەکانە سەبارەت بەمن دەکەیت، ئەی نابێ پرسیارێك سەبارەت بە ئەنجامەکەی بۆ جەنابی خودی خۆشت بکەیت؟.

سالار:

ئەی چەند وەختە من و تۆ لە چی دەدوێین؟.

جەللاد:

بەو چەشنەی کە..

سالار:

بەڵێ.. مراندن بەو چەشنەی کە جەنابت دەیبەخشیت.

جەللا:

قسەکانت ئەوەندە بەوەزن و قافیەن، کە خەریکم گومانت لێ بکەم.

سالار:

کە گەوجیش نیم.

جەللاد:

کە گەوجیش نیت، بەڵکو.. بەڵکو.. ئاراوەستە.. بگرە تێکەڵەیەکیت لە هەموویان. لە گێلی، گەوجی، شێتی و شانبەشانیان، ئەقڵێکی گڕگرتووی خۆ تووناکەر. سالار.. تۆ قەت بیستووتە کە جەللاد لە قوربانییەکەی بەردەستی بپاڕێتەوە؟. بەڵام وا من لێت دەپاڕێمەوە و دەڵێم سالار حەیفە.. تکات لێ دەکەم بەو ئەقڵە گڕگرتووەت بەتوونا بوونم مەدە.. زۆر حەیفە.

سالار:

ئاسانە جەنابی جەللاد.. کێیە کە توونای دەکا؟.

جەللاد:

سەرم لێ تێکمەدە. تکاکەم لە ناخەوەیە و بۆ خەڵەتاندن نییە. ئەو ئەقڵە گڕگرتووەی تۆ هی خەڵەتاندن نییە.

لەم ساتانەدا با نە من جەللاد بم و نە تۆ قوربانی.

سالار:

دیسان ئاسانە و، منیش وا لە دڵەوە باوەڕم پێ کردیت. فەرموو بادەست لە ناو دەست بنێین و بڕۆین.

جەللاد:

بۆ کوێ؟.

سالار:

بۆ ئەو شوێنەی کە تێیدا لە جەللادی رزگارت دەبێ.

جەللاد:

مەبەستت بۆ لای حزبەکەتە.. بۆ ئەو شوێنەی کە تێیدا دەبم بە قوربانی؟. (بانگ دەکا) پۆلیس.. پۆلیس.

پۆلیس:

(دێتە بەر رووناکی) بەڵێ.

جەللاد:

بیبە بۆ ژووری ئازاردان.

ساڵی (١٩٧٣) نووسراوە.

## دیمەنێکی شانۆیی سنوور

دیمەنی یەکەم

(کە پەردە لادەدەرێ، ئەکتەرەکان بەڕیز لەسەر شانۆ ڕاوەستاون. یەکێکیان دێتە پێش دەمی شانۆ و دەدوێ):

ئەکتەر١:

بەڕێزان.. خۆشەویستان.. ئێمە کاتێ ئەم شانۆگەرییەتان پێشکێش دەکەین، مەبەستمان نییە خوانەخواستە ئەوەی کە لەلای ئێوە پیرۆزە، ئێمە ناپیرۆزی بکەین و سەر و دڵتانی پێ بگرین. نا نەخێر.. باوەڕتان هەبێ کە چەندە ئێوە حەز دەکەن دوای تەواوبوونی پێمان بڵێن: ڕەحمەت لە بابتان، ئێمە زیاتر ئەو قسەیەمان لێ خۆشدێ. چونکە لە جەنابتان ئاشکرایە کە ئێمە با ئەکتەریش بین، بەڵام لە هەمان کاتدا مرۆڤین و وەك هەر مرۆڤێکی تر، مەدح و سەنامان پێ خۆشە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بە پێویستی دەزانین پێشتان بکەوین و بڵێین: ئەگەر (دووبارەخوانەخواستە) وا نەکەوتەوە، ئەوا دەرووی بەخشندەییتان لە ئاستماندا کراوە بێ و لێبووردن...

ئەکتەر٢:

(لە ناو هۆڵەوە):

ڕاوەستە جەناب.. ئێمە لەم بابەتە حیلە و حەواڵە شانۆکارییانەمان زۆر بیستووە. لەسەری مەڕۆ و، سنوورەکەتانمان نیشان بدەن، تا بزانین لەو ڕووەوە لە دیواخانی ئێوەدا چ باسە.

ئەکتەر١:

(لەبەر خۆوە):

خوا ڕەحم بکا و ئاخیری خێر بێ.

(بۆ ئەکتەر٢):

باشە کاکە باشە: تۆ هەقتە و وا دەست پێ دەکەین.

(ڕوو لە ڕیزی ئەکتەرەکان دەکا و، فەرمان دەدا. کچێك و کوڕێك دێنە پێش دەمی شانۆ و، خۆی دەکشێتەوە ناو ڕیز).

کچ:

بەڕێزان.. هەبوو نەبوو.. لە گەردوونێکی بەرینی بێ سەروبندا، پنتکە ئەستێرەیەك هەبوو. خۆڵ و ئاووهەوا و هەتاوەکەی، لە ڕۆژێك لە ڕۆژانی زۆر دێریندا، گەرایەکیان دانا. ئینجا گەرا گەورە بوو، هەر گەورەبوو، هەتا وای لێ هات بتوانێ ناوی خۆی بنێ ئادەمیزاد و، ناوی پنتکە ئەستێرەکەش زەمین.

کوڕ:

ئەوسا هات زەمینەکەی لە باری پانی، لە باری درێژی، بە شاقووڵی، بەئاسۆیی، بەلاکێشەیی، بەچوارگۆشەیی، بەبازنەیی، بەسێگۆشەیی، بەهێڵی ڕاست، بەهێڵی پێچاوپێچی وەك توونی بابا.. سەرتان نەیەشێنم بە هەموو ئەم شێوانە و بە چەندانی تریش، نیشتە گیانی و کەوتە قاشقاشکردنی ، ئیتر لەوساوە ئەو گەمەی سنوور سنوورێنەیە داکەوت، کە ئێمە هاتووین ئەم شانۆگەرییەتان لە بارەیەوە پێشکێش بکەین.

دیمەنی دووەم

(ڕووناکی لەسەر ڕیزی ئەکتەران کز دەکرێ. کچ و کوڕ هەریەکە ڕوو لەلایەکی شانۆ دەکا و، لەسەر کورسی و مێزێك دادەنیشێ).

کچ:

(دەنووسێ):

دڵەکەم.. نامەوێ هیچت لێ بشارمەوە.. خۆزگە دەتزانی چەندە بەدەست ئەو باسە نەگریسەوە ئازار دەچێژم!. چەندە جەرگ و دڵم هەڵدەووڵێ و پێوەی دەتلێمەوە. خۆ من دەزانم کە من تۆم و تۆش منیت. باوەڕم بەو ڕاستییە پتەوە و، قەت لێی لانادەم. بەڵام دڵەکەم گوێم لێ بگرە گرفتەکەمت بۆ باس بکەم، هەتا بەفریام بکەویت. زۆر جار شەیتان دێتە بن کلێشەمەوە و پێم دەڵێ: ئەم ئازار چەشتنەت لە پای چی؟!. ئەو لەودیو سنوورەوەیە و، تۆ لەمدیو، چەپەرێکی پۆڵایینە و لە نێواندایە و، ئەمدیویش بێ کوڕ نییە. هۆشت بێنەرەوە بەرخۆت و..

کوڕ:

(دەنووسێ)

نا.. نا.. نەکەیت گوڵەکەم.. نەکەیت کۆڵ بدەیت. شەیتانەکە ڕاستیش دەکا و، درۆش دەکا. ڕاست دەکا، چونکە نەدیوی لای تۆ بێ کوڕە و، نەدیوی لای من بێ کچە. بەڵام داخەکە لەوەدایە، کە ئەوانە کوڕ و کچی سنووردارن. وەڵامی من واز لێ بێنە گوڵەکەم، وەڵامی شەیتان بدەرەوە و سەرپشك بە. تۆ کام کوڕیانت دەوێ.. منی ئەمدیوی سنوورشکێن، یا ئەوەی لای خۆتی سنووردار؟.

کچ:

(دەنووسێ)

ئای بۆ ئازار و بۆ دەردی بێ دەرمانم. ئای بۆ ئەو بارە ناهەموار و دژوارەی تێی کەوتووم. لێم دڵگران مەبە دڵەکەم. تۆ نازانیت شەیتانی سنوور چی بەمن دەکا.. تۆ نازانیت..

کوڕ:

(دەنووسێ)

دەزانم گوڵەکەم.. باش دەزانم. هەر سنوورە و خاوەنی شەیتانی خۆیەتی. لە سەرانسەری ئەم سەر زەمینەدا، هیچ سنوورێك نەماوە بێ شەیتان بێ. هەموو لەم بارەیەوە یەکسانن.

کچ:

(دەنووسێ)

ئای دڵەکەم.. ئەوەی ئێرە نەك تەنیا من، بگرە باوکیشم بەدەستییەوە زەلالەتێتی.

دیمەنی سێیەم

(کوڕ دەکشێتەوە ڕیزی ئەکتەران، باوکی کچ دێتە پێش دەمی شانۆ)

باوك:

نەبووە.. بێ ویژدانی و بێ مروەتی وەها قەت نەبووە. وەرە تۆ بەر لە ڕووبار بگریت و، بەلایەکی تریدا بەریت!.. ڕووبارێکی خواکرد.. خوایەك کە هەزاران

هەزار ساڵە، بەناو ئەو هەموو چیا و دۆڵ و دەشتودەرەدا واوەی دێنێ و بەرەو خواری دەکاتەوە، کەچی تۆ بچیت بەزۆری زۆردارەکی، رووی بۆ لایەکی تر وەرچەرخێنیت!. ئاخر ئەو بێ ویژدانە خوا نەناسانە نەبێ، کێ وێراوێتی کاری وەها بکا.. ها.. کێ؟.

کچ:

بابە ڕاست دەکەیت.. تۆ ڕاست دەکەیت. بەڵام با بۆ چارەسەر بگەڕێین. دەبێ چارەسەرێك بدۆزینەوە.

باوك:

خوانەناسن.. کافری موتڵەقن.. تۆزقاڵ بەزەیی لە دڵیاندا نییە. خۆ لەکن خۆیان هاودینمانن. یەك خوا دەپەرستین و یەك پێغەمبەرمان هەیە. کەچی کوا؟!. ئاخر چۆن دەتوانن گوناهی وەها بکەن؟.

کچ:

بابە تکات لێ دەکەم. باسەکە لەوە ئاڵۆزترە کە تۆ تێی دەگەیت. باسەکە پێوەندیی بە سنوورەوە هەیە.. سنوور.

باوك:

سنوور؟!. ئاو ئاوی خوایە و، ئەو چ ڕێگایەکی بۆ دیاریکردبێ، بەوێدا دەڕوا و تێدەپەڕێ. ئیتر سنوور دەبێ چ دەخڵێکی هەبێ؟!.

کچ:

ئەی ئاخر بابە سنوور خاکە و، ئاویش بە خاکدا دەڕوا.

باوك:

خاکیش خاکی خوایە. ئاوی خوایە و بەخاکی خوادا دەڕوا.

کچ:

منیش بەبارە ساکارەکەیدا وەك تۆی بۆ دەچم بابە. بەڵام داخ ئەوان وا تێناگەن. لای ئەوان ئاڵۆزە.. زۆر ئاڵۆز.

باوك:

ئەوان کێ؟.

کچ:

ئەوانی کە لەسەر سنوورسنوورێنە، یەکتری دادەپاچن.

باوک:

بـا ئـەوەنـدە یـەکـتـری داپـاچـن، هـەتـا سەریـان دەچێتـە گۆڕی بـابـیـانـەوە. مـن چ دەربەستم. من ئاوی خوای خۆمم، بۆ باخ و بێستان و زەرعاتەکەی خۆم دەوێ.

## دیمەنی چوارەم

(باوک و کچ دەکشێنەوە. باوک و کوڕ دێن)

باوک:

نـایـدەم.. تـاکـە یـەك دڵۆپـە چییـە نـایـدەم. ئـاوە و لـە خـاکـی بـاووبـاپـیـری خۆمـەوە هـەڵدەقوڵێ و، نـایـەڵم تـەنـانـەت یـەك تنۆکـی بڕژێتـە قـوڕگـی بێگـانـەوە. ئـا.. ئـەرێ وەڵا.. نایەڵم یەك دڵۆپی لێ بچێ بەودیو سنووردا.

کوڕ: ئاخر بابە..

باوک:

وس.. دەم هـەڵنـەهێنیتـەوە. مـن لـە دەمێکـەوە دەتنـاسـم. کـە بـەرامـبـەر بـەم خـاك و خۆڵەی تێیدا گەوزاویت، چ بێ سفەت و بێ وەفایەکیت.

کوڕ:

بابە تکایە تێم بگە.. من کەر نیم کە..

باوک:

وس.. سکتربـە.. مـن بـەهـۆی تـۆوە زۆر شـەرمـەزارم. لـە هـەر کونێکـەوە سـەر دەردێنم، پـەنـجـەی تـانـەوتـەشـەرم بـۆ درێـژ دەکـرێ. تـۆ لـە نـاو خـەڵکیدا سـووك و چـرووکـت کردووم. وەك ڕیسوا و ڕەجاڵێك سەیر دەکرێم.

کوڕ:

بابە تکات لێ دەکەم.. تۆ بوارێك. تەنیا بوارێکی قسەکردنم پێ بدە، هەتا..

باوک:

وس.. نایدەم.. تفوو لە چارەت..

دایك:

(لە ڕیزەوە دێت)

پیاوەکە..

باوك:

وس.. تۆش سکتربە.. لەسەری هەڵمەدەرێ. ئەم هەتیوە نەگریسەی تۆ، حەیای بەرودوای بردووم.

دایك:

بەڵام ئاخر..

باوك:

وس.. دەمت لێك نێ و، وتم لەسەری هەڵمەدەرێ. ئاخ بڵێم چی کوڕمە و دەستم تێی ناچێ. بەڵام دەزانم چ گاڵەیەك بەهاوبیرە پلانگێڕەکانی ئەودیو دەکەم. (باوك دەکشێتەوە).

دیمەنی پێنجەم

(کوڕ دەچێتە لای کورسی و مێزەکە و دادەنیشێ. کچ دێتە پێشەوە و ئەویش دەچێ دادەنیشێ)

کوڕ:

(دەنووسێ) گوڵەکەم.. لەودیوی لای منەوە، تەپڵی شەڕی بەرگرتن لە ڕووبار لێ دەدرێ. کراوەتە ڕۆژی حەشر. بەشەو، بەڕۆژ، بەنیوەشەو، بەنیوەڕۆ، بەبەرەبەیانان بەئێواران، بەدرێژاییی هەر بیست و چوار سەعاتەکە، ئەو تەپڵە راوەستانی بۆ نییە. بە سات سرەوت نادا. هەر لێ دەدرێ و لێ دەدرێ.

کچ:

(دەنووسێ)

لێرەش دڵەکەم.. لەدیوی لای منیشەوە، تەپڵی شەڕی ڕێنەدان بەبەرگرتن لە ڕووبار لێ دەدرێ. لێرە هاوار و نەعرەتە بۆ فیداکاری لەو پێناوەدا، گوێی ئاسمان کەڕ دەکا. ڕوو لە هەر شوێنێك دەکەیت، دەڵێیت ها ئێستا ها سەعاتێکی

تر خوێن لاشه دەبا. سامناکه دڵەکەم.. بارودۆخێکی زۆر سامناکه. نازانم من چی بکەم و چی بڵێم؟. نازانم کامیان بە لەسەر هەق دانێم؟.

کوڕ:

(دەنووسێ)

ئەوەی لای تۆ.

کچ:

(دەنووسێ)

نا.. گومانم هەیە کە تۆ ئەو قسەیە لە باوەڕەوە بکەیت. تۆ ئەو قسەیە لەبەر دڵی من دەکەیت و، من لێم خۆش نایەت.

کوڕ:

(دەنووسێ)

ڕاست دەکەیت.. بمبەخشە. ئەوە قسەی دڵم بوو نەك ئەقڵم.

کچ:

(دەنووسێ)

کەوابوو..

کوڕ:

(دەنووسێ)

تەپڵی هیچ کاممان لەسەر هەق نییە.

کچ:

(دەنووسێ)

کەچی...

(دەکشێنەوە)

## دیمەنی شەشەم

(نیشاندانی بەرپابوونی شەڕ لە ڕێگەی بەیەکداهاتنی ئەکتەرەکان و ڕووناکی و مۆسیقا و دەنگەدەنگ و هەر شێوازێکی تری تەکنیکییەوە برەخسێنرێ. ئەم دیمەنە، دەرهێنەر و تەکنیککاران جێبەجێی دەکەن. بەدەمییەوە بێژەر -١- و بێژەر -٢-، دێنە پێش دەمی شانۆ)

بێژەر١:

(لەلای راستەوە)

گوێگرانی خۆشەویست.. ئێستا ئەم هەواڵەمان لە کۆڕی شەڕەوە پێ گەیشت..

لەشکری قارەمانمان لە بەرەبەیانی ئەمڕۆدا، شەبەیخوونی لە لەشکری دوژمن کرد و هەڵمەتێکی شێرانەی بردە سەری. لە ماوەی تەنیا ساتە وەختێکدا، لەشکری دوژمن لەتوپەت کرا و لاشەیان وەك گەڵای دار لە مەیدانی شەڕەکەدا لێ خرا. زیانی چەك و جباخانەشیان، هێندە زۆرە کە لە ژماردن نایەت. زیانی لەشکری قارەمانی خۆمان، لە چەند شەهیدێك و چەند بریندارێك بەولاوە نییە.

سەربازە دلێرەکانمان، ئاوەها بۆ جاری هەزار جارە ئازایەتی و نەبەردیی خۆیان، بەدوژمن دەسەلمێنن و دەسەلمێننەوە.

بێژەر٢:

(لەلای چەپەوە)

گوێگرانی ئازیز.. ئێستا ئەم هەواڵەمان گەرماوگەرم، لە کۆڕی شەڕە ڕەوا و پیرۆزەکەمانەوە پێ گەیشت..

لەشکری ئازا و دلێرمان لە بەرەبەیانی ئەمڕۆدا، لە ماوەی تەنیا یەك سەعاتدا، هێرشێکی بەرفراوانی لەشکری دوژمنی تێکشکاند و کۆڕی شەڕەکەی لێ کردە دۆزەخێکی ئەوتۆ، کە مەگەر تاکوتەرای بەهەڵاتن لێ دەرباز بووبێ، دەنا سەرپاکی قەڵاچۆ کرا. زیانی تفاقی شەڕیشیان سەرومرە. لە کاتێکدا زیانی ئێمە، لەوە کەمترە کە بهێنێ تەنانەت ئیشارەتیشی پێ بدرێ.

جەنگاوەرە نەبەزەکانمان، ئاوەها دەرسی دوژمنی پەلاماردەر دادەدەن و، بۆ مێژووەکەی دەکەن بە عیبرەت.

## دیمەنی حەوتەم

(کۆبوونەوەی دەزگایەکی نێودەوڵەتی)

سەرۆك:

بەڕێزان گەورەکان.. بەڕێزان گەورە گەورەکان.

حەز دەکەم پێتان ڕابگەیەنم، کە ئەگەرچی بەپێی بەرنامەی کاری لەوەبەرمان، دەبوو ئەم کۆبوونەوەیە بۆ کێشەی برسێتی و نەخۆشی و نەخوێندەواری لە پانتاییی ئەم سەر زەمینەدا تەرخان بووایە، بەڵام ناچارین بۆ کێشەیەکی بەپەلەتری تەرخان بکەین و چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، کە بریتییە لەو شەڕەی لە چەند ڕۆژی پێشوودا هەڵگیرسا و، دەبێ بەخێرایی بیکوژێنینەوە.

نوێنەر١:

من بەناوی وڵاتەکەمەوە بەتوندی پێتان ڕادەگەیەنم، کە بەهیچ کلۆجێ ڕازی نیم هیچ جۆرە بڕیارێك بۆ کوژاندنەوەی دەربکەن. چونکە لەشکری قارەمانی گەلەکەم، سوورە لەسەر ڕاونان و تووناکردنی لەشکری دەسدرێژیکەری دوژمن.

نوێنەر٢:

ئەم زاتە بوختان دەکا. لەشکری ئازا و دلێری گەلی من، دەسدرێژیکار نییە، بگرە پارێزگاریکارە لە خاك و خۆڵ و ئاووهەوای خۆی. ئەو شەڕەی کە هەوڵی کوژاندنەوەی دەدەن، بەلای ئێمەوە جەنابی سەرۆك شەڕێکی پیرۆزە و، دەبێ هەتا لە گۆڕنانی نیازە گڵاوەکانی دوژمن بەردەوام بێ. کاربەدەستانی وڵاتەکەی ئەم زاتە وایان دەزانی، کە وڵاتی من و گەلی من زۆر بێ دەسەڵاتن. بەڵام دەبینن کە نەڕە شێرانمان چ دەرسێکیان دادەدەن و بە چ عیبرەتێکیان دەکەن.

نوێنەر١:

قسەکانی ئەم..

سەرۆك:

(قسەی پێ دەبڕێ)

هۆپ.. هۆپ.. ڕاوەستە.

نوێنەر٢:

جەنابی سەرۆك..

بۆ تۆش هۆپ.. تۆش ڕاوەستە.. كار وابڕوا خراپ دەشكێتەوە.

(شاوریێك لێ دەدا. چوار پاسەوان دێن. هەر دووانە و بۆ لای نوێنەرێك دەچن.. دەست دەدەنە باڵیان و دەیانخەنە سەرپێ. دوای كەمێ سەرۆك شاورێكی تر لێ دەدا پاسەوان دەست لە نوێنەران بەردەدەن و دەكشێنەوە. نوێنەران دادەنیشنەوە. سەرۆك بەقسە دێتەوە)

بەڕێزان گەورەكان.. بەڕێزان گەورە گەورەكان. وا دیارە ئەركی سەرشانمان گرانە. تكایە با ئاگامان لە ویڵ و ئوسووڵ بێ. ئێستا كێ قسەی هەیە؟.

هەمووان:

(پێكەوە)

من..

سەرۆك:

تكایە بە ویڵ و ئوسووڵ.. كێ؟.

هەمووان:

من.

سەرۆك:

(دوای ڕامان و سەربادانێك)

فەرموون.

هەمووان:

(هەریەكە لەلای خۆیەوە دەدوێ و دەبێتە غەڵبەغەڵب).

سەرۆك:

(بەچەكوشە دارینەكەی بێدەنگیان دەكا)

بەڕێزان گەورەكان.. بەڕێزان گەورە گەورەكان. هەرچیتان فەرموو دوڕ و گەوهەر بوو. هەمووتان لەسەر هەقن و، من لە پێشتانەوە. بۆیە منی پێشتانەوە پێشنیاز دەكەم، كە سەبارەت بەو شەڕەی لەسەر گرفتی سنوور..

نوێنەر١، ٢:

لەسەر گرفتی ئاوی سنوور.

سەرۆك:

ئا بەڵێ.. لەسەر گرفتی ئاوی سنوور، لە نێوان وڵاتی ئەم دوو زاتەدا هەڵگیرساوە، بڕیار بدەین کە ئەوەی لەسەر هەقە هەقی خۆی وەربگرێ و، ئەوەشی لەسەر هەق نییە، دەست لەو ناهەقییە هەڵگرێ، هەتا ئاوێك بەو ئاگرەدا بکرێ.

هەمووان:

(دەیکەن بەچەپڵەڕێزان)

دیمەنی هەشتەم

بێژەر١:

گوێگرانی خۆشەویستم.. با هەموو بەیەك دەنگ هاوار کەین: (الحق يعلو ولا يعلى عليه). چونکە لە ئەنجامدا هەق بەسەر ناهەقدا سەرکەوت و، بەبڕیارێکی نێونەتەوەیی کە لەلایەن (١٣٣) دەوڵەتی ئەمپەڕ تا ئەوپەڕی سەر زەمینەوە دەرچووە، ئێمە بەخاوەن هەق سەلێمنراین و، دوژمن بەدەستدرێژیکار بۆ سەر هەق.

بەڵێ خۆشەویستان.. ئاوەها هەق هەر سەر دەکەوێ و ئێمەش لەگەڵیدا و، ناهەقیش ئاوەها ژێر دەکەوێ و، بەزین و ڕیسوابوون دەکاتە بەشی دوژمنی دەستدرێژیکارمان.

بێژەر٢:

(وكم من فئة قليلة غلبت) لەسەر دەکراو، بە ئاشکراو زۆر بەڕوونی سەلماندوێتی، کە ئێمە لەسەر هەقین و دوژمنی دەستدرێژکار لەسەر ناهەق. بەڵێ ئازیزان.. ئاوەها هەق لە ئەنجامدا هەر سەرکەوتوو دەبێ و ئێمەش لەگەڵیدا و، ناهەقیش هەر ژێر دەکەوێ و دوژمن لەگەڵیدا، کە بەشی هەر بەزین و ڕیسوایی دەبێ.

کۆتایی

ساڵی (١٩٧٣) نووسراوە

## دیمەنێکی شانۆیی
## پێکەنین بەپێی یاسا

### دیمەنی یەکەم

(پەردە لادەدرێ. تابووتێکی رۆژگاری دێرین دانراوە. زانایەك و دوو یاریدەدەری بە دیارییەوەن. زانا دێتە پێش دەمی شانۆ)

بەڕێزان.. پێشەکی با خۆم و ئەم دوو زاتەتان پێ بناسێنم من هەم مێژووناسم و هەم زانایەکی پشکنینی شوێنەواری کۆن، کە ئەوی ڕاستی بێ ئەویان ختمییە سەر ڕێگەی ئەمیان و، ئیتر ئەوە زیاد لە بیست ساڵە ، من چنگم لە گڵ و خۆڵی کەلاوەی شوێنەوارە کۆنەکاندایە. لەو وەختەوە وێڵی دوای گۆزە شکاو و پارچە مسی ژەنگاوی و پەیکەری سەروگوێلاك شکاو و هەر شتێکی تر دام، کە شێوەی ژیانی باووباپیران بخاتە ڕوو. بەهەرحاڵ زۆر شتم دۆزینەوە و، لە ڕێگەیانەوە شارەزاییەکی باشم سەبارەت بەمێژوو پەیدا کرد.. زۆر زیاتر لەوەی کە لەوەبەر وەك مێژووناسێکی ئەکادیمی دەمزانی.

بەڕێزان.. ئەوەی ماوەیەك لەمەوبەر، لە ژێر داروپەردووی کەلاوە کۆنێکدا دۆزیمەوە، مشتومڕێکی زۆری لەگەڵ ئەم دوو زاتەدا بۆ نامەوە، کە دوو یاریدەدەری کارامە و لێهاتوومن و، ئەوانیش لە دەمێکەوە کەوتوونەتە داوی خۆشەویستی ئەم پیشەیەوە. ئێمە لەو مشتومڕەماندا نەگەیشتینە ئەنجام و، درێژەی زۆر کێشا. سا ئێستا ئێوەم بۆ ئەوە داوەت کردووە بکەونە بەینەوە و، بە ئەنجامێکمان بگەیەنن کە ئایا..

یاریدەدەر١:

نەء و سوورم لەسەر ئەوەی کە نەء.

یاریدەدەر٢:

منیش.. بێگومان منیش دەڵێم نەء.

زانا:

ڕاوەستن.. سەبر بگرن با قسەکەمیان بۆ تەواو بکەم.

یاریدەدەر١:

ئاخر دوكتۆر.. هەر لە بنەڕەتەوە پێویستی نەدەكرد..

زانا:

دەیكرد..

یاریدەدەر٢:

بەڕای تۆ نەك ئێمە.

سەیركەر١:

(لە ناو هۆڵەكەوە)

ئەریٰ ئێمە هاتووین گویٰ لە مەتەڵ بگرین؟ ئەوە ئێوە لە چی دەدوێن؟.

سەیركەر٢:

دەمخۆش.. منیش دەمویست ئەو پرسیارە بكەم.

سەیركەر٣:

بەڕێز دوكتۆر.. لە قسەی ئەم دوو زاتە زویر مەبە. وا دیارە ناتناسن. من دەتناسم و بە نووسینەكان و كۆششی بەردەوامت لە بوارەكەدا ئاشنام. بەڵام تكایە تێمان گەیەنە.. مەسەلە چییە؟.

سەیركەر١،٢:

ئا دەمخۆش.. مەسەلە چییە؟!.

زانا:

بەڕێزان.. هەقتانە بەسەرچاو. وا بۆتانی باس دەكەم. ئەوەی لە ژێر داروپەردووی ئەو كەلاوە كۆنەدا دۆزیمەوە، گۆڕێك بوو كە توندوتۆڵ بەمەڕمەڕ هەڵبەسترابوو. دوای وردبوونەوە لە دەوروبەری لەگەڵ ئەم یاریدەدەرانەمدا، بۆمان دەركەوت كە لە قووڵاییی بیست پێدا، لە ژێر زەمینێكی بیٰ دەرگەدا بوو. پێكەوە بڕیاری هەڵدانەوەیمان دا. لەناویدا گۆڕێكی هەڵبەستراوی ترمان بینی. لەمیاندا سەرنجم دا لەسەر هەموو لایەكانی نووسراوە:

وریا بە.. نەكەیت!. من و ئەمانیش پێمان سەیر بوو!. بەڵام ئەمان گەیاندیانە

ڕادەی سڵەمینەوە. هەرچۆنێ بوو قایلم کردن بە هەڵدانەوەی ئەویش و هەڵماندایەوە. لەمیاندا ئەم تابووتی حازرییەمان لێ دەرکەوت، کە وەك دەبینن تابووتێکی ئاسایی نییە. جا چەندە بەشێوە نائاساییە، بەو نووسینەدا زۆر نائاساییە، کە بەژمارە سەد و بیست و چوار جار لەسەری نووسراوە: نەکەیت سەرم هەڵبدەیتەوە.

من بەشبەحاڵی خۆم کە باوەڕم بەقسەی پڕوپووچی لەعنەتی فیرعەونییەکان و ئەو بابەتانە نییە، ئەو وتەی (نەکەیت سەرم هەڵبدەیتەوە)یەش هەروەها تێ دەگەم و، هیچ بایەخێکی پێ نادەم. لە کاتێکدا ئەم دوو زاتە کە وەك وتم دوو یاریدەدەری کارامە و لێهاتوومن، بەدوای سڵەمینەوەکەی پێشوویاندا، ئێستا ترسێکی زۆریان لێ نیشتووە. ئێستا من دەڵێم دەکەم و، ئەوان دەڵێن مەکە.

سەیرکەر١:

ئێجا چیت لە ئێمە دەوێ؟ ئێمەت بۆ چ مەبەستێك بانگ کردووە؟.

زانا:

بۆ بڕیاردان کە ئایا سەری تابووتەکە هەڵبدەینەوە یان نا؟.

یاریدەدەر١:

نەء

یاریدەدەر٢:

نا نەخێر.

زانا:

گوێتان لێیە؟!. ئەوان دەڵێن نەء و من دەڵێم ئا. ئەی ئێوە دەڵێن چی؟ من ڕای ئێوەم لا مەبەستە.

سەیرکەر١:

ئا.

سەیرکەرانی تر:

ئا.. ئا بەڵێ.. ئا.

زانا، یاریدەدەرانی:

(سەری تابووتەکە لادەدەن. کەسێ بەسیما و بەرگی پاشایەکی ڕۆژگاری دێرینەوە ڕاست دەبێتەوە و هەڵدەڕوانێ. زانا و یاریدەدەران دەبینێ. ئەمان سڵ دەکەنەوە و دەکشێنە دواوە)

پاشا:

(لە تابووت دێتە دەرەوە و بانگ دەکا)

شارات.. هۆ شارات.. لە کوێیت؟.

یاریدەدەران:

(خۆیان دەدزنەوە و هەڵدێن).

پاشا:

شارات.. کورە شارات لە کوێیت.. بۆچی وەڵام نادەیتەوە؟.

زانا:

(ئەویش هەڵدێ و، تابووت ڕادەکێشرێتە پشتەوەی شانۆ).

شارات:

(کلیلداری کۆشکە. دێتە سەر شانۆ)

بەڵێ.. بەڵێ پاشای خۆشی و شادی. بەڵێ فەرموو سەرم لە ڕێتە.

پاشا:

کوڕەکەم.. سەمەرەیە پاشا فەرمانی دەستوبرد بەجێ نەهێنرێ. تۆ دەزانیت کە پاشا و فەرمانکردنیان وتووە و، ئانوساتیش جێبەجێ بکرێ، دەنا پاشای چییە.

شارات:

ببوورە پاشای خۆشی و شادی. فەرمایشتت لەسەر سەر و لەبان چاو. بەڵام تکایە بفەرموو، تا بزانم پاشام لە چی نیگەرانە؟.

پادشا:

کوڕی خۆم.. تۆ لە هەمووان ئاگەدارتریت، کە کاتێ من ئەو یاسایەم دانا، دەبوو ئیتر..

شارات:

بەڵێ.. بەڵێ پادشام.. فەرمایشتت بەجێیە.

پاشا:

کەچی بڕوانە (ئیشارەت بۆ لای یاریدەدەران و زانا دەکا وەك هێشتا لەوێ بن).. بڕوانە ئەو سەروسیما ترشوتاڵانە و، تەنانەت لە بن دەستیشمەوە هەبن. دەبێ؟!. شتی وەها دەشێ؟!.

شارات:

(هەڵدەڕوانێ و هیچ نابینێ)

بەڵام پاشام..

پاشا:

بیانگرە و بیانسووتێنە. بەدەم زەماوەندێکی حەوت شەو و حەوت ڕۆژەوە بیانسووتێنە.

شارات:

پاشام بمبەخشە.. کێن؟!.. کامانەن؟.

پاشا:

(ئاوڕ دەداتەوە. نەماون)

پیلانگێڕان.. گریانپەرستان.. من لە جموجووڵیان غافڵ نیم. لە نیازی پیسیان ئاگەدارم. لێرە بوون. بۆ کوشتنم هاتبوون. شارات.. من ئومێدێکی گەورەم بەتۆ هەبوو. کەچی کوا؟.

شارات:

گەورەم.. پاشای شادی و پێکەنین.. من..

پاشا:

بدەرەوە لە تەپڵی شادی. جاڕدە.. سەرلەنوێ جاڕدەرەوە. من لە دڵسۆزی و باوەڕی پتەوت بەیاساکەم دڵنیام. دەنا ئەوەی کەمێ لەمەوبەر بەچاوی خۆم و لە بندەستمەوە بینیم، دەبوو وای لێ بکردمایە گاڵدەم پێستت بکرێتە تەپڵەکەی ئەم

جارە. سارِاکە جارِدە.. سەرلەنوێ جارِدە، بەرلەوەی گاڵدەم..

(سەر شانۆ جێ دێڵێ)

شارات:

(بانگ دەکا) کارشا.. هۆ کارشا.

کارشا:

(دێتە سەر شانۆ) بەڵێ گەورەم.

شارات:

جارِدە.. خێرا جارِدە.

کارشا:

ئەی جارِم نەدا؟.

شارات:

دات و لەسەری مەرِۆ و بیدەرەوە. فەرمانی پاشای شادی و پێکەنینە و بیدەرەوە. (سەرشانۆ جێ دیلێ).

کارشا:

(بانگ دەکا) ئاندی.. مارپۆ.. کەنداش..

هەرسێکیان کە تەپڵ لێدەرێك و دوو پاسەوانن دێنە سەر شانۆ. لەگەڵ کارشادا بەدەستوورێکی تایبەتی بۆ جارِدان ریز دەبن. ئاندی بۆ ماوەیەك لە تەپڵەکەی دەدا)

کارشا:

(نووسراوێکی بەدەستەوەیە و دەیخوێنێتەوە)

بەناوی پاشای بەخشندەی شادی و پێکەنینی لە بن نەهاتووەوە. ئەی خەڵکی گەرمیان و کوێستانی ئەمپەرِ هەتا ئەوپەرِی وڵات. بۆ فەرمانی پاشای سەردار و سەروەرتان گوێ قوڵاغبن. لەم ساتە بەدواوە.. گریان، مرِوموومچی، رِووگرژی، ئاخ و ئۆف هەڵکێشان، کرِووزانەوە، خەفەتخواردن و تەنانەت بیرکردنەوە لە خەفەتخواردن، چ بە ئاشکرا و چ بە نهێنی، چ لە بەخەبەریدا و چ لە خەودا

قەدەغەیە. لەم ساتە بەدواوە، دەبێ لەسەر کار، لە حەوانەوەدا، لەسەر شەقام، لە کۆلاندا، لەناو بازاڕدا، لە دەشت و لەسەر شاخ و لەناو دارستان و بێشەلاندا، لە کونی ژوورەوە تەنانەت لەناو جێگە و لە ژێر لێفەشدا، تا خەو دەتانباتەوە هەر پێ بکەنن.. هەر بخنێنەوە.. هەر دەمتان بەزەردەخەنەوە بێ.

ئەی خەڵکی گەرمیان و کوێستانی ئەمسەر تا ئەوسەری وڵات. باش لە فەرمانی پیرۆزی پاشای سەردار و سەروەرتان ئاگەدار بن. لەباری پانی دەرکەوتنی دوو ددان بەلای ڕاستدا و دوو بەلای چەپدا. لە باری شاقوولی دەرکەوتنی نیوەی چواری سەرەوە و چواری خوارەوە. ئەمانە نیشانەی پێکەنین دەبن. لەوە زیاتر پەسەندە و ستایش دەکرێ و، کەمتر سەرپێچی کردن دەبێ لە فەرمانی پیرۆزی پاشا. سەرپێچیکردنیش دەبێتە پیلانگێران و ناپاکی و، سزاکەی ڕیشەکێشکردن و سووتاندنی لاشە و بەبادانی خۆڵەمێشەکەی دەبێ، بەدەم زەماوەندێکی حەوت شەو و حەوت ڕۆژەی پڕ لە شادی و پێکەنینەوە. ئەمە فەرمانی پیرۆزی پاشای سەردار و سەروەرتانە و، ئیتر هەر کەسە ئۆباڵی خۆی بەئەستۆی خۆی.

(سەر شانۆ جێ دێڵێ)

ئاندی:

(بەدوایدا سەر شانۆ جێ دیڵێ)

مارپۆ، کەنداش:

(وەك دوو پاسەوان، لەمسەر و لەوسەری شانۆدا ڕادەوەستن)

ڕێبوار۱، ۲، ۳:

(بەنۆرە بەدەم قاقای پێکەنینەوە، بەسەر شانۆدا ڕادەبوورن)

ڕێبوار٤:

(بێ پێکەنین ڕادەبووریێ)

مارپۆ:

کورە بوەستە.

ڕێبوار٤:

(ڕادەوەستێ)

مارپۆ:

بۆچی پێ ناکەنیت؟.

ڕێبوار٤:

بۆچی پێ بکەنم؟.

مارپۆ:

(پەلاماری دەدا) بۆچی پێ بکەنیت؟!. گوێت لێیە کەنداش؟!. دەڵێ بۆچی پێ بکەنم؟.

کەنداش:

(دێ بەلایەوە) فریای خۆت بکەوە.. پێ بکەنە.

ڕێبوار٤:

سەیرە!.. چی قەوماوە؟!.

مارپۆ:

ئای!.. خۆ دەڵێ چی قەوماوە؟.

کەنداش:

نەگبەت فەرمانی پاشایە.. زووکە.. پێ بکەنە.

ڕێبوار٤:

پاشا؟!. (دەداتە تێکەڵەیەك لە قاقای پێکەنین و ترس و سام). (دەستی لێ بەردەدرێ و دەڕوا).

مارپۆ:

کەنداش.. ڕاستە ئێمە لە منداڵییەوە برادەرین. بەڵام بۆ جاری داهاتوو وریا بە. ئۆباڵت بەئەستۆی خۆت دەبێ.

کەنداش:

مارپۆ گوناهمان دەگا. من دڵنیابووم کە نەیبیستبوو.

مارپۆ:

گوناهی خۆیەتی. دەبوو هەوڵی بیستنی بدا.

کەنداش:

دەشێ ڕێکەوتی کەسی نەکردبێ.

مارپۆ:

دەبوو بیکا. کەنداش تکایە.. من ئامادە نیم یەکێکی تر سەرپێچی لەو یاسا پیرۆزەی پاشا بکا ومن لەسەری ڕیشەکێش بکرێم. جگە لەوەی کە خۆت باش دەزانیت کەسانی بەدکردار چەند زۆرن. کێ دەڵێ ئەو کابرایە، بۆ تاقیکردنەوەی ئێمە نەنێردرابوو.. ها.. کێ دەڵێ؟ هۆشت بەخۆتەوە بێ کەنداش. من لەوسەری هاتوومەتەوە. ئەوەی کردت دووبارەی مەکەرەوە.

کەنداش:

بەڵام ئاخر..

پیرەژن:

(بەدەم کڕووزانەوە دێتە سەر شانۆ)

مارپۆ:

پیرێژن ڕاوەستە.. بۆچی پێ ناکەنیت؟.

پیرەژن:

(دەداتە پڕمەی گریان)

مارپۆ:

پیرێژنە سەر ئاسنینە.. سەرمان بەفەتارەت مەدە. دەی پێ بکەنە.

کەنداش:

داپیرە گیان هەرچیت لێ قەوماوە لە بیری خۆتی بەرەوە و، تکایە پێ بکەنە.. تکایە هەوڵبدە پێ بکەنیت.

مارپۆ:

کەنداش..

کەنداش:

تکایە داپیرە.. فەرمانی پاشایە کە دەبێ پێ بکەنیت.

پیرەژن:

(لە گریان دەوەستێ).

کەنداش:

باشە داپیرە.. چاك دەکەیت.. دەی تین بدەرە بەرخۆت و ددانەکانیشت دەربخە. بەلای ڕاستدا دووان و، بەلای چەپدا..

مارپۆ:

(شمشێری لێ دەردێنێ)

ناپاك کەلاکەوە.. گیان لە چنگم دەرناکەیت.. هەردووکتان پێشم کەون..

کەنداش:

مارپۆ بەزەییت لە دڵدا بێ. بۆ من نا.. بۆ ئەم پیرێژنە.

مارپۆ:

زوو پێم وتیت کە ئۆباڵت لە ئەستۆی خۆتە.

کەنداش:

داپیرە گیان.. هەرکەسێکت مردووە، ڕەحمەتی خوا و پاشای سەردار و سەروەرمانی لێ بێ. بەڵام تکایە پێ بکەنە.. تکایە..

پیرەژن:

فەرمانی پاشایە کە پێ بکەنم؟ ئای کوڕە شیرینەکانم. ئێوە دەزانن من کێم مردووە؟ شۆڕەسوارێکم کە لە تەمەنی ئێوەدا بوو. دەشزانن بەچی مرد؟ تا کەمێ لەمەوبەر نەمدەزانی و، وا لە ئێوەم بیست. وائێوە ڕوونتان کردەوە، کە چۆن و لەسەرچی کوژراوە. یازووخ کوڕە شیرینەکانم یازووخ.. کوڕەکەم لە تەمەنی ئێوەدا بوو.

مارپۆ:

(پەلاماری پیرەژن دەدا)

پیرێژنە سەر ئاسنینە.. بەم قسە پڕوپووچانە نامخەڵەتێنیت. من پاشای سەردار و سەروەری خۆمم خۆشدەوێ و، سەرم لە ڕێی بەجێهێنانی فەرمانیدا بەخت دەکەم.

پیرەژن:

گوناحیت کوڕەکەم.. گوناحیت.

مارپۆ:

لەوە زیاتر چەنە مەدە. پێشم کەوە بۆ وەرگرتنی سزای هەقیانەتی خۆت.

کەنداش:

مارپۆ.. بەزەییت لە دڵدابێ.

مارپۆ:

(پیرێژنە دەداتە پێش)

تۆش ئۆبالّت لە ئەستۆی خۆتە. هەقی گلەییت بەسەرمەوە نەماوە. خۆت دەبینیتەوە. (لەگەڵ پیرەژندا سەر شانۆ جێ دێڵن)

کەنداش:

(مات و غەمبار دۆش دادەمێنێ)

تاریکی

دیمەنی دووەم

شوێن:

(ناو گۆڕستانێکە. هەردوو یاریدەدەر خۆیان تێدا حەشارداوە).

یاریدەدەر١:

وتم دوکتۆر مەکە.. وتم دوکتۆر دەستم دامێنت، لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە و، سەری ئەم تابووتە لەعنەتییە هەڵمەدەرەوە.. بەقسەی نەکردم.

یاریدەدەر٢:

کوڕە بگرە من ڕاستوڕاست پێم وت کە من باوەڕی تەواوم بەو نووسینەی سەر تابووتەکە هەیە. وتم دوکتۆر.. لەعنەتی فیرعەونەکان کەمی نەکوشت. ئەمیش لەعنەتێکە لەو بابەتە و، با نەیورووژێنین. کەچی..

یاریدەدەر١:

یاتۆ بڵێ: جەنابی فیرعەون بەنەزاکەتەوە نووسیبووی: لەعنەت لەو کەسەی سەری تابووتم هەڵدەداتەوە. کەچی ئەم بەهەرەشەوە پەنجەی بەچاوماندا

کردبوو: نەکەیت سەری تابووتم هەڵبدەیتەوە. مەترسییەکە ئاشکرابوو دوکتۆر.. ئاشکرا و زەق بوو. بەڵام ئێمە خۆمان..

یاریدەدەر٢:

گەوج بووین.. داخ گەوج بووین.

یاریدەدەر١:

ئێستا چی بکەین؟ چار چییە؟ چۆن خۆمان رزگار بکەین؟.

یاریدەدەر٢:

چار و ڕزگاربوون؟ وەڵا ئەوە مەگەر لە دەست ئەو کەسە بێت، کە ئاوەها تووشی کردووین.

یاریدەدەر١:

مەبەستت دوکتۆرە؟.

یاریدەدەر٢:

ئەی کێ؟!. لەو زیاتر کێ هەیە؟.

یاریدەدەر١:

بەڵام کوا دوکتۆر؟ کی دەزانێ لە کوێیە و چی بەسەرهاتووە؟.

زانا:

(بەدزەدزە دێتە سەر شانۆ)

یاریدەدەر١:

(دەیبینێ) دوکتۆر..

یاریدەدەر٢:

دوکتۆر باش بوو هاتیت.. فریامان کەوە.. چارمان چییە؟.

زانا:

(ماندووە. دادەڕمێتە سەرزەوی).

یاریدەدەر١:

چۆنت زانی ئێمە لێرەین؟.

زانا:

نەمدەزانی.. لە کوێوە بیزانم؟.

یاریدەدەر١:

ئەی چۆن هاتیت؟.

زانا:

ئێوە چۆن هاتن؟!.

یاریدەدەر١:

وتمان گۆڕستان بۆ خۆ حەشاردان لە هەموو شوێنێ باشترە.

زانا:

منیش وەك ئێوەی بۆ چووم.

یاریدەدەر١:

ئەی تۆ بۆمان باس بکە.. دوای ئێمە چیت بەسەرهات؟.

زانا:

منیش دوای ئێوە هەڵاتم. بەڵام دیم.. ئێوە نەتاندی؟.

یاریدەدەر٢:

چی؟!.

زانا:

ڕیشەکێشکردن.

یاریدەدەر٢:

ڕیشەکێشکردن چییە؟.

زانا:

(دەکەوێتە سەر پێ. بەجۆرێك لە نواندنەوە)

ڕیشەکێشکردن.. یانی زەلامێك.. یانی من یا تۆ.. هین.. ئاوا.. ملی.. ئیتر.. نازانم.. وازم لێ بێنن.

یاریدەدەر١:

کەوابێ ئێمەشیان بەردەست بکەوێ..

زانا:

بێگومان.

یاریدەدەر٢:

ئەی دەفەرمووو جەنابی دوکتۆر فریامان بکەوە.. فەرمووو چۆنت تووش کردووین، وەهاش ڕزگارمان بکە.

(دەنگەدەنگێك لە دەرەوەی شانۆ. زانا و یاریدەدەران خۆیان حەشار دەدەن. باوکێك و دوو لاو دێنە سەر شانۆ)

باوك:

وا مەرگی یەکەمتانم بینی و، بەم دەستانەم ناشتم. مەرگی دووەمتان دڵم دەتەقێنێ. تکاتان لێ دەکەم ئێوە وەك کاکتان مەکەن و، فەرمایشتەکەی ئەو زۆردارە بەجێ بێنن.

لاو١:

بابە.. چۆن ئەو داوایەمان لێ دەکەیت؟ تۆ خۆت فێرت کردووین، کە ئەگەر سەریشمانی تێدا بچێ، قەت مل بۆ زۆر و جەور نەدەین، کاکیشمان پەیڕەوی ئامۆژگارییەکەی تۆی کرد، من دڵنیام ئەگەر زیندووی بکەینەوە پەشیمانی نانوێنێ.

باوك:

کوڕەکەم لێم مەگرە.. منیش لە ئامۆژگارییەکەم پەشیمان نیم. بەڵام ڕەنگە..

لاو٢:

ڕەنگە چی؟. زۆر و جەورە و، پاشایەکی دڕندەی نەگریس دەیکا.. بەوێنەیەکیش کە مەگەر تەنیا لە ئەهریمەن بوەشێتەوە.

لاو١:

ئەهریمەن؟. ئەهریمەن قەت ئەم شێوە دڕندایەتییەی بەبیردا نەهاتووە.

لاو١:

بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە!. چۆنچۆنی بیری بۆی چووە؟. گریان.. مڕومووچی.. کڕووزانەوە.. تەنانەت بیرکردنەوە لە خەفەتخواردن قەدەغە بێ و، بەردەوام پێ بکەنیت!. ئەگەر نا سزات ڕیشەکێشکردن بێ.. ڕیشەکێشکردن.

لاو١:

بابە.. تۆیەك کە کەمێ لەمەبەر، کوڕی گەورەی ڕیشەکێشکراوت بەدەستی خۆت بەخاك سپارد، دەتوانیت لە قاقا بدەیت.. پێ بکەنیت.. تەنانەت وشکە زەردەیەکیش بخەیتە سەر لێوانت.. دەتوانیت؟.

باوك:

لەعنەتت لێ بێ.. لەعنەتی ئاهوورات لێ بێ، هەی لە ئەهریمەن ئەهریمەنتر. تۆ لە چ قوڕنەیەکی دۆزەخدا بەسترابوویتەوە و بەرەڵا کرایتە گیانمان؟. چۆن بەرەڵا کرایت و، کێ بەرەڵای کردیت.. کێ.. کێ؟!.

لاو١:

بابە گیان هێور بەرەوە.. تکایە هێور بەرەوە.

باوك:

(هێور دەبێتەوە. هەردوو لاو بەدیارییەوە خامۆش دەبن. خشپەخشپێکیان دێتە بەرگوێ. هەردوو لاو (سەرکزن. وەڵام نادەنەوە).

باوك:

دانیشن.

زانا. یاریدەدەران: (دادەنیشن).

لاو١:

بابە.. باوەڕیان پێ مەکە.. جاسووسن.

باوك:

نا کوڕەکەم.. نەء. جاسووس نین. بگرە ئەمانیش لە ترس ڕیشەکێشکردن هەڵاتوون. (بۆ زانا و یاریدەدەران) بەهەرحاڵ وا ئێستا چارەنووستان لەگەڵ

چارەنووسماندایە. بەدەستی خۆتان چاڵتان بۆ خۆتان هەڵکەند. ئێستا فەرموون بدوێن. چی دەکەن و نیازی چیتان هەیە؟.

زانا:

(دەکەوێتە هاتوچۆکردن و بیر دەکاتەوە. ڕادەوەستێ و بەبێ قسە، ڕووی پرسیار لە یاریدەدەران دەکا. ئەوانیش دەکەونە هاتوچۆ و بیرکردنەوە. ڕادەوەستن و ناگەنە ئەنجام)

باوک:

(هەڵدەستێتە سەر پێ)

شمشێر دەردێنن. دەچن زانا و یاریدەدەرانی دێننە سەر شانۆ)

باوک:

ئێوە چین و کێن؟.

زانا، یاریدەدەران: (وەڵامیان بۆ نادرێتەوە).

لاو١:

بابە.. ئەمانە جاسووسن.

لاو٢:

ئا باوکە.. جاسووسی پاشان.. تۆ بڕوانە جلوبەرگیان.. بڕوانە چۆن شێوەی خۆیان گۆڕیوە.

زانا:

(بۆ باوک).. نا بەڕێز.. نا.. ئێمە جاسووسی پاشا نین.

باوک:

ئەی چین؟.

زانا:

زانا.. من زانای شوێنەوارم و، ئەمانیش یاردەدەرمن.. یاریدەدەر.

باوک:

ئاها!.. کەوابوو تۆ بوویت.. ئێوە بوون.

زانا، یاریدەدەرن:

گوێ بگرن بامن پێتان بڵێم. دەزانن دەبێ چی بکەین؟ دەبێ بەهەر شێوەیەك بووە، جەنابی پاشا بئاخننەوە ناو تابووتەکەی. ئەوە تاقە چارەسەرە. چەندیش زوو بکەن درەنگە.. بۆ خۆتان و بۆ ئەو هەزاران سەرەی تر کە بەڕێوەن، بەرپیشەکێشکردن لە لەشیان جیا دەکرێنەوە.

زانا:

دەمخۆش.. زۆر بەجێیە. بەڵام چۆن؟.

باوك:

چۆن سەریت هەڵدایەوە، ئاوەهاش سەری بنێرەوە.

زانا:

بەسەرچاو.. دەیکەم. بەڵام یەکەم: چۆن دەستمان بە تابووتەکە بگاتەوە. دووەمیش: چۆن ئەو جانەوەرە بەگیربێنین و، بیخەینەوە ناو تابووتەکە؟.

باوك:

گوێ بگرە.. بۆ یەکەم: ئێمە خۆمان دەستت بە تابووتەکە دەگەیەنین. بۆ دووەمیش: لە کاتی خۆیدا تێت دەگەیەنم چۆن.

تاریکی

دیمەنی سێیەم

(ڕووناکی. پاشا ڕووەو بنەوەی شانۆ لە سوژدەدایە. تابووتەکەی لە نزیکییەوە دانراوە)

دەنگی ئەهریمەن:

من لێت ڕازی نیم. تۆ هێشتا ئاسوودەت نەکردووم.

پاشا:

بمبەخشە سەروەرم.

دەنگ:

من لەناو هەزاران پاشا و میر و سەرداردا تۆم هەڵبژارد و، پشتم پێ بەستیت..

تۆم بەو خاوەن دەستە پۆڵایینە زانی، کە ئەو یاسا پیرۆزەم بۆ بسەپێنیت. کەچی کوا؟.

پاشا:

سەروەرم.. چۆنت پێ سپاردووم بێ دریغیکردن بەجێم هێناوە.

دەنگ:

بەڵام سەرپێچیکاران هێشتا هەن.

پاشا:

تاقیان ناهێڵم.. دەیانهاڕم.. بەرەچەڵەکیاندا دەچمە خوارەوە.

دەنگ: (بەدەم وردەوردە کزبوونییەوە)

لە بن دەستتەوەن.. لە بندەستتەوە.. لە بن دەستیەوە.

پاشا: (هەڵدەستێ. وەردەچەرخێ)

شارات.. کورە شارات..

زانا:

(دێتە سەر شانۆ. بەتەوسەوە)

ئەمرکە پاشای خۆشی و شادی!.

پاشا:

(سەرسامی).

شارات.. کورە هۆ شارات.

زانا:

عەزێت مەکێشە.. هەموو شاراتەکانت، بەگۆڕەکانی خۆیان شاد و شوکور بوونەتەوە و، ئێستا وا نۆرەی تۆیە.

پاشا:

من؟!.. تۆیەکی زەبوون دەتوانیت من...

زانا:

ئا تۆ.. تۆ و بۆ هەتا هەتایە.

پاشا:

ناتوانیت.. مردوو نامرێنرێتەوە.

زانا:

ناتمرێنمەوە.. دەتنێژمەوە. (دەستی بۆ تابووتەکە درێژ دەکا).. دەی.

پاشا:

ناچم.

زانا:

ناچیت؟!. (ئیشارەت بۆ ئەملا و ئەولای شانۆ دەکا).. وەرن.

یاریدەدەران: (دێنە سەر شانۆ)

زانا:

دەی.. گۆڕبەگۆڕی بکەنەوە.

پاشا:

ناچم.. ناتوانن. ڕیشەکێشتان دەکەم.. دەتانهاڕم.. دەتانسووتێنم و، خۆڵەمێشتان بە با دەدەم.

یاریدەدەران:

(پەلاماری دەدەن. دەیخەنە تابووتەکەوە).

پاشا:

نابێ.. ناکرێ.. ناتوانن.. سەرپاکتان ڕیشەکێش دەکەم. بەرەچەڵەکتاندا دەچمە خوارەوە. دنیاتان بەسەردا دەڕووخێنم. بەسەر ئێوە و بەسەر خۆشمدا. دوای من نابێ کەس بمێنێ.. نابێ هیچ شتێك بمێنێ... نابێ دنیاش بمێنێ.

یاریدەدەران:

(پاڵی دەخەن)

زانا:

(سەرقاپی تابووتەکە دادەداتەوە. دێتە پێش دەمی شانۆ)

بـەڕێزان بـمـبـەخشن.. وا بـزانم بـۆتـان دەرکـەوت، کـە مـن چـەنـدە مێژوونـاس و زانـایـەکی شوێنەواری کۆنم، هێندەش ئەکتەرێکی بـاشم و دەتوانم چاك تێکەڵ بەیەکتریـان بکەم. من لـەم ڕووەوە لە خۆم دڵنیام. بەڵام هێندەی پێوەندیی بە ئێوەوە هـەبێ، هیوادارم دڵی کەستـانم نـەیـەشاندبێ و، خوانـەخواستـە هیچ نووکە دەرزییەکم بـەبنی نینۆکی کەستـاندا نـەکردبێ. بـاوەڕم پێ بکـەن من کـابرایـەکی زۆر دڵسافم و ڕقم لـە کـەس نییە، حـەز نـاکـەم کـەسیش ڕقی لێم بێ. بەڵام هێندە هـەیـە، کـە ڕقـێکی ئـەستـوورم بـەزگـمـاکـی سەبـارەت بـەزوڵم و زۆر، لـە بـاو و بـاپیرانـەوە بۆ مـاوەتـەوە. مـەبـەستیشم لـەوەی بـینـیتـان، دەربـڕیـنـی ئـەو ڕقـەیـە. بەهـەرحاڵ، هـەر چۆنێك بوو من کـابرام گۆڕبـەگۆڕ کردەوە. ئیتر خۆتـان و خوای خۆتـان.

تـاریکی

لـە ژمـارە (١٢)ی ئـەیلوولی (١٩٨٣)ی کۆواری (کـاروان)دا بۆ یـەکـەم جـار بڵاو کراوەتـەوە.

# شانۆنامەی جەنابی جانەوەر

## پەردەی یەکەم

(پەردە دەروویەکی بچووکی تێ دەخرێ. ئەودیوی بەتاریکی دەهێڵرێتەوە. ئەمدیوی لەگەڵ دەرکەوتنی هەقایەتخواندا لە دەرووەکەوە، ڕووناك دەکرێتەوە)

هەقایەتخوان:

بەڕێزان.. دیارە ئێوە بەر لە هەموو شت دەپرسن، ئاخۆ مەبەست لەم رستەی جەنابی جانەوەرە چییە، کە ئێمە کردوومانەتە ناونیشانی شانۆگەرییەکەمان و، ئێوەمان بۆ بینینی بانگ کردووە؟ دیارە دەشپرسن: وا جەناب جەنابە، ئەی جانەوەر چییە؟ یا جانەوەرە ئەی جەناب چییە؟ ئێوە زۆر زۆر هەقتانە. ئێمە نکووڵیمان لەوە نییە، کە مرۆڤ ئاسایی یا جەناب دەبێ یا جانەوەر. یا هەندێ جار دەشێ ببێتە، ناجەنابی جانەوەر، یا جانەوەری ناجەناب. بەڵام بوونی هەم بەجەناب و هەم بەجانەوەر، کارێکی ئاسایی نییە. ئا بەڵێ.. ئاسایی نییە و ئێمەش وا دەڵێین. کەچی ڕووی داوە.. بەداخەوە ڕووی داوە و، ئەوەتا هەقایەتەکەیتان بۆ دەگێڕینەوە.

بەڕێزان.. ئەو جەنابە جانەوەرە بەسەروسەکوت و، بەلەشولار و، بەسەراپای ئەندامانی جەستە، واتە بەقاوغ، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئۆمەتی محەمەد و غەیری محەمەدا نییە. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەش، فەرموون خۆتان لە نووکی پێیەوە تا تەوقی سەری، سەرنجی بدەنێ و لێی وردببنەوە.. ها فەرموون..

جەنابی جانەوەر:

(دێتە تەنیشت هەقایەتخوانەوە و ڕادەوەستێ).

هەقایەتخوان:

(جەنابی جانەوەر دەسوورێنێ و پێشانی دانیشتوانی دەدا)

فەرموون.. جانەوەرییەکەی کامەیە؟!.. بەسەزمانە نە شاخی هەیە، نە کەڵبە و شفرە، نە چنگ و نینۆکی چەقۆئاسا، نە دەم و قەپۆزێکی سامناك و، نە سەر و

هەیکەلێکی تۆقێنەر. دوا جار نە چاوانیشی کڵپەی ئاگریان لێ دەپەڕێ.

(بەدەمییەوە دەست لەو ئەندامانەی لەشی دەکوتێ)

فەرموون.. باش تێی بڕوانن.. من هەر لە خۆتان دەپرسم: کامەیە نیشانەی جانەوەرییەکەی؟ وا دیارە درۆیە و ئەسڵی نییە. نە جەنابە و نە جانەوەر. بگرە مرۆیەکی زۆر ئاساییە.

(ڕووی قسە لە جەنابی جانەوەر دەکا)

وا نییە مامۆستا؟.

جەنابی جانەوەر:

(شتێك بەگوێی هەقایەتخواندا دەچرپێنێ).

هەقایەتخوان:

ببوورە.. ببوورە مامۆستا.

(بۆ دانیشتووان)

ڕاست دەکا.. هەقی خۆیەتی.. دەڵێ جانەوەر نیم. بەڵام جەنابم.

(بۆ جەنابی جانەوەر)

ئۆکەی.. دەفەرموو خواحافیزت بێ جەنابی مامۆستا.

جەنابی جانەوەر:

(دەچێتەوە پشت پەردە).

هەقایەتخوان:

بەڕێزان.. جەنابی جانەوەر بەقاوغ وەهایە. مرۆڤێکی ئاساییە وەك هەر یەکێك لە ئێمە . بەڵام وەکی تر، ئەگەر بەو شێوەیەی کە لە فیلمی کارتۆندا ڕوو دەدا، چنگ بەگەروودا شۆڕ بکەینەوە ، ناوەوەی بۆ دەرەوە و دەرەوەی بۆ ناوەوە هەڵەوداگێڕ بکەین، ئەو جەنابی جانەوەر بەبارە ڕاست و دروستەکەی خۆیدا دەبینین.. فەرموون بڕوانن..

جەنابی جانەوەر:

(لە شێوەی جانەوەرێکدا، دێتەوە و لە تەنیشت هەقایەتخوانەوە ڕادەوەستێ).

هەقایەتخوان:

(بێ ئەوەی ئاوڕی بەلای جەنابی جانەوەردا بێتەوە).

فەرموون.. ئایا ئەمە تەنیا جەنابە.. یا..

(ئاوڕی بەلادا دەداتەوە. دەتۆقێ و هەڵدێ).

جەنابی جانەوەر:

(جۆرە مرقەمرق و بزاوتێکی دڕندانە دەکا و، دەکشێتەوە پشت پەردە).

هەقایەتخوان:

(دێتەوە بەر ڕووناکی و بەپێکەنینەوە)

ماڵت بەقوڕ گیرێ دەرهێنەر. کوڕە تۆش ئارایشتکار. خۆ وامان نەوت. خەجاڵەتتان کردم.

(بۆ دانیشتوان)

بەهەرحاڵ بەڕێزان.. شانۆگەرییەکەمان باسی لە مرۆڤێکە، کە بە قاوغ دروست وەك ئێمەیە. بەڵام بەناواخن جیاوازییەکە نێوانی ئاسمان و ڕێسمانە. ئینجا من کە گێڕانەوەی هەقایەتەکەم، بەمەبەستی لە ڕووخستنی ئەو جیاوازییە پێ سپێردراوە، بەپێویستی دەزانم بەم شێوەیە بۆتانی بگێڕمەوە: یەکەم: ئەوەی بەتەمسیل بکرێ، بەتەمسیل نیشانتانی دەدەم. ئەوەشی وەها نەلوێ، بەقسە بۆتانی باس دەکەم. سا ئێستا پێشەکی پێتانی ڕادەگەیەنم، کە جەنابی جانەوەر بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای دروستکردنی زەڕەبینە و، بۆ ماوەی تەنیا شەش سەعات، واتە دەوامی فەرمی تەنیا یەك تاکە ڕۆژ، فەرمانڕەوایی کۆمپانیاکە دەکا. بۆیە منیش لەلای خۆمەوە، سەعات بە سەعات کار و کردەوەکانی ئەو جەنابی جانەوەرەتان بۆ دەگێڕمەوە و، ئێستاش فەرموون لەگەڵ سەعاتی یەکەمدا، کە بە تەمسیل نیشانتانی دەدەم.

(هەقایەتخوان دەچێتە دەرەوە، پەردە لادەدرێ و سەر شانۆ ڕووناك دەکرێتەوە. شوێن: ژووری بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیایە. کەلوپەل تێیدا بەشێوەیەکی نائاسایی دانراون.. نائاساییەك کە لەگەڵ جۆری جانەوەرێتییەکەیدا بگونجێ. بەڕێوەبەری گشتی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدایە، بەڕەزامەندییەوە بە

کەلوپەلەکاندا هەڵدەڕوانێ و، لەبەر خۆوە دەدوێ)

ئێستا کۆکە.. ئا.. مێشکەکە ئیش دەکا. خۆ گاڵتە نییە. مێشکێکی بلیمەتە. بۆ هەربـاسێك و، دەمـودەست نـەخشەی خـۆی پـێیە. قـەت دانـەمـاوە و، قـەتیش دانـامـێنـێ. ئەی چۆن!. گوایە بیەڵم کار هەر لەسەر ئەو ئاژاوە و بەرەڵاییە بـەردەوام بـێ؟. نـەخـێر.. چـۆن مـاوە دەدەم. چـاویـان دەردێنـم. گـوێیـان دەبـڕم. زمـانیـان لـە کونی لووتیـانـەوە دەردەکێشم. ئەی چۆن. خۆ نەهـاتووم دانیشم دۆمینە و ئەزنیفیان لەگەڵدا بکەم. نا نەخێر.. هاتووم دۆزەخیان پێ نیشان بدەم. ئا بەڵێ.. هەتا نەیانکەمەوە بە ئادەمی وازیان لێ ناهێنم.

(کەمێ بێدەنگی و، لە ناکاو دەداتە قاقای پێکەنین)

ئافەرم.. ئافەرم مێشکە بلیمەتەکە. هیچ گرفتێکت لێ گیر نابێ. بۆ هەریەکەیان و دەمودەست چارەسەر.. نەخشەی پڕ بەپێستی خۆی.

(لە پێکەنین دەکەوێ. دەچێتە پشت مێزەکەوە و دادەنیشێ. لە زەنگ دەدا و خۆی بە نووسینەوە خەریك دەکا).

بەردەست:

(دێتە ژوورەوە)

بەڵێ..

بەڕێوەبەری گشتی:

(خەریکی نووسینە)

بەردەست:

بەڵێ قوربـان.

بەڕێوەبەری گشتی:

(سەر بەرز دەکاتەوە)

بۆچی هاتوویتە ژوورەوە؟.

بەردەست:

قوربـان زەنگت لێ دا.

بەڕێوەبەری گشتی:

من؟!.. زەنگ؟!.. زەنگی چی؟!. شێت بوویت؟.

بەردەست:

قوربان..

بەڕێوەبەری گشتی:

بڕۆ دەرەوە.. وەلبە.

بەردەست:

(دەچێتە دەرەوە).

بەڕێوەبەری گشتی:

ئم.. ئەی چۆن!.. ئەئاوا.

(پەنجەی بە دوگمەیەکی سایکرۆفۆنەکەی تەنیشتیدا دەنێ)

ئە.. ئوو.. ئا..

(خۆی بەنووسینەوە خەریك دەکا)

سکرتێر:

(دێتە ژوورەوە)

بەڵێ..

بەڕێوەبەری گشتی:

(وەڵام نییە)

سکرتێر:

بەڵێ مامۆستا.

بەڕێوەبەری گشتی: (سەر بەرز دەکاتەوە)

چیت دەوێ؟.

سکرتێر:

داوات کردم.

بەڕێوەبەری گشتی:

منم؟!.. تۆ بەهەڵەچوویت.

سکرتێر:

بمبەخشە. (دەکشێتەوە)

بەڕێوەبەری گشتی:

گوێ بگرە.

سکرتێر:

بەڵێ ماموٚستا.

بەڕێوەبەری گشتی:

نامەوێ جارێکی تر ئەمەت لێ دووبارە ببێتەوە. وتیان تۆ سکرتێرێکی شارەزا و لێهاتوویت. بەڵام کوا؟.

سکرتێر:

ئاخر..

بەڕێوەبەری گشتی:

وتم نامەوێ لێت دووبارە ببێتەوە. گوێت لێم نەبوو؟.

سکرتێر:

با بەڵێ.. بەڵێ ماموٚستا. (دەچێتە دەرەوە).

بەڕێوەبەری گشتی:

(لەبەر خۆوە)

ئافەرم.. لێت ناترسم.. دەیانکەیت بەئادەمی. دڵنیام کە دەیانکەیت.

(دەدا لە قاقای پێکەنین. بەدەمییەوە لە زەنگ دەدا).

بەردەست:

(دێتە ژوورەوە).. بەڵێ قوربان..

بەڕێوەبەری گشتی:

هەمدیس؟!.. برۆ دەرەوە.

(لە سایکرۆفۆنەکەوە بۆ سکرتێر).. وەرە.

سکرتێر:

(دێت).. بەڵێ.

بەڕێوەبەری گشتی: ئەو چوار پێیە تێ بگەیەنە کە وەختێ لە زەنگ دەدەم، وەك ڕەشەبا خۆی بەژووردا نەکا. تێی بگەیەنە کە یەکەم جار دەبێ بێت بۆ لای تۆ. تۆش ئاگەدارم بکەیت کە ئامادەیە بێتە ژوورەوە. ئەوسا ئەگەر وتم: با بێت ئینجا دێت. تێ گەیشتیت؟.

سکرتێر:

(دەحەپەسێ).

بەڕێوەبەری گشتی:

بۆچی حەپەساویت؟!. تێ گەیشتیت چیم وت؟.

سکرتێر:

با بەڵێ مامۆستا.. بەڵێ تێگەیشتم. (دەچێتە دەرەوە)

بەڕێوەبەری گشتی:

(لەبەر خۆوە)

وا دەزانن گاڵتەی مندالانە. یا ڕەنگە وا بزانن هاتووم نان و پیازیان لەگەڵدا بخۆم. یاهوو ئەمانە عەجەب وەحشییەکن! ئەمانە قەت ئادەمی نین. چوار پێیەکن ئاو لێڵ ناکەن. ئەقڵیان بەهیچ ناشکێ.. هەر هیچ. ناهەقیشیان نییە. بەرەڵا بوون. بێ شوان بوون. کەس نەبووە فێری وێڵ وئوسووڵ و نیزامیان بکا. بۆیە ئەم وەحشییانەیان لێ دەرچووە. بەڵام بۆم ڕاوەستن.. دەبینن چۆنیان تەمێ دەکەم.

(ڕادەپەڕێتە سەر پێ. شتێك لەسەر پارچە کاغەزێك دەنووسێ. لە زەنگ دەدا. بەردەست نایەت بەدەنگییەوە. لە سایکرۆفۆنەکەوە)

کوا ئەو گوێرەکەیە؟!.. زەنگم لێ دا.

بەردەست:

(بەپرتاو خۆی بەژووردا دەکا)

بەڵێ قوربان.

بەڕێوەبەری گشتی:

(بەتووڕەییەوە)

ئەوە چیتە؟!.. ڕاونراویت؟.

بەردەست:

قوربان..

بەڕێوەبەری گشتی:

هش.. بگرە.. (کاغەزەکەی دەداتێ).

بەردەست:

(وەری دەگرێ و چاوەڕێ دەکا)

بەڕێوەبەری گشتی:

بۆ چەقیویت؟.

بەردەست:

قوربان..

بەڕێوەبەری گشتی:

وەلبە.

بەردەست:

قوربان بۆ کێ؟!.

بەڕێوەبەری گشتی:

(دەنەڕێنێ) بۆ سکرتێر.

بەردەست:

ڕادەکاتە دەرەوە.

بەڕێوەبەری گشتی:

(سووڕێك بەناو ژوورەکەدا دەخوا. لەپڕ بەهەڵەداوان دەچێتەوە پشت مێزەکە و لە

سایکرۆفۆنەکەوە)

کوان؟!..

(سوورێکی تر و شاڵاویکی تر و لە سایکرۆفۆنەکەوە دەشیرێنێ) کوا؟!.. بۆ نەهاتن؟!.

سکرتێر:

(دێتە ژوورەوە)

مامۆستا ببوورە.. حازرن.

بەڕێوەبەری گشتی:

باشە با کەمێ چاوەڕێ بکەن.

سکرتێر:

(دەچێتە دەرەوە)

بەڕێوەبەری گشتی:

(دەڕوانێتە سەعاتەکەی دەستی. وای نیشان دەدا کە کاتیان بۆ ڕادەگرێ. بەدەمییەوە)

خۆ هەوانتە نییە. بەڕێوەبەرن نین چاویان دەردەهات. هیچیان لەوانی تر نەگەڕاوەتەوە. بگرە دڵنیام کە لە کارمەندە گەجەر و گوجەرەکان وەحشیترن. بۆیە دەبێ یەکەم جار ئەمان بکەمەوە بەئادەمی. دەبێ بەمان دەست پێ بکەم. خۆ چاکتر وایە سەرەتا خاوەن دوکتۆراکە لە مەنگەنە بدەم. دوکتۆرا؟!. تڕحێو!. من ئەم قوڵەم لە بندا دەبڕم، ئەگەر ئەو تەنانەت لە پسپۆڕییەکەی خۆشیدا، بەسەدیەکی منی لێ بزانێ. جا بۆ دوور بڕۆین. ئەوە ئەرز و ئەوە گەز.

(دەچێتە پشت مێزەکە و لە سایکرۆفۆنەکەوە)

با بەڕێوەبەری تەکنیکی بێت.

بەڕێوەبەری تەکنینکی:

(دێتە ژوورەوە)

ڕۆژباش.

بەڕێوەبەری گشتی:

(خۆی خەریکی نووسین کردووە. بێ وەڵامدانەوە و سەر هەڵبڕین، دەست بۆ کورسییەکی تەریکی دوور درێژ دەکا).

بەڕێوەبەری تەکنیکی: (بۆ کورسییەکە دەڕوانێ کە بەشێوەیەکی نابەجێ دانراوە و سەرسام دەبێ).

بەڕێوەبەری گشتی:

(سەر هەڵدەبڕێ. ئیشارەتەکەی دووپات دەکاتەوە)

دانیشە.

بەڕێوەبەری تەکنیکی:

(دەچێ دادەنیشێ. سەغڵەتە).

بەڕێوەبەری گشتی:

گوێ بگرە دوکتۆر.. با لە ڕوو بدوێین. تۆ حەز دەکەیت لە ڕوو بدوێین؟

بەڕێوەبەری تەکنیکی:

بەڵێ بێگومان.

بەڕێوەبەری گشتی:

چاکە.. بەر لە هەموو شت تۆ پێویستە ئەوە بزانیت، کە من پیاوێکم بەمێشك ئیش دەکەم. ڕاستە من بەپێی باوەڕنامە، زانیاریی وردم لە زەرەبین و زەرەبینکاریدا نییە. بەڵام مێشکێك کە بلیمەت بوو، دەتوانێ سەر لە هەموو شتێك دەربکا.. لە هەموو شتێك.. وایە یان نا؟

بەڕێوەبەری تەکنیکی:

(دوای کەمێ ڕامان، بەدەنگی نزم)

بەڵێ..

بەڕێوەبەری گشتی:

ها؟!.. گوێم لێت نییە.. دەنگ هەڵبڕە.

بەڕێوەبەری تەکنیکی:

(بەدەنگێکی کەمێ بەرزتر)

بەڵێ وایە.

بەڕێوەبەری گشتی:

ئینجا با پێت بڵێم: مەسەلەی زەڕەبین و زەڕەبینکاری، مەسەلەیەکی ئاسان نییە. هەموو کەس ناتوانێ خۆی لە قەرەی بدا. مێشکێکی بلیمەتی پێ دەوێ، کە لەکەللەی سەری بلیمەتێکدا بێ. سا بەم بۆنەیەوە ناچارم پێشەکی ئەوەم لەلا ڕوون بێتەوە، کە ئایا کەللەی سەری جەنابت مێشکی تێدایە؟

بەڕێوەبەری تەکنیکی:

(تەنگەتاو دەبێ و، وەڵامی بۆ نادرێتەوە).

بەڕێوەبەری گشتی:

بۆچی وەڵام نادەیتەوە؟!. من پرسیارت لێ دەکەم.. کەللەی سەرت مێشکی تێدایە؟

بەڕێوەبەری تەکنیکی:

(بەناچارییەوە) بەڵێ.. با.

بەڕێوەبەری گشتی:

ئەی بۆچی لە کارەکەتدا بێ مێشکیت؟

بەڕێوەبەری تەکنیکی:

بەڵام من..

بەڕێوەبەری گشتی:

بەس.. من قسە لە قسەمدا ناکرێ. ئەمەش هەر نیشانەی بێ مێشکیتە، دەنا زوو دەتزانی کە من لەو بابەتە کەسانە نیم، کە بتوانرێ قسە لە قسەمدا بکرێ. بەڵام بڵێم چی؟ تۆ وابیت کە وتیان گوایە شایەکەیانیت، ئەی ئاخۆ ئەوانی تر چۆن بن؟ وەڵا ئیشمان باشە و تەواومان کرد!. دەی باشە.. تۆ هیچ لە جوگرافیا دەزانیت؟

بەڕێوەبەری تەکنیکی:

(هەوڵی وەڵامدانەوە دەدا و ناتوانێ).

بەڕێوەبەری گشتی:

(بەردەوام دەبێ)

تۆ گوێ بگرە.. من رام وایە و رایەکەشم تەواو ڕاست و دروستە، کە ئەوەی شارەزایی لە جوگرافیادا نەبێ، هیچ لە.. ئا.. هیچ لە.. بۆ نموونە دوکتۆراکەی خۆت.. ئێ.. یەعنی هیچ لەو باسە و لە زەرەبینیش نازانێ. واتە ناشتوانێ ببێتە بەڕێوەبەری تەکنیکی. وانییە؟

بەڕێوەبەری تەکنیکی:

(وەڵام ناداتەوە).

بەڕێوەبەری گشتی:

تۆ بڵێ چۆن؟!. چونکە من وا دەڵێم. شتێکیش کە من بیڵێم، قابیلی هەڵە نییە و بێ چەندوچۆن دروستە. تۆ و بگرە ئێوە هەمووتان، دەبێ ئەمەتان باش لە مێشك بچەسپێ. ئەمە دەستوورە. تێ دەگەیت؟

(دەست دەداتە ئەتڵەسێك کە لەسەر مێزەکەی دایناوە. بەرگەکەی دەخوێنێتەوە)

ئەتڵەس بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی

(دەیداتە دەست بەڕێوەبەری تەکنیکی)

سەعییەکی باشی تێدا بکە. تاقیکردنەوەی لە دوایە.

بەڕێوەبەری تەکنیکی:

(بەحەپەساوییەوە وەری دەگرێ).

بەڕێوەبەری گشتی:

( لە سایکرۆفۆنەکەوە بۆ سکرتێر)

با ئەوانیش بێن.

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان و ئیدارە:

(دێنە ژوورەوە. بەڕێزەوە سلاو دەکەن و، دەستی تەوقەکردن درێژ دەکەن و، تەوقە نییە. بەشێوەی بەڕێوەبەری تەکنیکی کرداریان لەگەڵدا دەکرێ. لەسەر قەنەفەیەکی نائاسایی دانراو دادەنیشێنرێن. بە سەرسامییەوە دەڕواننە یەکتر)

بەڕێوەبەری گشتی:

(دەچێتەوە جێی خۆی دوای ماوەیەك خامۆشی، بەسەر و زمانێكی شیرینەوە)

ئێ برایان.. ئا براكانم بمبەخشن. نازانم چۆن دەست پێ بكەم.. ئێوە خۆتان دەزانن كە من.. (لە قسەكردن دەوەستێ و لە سایكرۆفۆنەكەوە) ئادەی باوكەكەم.. بەو كوڕە باشە بڵێ چا و قاوەمان بۆ بێنێ. بڵێ ئاویش.. ئا ئاویش.

(پشت مێز جێ دێڵێ و، بەبەردەمیاندا دێ و دەچێ)

كاكینە بمبەخشن.. ئێوە خۆتان دەزانن كە من بابایەكم بەدرێژاییی ژیانم لە خزمەتی كۆمەڵدا بووم. هەموو كات مۆمێك بووم خۆم بۆ بەرژەوەندی گشتی سووتاندووە. قەت دڵی مێشولەیەكم لە خۆم عاجز نەكردووە. من چاك دەزانم كە هەریەكێ لە ئێوە، ئەگەر زیاتری لەباردا نەبێ كەمتری نییە. جیاوازی لە نێوانماندا تەنیا هێندەیە، كە سوودی گشتی وای خواستووە، من ببمە سەرۆك بەسەر ئێوەوە، دەنا ئێوە هیچتان لە من كەمتر نییە. لەبەرئەوە تكاتان لێ دەكەم كە بەپێوانەی سەرۆك و ناسەرۆك مامەڵەم لەگەڵدا مەكەن، بگرە من برا بچووك و ئێوە برا گەورە. من دەزانم ئێوە ئەگەرچی یەكەم جار چاومان بە چاوی یەكتر دەكەوێ و ڕووبەڕوو قسەم لێ دەبیستن، بەڵام پێشتر ناوبانگتان بیستووم، كە چ جۆرە مرۆڤێك و لە چ جۆرە مەعدەنێكم. دڵنیام ئەو قسە بەناوبانگەتان لە بارەمەوە بیستووە، كە بەسەرزاری هەموو خەڵكەكەوەیە. من بەپێویستی نازانم بەدەمی خۆم بیڵێمەوە. جوان نییە پیاو ستایشی خۆی بكا.

برایان.. با درێژەی نەدەمێ. دەزانم ئێوەش باوەڕتان وەك منە، كە كاركردن پیرۆزترین ئەركی سەرشانی مرۆڤە. دووبارەشی دەكەمەوە كە بەندە بە برایەكی بچووكی خۆتان دابنێن نەك بەسەرۆك. ئیتر فەرموون بچن بەوپەڕی دڵنیاییەوە، ئەركی پیرۆزی سەرشانی خۆتان بەجێ بێنن و زۆر سوپاس.

هەرسێ بەڕێوەبەر:

(بەدەم واق وڕمانەوە هەڵدەستن و بەرەو دەرەوە هەنگاو دەنێن)

بەڕێوەبەری گشتی:

ئا.. كاكینە.. بمبەخشن.. با كاكی بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان.. نازانم كامتان ئەوە.. بمێنێتەوە.

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:

(دەمێنێتەوە)

بەڕێوەبەری گشتی:

(دەچێتەوە قاڵبی جانەوەرێتییەکەی و بەو دەستووره کردار لەگەڵ ئەم بەڕێوەبەرەشدا دەکا. ئینجا..)

جەنابت دەرچووی چ کۆلێجێکیت و چ ساڵێك؟

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:

بازرگانی و ئابووری.. ساڵی پەنجا و شەش.

بەڕێوەبەری گشتی:

پەنجا و شەش!.. ئێ.. یانی دەبێ لە کارەکەتدا چقەت دەرکردبێ!. ئەی کوا؟

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:

مامۆستا ئەوی..

بەڕێوەبەری گشتی:

(قسەی پێ دەبڕێ)

تۆ بە خەیاڵی خاوی خۆت، ڕەنگە وا بزانیت کە من لێتان بێ خەبەرم.. ها.. ڕەنگە وا بزانیت!. بەڵام تۆش و یەك بەیەکی ئەم کۆمپانیایەش دەبێ ئەوە باش بزانن، کە من لە هەموو شتێك ئاگەدارم و، یەك بەیەکتان چاك دەناسم کە چ بوودەڵە و تەوەزەلێکن. با یەکەم کەسیش سووکە پەنجەیەك بەچاوی جەنابتا بکەم.. جەنابی گوایە بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان. ئایا جەنابت ئاگەداری ئەو ئاژاوەیە هەیت کە لەم دەزگایەدا هەیە؟ دیارە ئاگەداریت. چونکە یەکەم بەرەڵا و ئاژاوەچی تۆیت. با بیئاخنمە مێشکتەوە کە لەم ساتەوە ئیتر، جێگەی پیاوی بوودەڵە و بەرەڵا و ناشی لەم دەزگایەدا نابێتەوە. من ئەرکێکی مێژوویيم پێ سپێردراوە و، هاتووم بەجێی بێنم و، لە پێناویدا بەلامەوە ئاساییيە، پشتی ملی جەنابت بگرم و، فڕێت بدەمە ئەودیو دەرگەی کۆمپانیاوە، جا چ جایە کرێکار و کارمەندانی تر دەگا. بگرە (ڕادەپەڕیتە سەرپێ) تا ئەودیو دەرگەی بەندیخانەش ناتانوەستێنمەوە. ئێوە چین تا بتوانن لە ڕووما بڵێن لەل؟ من ئەرکێکی

مێژووییم لە ئەستۆیە.. ئەرکێکی مێژوویی و بەموو لێی لانادەم.

(بە بەردەمی بەڕێوەبەری بەرهەمهێناندا دەکەوێتە هاتوچۆ)

من هاتوومەتە سەر وێرانەیەك. چی بکەم؟ من دەبێ بەهەزار لادا ڕابکەم. کەس هیچ نازانێ.. کەس. دەبێ ببم بە بەردەستەکەم، بە سکرتێرەکەم، بە بەڕێوەبەرەکانم، بەکارمەندەکان و کرێکارەکانم. (بەرامبەری ڕادەوەستێ) تێ دەگەیت چی دەڵێم.. ها.. تێ دەگەیت؟

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:

(حەپەساوە و وەڵام ناداتەوە).

بەڕێوەبەری گشتی:

بۆ وەڵام نادەیتەوە؟ پرسیارت لێ دەکەم.

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:

(بەپەشۆکاوییەوە).. بەڵێ.. با..

بەڕێوەبەری گشتی:

(بەتەوسەوە) بەڵێ با.. دەشڵێ بەڵێ با!.

(دەگەڕێتەوە پشت مێزەکەی و دادەنیشێتەوە. لە سایکرۆفۆنەکەوە) لەیلام بۆ بانگ بکەرەوە.

(بۆ بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان)

دەڵێن خاوەنی هەشت منداڵیت.. وایە؟

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:

بەڵێ.

بەڕێوەبەری گشتی:

هەشت دەم و هەشت پاروو. خۆت و خاتوونیش دوو ئەوە دە. دابینکردنی دە پاروو ئاسان نییە.

لەیلا:

(دێتە ژوورەوە)

بەڕێوەبەری گشتی:

(بۆ بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان)

تۆ فەرموو بڕۆ (دەڕوا). (بۆ لەیلا) دانیشە.

لەیلا:

(بەبێزارییەوە. دادەنیشێ).

بەڕێوەبەری گشتی:

(بەزمانێکی شیرین) ئێ لەیلا خان.. وتت چی؟.

لەیلا:

وتم و دەیڵێمەوە نەء

بەڕێوەبەری گشتی:

ئەمە زوڵمە.

لەیلا:

(وەڵام ناداتەوە).

بەڕێوەبەری گشتی:

(ڕادەپەڕێتە سەرپێ. بەتوورەیییەوە)

ئەمە زوڵمە.. زوڵمێکی گەورە. ئەمە تاوانە.. تاوانێکی بێ وێنە. تۆ خۆت بەچی دەزانیت.. ها.. بەچی؟.

لەیلا:

(هەڵدەستێتە سەرپێ) لەیلا.. من خۆم بە لەیلا دەزانم.

(دەڕواتە دەرەوە)

بەڕێوەبەری گشتی:

(دەداتە قاقای پێکەنین)

بەئەقڵی ڕێژگاوی، وا دەزانێ بەڕاستمە. ڕەنگیشە ئێستا چاوەڕێ بێ، فەرمانی دەرکردنی بۆ دەربچێ. دەی چاکە.. دەی مانای وایە مێشکە بلیمەتەکە بەبڕشتە.

وا لەولاوە ئەوانمان لغاو کرد. سا لەملاشەوە ئێستا لەیلا خان دەچێ بەرەی خۆی زارەترەك دەکا. لە ژوورەکەیدا سیانی تری لەگەڵدا هەن. هەر کە پێ دەنێتە ژوورەوە، دەیبینن ئارەقی شینوموری دەرداوە. تەنانەت ئەگەر هیچیشیان بۆ باس نەکا، ئەوان تێ دەگەن و منیش هێندەم دەوێ. براڤۆ مێشکە بلیمەتەکە. ئەمەش بۆ مێینەکان. ئەی چۆن!. من ئەو کۆنەپەرستە نیم جیاوازی لە نێوان نێر و مێدا بکەم. من هەردوو لایان وەك یەك لغاو دەکەم و دەیانهێنمە ژێر بار. من باوەڕم بەیەکسانی هەیە. من ئەرکێکی مێژوویيم لە ئەستۆدایە و، بە مێشکێکی بلیمەتانەوە کە وێنەی نەبووە و نابێ بەجێی دێنم و تەنیا خۆشم دەزانم چۆنی بەجێ دێنم.. تەنیا خۆم.

(بۆ ساتە وەختێك خامۆش دەبێ. تا لە ناکاو شالاو دەباتە سەر سایکرۆفۆنەکە)

بە شۆفێرەکەم بڵێ ئامادەبێ.

(ماوەیەك شێتانە بەژوورەکەیدا هەڵدەڕوانێ. شێتانە دەڕواتە دەرەوە)

(پەردە دادەرێتەوە)

پەردەی دووەم

دیمەنی یەکەم

(سەر شانۆ ڕووناکە. شوێن ژووری بەڕێوەبەری تەکنیکییە. بەڕێوەبەر بە خەمبارییەوە لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتووە).

هەقایەتخوان:

(دێتە پێش دەمی شانۆ)

بەڕێزان.. ئەوەی ئێستا دەیبینن، لە سەعاتی دووەمدا ڕوو دەدا. جەنابی جانەوەر ئۆغری فەرمووەتە دەرەوەی دەزگا. لە خۆی و خوای خۆی بەولاوە، کەس نازانێ و تەنانەت منیش، بۆ کوێ چووە. ئەوە حیسابێکی وردی خۆیەتی و، کەس هەقی پێزانینی نییە. ئەوەی هەوڵی زانینی بدا و تەنانەت منیش، حاڵی پەشێو دەبێ. فەرموون ڕووداوەکانی سەعاتی دووەم ببینن.

(سەر شانۆ جێ دێڵێ).

بەڕێوەبەری تەکنیکی:

(زەنگی تەلەفۆن وریای دەکاتەوە)

بەڵێ.. خۆشییت. نەء نە جارێ.. بیخەرە وەختێکی تر. ئێستا ئیشم هەیە. ئائا.. دەزانم برام دەزانم. باشە بەسەرچاو. بەڵام بیخەرە وەختێکی تر. ئا بەڵێ.. ئا بەسەر سەر.

(تەلەفۆن دادەنێتەوە. ئەتڵەسەکە سەرنجی ڕادەکێشێ. بەدەستییەوە دەگرێ و دەخوێنێتەوە)

ئەتڵەس بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی.

(فڕێی دەداتەوە سەر مێزەکە و لەبەر خۆوە)

دوکتۆرا لە میکانیکای بیلبیلەی چاودا بەپلەی شەرەف. خەڵاتی جیهانی (چاوی زێڕین). سکرتێری کۆمەڵەی زەڕەبینسازان. هەڵگری مەدالیای (برایل) لە بواری خزمەتکردنی بێ چاواندا و، چوار جاریش وەرگرتنی نامەی سوپاس و ستایش، سەبارەت بە کارامەییم لە بواری ئیشەکەمدا و کەچی..

(ئەتڵەسەکە هەڵدەگرێتەوە. تێی دەڕوانێ و خامۆش دەبێ).

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:

(دێتە ژوورەوە).

بۆچی وا خامۆشیت؟! ئەوە چییە بەدەستتەوە؟.

بەڕێوەبەری تەکنیکی:

(ئەتڵەسەکەی دەداتێ).

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:

(دەخوێنێتەوە)

ئەتڵەس بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی.. مەسەلە چییە؟.

سەرۆکی بەشی شووشەبڕین:

(دێتە ژوورەوە)

دوکتۆر بمبەخشە.. هاتنەکەم ناچارییە. کاتێ تەلەفۆنەکەم بۆ کردیت و، وتت ئێستا ئیشم هەیە، هەستم بە نائاساییەك کرد و لە دڵدا وتم: ڕەنگە نابەدڵییەك

لەکایەدا هەبێ. بۆیە هاتم بزانم کە ئایا..

بەڕێوەبەری تەکنیکی:

(قسەی پێ دەبڕێ)

نا.. نابرام.. نا هیچ نابەدڵییەك سەبارەت بەتۆ لە ئارادا نییە. سەرقاڵییەکەم پێوەندیی بە تۆوە نییە تۆ فەرموو بچۆ بەلای کاری خۆتەوە. (دەڕواتە دەرەوە).

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:

تێت نەگەیاندم مەسەلە چییە؟.

بەڕێوەبەری تەکنیکی:

ئەم ئەتڵەسەی دامێ سەعیی تێدا بکەم. ئەی تۆ؟.

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:

شاڵڵا شتێك بووایە لەو بابەتە. من..

لەیلا:

(دێتە ژوورەوە. ڕووی قسەی لە بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانە).

مامۆستا لێم ببوورە.. تەنیا بۆ ئەوە هاتووم ئاگەدارت بکەم، کە واز لە وەزیفەکەم دێنم و، دەچمەوە ماڵەوە دادەنیشم.

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:

واز لە وەزیفە؟!.. بۆچی؟.

لەیلا:

پێویست بە پرسیار دەکا؟. هەستت نەکرد بۆچی هەر هێندەی من هاتمە ژوورەوە تۆی ئیزن دا؟ پێویست بە گێڕانەوە دەکا؟.

بەڕێوەبەری تەکنیکی:

(هەڵدەداتێ)

تۆش؟!.. پەلاماری تۆشی دا؟.

لەیلا:

بەڵێ دوکتۆر.. بەڵێ منیش. ئەو جەنابە عەجەب جانەوەرێکە.. جانەوەرێك کە

ئامانی بۆ نییە.

بەڕێوەبەری ئیدارە:

(بەپەشۆکاوییەوە خۆی بەژووردا دەکا. کاغەزێکی بە دەستەوەیە. دادەڕمێتە سەر کورسییەك).

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:

(دەچێ بەلایەوە)

چ خێرتە؟!. چیت لێ قەوماوە؟.

بەڕێوەبەری ئیدارە:

(کاغەزەکەی دەداتێ)

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:

(دەیخوێنێتەوە. دەڕوانێتە لەیلا. دەیداتە دەست بەڕێوەبەری تەکنیکی)

بەڕێوەبەری تەکنیکی:

(دەیخوێنێتەوە. دەڕوانێتە لەیلا. دەیەوێ بیداتە دەستی و پەشیمان دەبێتەوە).

لەیلا:

پێویست ناکا. دەزانم. فەرمانی دەرکردنمە.

(دەڕواتە دەرەوە).

بەڕێوەبەری ئیدارە:

دەرکردن؟!. خۆزگە هەر ئەوەندە بووایە. نووسیویە: لەسەر بەدڕەوشتی!. دوکتۆر.. مامۆستا.. نووسیویە: لەسەر بەدڕەوشتی و لەناو فەرمانگەشدا. لە هەمووی بەلاتر داوا دەکا فەرمانەکە بەئیمزای من دەربکرێ. من!. بەو بەهانەیەی گوایە من دەسەلاتی ئیمزاکردنی ئەم جۆرە فەرمانە ئیدارییانەم پێ دراوە!. دوکتۆر.. مامۆستا.. ئێستا من چی بکەم؟.

هەردوو بەڕێوەبەر:

(بەحەپەساوییەوە بۆی دەڕوانن).

(تاریکی)

دیمەنی دووەم

هەقایەتخوان:

(دێتە پێش دەمی شانۆ)

بەڕێزان.. لە سەعاتی سێیەمدا جەنابی جانەوەر هاتەوە و، هەر لە ڕێوە بە سکرتێرەکەی وت: گوێ بگرە.. لەم ساتەوە هەتا بیست و دوو دەقیقەی خشت، نامەوێ هیچ کەس سەر بەژوورەکەمدا بکا و، نابێ ورتەی هیچ کەسێکیشم بەرگوێ بکەوێ. ئیتر خۆی بەژووردا کرد و دەزگا خامۆش خامۆش بوو. ئینجا دوای ماوەکە نەعرەتەیەکی لێ دا و، سکرتێر بەڕاکردن بەدەنگییەوە چوو. کە هاتەوە دەرەوە، سەفتەیەك کاغەزی بچووك بچووکی بەدەستەوە بوو، کە بەپێی فەرمانی جەناب، دەبوو لە ماوەی تەنیا سێ دەقیقەدا، بەشوێنی خۆیانیان بگەیەنێ.

بەڵێ بەڕێزان.. پارچە کاغەزەکان زنجیرەیەك بۆمبا بوون و، لە سەرانسەری دەزگادا تەقینەوە. داخی گرانم کە بەتەمسیل نمایش ناکرێ، دەنا نموونەیەکی ڕۆژی حەشریان نیشان دەدا. بەهەرحاڵ، هەر پارچە و فەرمانێکی تێدا بوو، کە دەبوو ئانوسات جێبەجێ بکرێ. من لەبەر بێشوماری فەرمانەکان، تەنیا چەند نموونەیەکتان بۆ دەخوێنمەوە. بۆ بەڕێوەبەری ئیدارە.. لەمەودوا مۆڵەتی نەخۆشی بەکەس نادرێ. بۆ بەڕێوەبەری ئیدارە.. لە ئێستاوە بۆ ماوەی شەش مانگ، زیادەی ساڵانەی مووچە رادەگیرێ. هەر بۆ ئەو.. مۆڵەتی منداڵبوون بۆ ژنان، دەکرێتە تەنیا سێ ڕۆژ. دیسان بۆ ئەو. عەلە گۆجی باخەوان دەکرێتە پاسەوان. ئینجا فەرمانی لەم بابەتە، بۆ هەردوو بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان و تەکنیکی و، ئیتر نەعوزوبیللا.. بوو بەڕاکەڕاکە و بگرە و بەردە و تەحاتەحایەك، کە مەگەر تەنیا ڕۆژی حەشر لە وێنەی بێ.

بەڕێزان.. ئەم هەیتوهووتەی، تەواوی ماوەی سەعاتی سێیەمی خایاند. بەڵام لە سەعاتی چوارەمدا ، سەیرمان کرد کە کارەسات لە شوعبەی ئەوراقدا، بۆ نیشاندان بەتەمسیل تەواو لەبارە. بۆیە فەرمووتان بۆ ئەوێ لێ دەکەم.

(پێش دەمی شانۆ جێ دێڵێ. سەر شانۆ ڕووناك دەکرێتەوە. چوار مێز و قەڵابەچن

فایل و ئەوراقیان لەسەر هەن. لێپرسراوی شوعبە و کارمەندانی هاوەڵی، نائاسایی سەرقاڵن و بەیەکدا دێن).

لێپرسراوی شوعبە: (زەنگی تەلەفۆنی بۆ لێ دەدرێ)

بەڵێ.. بەڵێ. کام؟!.. ئێ ئێ.. پەلەیە؟!.. بەڵێ باشە هەر ئێستا..

(بە پەلەپڕووزێ دەگەڕێ. پارچە کاغەزێك دەدۆزێتەوە. دەیهاوێتە سەر مێزێکی تەنیشتی)..

ئەوە پەلەیە.. خێرا نووسراوێکی بۆ ساز بکە.

کارمەند١:

(دەیخوێنێتەوە).. ئەمە چییە؟. هیچی لێ تێ ناگەم.

لێپرسراو:

تێی بگە.. خێراکە.. جەنابی بەڕێوەبەری گشتی بۆ بەپەلەیە. (زەنگی تەلەفۆن).. بەڵێ.. ها؟!.. ئائا.. بەڵێ باشە هەر ئێستا. (دەکەوێتە گەڕان. فایلێك لە ڕیز دەردێنێ و دەیخاتە سەر مێزێکی تر).. ئەمە زۆر پەلەیە. جەنابی بەڕێوەبەری گشتی، سەعاتی ڕاگرتووە.. دەبێ لە ماوەی پێنج دەقیقەدا کۆتایی پێ بهێنرێ.. زۆر خێراکە..

کارمەند٢:

(دەڕوانێتە سەعاتەکەی دەستی و فایلەکە) ئێ ئاخر مامۆستا!...

بەردەست:

(بەپڕتاو دێتە ژوورەوە. نووسراوێك دەداتە دەست لێپرسراوی شوعبە)

جەنابی بەڕێوەبەری گشتی دەفەرموێ:

ئەمە خێرا لە چاپ بدەنەوە.

لێپرسراوی شوعبە:

(دەیخاتە بەردەستی چاپدەر)

زۆر خێرا لە چاپی بدەرەوە.

لەچاپدەر: (سەیرێکی نووسراوەکە دەکا)

ئێ ئاخر ئەمە جاری شەشەمە.

کارمەند٢:

(بەفایلەکەوە دێتە بەردەمی لێپرسراوی شوعبە)

ببوورە مامۆستا.. ئەمە..

لێپرسراوی شوعبە:

(زەنگی تەلەفۆنی بۆ لێ دەدرێ)

بەڵێ.. کەی؟.. چارەکە سەعاتێ لەمەوبەر؟!. نابێ برام.. نابێ، چۆن؟!. جەنابی بەڕێوەبەری گشتی وا دەڵێ؟. ڕەنگە.. دەبێ.. دەبێ و ڕاستە. بەڵێ باشە.

(بەسەر مێزەکەیدا دەکەوێتە گەڕان)

لەچاپدەر:

(نووسراوەکەی بەدەستەوەیە و دێتە لای لێپرسراوی شوعبە).. مامۆستا..

کرێکارێك:

(دەستێکی زامدارە و کرێکارێکی تر دەیهێنێتە بەردەمی لێپرسراوی شوعبە).

لێپرسراوی شوعبە:

(زەنگی بۆ لێدەدرێ. لەگەڵیدا بەردەست خۆی بە ژووردا دەکا)

بەڵێ.. بەڵێ ئەوەتا گەیشت. بەڵێ تێ دەگەم.. پەلەیە و زۆریش پەلەیە.. خەمت نەبێ.

بەردەست:

(فایلێکی بەدەستەوەیە) جەنابی بەڕێوەبەری گشتی..

لێپرسراوی شوعبە:

دەزانم.. داینێ..

بەردەست:

فەرموویەتی زۆر پەلەیە.

لێپرسراوی شوعبە:

(تووڕە دەبێ)

کەرپیت؟!. وتم دەزانم.

بەردەست:

قوربـان دەزانم دەزانیت. تووڕە مەبە. منیش وەك تۆ منداڵم وردن. چۆنم پێ وتراوە دەبێ وەك خۆی پێت ڕابگەیەنم، بێ ئەوەی گوێ بدەمە زانینەکەی تۆ. جەنابی بەڕێوەبەری گشتی وەهـای دەوێ. (دەچێتە دەرەوە).

لێپرسراوی شوعبە:

(دادەڕمێتە سەر کورسییەکەی)

کارمەند٢، لەچاپدەر:

(دەکشێنەوە شوێنی خۆیـان).

کرێکارەکان:

(دەچنە دەرەوە).

بەڕێوەبەری ئیدارە:

(دێتە ژوورەوە. نووسراوێك دەخاتە بەردەم لێپرسراوی شوعبە)

لێپرسراوی شوعبە:

(سەرسام دەبێ).

بەڕێوەبەری ئیدارە:

(بەسۆزەوە لە پشت مێزەکە دەری دەکێشێتە دەرەوە):

ئەوە فەرمانی جەنابێتی و دەبێ دەستوبرد جێبەجێ بکرێ. بڕوانە.. نووسیوێتی: دەستوبرد. هەڵسە بڕۆ. لەم ساتەوە تۆ بەڕێوەبەری ئیدارەیت و، من لێپرسراوی شوعبە. ئـاسایی وەری بگرە. ئەمە خواستی جەنابێتی و، هەردووکیشمان منداڵمان وردن.

لێپرسراوی شوعبە:

(بەخەمبارییەوە دەڕواتە دەرەوە).

لێپرسراوی نوێی شوعبە:

(زەنگی تەلەفۆنی بۆ لێ دەدرێ)

بەڵێ.. ئا بەڵێ ئەوەتام. دەزانم برا دەزانم کە جەنابی پرسیوێتی. تۆ هیچ گلەییەکت نایەتە سەر. بەڵێ ئەویش وا ڕۆیشت بچێتە جێگەی من.

هەردوو بەڕێوەبەری تەکنیکی و بەرهەمهێنان:

(دێنە ژوورەوە. یەکێ نووسراوێکیان بەدەستەوەیە و، دەیخەنە بەردەستی لێپرسراوی نوێی شوعبە)

لێپرسراوی نوێی شوعبە:

(دەیانخوێنێتەوە. ڕووی قسە لە دوکتۆر دەکا)

ئەی دوکتۆراکەت؟.

بەڕێوەبەری لەوەبەری تەکنیکی:

(بەتەوسەوە)

دوکتۆراکەم؟. جەنابی بۆمی ساغ کردەوە، کە لەسەر لە چاپدانە بەتایپ و، ئەوەتا لوتفی فەرمووە، کە بێم بە پسپۆڕییەکەی خۆمەوە خەریك بم.

لێپرسراوی نوێی شوعبە:

مەمنوون بە.. وا نەبووایە هەتا مردن لەسەر ئەو هەڵەیە بەردەوام دەبوویت. دەفەرموو بچۆرە سەرکارە دروستەکەی خۆت.

(دەیباتە لای تایپەکە. ڕووی قسە لە چاپدەر دەکا)

جێگەکەت بۆ دوکتۆر چۆڵ بکە بادەست بەکار بێ. تۆش بۆ خۆت بچۆ لەولاوە دابنیشە، تا بزانین چارەنووست بەچی دەگا.

بەڕێوەبەری لەوەبەری بەرهەمهێنان:

(بەتەوەسەوە) ئەی ئەم بەسەزمانەی تر؟.

لێپرسراوی نوێی شوعبە:

ئا بەڵێ تۆش، کاری پڕ بەپێستی خۆتی بۆ دیاری کردوویت، کە کارێکی پیرۆزە و دەبێ تاماویت شانازیی پێوە بکەیت. (نووسراوەکانی دەداتێ) فەرمووـ.. کارت هەڵگرتن و پاراستنی ئەم دوڕ و گەوهەرانەی جەنابییەتی، لە فایلێکی تایبەتیدا و بۆ مێژوو.. نووسیوێتی بۆ مێژوو.

دیمەنی سێیەم

هەقایەتخوان:

(دێتە پێش دەمی شانۆ)

بەڕێزان.. ئێستا نۆرە دێنینە سەر سەعاتی پێنجەم. ئەم سەعاتی پێنجەمە، زۆر شتی پڕ سەیر و سەمەرەی تێدان. شتی وەها کە کوردواتەنی لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نین. بۆ نموونە..

دەرهێنەر:

(بەهەڵەداوان دێ دەمی دەگرێ)

نەکەی.. بۆ خاتری خوا نەکەی.. بازدە..

هەقایەتخوان:

(دەستی لە دەمی هەڵدەپچڕێ)

مەسەلە چییە؟ چی قەوماوە؟.

دەرهێنەر:

بازدە.. بەسەر سەعاتی پێنجەمدا بازدە.

هەقایەتخوان:

ئێ ئاخر بۆچی؟!.. نابێ بزانم بۆچی؟.

دەرهێنەر:

دوایی دەیزانیت.. دوایی.

هەقایەتخوان:

من دەمەوێ ئێستا بیزانم.

دەرهێنەر:

ناکرێ برام.. ئێستا ناکرێ.. باسەکە دوور و درێژە.. مەسەلەکە قووڵە.. ئەو خەڵکە چاوەڕوانن. بازدە و بچۆرە سەر سەعاتی شەشەم.

هەقایەتخوان:

ئەی ئەو خەڵکە ناپرسن مەسەلە چی بوو؟ چییان پێ بڵێم؟.

دەرهێنەر:

بڵێ لە سەعاتی پێنجەمدا هیچ ڕووی نەدا.

هەقایەتخوان:

جا وایە؟.

دەرهێنەر:

ئا.. نەء بەلای خوا.. نەء وانییە. بەڵام دەبێ بە فریام کەویت. بڵێ بە کەڵکی نیشاندان بەتەمسیل نەدەهات.

هەقایەتخوان:

بۆچی درۆم پێ دەکەیت؟ خۆت لە جەنەراڵ پرۆڤەکەدا گەشکە نەیگرتیت و وتت: بەم سەعاتی پێنجەمە لە بنی هەمانەکە دەدرێ؟.

دەرهێنەر:

ئۆهۆو.. تۆ زۆری لەسەر دەڕۆیت. دەبڵێ دەرهێنەرەفەنی دەترسێ و برایەوە. دەترسێ جەنابەکە فرسەتی لێ بێنێ و حولی بدا.. باشە؟. (سەر شانۆ جێ دێڵێ).

هەقایەتخوان:

بەڕێزان.. خۆ بینیتان و گوێتان لێ بوو. ناچارم و دەبێ بەقسەی بکەم. بمبەخشن. بەسەر سەعاتی پێنجەمدا بازدەدەم و، دێمە سەر شەشەم کە دوا سەعاتە. جا لەبەرئەوەی ئەمیان، هەر تەواو پڕوچڕە لە ڕووداو و کارەسات و، نیشاندانی هەموویان بەتەمسیل کاتێکی زۆری پێ دەوێ، تەنیا چەند نموونەیەکتان دەخەینە پێش چاو. فەرموون لەگەڵ یەکەمیان.

(پێش دەمی شانۆ جێ دێڵێ. سەر شانۆ ڕووناك دەکرێتەوە. شوێن ژوورێکی کارمەندانە. ژنێکی دووگیان تەنیشتی لە دەرگەیە. یەکێکی تر ڕووەو دەرگەیە).

دووگیانەکە:

چۆن دەتوانێ مۆڵەتم نەداتێ.. حەدی چییە.

جەنابی جانەوەر:

(بەبەرگە جانەوەرییەکەیەوە دێتە ژوورەوە).

ژنەکەی تر:

(دەیبینێ و ڕادەپەڕێتە سەرپێ).

دووگیانەکە:

(بێ ئاگایە) گووی باوکی خوارد. کەی شتی وابووە مۆڵەتی منداڵبوون سێ ڕۆژبێ.

جەنابی جانەوەر:

(مرقەیەك دەکا).

دووگیانەکە:

(بەئاگا دێ. ئاوڕ دەداتەوە. زریکەیەك دەکا و دەبوورێتەوە)

(تاریکی)

هەقایەتخوان:

(دێتەوە پێش دەمی شانۆ)

ئەرێ بەڕاست، من لە بیرم چوو پێتان ڕابگەیەنم کە لەم سەعاتی شەشەمەدا، سەرجەم کارگەرانی کۆمپانیا بە جانەوەرێتی جەنابی جانەوەر ئاشنا بووبوون و، وەهاشیان ناو دەبرد. بۆ نموونە:

فەرموون ببینن..

(ڕووناکی. ژوورێکی تری کارمەندان. لە حاڵەتی پێکەنینێکی بەکوڵدان).

کارمەندێکی تر:

(بەهەڵەداوان دێتە ژوورەوە)

هات.. جەنابی جانەوەر هات.. جەنابی جانەوەر.

کارمەندەکان:

(خامۆش دەبن و خۆ خەریك دەکەن).

جەنابی جانەوەر:

(دێت و مرقەمرقێك دەكا).

كارمەندان:

(ڕادەپەڕنە سەرپێ)

جەنابی جانەوەر:

(دەڕواتە دەرەوە).

كارمەندەكەی تر:

(بۆ ئاگەداركردنی كارمەندانی ژوورێكی تەنیشت، بە دیوارەكەیدا دەكێشێ)..

هات.. ئاگەداربن.. جەنابی جانەوەر هات.

جەنابی جانەوەر:

(دەگەڕێتەوە).

كارمەندان:

(رادەپەڕنەوە سەرپێ).

كارمەندەكەی تر:

(بێ ئاگایە و بەردەوامە)

جەنابی جانەوەر هات.. جەنابی جانەوەر.

جەنابی جانەوەر:

(مرقەمرق)

كارمەندەكەی تر:

(بەئاگا دێ. وەردەچەرخێ و ڕەق هەڵدێ).

جەنابی جانەوەر:

(دەڕواتە دەرەوە)

(تاریكی)

هەقایەتخوان:

(دێتەوە پێش دەمی شانۆ)

بەڕێزان.. نموونەم بۆ نیشاندان زۆر لەلا هەن. ئێستا یەکێکیان نیشان دەدەم کە ڕەنگە..

دەرهێنەر:

(دێت و دەمی دەگرێ)

هەقایەتخوان:

(دەستی لادەدا)

چییە؟ دیسان بەزمی بازدانەکەیە؟.

دەرهێنەر:

نا نەء.. ئەم جارە ئەوە نییە. بڕوانە.

(کە لادەکەون. سەر شانۆ ڕووناك دەکرێتەوە).

ئەکتەرەکان:

(لەلای ڕاست و چەپەوە دێنە سەر شانۆ و بەیەکدا دێن. پیرۆزبایی لە یەکتر دەکەن و، قسەیەك دەڵێنەوە)

فنیش کرا.. جەنابی جانەوەر فنیش کرا.. فنیش.. جەنابی جانەوەر فنیش.

بەدوایدا هێور دەبنەوە و، لەسەر شانۆ ڕیز دەبەستن).

جەنابی جانەوەر:

(بەبەرگە جانەوەرییەکەیەوە، بەڵام بەقەوارەیەکی زۆر بچووکەوە –منداڵێکی شەش حەوت ساڵانی بۆ دەکرێتە وێنە– دێتە سەر شانۆ و بەبەردەمی ئەکتەرەکاندا ڕادەبووری)

ئەکتەرەکان:

ئەم جەنابی جانەوەرە فنیش کرا.

جەنابی جانەوەر:

(سەر شانۆ جێ دێڵێ)

هەقایەتخوان:

(دێتە سەر شانۆ، پێش دەمی ئەکتەرەکان)

بەڕێزان.. ئەوی ڕاستی بێ ئەم جارەش بازدم پێ درا. دیارە ئێوە دەپرسن، کە ئایا ئەم جەنابی جانەوەرە چۆن فنیش کرا. من خۆم ئامادە کردبوو بێم بە تەمسیل نیشانتانی بدەم. کەچی جەنابی دەرهێنەر، دیسان یەخەی گرتم و وتی: بازدە. وتم..

دەرهێنەر:

(دێتە سەر شانۆ)

گوێم لێت بوو جەنابی هەقایەتخوان. یەکەم لێت قبووڵ ناکەم ناوم بە جەناب بەریت، چونکە دەترسم زمانت تەتەڵە بکا و، جانەوەرەکەشی بخەیتە پاڵ. دووەمیش من نەبووم.

هەقایەتخوان:

دەسا گوێ بگرە.. یەکەم منیش لێت قبووڵ ناکەم لەبەر هەمان هۆ ناوم بە جەناب بەریت. دووەمیش ئەی کێ بوو؟.

دەرهێنەر:

جەنا.. ببوورە.. کاکی نووسەر.

هەقایەتخوان:

باوەڕ ناکەم.

دەرهێنەر:

بیکە.

هەقایەتخوان:

نایکەم.

نووسەر:

(دێتە سەر شانۆ)

بیکە کاکە.. بیکە.. بەڵێ من بووم.

هەقایەتخوان:

بەڕاست؟.

نووسەر:

بەڕاست.

هەقایەتخوان:

قسەم نامێنێ و ئیشیشمان نامێنێ. من لای ئێوەم خۆش.

(سەر شانۆ جێ دێڵێ).

دەرهێنەر:

منیش. (سەر شانۆ جێ دێڵێ).

نووسەر:

بەڵام من قسەیەکی بچووکم ماوە بیکەم. قسەکەم دەڵێ..

ئەکتەرەکان:

(بەیەك دەنگ)

هیچ جەنابێکی جانەوەر نایباتە سەر. زۆر جەنابە جانەوەر هاتوون و، بوونەتە تەوقی عەزازیل لە ملی خەڵکیدا. بەڵام کەسێکیان نەیبردووەتە سەر، ئەنجامیان هەردەم بە فنیشکردن شکاوەتەوە. هەردەم لە تفولەعنەتکردن بەولاوە، هیچی تریان بۆ نەماوەتەوە.

نووسەر:

ئیتر منیش لای ئێوەم خۆش.

ئەکتەرەکان:

ئێمەش.

(پەردە)

## ئاگەدارییەکی پێویست

بێگومان بوونی جەنابە جانەوەر لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، مێژوویەکی کۆنی هەیە، لە هەموو ڕۆژگارێکدا نموونەیان هەر هەبووە و هەر بوونەتە مایەی ئەشکەنجە و ئازار و دەردیسەری بۆ خەڵك. بەڵام لە هەموو ئەو ڕۆژگارانەشدا، هەر بوغزێنراون و نەفرەتیان لێ کراوە و، تفولەعنەتیان بۆ نێردراوە.

سا من لەبەرئەوەی دەزانم، کە ئەم بەشداریکردنەم لە ڕیسواکردنی جەنابە جانەوەرەکاندا، وەك کارێکی ئەدەبی باش لە عۆیەی نەهاتووم و، دەشێ کەلەبەری زۆر تێدا بێ، ئەوا بەپێویستی دەزانم ڕابگەیەنم، کە ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان شانۆگەرییەکە لە وشە و ڕستەی سەر کاغەزەوە، بوو بەقسە و گفتوگۆ و بزووتنی سەر شانۆ، ئەوا من تەواوی سەربەستی بەسەرجەم کارکەرانی و تەنانەت بینەرانیشی دەدەم، کە بەئارەزووی خۆیان بەڵام بەباری زیاتر نیشاندانی جانەوەرێتییەکەی جەنابی جانەوەردا و، تەنانەت ئەگەر ئەقڵیش نەیبڕێ، لێی زیاد بکەن و بەدەمییەوە بدەن. من خوازیارم کە ئەوەی من لە بارەیەوە وتوومە، لە چاو ئەوەدا کە لێی زیاد دەکرێ، قەترە بە دەریایەك بێ.

نووسەر

٣/ئاب/١٩٨١- هەولێر

یەکەم جار لە ژمارەی (٧٧)ی ئازاری (١٩٨٢)ی کۆواری (بەیان)دا بڵاو کرایەوە.

# ئۆپەرێتی "خەزێم"

**تێبینی:**

١– بـیـری سەرەکـی ئـۆپـەرێتـەکـە و بـەشی زۆری دەقـەکـەی، لـە بـەیـتـی (خـەزێم)ەوە وەرگیراوە، کە لە بەشی دووەمی کتێبی (توحفەی موزەفەرییە)دا بڵاو کراوەتەوە.

٢– سەرجەم لاوکەکان و زۆربەی حەیرانەکانم، لە کتێبی (لاوك و حەیران)ی کاك محەمەدی مەلا کەریمەوە وەرگرتووە.

٣– هەندێ لە لاوکەکانی ناو کتێبی (لاوك و حەیران)، بەپێی پێویست تێکەڵ بەیەکتر کراون.

٤– سیان لە حەیرانەکانم لە کتێبی (فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری)ی کاك محەمەد کەریم شەریف و (دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانی کوردی)ی کاك مەحموود زامدار وەرگرتووە.

٥– لەو کەرتە شیعرانەدا کە دەقاودەق لە بەیتەکەوە وەرگیراون، خۆم هەندێ دێرم لێ زیاد کردووون.

نووسەر

دیمەنی یەکەم

(شوێن: سەر کانی و ئاوێکی ژێر درەختێکە. کاکەلاو جووتیارێکی گەنجە و، بەبەرگی کارکردنەوە بۆ پشوودان دانیشتووە حەیران دەڵێ):

حەیران کیژۆڵە سیانێ. چاوی خۆت رەش مەکە بەکلی سبیانێ. ماڵی بابی تو بار دەکا لە ئەوەڵ مانگی بوارێ. دەپەڕییەوە لە دەوبەستۆرە و بەستۆڕەی گۆرانێ. ئێوارە درەنگە هەریان دەداوە لەبن گردی بانەمانێ. حەیران خۆزی بەخۆزیداران، باجگر و داخەرجی ستێنی ماچان بووما. لەسەریا پیرمەمی رەنگین. لە جۆگەی کۆڕێ. لە باغی شەقڵاوەی. لە گولەکی و لە باویانێ. لە بنەبنی هەریرێ. لە زینە تیرێ. لە گۆریە سپیلکێ. لە زارا گەلی عەلی بەگێ. لە بن داری شەکرانێ. لەسەر پردی رەواندزێ. لە بن ئاوی جندیانێ. لە گەردەگەردەی بێخاڵێ. لەسەر کۆسپەی قەڵاتی کاولە بێجانێ. لە

بڵندی زینویّ و خەلانیّ. دانی سبیانان لە دەشتی حاجی ئۆمەرانیّ. لە شلوملان. لە چاوبەکلان. لە گەردەن کێلان. لەسەر حەوزی بۆکانیّ. بەژن باریك و نێك بەکەمبەرە. دەورەیان لیّ دەدام تاوەکی بگێڕی شایی لەگەڵ سەیرانیّ.

کوڕانی وەستا شاڵی:

(دوو کوڕی لاون. بەدەم حەیران وتنی کاکەلاوەوە، هاتوون و گویّ دەگرن. کاکەلاو لێیان بەئاگا دیّ. هەڵدەستێتە سەرپیّ و، حەیران دەگۆڕیّ بە شیعر وتن):

ڕۆژێك لە ڕۆژان سەر لەسوبحانیّ
یارم ڕاوەستا لە پێش هەیوانیّ
بەزوڵفی لوولی دەکا شەڕانیّ
هەنیەی زەریفە مانگی ئاسمانیّ
بەچاوی ڕەشی دەکا گریانیّ
کوڵمەی فانۆسە وا لە دیوانیّ
کەپووی یاقووتە هەیاس دەیزانیّ
لێوی ئیستیفە لەسەر دووکانیّ
ددانی گەوهەر وا لە کارخانیّ
من دووعای دەکەم سوبح و ئێواریّ
لێم عێجز نەبیّ وەفای بزانیّ
من بۆ ئەو دەژیەم بۆ ئەویە عومرم
ئەو نەبیّ ئەمن لەبۆ خۆم دەمرم
کەسی نەزانیّ کامەیە قەبرم
بەلان من گەلیّ لەوی بەسەبرم
نازی دەفرۆشیّ و دەیکاتە شەرم
ئەمن بەو خودای لێی ناگرم تاویّ
نازداری خۆمە و بۆمی دەهاویّ
گری عەشقەکەی بەکەنار چاویّ

کوڕان:

دەمخۆش کاکەلاو.. دەمخۆش.

کاکەلاو:

فەرموون.. یاخوا بەخێربێن.

کوڕ۱:

کاکەلاوی گەروو زێڕین. هاتووین تکایەکت لێ بکەین. بەڵام توخودای دەست بەڕووماندا مەنێ.

کوڕ۲:

ئەم تکایە، بەر لەوەی هی ئێمە بێ، هی بابمانە. لەسەر داخوازیی ئەو هاتووین.

کاکەلاو:

داخوازیی بابتان و ئێوەش لەسەر سەرم. فەرموون بیڵێن.

کوڕ۱:

داوەتمان هەیە و دەخوازین بێیت، بەو دەنگ و ئاوازە بەسۆزەت، لێمانی بکەیتە زەماوەند.

کاکەلاو:

بەڵام ئاخر ئێوە خۆتان دەزانن کە من..

کوڕ۲:

دەزانین کاکەلاو دەزانین.. ئێمە دڵنیاین کە ڕازی دەبێ.

کاکەلاو:

پەلەم لێ مەکەن.. ئێوارێ وەرامی ئەسەحیتان لێ دەگێڕمەوە.

کوڕان:

سوپاستان دەکەین (دەڕۆن)

کاکەلاو:

(بەحەیران)

ئەتو هەریی منی. هەریی منی. هەریی منی. هەموو عالەم دەزانی ئەتو ڕوحی لەبەر بەدەنی منی.. بەخەڵکی هەلالی، بەمن سوسنی. بەخەڵکی سوسنی، بەمن بەیبوونی. بەخەڵکی بەیبوونی، بەمن ڕەشە ڕەیحانەکانی پەلك کورکنی. کچێ

حەیران سەری من دێشی، دڵی من دەناڵی. چاوت لەبۆ من بمینی بەچاوی بارەکەوی. هەردوو برۆت لەبۆ من بمینی، بەپەڕی رەشەداری. چەندم لە گوێیان خۆش دێن چروکەی سووسکان لەگەڵ دەنگی کەوباری.

ئافتاو:

(دەزگیرانی کاکەلاوە. بەدەم لاوك گوتنەوە دێ):

منێ ڕابم سینگێ خۆ بکەمە سنی. مەمکێ خۆ بکەمە فنجانێ قاوێ. ڕابم خۆ بگولاوێ بڕشێنم. میسالا گولان و گولبەندان. بچمەوە پێش کاکەلاوی خۆ. گاوەکی بسەکنم. هەرگاوەکی کاکەلاو دێتەوە لگەل سەلەفەکی عەگیدان و مێرچاکان. منێ ڕابم حەلەوێ کورە لاوێ خو بگرم. جووتەکا رامووسانا کەرەم کەم للاڕوومەتێ ڕاستێ. لاڕوومەتێ چەپێ. لبەر لۆمەیێ عەبدان. لشەرمێ خودێ. هەتا بخو لێبکا عەلیکی سڵاوێ.

کاکەلاو:

(بەلاوك)

گولێ گولێ گولە جوانێ، ئەمن و گولەجوانێ حەلال حالبووین بحەلێ، خودێ نەبی کەس نزانی، ئاخ گولێ گولا زۆزانێ، بەفرێ سلا، چاڤ و برۆ ڕەشێ، کانییێ کلا، دل عەزیزن سەربارە دلا.

گولێ گولێ گولە جوانێ، باران باری لسامالێ، لفکی گولەجوانێ دێ عەرد دمالی، ئەمما من گولەجوانێ، خۆزی حەلال مالباین بحەلالی، ئاخ گولێ گولا، سینگ زۆزانێ، باخچە گولا.

(هەردووکیان دادەنیشن)

کاکەلاو:

ئافتاو.. دەزانیت کوڕانی وەستا شاڵی، پێش هاتنت لێرە بوون؟.

ئافتاو:

دەزانم.. دیمن.

کاکەلاو:

ئەی دەزانیت بۆچی هاتبوون؟.

ئافتاو:

ئەویش دەزانم.. بیستوومە.

کاکەلاو:

بچم یا نەچم؟.

ئافتاو:

بچۆ و دەبێ بچیت.

کاکەلاو:

دیارە تۆش دێیت. پێم ڕاگەیاندن کە ئەگەر تۆ نەیەیت منیش ناچم.

ئافتاو:

نەء. من نایەم.

کاکەلاو:

بۆچی؟.

ئافتاو:

کراسی وەهام نییە بۆ داوەت بشێ!.

کاکەلاو:

ئەدی ئەو هەموو کراسەی کە هەتن چین؟.

ئافتاو:

هەونین.

برادەر:

(برادەری نزیکی کاکەلاوە و بەسەردا دێ)

خۆزگەم بە خۆتان.

کاکەلاو:

خۆزگە بەمن مەخوازە.. من دڵم تەنگە.

برادەر:

تۆ و ئەم ساتە و دڵتەنگی؟!.. پێم سەیرە!.. بۆچی؟.

کاکەلاو:

ئافتاو دەڵێ: ئەمن..

ئافتاو:

(قسەی پێ دەبڕێ.. بەشیعر)

ئەمن کراسم دەوێ ساف لە ماهووت بێ
دەوری دامـێنـی دوڕ و یـاقـووت بـێ
لە ڕاستی مەمکی دەنکی زمڕووت بێ
کـراسم دەوێ ساف لـەکـیـمـخـوا بـێ
کـۆبـەی قـەنـەوز بـەزی خـارابـێ
لـەمـال و گـەوهـەر گـوڕ و ڕێزیـبـێ
کـەتـانـی هـیـنـدی پـەڕاوێزی بـێ
نـێوی مـەمکـانـی نـەخش و نیگـار بێ
وێنـەی هـیـنـدسـتـان کـاری دیـار بـێ
ئـەمـن هـۆ گـەلـی بـرا و بـرادەران
بـە (مـەم)ی خـۆمم گوتیە سەد جـاران
نـایـمـە داوەتـی لاوك و حـەیـرانـان
گـەر وەکی بـووکی نـەیـمـە بـەرچـاوان
نـەبـمـە سەرقـافـڵـەی کـیـژ و کـیـژۆڵان
خـەڵکـی ئـەو گـوندەی لـە پـیر و لاوان
نـەخـەمـە داوی عـەشقـی ئـافـتـاوان

کاکەلاو:

(بەلاوك)

کچك تـو غـەزالـی، غـەزالـێ چـیـایـی، چـاڤـێ غـەزالا ڕەشە میسالا چـاڤـێ قـەتـێ، گەردنێ غەزالێ سپییە میسالا گەردنیە بەتێ، مەمکێ غەزالێ میسالا شووشەیێ شەربەتێ، کراسەکی مەلەز کەتانی مەگرووم ڕۆژێ سێ جارا بگەڕی دیلانێ، لماوییا گۆوەندێ، عویێ شاییێ، چەن شیرن لبەژنێ غەزالێ دێ، ئەمما ڕابم شەوێ لسیبارا نیوەشەوێ، ڕابمە توافێ خارکان و خومرییا بەژنێ غەزالێ خوڕا،

هەتاوەكو ئەستێرەكێ بەری بەیانی هەلدێ لمن و لبەژنێ غەزالێ، دێتە وەعدێ دقیبلەتێ، ئاخ ئەتو غەزالێ مەرگی هەوالێ.

ئافتاو:

(بەلاوك)

كوڕۆ لاوكۆ، منێ تۆر و بەختێ تە و بابێ تە دامە، ئەتو دچییە حومس و حەمایە، حەفتا قوناغ لخوار بەیتێ و دێیو، دچییە ناڤ توجاران و توجارباشییان، ئاشقان و ماشقان، بلێن بماشا شەریف دكەتم والمن بكنێرە، وەسپا كاكەلاوی ڕاناوەستی بقەدیدان و زنجیران، زێدە باری دهەوسێرە.

كاكەلاو:

(بەشیعر)

بــیــنــایــی چــاوم گــەوهـــەر و دوڕم
مــن بــاڵــدار نــەبــووم بــەبــاڵان بـفـڕم
مــحــەنـدەك نــەبــووم بــەخــۆم بـخـوڕم
بــچــمــە مــیسر و شام كــراسێك بـكـڕم
ئــەگــەر پێم بــچــێ حــەوت ساڵــی تــەمــام
ئــاوی مــەكــانــان بــەمــن بــێ حــەرام
هــەتــا بــەسەد ساڵ هــەر بــۆ خــۆم غــولام
ئــەو كــراسەی بــەمــن چــاك دەبــی تــەمــام
لــە كــاری خــولای چــۆن تــەعــەجوب مــام
كــردمــیــیــە عــاشقــی ئــەو شەمــی شەمــام
لــێم تــەلــەب دەكــا كــراس لــە مــاهــووت
نەخشی زمڕووت بێ هەم دوڕ و یاقووت

برادەر:

كـاكـەلاو ئـۆیـاڵ بـەگـەردنـم ئـافـتـاو هـەقێتی. چـاكتر وایـە ئـامۆژگـاری ئـەم برا بچووكەی خۆت لە گوێ بگریت و، دەستوبرد بچیت ئەو كراسەی بۆ بەدروون بدەیت.

كاكەلاو:

خواستی ئافتاوە دڵ و هەناوەكەم و ئامۆژگاریی برادەرە گیانی بەگیانییەكەم

لەسەر سەرم: (بەشیعر)

سەد وەستــــام دەوێ لـــەپــایـــەعــەرزی
کــراس بــدوورن لــەگــوڵــووکــی ڕەزی
لـــە بـــەژنـــی یـــارم بــۆخــۆی بــلــەرزێ
سەد وەستــــام دەوێ لــەبـــانـــی کــۆیـــە
هــەشتــا لـــە مــوسڵــێ شێست لـــە شنــۆیـــە
کــراس بــدوورن لـــە گــوڵــی لــیــمــۆیــە
تـــەنك و شلك بـــێ بـــۆ چـــاوهـــەڵـــۆیـــە
سێ سەد وەستـــا بــێن لـــێرەی لاجــانـــێ
شێست بـێن لـە مـوسڵـێ چل لـە تـارانـێ
کــراس بــدوورن گــوڵــووکــی ڕێحـــانــێ
سێ سەد وەستـــا بـــێن لـــەلای دریـــازێ
شێست بێن لە موسڵێ چل لە شیرازێ
کــراس بـــدوورن لـــە گـــوڵـــی پـــیـــوازێ
نـــاسك و شلك بـــێ بـــۆ بـــووكـــەنـــازێ

برادەر:

کەوابێ من ئیتر خوداحافیز (دەڕوا).

ئافتاو:

منیش جارێ خوداحافیز.

کاکەلاو:

دێی؟!.

ئافتاو:

دێم.. خوداحافیز (دەڕوا).

کاکەلاو:

(بەشیعر)

خــوڵاکــەی وەستـــایـــنـــە کراسی چـــابـــێ
نـــازدارم زیـــزە پـــێی قـــایـــل نـــابـــێ

خولاکەی وەستاینە خۆ گورج کەنەوە
کراس تەواو ڕکەن بۆمی بێننەوە
مزگێنی بەرم کراس هاتەوە
بلێم بەلەیلام بێ بیباتەوە
دڵی عێجزیم لێ خۆش کاتەوە
من دڵم بۆ ئەو تەواو شەیدایە
گەر لەبەر نەکا کراس لەولایە
حەیرانم لە زار قەت بۆ دەرنایە
خەڵکی گوند دەڵێن بۆ دەنگی نایە
من دەڵێم ئەیهوو گەلی برادەران
(زین)م عێجزە ناوترێ حەیران
داوەت ساز نابێ ناکرێ سەیران

دیمەنی دووەم

(شوێن: دیسان سەر کانی و ئاوەکە. کاکەلاو خەفەتبارە. برادەر بەسەردا دێ):

برادەر:

(لە تەنیشتییەوە دادەنیشێ)

ناهەقت نییە.. کارەساتەکە دڵتەزێنە. بەڵام خەفەتخواردن بێ سوودە و دادت نادا.

کاکەلاو:

(بێدەنگە).

برادەر:

کاکەلاو قسەیەك بکە.. ئەم بێدەنگییەت دڵم دەتەقێنێ.

کاکەلاو:

(بەشیعر)

ئەگەر وای زانی ئەو نازەنینێ
هات و دەستی گرت لە هەڵپەڕینێ

خـۆی بــەعــەرزیـدا تــا ڕۆژئــاوایــە
خـەزێمـی ئـاڵـتـوون لـە کـەپـوویـدایـە
دەکـەپـووی خـۆی کـرد لـەبـۆ جـوانـی
هـێـنـدە هـەڵـپـەڕی لـە ڕووی زەمـانـی
لـەکـەپـووی کـەوتـبـوو بـەخـۆی نـەزانی
ئاخر لەو کراسەی وا کردبوو حاشا
خــەزێمــیش نــەمــا دڵــەی خـرۆشا
هــەتــا ئـێواریٚ خــەڵـکـی گـەڕاوە
کـە چـووە مـاڵـیٚ شوشتـنـی چـاوە
بسکــی خــورمــایــی دوودوو کـراوە
ئـەگـەر ئـاوێنـەی بـۆ خـۆی هـێنـاوە
تــەمــاشا دەکــا رەنــگـی سووتــاوە
لـە کـەپـووی ڕوانـی خـەزێم نـەمـاوە
خــــەزێم بــــزرە خــــەزێم دزراوە

برادەر:

داخ بۆ خەزێم.. خەزێمی ئافتاوەکەی کاکەلاوم. باشە خەزێم کویٚ چوو؟. خەزێم ئەرز قووتی دا، یا ئاسمان هەڵی لووشی؟!. ئەمە چۆن ڕووی دا؟.

کاکەلاو:

(بەشیعر)

ڕۆژیٚ لـە ڕۆژان فـەسڵـی نـەوبـوهـار
بـەڕێزەی ماڵان من دەچوومە خوار
یــار ڕاوەستــابــوو زویــر و زگــار
فـرمێسکی چـاوی نـەیدەگرت قـەرار
بــەسەر کـوڵـمـیـدا دەهـاتـنـە خـوار
دەدڵـم بـەربـوو ئـاور بـێئـیـخـتـیـار
پـرسیـم بـۆ دەگری حـەبیبی نـازدار
لـەعـەیـبـەتـان دڵ نـاگـریٚ قـەرار

وتـــی خـــەزێمـــی کـــەپـــووم نـــەمـــاوە
خـــــــەزێم بـــــــزرە خـــــــەزێم دزراوە

ئافتاو:

(بەدەم لاوك كوتنەوە دێ)

كوڕۆ لاوۆ، خەبەرێ تە ڕاستن، چ گاوا درۆ نینە، ئەمما منێ دونێ هێوارێ، داوەتەكی دگەڕا، لگەڕێ دیلانێ، لماوییا گۆوەندێ، عوبێ شاییێ لپێش مالا وەستا شالییا، منێ لگەل برەكی زەریان و خاتوونان هات و خو لەقاندینە، من نزانم كە خەزێمێ من راش كەتینە.

كاكەلاو: (بەلاوك)

كچكێ دینێ هەوارە، ئەز دەمرم ڕۆژێ چاری، ئەمان قەبرێ من بەرابەری ماڵێ تەبی، داوەكی بسكێ تە كفن درویێ من بی، ئەمان ئەتو رۆژێ سێ جاران لگەل زەرییا و ئەسمەران، وەرە سەر قەبرێ من، بێژە لاوكۆ دینۆ سەد ڕەحمەت لگۆڕێ تە بی، ئەمان كچێ ئافتاوێ ڕابە، خەمان مەخۆ خەم خراپن لێم پەلە نەبی، سنگی خۆ مەدە بسەقەرێ وی گەرمایێ، بلا لێم ڕەش نەبی.

ئافتاو: (بەلاوك)

كوڕۆ لاۆو ئەمان بەژنێ تە میسالا شەنگەبییەكییە لگەلیدا، ئەتو سوارییە لجوانە ماینەكی شینكی قەزوانی، ئەمان لگەڕێ دیلانێ، لعاوییا گۆوەندێ، مەكە تەراد و مەترووود و وێدە غارێ، نەخۆ لشینكێ جەدلانی بێیو بكەوییە خوارێ، نەخۆ خەلك و عالەمێ گوندێ مە بێژن ئافتاوە خاتوونێ عەشقێ تووتییەكی نەی سوارە.

كاكەلاو:

ئافتاو.

ئافتاو:

گیانی ئافتاو.

كاكەلاو:

بەخوای چاك بوو هاتیت. ئێستا پێم بڵێ دڵەكەم من چی بكەم باشە؟.

ئافتاو:

من؟!.. نازانم.. نازانم چی بڵێم.

کاکەلاو:

تکایە بڵێ.. تۆ چۆنت دەوێ و چی بەباش دەزانیت، من وا دەکەم.

برادەر:

ڕاست دەکا.. تۆ خۆت پێی بڵێ.. چی بکا باشە؟.

ئافتاو:

ئاخر.. ئاخر نازانم.

برادەر:

دەیزانیت و نایدرکێنیت. من لە جیاتی تۆ دەیڵێم. کاکەلاو.. دەبێ خەزێم بدۆزیتەوە. بەهەر نرخێکی بێ دەبێ بیدۆزیتەوە.

ئافتاو:

بەڵام ئاخر..

برادەر:

دەبێ تەنانەت ئەگەر بست بەبستی ئێران و توورانت بۆ تەی کردووە، بیدۆزیتەوە و بیدۆزیتەوە. تۆ خۆت دەزانیت خەزێمی ئافتاوەکەت بۆ ئافتاوەکەت، چ بەها و بایەخێکی هەیە.

کاکەلاو:

هانام کردە دەمت برادەری گیانی بەگیانیم.

(بەشیعر)

ئەگەر من نەمرم بژیم بمێنم
دەبێ ئەو کارەی هەر پێك بهێنم
یانەماڵی خۆم پاك دەدۆڕێنم
یانە ئەوەتا سەر دەبەتلێنم
یان لێم ببڕێ ڕێی خۆشگوزەرانێ
یان عێل تەرك دەكەم گشت كەس بزانێ

لـێم حـەرام ببـێ گـەرمـێن کـوێستـانـێ
چـەکـوچـی نـەکـوتـم لـەسەر سندانـێ
دەچـم دێنـمـەوە خـەزێمـی جـوانـێ
لـە ئـێرانـێ بـێ یـان لـە تـوورانـێ

ئافتاو:

کاکەلاو.. مەڕۆ.. تکایە مەڕۆ.

کاکەلاو:

نەڕۆم؟!.. بۆچی نەڕۆم؟.

ئافتاو:

دڵم ختووره دەکا.. دەترسێم.

کاکەلاو:

لە چی دەترسێیت دڵەکەم؟.

ئافتاو:

دەترسێم سەربـاری خەزێم تۆشم..

کاکەلاو:

نـا.. قەت ئەو ترسەت لە دڵدا نەبێ. دەڕۆم و بەخۆم و خەزێمەوە دێمەوە.

(بەشیعر)

هـەر لـە گـەورەتـان هـەتـا مـنـداڵان
هـەر لـە مـنـداڵان تـا ئـیـخـتـیـیـاران
تـازێی ڕابـگـرن تـاکـو حـەوت سـاڵان
ئـەگـەر تـەزکـەرەی پـاشای دەخـوێنـێ
ڕەئـیـسی بـەبـان تـاجـووت دەمـێنـێ
ئـەو ساڵ ئیساغـای خـەرجی نـەستێنـێ
پـایـزێك دادێ مـەکـەن هـیـچ ڕاوێ
هـاتـەهـات مـەکـەن لـە چـۆم گـەرداوێ

ئـــەمـــنـــیش وا دەڕۆم وڵاتـــەو وڵات
تـا نــەیــەنــمــەوە خــەزێم بــەخــەڵات
پـێ نـانـێمـەوە نـاو گـونـدی بـەبـەرات
(خـــواحـــافـــیـــزی دەکـــا و دەڕوا)

ئافتاو:

(خەفەتبارە)

برادەر:

ئافتاوەکەی کاکەلاو خەفەت مەخۆ و ترست نەبێ. ئەوە کاکەلاوە کاکەلاو.

(خواحافیزی دەکا و دەڕوا)

ئافتاو:

(بەحەیران)

گەلەك دووعا و سەلامبێ لە کوڕەتیم حەیرانێ. ئەو ساڵەکە من لە خەمی ڕووتووقوت و خەفیریی خۆدا نیمە. ئەمما گەلەکی حەیفێ من دەمینێ کوڕەتیمە حەیرانەکەی من بمرێ لە وڵاتێ غەریبییان. بتاقی تەنێ بمێنمەوە لەماڵی بابان ببمە سەری سەبەبان. کوڕە حەیران ئەگەر تۆ ڕاوچی، ڕاوچییەکا دوو منی. ڕاوچییەکی بەقابەتمانی. بەهەنجەتی ڕاوێ دەس دەرەوە داری جانبێزارێ. خۆ باوێ حەویجکان. نواڵە بەنواڵە. ئەمن لە بۆ خاتری کەیفێ دڵێ خۆ بەهەنجەتێ دارا. دەس دەدەمەوە چاروکی خۆ بێمەوە سەر دایمەگۆمان. ئەمان کوڕە حەیران لەبۆ خاتری کەیفێ دڵێ خۆ دەکەمەوە سۆنە لەگەڵ مراوی. کوڕە حەیران ئەتۆ گەلێ دووعا و سەلامت لێ بێ. توخوا شەوێ لسیبارا نیوەشەوێ وەرەوە جێیێ ژوانێ. بگرە جووتە شەمامان. بۆن کە چەرخی ڕوومەتێ. بنپەڕێ خەزێمێ. چونکە ئەو ساڵ دەچییەوە وڵاتێ غەریبییان. دنیا مەرگ و مردنە. دەبا لەبۆ کەیفێ دڵێ خۆ تێکەڵ کەینەوە وردە پەرچەمان لەگەڵ سمێڵ و کەزی.

## دیمەنی سێیەم

(شوێن: دیسان سەر کانی و ئاوێکە، بەڵام جیاوازە لەوەی پێشوو. کاکەلاو دانیشتووە و ماندووی گەڕانە. بەشیعر)

ئــادەربــایــجــان تــا وڵاتــیٚ ئـێران
قافڵە دەبەندچوون هەموو ڕیٚ گیران
لـە شاری سنـەی دووکـان هـەڵگیران
خــەزێم بــزر بــوو دادێکــی گــیــران
ئـێران و تـووران بـەغدا و ئیسپـەهـان
تــەورێز و تــاران جـزیـریٚ و بـۆتــان
سەردەشت و سنــە تــا وڵاتــی سەقــز
عــالــەم لـە تـازێی خـەزێمـی بـوو کز
سەردەشت و سنــــە بـــــەلای شنــــۆوە
عــالـەم ڕۆنیشتـووە دەست بـەئـەژنـۆوە
ورمــیٚ و مــەراغــە تــاکــو قــەنـدەهــار
بــازاڕ و دووکـان نـیـیـە قـەت لـە شار

میرێك:

(ڕاگوزارێکە و دوو خوڵامی بەدواوەن)

لاوۆ سڵاوت لیٚ بیٚ.

کاکەلاو:

(بە کەمتەرخەمییەوە)

سڵاو..

خوڵام ١:

لاوۆ.. ئەوەی سڵاوت لیٚ دەکا میرە.

کاکەلاو:

(کەمتەرخەمە)

خولام ٢:

کورە لاوۆ.. میر سڵاوت لێ دەکا.. میر.

کاکەلاو:

(بەحەیران)

سەرم دێشی، دڵی من چەندە بەکەوەکەوە، کەوی پێ سوورم لێ دەبوون بە تاقوجووت، سووسکەی گرژەکەی ماڵوێران، تێیان دەکەوت تەفرەقەو رەوە، بەو عالەمێ خوایەی نوێژی نیوەڕوانێ، بەمنی غەریب تاریکەشەوە، لە زارم بڕایە خواردن و خۆراک، لە چاوم بڕایە خەوە، برینی هەموو برینداران سارێژ بوو، ئی منی غەریبێ هەموو سەروبنی مانگان وەبن دەدەنەوە.

میر:

لاوۆ دەنگ و ئاوازەکەت پەڕەی دڵ دەهەژێنێ. چ خێرتە؟ سەرگوزشتەی خۆتم بۆ ناگێڕییەوە، تا بزانم چییە و چی نییە؟.

کاکەلاو:

(بەلاوك)

لێ وایێ لێ وایێ، بسەرێ کۆلتۆرا وێران کەتم، تیپەکی سواری بزینا گران هاژوا بندا، کیژکێ ئافتاوە ڕابە چەگلێ من بکشینە سەعەینێ دارێ جانبێزارێ، منێ سوند خواردییە بقورعانا شریف، بشێخ تولەعی بەری مالێ، بمەلا خەلیلێ لزوزانێ، بتەلاقێ ژنبەردانێ، خەزێمی لتوورانێ لئیرانێ، بێنمەوە بۆ وی کچە جوانێ.

میر:

تۆ کاکەلاوە شەیداکە نەبیت، کە هەمووان باست دەکەن؟.

کاکەلاو:

بەڵێ ئەوم.

میر:

دەی خوا دەست بەباڵتەوە بگرێ.

(دەڕۆن و جێی دێڵن)

کاکەلاو:

(بەشیعر)

هەر دەبێ خولا بەو کارەی بزانێ
یـانـە تـێك دەدەم ولاتـی ئـێرانـێ
دەبـێ ئـینگلیز و عرووس بزانـێ
تـازێی ڕابـگرن بـۆ نـەشمـیـلانـێ
خەزێمی کەوتووە لە گەڕی دیلانێ
سەنگە و دەلۆیە و خێڵی بالانێ
لـەك و زەنـگەنە خزمی بوویـانـی
ولایـەتـی شوان لاس و ڕۆژبـانـی
لەوێش بەتازێی خەزێمیان زانی
لـەوێش ڕۆنـیشتـن بـەدڵـگرانـی

گەرمیانییەك:

(ڕاگوزەرێکی تر)

سلاوت لێ بێ برا.

کاکەلاو:

سلاو کاکی برا.

گەرمیان:

خەفەتبار و ماندوو دیاریت. چ خێرتە ئامۆزا؟.

کاکەلاو:

پەرێشانم.

گەرمیانی:

پەرێشان؟!.. پەرێشانی چیت؟. ئادەی برالە.. دەردی دڵی خۆتم بۆ هەڵڕێژە، تا بزانم چیم بۆ یاریدەدانت پێ دەکرێ.

کاکەلاو:

(بەشیعر)

دەبـێ گـەرمێنیش پـاك پـێ بزانـی
خەزێم بزر بوو هیچ کەس نەیزانی
خــەزێم بـزربـوو لــە گــەڕی لاوان

گەرمیانی:

(رادەچەنێ و تێ دەگا)

کاکەلاو:

ئــەو جـار عـیساغـای نـارد بـۆ دەراوان
لاوی دەخـــمـــیـــدا دەسرەو کـــولاَوان
خــەزێم زۆر بــووە بــۆ بــەڵــەکـچـاوان
خەڵکی خەمگین بوو بێ سووچ و تاوان

گەرمیانی:

(دەست لە ملی دەکا)

کاکەلاو.. کاکەلاو.. کەوابوو تۆ ئەو کاکەلاوەیت، کە ناوت بەسەر زاری گەورە و بچووکی سەرانسەری گەرمیانەوەیە. دەیسا من نەك لە یاریدەدانت درێغی ناکەم، بگرە ئامادەم سەرم لە ڕێی دۆزینەوەی خەزێمی ئافتاوەکەتدا بەخت بکەم.

کاکەلاو:

(بەلاوك)

کچکێ وەسمەر، بسەرێ زۆزانا کەتم بەفرێ بەرکەوییە، بەژنێ وەسمەرێ دەلال گەلەکی زراڤە، هەڵنایە لبەر تۆقان، تەلەسمان و دووبارى هەرامە مەجیدییە، شەوێ لسێبارا نیوەشەوێ، ڕابمە توافێ خارکان و خومریا بەر بەژنێ بلند، چاوێ بەلەك و دێمەکا بگولی، لکەیفێ دلێ خۆ دەستێ خۆ دانیمە سەر جۆتەکا دهەرمییە، دهەرێ سەد جارا لمن هەرێ، شەوێ لسێبارا نیوەشەوێ، جۆتەکا شەمامە لکەیفێ دلێ من بینە دەرێ، جۆتەکا ڕامووسانا جانێ دلێ من کەرەم کە.

کوێستانییەك:

(بەسەردادێ)

سڵاوتان لێ بێ برایان.

گەرمیانی، کاکەلاو:

سڵاو برا.

کوێستانی:

شوێنێکی خۆشتان بۆ حەوانەوە هەڵبژاردووە. منیش هەر بەنیازی ئێرە بووم. سەغڵەت نابن لەگەڵتاندا دابنیشم؟.

گەرمیانی:

بەپێچەوانەوە. خۆشحاڵ دەبین.

کوێستانی:

(دادەنیشێ. دوای بەخێرهاتن لێکردنی، سەرنج دەدا کە کاکەلاو غەمبارە. ڕووی پرسیار لە گەرمیانی دەکا)

دەبینم ئەو برایە دڵتەنگ و خەفەتبارە.. چ خێرێتی؟.

گەرمیانی:

ئەو برایە..

کاکەلاو:

(قسەی پێ دەبڕێ. بەشیعر)

خەبەرێ بەرن کوێستان بزانێ

خەزێم بزرە هی نەشمیلانێ

کوێستانی:

(ڕادەچەنێ و گوێ قوڵاغ دەبێ)

کاکەلاو:

خـــەبـــەرێ بـــەرن بگـــەڕێن بـــۆ خـــەزێم
بـــلا سوڵـــتـــانـــی بـــەوهـــەی نـــەزانـــێ
دەنـــا دەکـــوردان دەخـــەن قـــڕانـــێ
شادی نـــامـــێنـــێ لـــەوی بـــۆتـــانـــێ

زێیـە بـادینــان چ گـەورە و پـان بــوو
قــومــێکــی ئــاوی تــێدا نــەمــابــوو
ماسیی بەستەزمان هەمووی خنکابوو

کوێستانی:

(لە ئامێزی دەگرێ و ئەملا و ئەولای ماچ دەکا)

کاکەلاو.. براکەم کاکەلاو.. وتت خەبەرێ بەرن کوێستان بزانێ؟. کورە کاکەلاو تـۆ چ دەڵـێی؟. ئـێستـا لـە سەرانسەری کوێستـانـدا، بـاس هـەر بـاسی عـەشقـە پـیـرۆزەکـەی تـۆیـە. کـاکـەلاوەکـەم بـێنـە دەستت و گـوێم لـێ بگـرە.. بـەڵـێنـی بەڵێنپەرستێکە و دەتیدەمێ.. ئـەوە سەرم و بـەبێ منـەت بیکە بـەقوربـانی، لە پێناوی دۆزینەوەی خەزێمەکەی ئافتاوەکەتدا.

گەرمیانی:

برای کوێستانیم.. منیش پێش تۆ هەمان بەڵێنم پێدا.

کاکەلاو:

سوپاستان دەکەم.

گەرمیانی:

دە کەوابوو ئەو پەردەی خەمناکییە دڵتەزێنە، ئیتر لەسەر ڕووت لادە.

کوێستانی:

برای گەرمیانیم راست دەڵێ. خەزێمە و دەیدۆزینەوە و هەر دەبێ بیدۆزینەوە. ئافتاوەکەتە و دڵشاد دەبێ و هەر دەبێ دڵشاد بکرێ. ئیتر ئەم خەمناکییە دڵپروێنە لە پای چی؟.

کاکەلاو:

(دەگەشێتەوە. لە ئامێزیان دەگرێ و ماچیان دەکا. بەشیعر)

ئەورێ گەلی برادەرینەم گەلی برادەرینە
وا مـژدەم دەگـاتـێ کـۆتـایـیـی شینـە
جــوابــێکــی دەنــێرم بــۆ ئـێرەوانــێ
قــاقــەز دەنـووسم دەگـەل فـەرمـانــێ

خـەزێمـی ئـاڵـتـوون ئـی کـیـژە جـوانـێ
لە کەپووی کەوتبوو لە گەڕی دیلانێ
دەچـیـای سەفـیـنـم بـگـەڕێ خـەبـەر
هـەر گوڵێك لە عەرزی سەر بێنێتە دەر
بـەقـوڵـینگی فـەرهـاد پـۆڵای بەجەوهـەر
لـــە ڕەگـــوڕیشەی بـــۆ دەکـــێشمـــەدەر

گەرمیانی:

کاکەلاو. هیچ دڵ لە دڵ مەدە. خەزێمی ئافتاوەکەت هەر دەدۆزینەوە.

کوێستانی:

بێگومان.. هەر دەیدۆزینەوە.

کاکەلاو:

(دەست لـــە مـــلـــیـــان دەکـــاتـــەوە. بـــەشیـــعـــر)
دەیسا وا مـــنـــیش ئـــیـــتـــر بـــێ بـــاکـــم
نـــەدڵ پـــڕ لـــە غـــەم نـــەڕوو خـــەمـــنـــاکـــم
نـــــەدەشتـــــودەر و نـــــەدۆڵ و چـــــیـــــا
دەگـــرمـــەبـــەر و تـــەی دەکـــەم تـــەنـــیـــا
ئـەم شان گـەرمـیـان و ئـەوشان کـوێستـانـم
دیـــارە بـــەردەگـــرێ بـــاخ و بـــێستـــانـــم
(هەرسێك دەست لە مل، ڕێگە دەگرنەبەر و دەڕۆن)

## دیمەنی چوارەم

(**شوێن:** سەر کانی و ئاوەکەی یەکەم جارە. ئافتاو لەگەڵ دوو دەستە خوشکیدایە و غەمگینە. بەلاوك)

هەرچی ندا جوابێ دەلالێ، جوابێ ژینێ منێ، لخۆ حەرام بکەم خەنێ لنووکینێ، کلێ لچاوینێ، بازنێ لزەندینێ، خرخالێ لپێینێ، گورەیێ لگوێینێ، خەزێمی لتفنکینێ، ئەنگوستیلێ لقامکینێ، ئەمان هەرچی بدا جوابێ دەلالێ، جوابێ ژینێ، بیدەمێ جوانە ماینەکی عەدنانی بەرمایینێ، ئەگەر بەوەندەی رازی نەبوو، منێ بیدەمێ سەد

سەرمەڕی سەر ڕۆشینێ، ئەگەر بەوەندی ڕازی نەبوو، ڕابم دەستێ خۆ باوێمە بنی بەرییێ خۆ، دەربینم کلیلێ حەفت ئاشی مالێ بابێ خۆ، وەکی دگەڕێ لبەر چەقچەقێ ئاوێ پیرە مسێبینێ، هەیانێ یانێ، هەدیەکێ لدلێ من بایەکی غەریب دێ ددا لهەر چار دیرەکی ڕەشمالێ مالّی بابێ من، هەلناگری کۆنەکی ڕەشی عەلەبییێ.

دەستە خوشك١:

خوشکێ.. تۆ لە خۆڕایی وا خۆت سەغڵەت دەکەیت.. ئەم هەموو خەفەتە دەکەیتە دڵی خۆت و ئێمەشەوە.

دەستە خوشك٢:

ئافتاو.. خوشکی خۆشەویستم. خۆت کاکەلاو دەناسیت و دەزانیت چ جوامێرێکە. ئیتر بۆ وا خۆت پەشۆکاندووە؟

ئافتاو:

(بە حەیران)

خوشکان..

لە بانی بانییان لە بانی سەربەنێ، برینداڕم برینم کەتنە بەدەنێ، لەبۆ من گازکەنە حەکیمان و لوقمانان، دەبا بێنە سەرینم بەچاوانم چاو دەنێ، بەدەستانم دەست نەکەنێ، گەلی دەستە خوشکان، کوڕەتیمەی حەیرانێ گەلەك برینداڕە، دەستەکی مەرعەمێ بگرینەوە لە تۆزێ هیزارێ، لەبن پەڕێ خەزێمان، لە ژەنگی گوارێ، لە چرکی ئەنگوستیلان، شل کەینەوە بەئارەقەی سەر مەمکان، بەدەستەکی موبارەك شتەکی ناسك باوێینەوە سەر برینێ کوڕەتیمە حەیرانێ، بپێچین لە لفکێ هێزارێ گرێدەین بەلفکێ شەدەی، نەخۆشە و بایەکی لە پاش دێ گەلەك ساردە، بداتەوە لە برینەکەی کوڕەتیمە حەیرانێ، نەوەك هەرینی هەرامە و تەشەنییێ.

دەستە خوشك١:

من دڵنیام دێتەوە و، خەزێمیشت بۆ دێنێتەوە.

دەستە خوشك٢:

بگرە من دڵم وام خەبەر دەداتێ، کە ئێستاکە بەڕێوەیە بێتەوە.

ئافتاو:

(بە لاوك)

وەی لێ وایی، وەی لێ وایێ، بەژنێ تە گەلەکی زراڤە، هەلنایە لبەر تۆقان و تەلەسمان، دووباری هەرامە زێری لدنیایێ، هەر کورەکی لسەر کچکەکی بقابەتمان بێتە کوشتن، شەهیدە لشەهیدی کەربەلایێ، ئەمان کورە لاوکێ من سوارە لهەدبانە، هەوریيەکی سۆری لسەرانە، دەمانچەکی چاردەخۆر لنێکانە، شەروالەکی دەمەرقۆپان للینگانە، ئاخ دلۆ هەی وایێ، لپاش کورە لاوکێ خۆ نمینم لدنیایێ.

دەستە خوشك ١، ٢:

خوشکێ..

برادەر:

(دەنگی دێتە بەرگوێیان، بەشیعر)

تەتەرێك لەولای ئەوا هاتەوە

ئافتاو، دەستەخوشکان: (گوێ قولاّغ دەبن)

برادەر:

(هەر دەنگی دەبیستریێ)
خەبەری خەزێم باس دەکاتەوە
مزگێنیم لە تۆ کیژێ ئافتاوە
خەزێم بزر بوو ئەوا بینراوە
بۆی هێنایتەوە ئەو کاکەلاوە
مزگێنیم هێنا بۆ ئافتاو خانێ
خەبەریان دابوو مەخلووق بزانێ
تازێی هەڵگیرا لەناو کوردانێ

(ئەوسا دەردەکەوێ و، ئافتاو و دەستەخوشکان دەوری دەدەن)

ئافتاو:

دەی خێراکە.. دەی بەقوربانت بم بۆمی باس بکە.

برادەر:

کەمێ سەبر بگرە. پێویست بەباسکردن ناکا. هاکا خۆی پەیدا بوو.

ئافتاو:

خۆی خۆی.

برادەر:

خۆی خۆی.

ئافتاو:

(بە لاوك)

سەعەرا  سویێدێ، کزەکی بایێ شەمالی سارد دێ، کەچکێ هەوە بعام ڕابن، بچینە سەر چیایێ قەرەچ داغێ، زەینێ خۆ بدەینە تیرێ، بنێ بەڕی، دەشتێ عۆگنی، وەکی دبتە هەویلێ سواران، چرکینێ ڕکێبان، ورشینا رمان، دەنگێ کۆسە میسرییان، شرقاشرقێ ئەنگوستیلەی کاکەلاوی لسەر دارا رمێ، لگۆیا من چ خۆش دێ، منێ ڕابم شەوێ لسێبارا نیوەشەوێ، لگەل کاکەلاوی، بکراسەکی مەلەز مەگروومی، بنووم لخیوەتێ، کوڕۆ لاوۆ ئەوێ گاوێ، مردنی مالوێران ببیر کێ دێ.

کاکەلاو:

(دەنگی بە حەیران دەبیسترێ)

حەیران ساماڵە ساماڵی گەلەك شینە، لە ملی حەیرانێ تۆق و تەلەسم و حەمایلە و بەربەنە و هەرامە نوشتینە، حەز لەیەککردنێ خەرك و عالەمێ بەساڵ و مانگە، ئەمان هی من و بەژنەك باریك، دوو چاوێ کاڵ و زەندێ بەبازن، کابانێ ماڵێ، قەیدەلحەیاتە بەمردن و ژینە، حەیران ئەستێرەکم لێ هەڵات لەلای ماڵێ بابێ حەیرانێ، گەلەك شیرن و رۆن دەکاتەوە تۆق و تەلەسم و حەمایل بەربەنا، ماڵی وێرانم گەلێ شیرن دەدا لە چەرخی ڕوومەتێ، ئەو ساڵ بەوی دەرەبوارێ دەچمەوە داخوازیێ بەژنێ باریك و دوو چاوی کاڵ و زەندەکەی بەبازن.

ئافتاو:

(ڕووەو دەنگی کاکەلاو، بە لاوك)

مێوانە. مێوانیٚ ماڵی منە، بزانم چ بابەتیٚ مێوانیٚ ماڵی منە، ئەما مانگۆ نزانن ئەو مێوانە داخوازیٚ بەژنیٚ منە، مێوان بخێرهاتی لسەر چاوانە، ئەمان شەویٚ لسێبارا نیوەشەویٚ جیٚ میوانیٚ خۆ چیٚ بکەم، مێوان رابە توافیٚ خارکان و خومریا بەر بەژنیٚ بڵند، چاویٚ بەلەك، دێمەکا بگولیٚ، ئەمان مێوان لکەیفیٚ دلیٚ خۆ تێکەل بکەین، سەر و سمبێلا سووسنی لگەل شازولف و کەزی، ئەمان هەتاوەکو مەلاییٚ سەعەرا سوبێدیٚ بەپیرییەوە دچیٚ دست دەخەنە ناو دەستی یەك.

کاکەلاو:

(دەگاتە جیٚ. ئافتاو بەپیرییەوە دەچیٚ و دەست دەخەنە ناو دەستی یەکترەوە)

برادەر و دەستەخوشکان:

(دەوریان دەدەن)

کاکەلاو:

(بە حەیران)

حەیران گەلی برادەرینە، جوابەکی لەبۆ من بدەنە ئەویٚ ئافتاوە، ئەمن وا خەزێمێم لە ولاتی غەریبان بۆ هێناوە، دەگەڵ دەستی بەبازن و قامکیٚ بەئەنگوستیلیٚ گەلەکی شیرن و تەواوە، ئەمان حەیران ماچ کەم خەتوخاڵیٚ گەردنیٚ، چەرخیٚ رووەمەتیٚ، بنپەڕییٚ خەزێمیٚ، دەگەڵ هەردوو شەمامەی باخەڵیٚ.

ئافتاو:

(بە حەیران)

کورە حەیران ئەتو گەلیٚ دووعا و سەلامت لیٚ بیٚ، توخوا شەویٚ لسێبارا نیوەشەویٚ، وەرەوە جێژوانیٚ، بگرە جووتە شەمامان، بۆن کە چەرخی ڕوومەتیٚ، بنپەڕییٚ خەزێمیٚ غەریبان، دەبا لەبۆ کەیفیٚ دلیٚ خۆ تێکەڵ کەینەوە لەگەڵ سمبێڵ و کەزیی وردە پەرچەمان.

کاکەلاو:

(بە حەیران)

حەیران گەلی برادەرینە، ئەورۆ زەینیٚ خۆ بدەنە بەژنەکیٚ باریك، چەندەکیٚ شیرن ڕاوەستاوە لەسەر خەندەکیٚ، ئەریٚ برادەرینە جوابەکی بدەنە حەیرانیٚ، ئەگەر بەژنەکیٚ شیرنم بەچاکەکی چاك دەداتیٚ، ئەمن نەکو هەڵی دەگرمەوە و دەیپەڕێنمەوە لە زێیەکەی بادینان، بەڵکو دەیدەمەوە لە شەتەکەی مووسڵیٚ، دەیبەمەوە قەسرەکەی قۆجە ساوەلوو، بەرامبەری وەردەکیٚ، دەوجا وەی نایێ، بەژنیٚ دەشپێنم بەداری دارمینایێ، مەمکی دەشپێنم بەدوو سێوەکی لاسۆر وەکی شین دەبن لە باغی کوردانیٚ.

ئافتاو:

(بە لاوك)

منیٚ نەی بمارم نەی بمێرم، منیٚ ڕۆژیٚ سیٚ جاران کوڕە لاویٚ خۆ ببینم لگەریٚ دیلانیٚ، لعاوییا گۆوەندیٚ، لمۆبیٚ شاییٚ، هەی نمینم هەی نمینم، منیٚ ئەی کیکیمە نەی ملیمە، دەزگریٚ کاکە لاویمە، لسەر چیاییٚ کوردانیٚ رۆنیشتیمە، بکراسەکی کەتانی مەگرووميمە، بسۆلەکی زەردی ڕەقرەقیمە، کلیٚ چاویٚ کاکەلاویمە، منیٚ رۆژیٚ سیٚ جاران کەرەم نکەن بکا لاوی، حاشا دکەم لەو دینەی ساف یەزیدیمە.

وەستا شاڵی:

کوڕەکانی:

(دێن و بەخێرهاتنەوە لە کاکەلاو دەکەن)

خەڵکی گوند:

وەستا شاڵی:

کوڕگەل، کیژگەل گوێم لیٚ بگرن.. وا شوکور کاکەلاو بەخۆی و خەزێمەوە بۆمان گەڕایەوە، دیارە گەڕانەوەش لەسەفەرێکی وەها سەخت و ستەم، شایی و زەماوەندی پیٚ دەویٚ.

برادەر:

دەمخۆش وەستا شاڵی.. دەمخۆش.

وەستا شاڵی:

دە کەوابوو دەی..

کاکەلاو:

بەڵام وەستا.. ئەی..

(دەڕوانێتە ئافتاو)

برادەر:

وەستا.. یەعنی کاکەلاو دەیەوێ بکرێتە زەماوەندی دوو زەماوەندە و هەقیشێتی.

وەستا شاڵی:

ئەشهەدو بیلڵاتەواوە و کەم و زیادی نییە. وەرە.. (لەگەڵ ئافتاودا دەستیان دەخاتە ناو دەستی یەکترەوە) دەی کوڕگەل کیژگەل.. دەی زەماوەندی دوو زەماوەندە.

(شایی و هەڵپەڕکێیەکی کوردانە ساز دەکرێ)

کۆواری کاروان – ژ٩،حوزەیرانی ٣